# ديموكراسىو ئيسلامى سياسى

فوئاد سديق

# بەرکوڵ

*رەنگە تۆش لەگەڵمدا بیت لە سەردەمی ئەمڕۆدا دیموکراسی لەلایەک و ئیسلامی سیاسی لەلایەکی دیکەوە، پڕ سەرنجڕاکێشترین و سەرەکیترین تەوەری هزری سیاسی، تا دەگاتە ئابووریو کۆمەڵایەتیش... بن.*
*دیموکراسی ئەگەرچی زاراوەیەکە تەنانەت دیکتاتۆرترین هێزی دونیا ناتوانێ وەکو چەکێک بەرزی نەکاتەوەو بەکاری نەهێنێ واتە لە شانی نەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی بووەتە دیاردەیەکی ئاڵۆزی ئەوتۆ، تەنانەت هێزە بەناو دیموکراتەکانیش نەیانتوانیوە دیموکراسی وەکو خۆی راست و دروست بەکار بهێنن، چونکە یەک لە خاڵە بنەڕەتیەکانی دیموکراسی ئەوەیە، خودی دیموکراسی ناتوانێ گرفتو کێشەکان بە تەواوەتی بسڕێتەوە، واتە دیموکراسیش کێشەو گرفتی خۆی هەیە، رێک دەتوانین بێژین دیموکراسی کۆتایی بە چەوساندنەوە ناهێنێ، هەتا چەوساندنەوەش بمێنێ، گرفتو ئازارەکان قسە دەکەن، خەبات دەکەن، قوربانیش دەدەن. بۆیە ئەمڕۆ کە سەردەمی زانیارییەکانە، سەردەمی ئازادیو بەرەو خۆشگوزەرانیو پاراستنی مافی مرۆڤ هەنگاو دەنرێ، دیموکراسیش تەوەرێکی بنەڕەتیو سەرەکی ئەم گفتوگۆیانە دەبێت.*
*لەلایەکی دیکەشەوە ئیسلامی سیاسی، ئەگەرچی بە رووخسار زۆربەیان دژی دیموکراسی نین، بەڵام لە پەیڕەوکردنیاندا، لە ئایدیۆلۆژیای بلۆکبەندیاندا، لە بۆچوونو هەڵوەستەکانیاندا، زۆر ئاساییانە دیموکراسی دەپێچنەوە!*
*بۆیە ئەم کتێبە هەڵوەستەیەکە، رامانێکە، چەند باسێکە لەمەڕ ئەم دوو هزرە کە دیموکراسیو ئیسلامی سیاسییە.*

**فوئاد سدیق**
**هەولێر- ٢٠٠٥/٤/٥**

# دیموكراسی
# دروستبوونو ناوەڕۆكو بەكارهێنانی

### ۱- سەرەتا

لێدوان لە پرۆسەی دیموكراسی لە وڵاتێكدا هێشتا سیستەمێكی جێگیرو پتەوی نییەو میللەتەكەیشی ساڵەهایە لە ژێر جەورو ستەمو چەوساندنەوەدا ناڵاندوویەتی، بۆیە بەر لەوەی باسی دیموكراسی لە كوردستاندا بكەین، پێویستە ئێمە بزانین ئاخۆ دیموكراسی چییە؟ ئایا دیموكراسی شتێكە لە هەموو ئانو زەمانێكدا یەك شتە؟ یان دیموكراسی لە رەوتی مێژوویی خۆیدا گۆڕانكاری زۆری بەسەردا هاتووەو هەر سەردەمەو بەشێوەیەك لە شێوەكان بووە تا بە رۆژگاری ئەمڕۆ گەیشتووە، لەوەش زیاتر دیموكراسی لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دی دەگۆڕێو دەیان نموونەی جوداجودا لە دیموكراسی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا هەن بۆیە لێرەدا هەوڵمداوە دیموكراسی بخەمە ژێر تیشكی لێكۆڵینەوەكەم.

لەبەرئەوە هەوڵمداوە لەم لێكۆڵینەوەیەدا، لە بنەچەی دیموكراسی بكۆڵمەوە، واتە رووی راستەقینەی دیموكراسی چییەو بەكام تێڕوانینەوە مامەڵەی لەگەڵدا كراوەو دەكرێ و، لە چ كۆمەڵێك و لە كام هەلومەرجی سیاسیەوەش سەرچاوە دەگرێت، ئایا ئەم هەموو تێڕوانینە جیاجیایە، راستن بۆ دیموكراسی؟





لەم روانگەیەوە بە پێویستم زانی لەوە بكۆڵمەوە، زاراوەی دیموكراسی كە بۆ یەكەمجار دروستبووە چۆن گوزارشتی لێكراوەو دواییش چۆن لەو رەوتەی خۆی گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە.

بۆیە زۆر پێویستە كاكڵ و ناوەڕۆكی دیموكراسی وەك خۆی بناسین،

ئینجا دەتوانین دەستنیشانی ئەو گۆڕان و شێواندنانەش بكەین كە بەسەر دیموكراسیەتدا هێنراون.

كە ئەوە كرا دەشتوانرێ چەمكی دیموكراسی چ وەك چەمكێكی فیكری و چ وەك چەمكێكی سیاسی لەگەڵ هەندێك لەو چەمكانەی تر بەراورد بكرێن و جیا بكرێنەوە، كە رەنگە هەندێك جار زۆر لە یەكتری نزیك بن و هەندێك جاریش لە یەكتری دوور بكەونەوە.

جا لەبەرئەوەی دیموكراسی بایەخێكی گرنگی لە مێژووی شارستانێتیدا هەیە، ئێمەی كوردیش لەم ئاخرو ئۆخرەدا هەوڵمانداوە تێی بگەین، بەڵام كام دیموكراسی و بەكام تێڕوانینەوە؟!

دیموكراسیەتێك تائێستاش تەئكید لەوە بكرێ كە لە جیهانی سێیەمدا بوون (وجود)ی نییەو نەتوانراوە لەلایەن حوكمڕانانی ئەو جیهانەوە پێڕەو وپیادەبكرێ، ئەی بۆ ئێمەی كورد دەبێ چۆن توانیبمان باسی لێوە بكەین و ئاشنای بووبین ؟ لە كاتێكدا رژێمێكی سەركوتكەر حوكمڕان بووە بەسەرماندا و دواتریش لەو بارودۆخە ئاڵۆزو تێكچڕژاوەدا یەكسەر هەوای ئازادیمان هەڵمژیبێ، ئەمڕۆش ئەوە حاڵمانە كە دەیبینین .

بۆیە باسكردنی دیموكراسی لەلایەن ئێمەی كورد خۆمانەوە تا ئێستا دەیان وتاری جۆراوجۆری لەسەر نووسراوەو بەردەوامیش لەسەری دەنووسرێ، بەڵام بێشك نەتەوەیەك تا ئێستا ژێر دەستە بێت و بەدڕندانەترین شێوەش بچەوسێندرێتەوە، پێویستی بە زۆر وتار و تۆژینەوەی زانستی وبابەتی و هاوسەردەمانە هەیە، چونكە هێشتا دیموكراسیەتێك نەمانتوانیبێت پیادەی بكەین، ئەی دەبێ چۆن تێی گەیشتبین وچۆن سوود لەو ئەزموونە وەرگرین كە بە ئەزموونێكی دیموكراتی ناوی دەبردرێ؟

ئەمە دەروازەیەكە بۆ چوونە ناو بابەتێك كە زۆر تۆژینەوەی زانستی

دەوێ، ئەم بابەتەش بامشتێک بێ لە خەروارێک بۆ سۆراغکرن و گەڕان بەدوای بنەماو ناوەڕۆک و بەکارهێنانی چەمکی دیموکراسی...

### ٢- بۆچی دیموکراسی

تا پێش سەدەی بیستەم زۆرینەی وڵاتەکانی دونیا لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە سیستەمە نادیموکراسییەکان، چ لە بواری تیۆریو چ کردەوەیی، باشترین، تا ئەو ساڵانەی دوایی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤەکان هێندێک جاران گشتیان لەژێر دەسەڵاتی حاکمانی نادیموکراتیدا دەژیان. سەرۆکی ئەو سیستەمە زۆرتر تێدەکۆشان حکومەتەکەیان بەپشت بەستن بەو وتە کۆنو بێ مانایەی کە زۆربەی خەڵک شایانی بەشداریکردن نین لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا. پاساو بێننەوە. خاوەنانی ئەو بەڵگەیە لەسەر ئەو بڕوایەن کە زۆربەی خەڵک وا باشە کاری ئاڵۆزو قورسی حکومەت بە کەسانی خاوەن ئەزموون بسپێرن، کە کەمنو لەوانەشە تاکە کەسێک بێ لە کردەوەدا، ئەو ژیراندنانە هەرگیز بەسو تەواو نەبووە. لەبەر ئەوە لە هەر جێگایەک دیالۆگو بەڵگە بارگەی پێچاوەتەوە، زوڵمو زۆرو دەست درێژی لە جێی ئەو تاوڵی هەڵداوە. زۆربەی خەڵک هەرگیز بەژێر دەستەیی رازی نەبوونە لە بەرامبەر ئەو سەرۆکانەی کە بۆ خۆیان هەڵیان بژاردوون، بەڵکە ناچار بەوە کراون. ئێستا لە ئاست مێژوویەکی دوورو درێژدا، بۆچی دەبێ ئێمە لەسەر ئەو بڕوایە بین کە شێوە حکومەتی دیموکراسی لە گشت هاوتا نادیموکراسییەکان باشتربێ؟! بە کورتی دیموکراسی ئەم ئەنجامە باشانەی لێدەکەوێتەوە:

١- دوورە پەرێزی لە دیکتاتۆریەت.
٢- مافی سەرەتایی.
٣- ئازادی گشتی.
٤- مافی چارەی خۆنووسین.
٥- سەربەخۆیی ئاکاری (ئەخلاقی).
٦- ئاڵوگۆڕی مرۆڤی.
٧- پارێزگاری لە بەرژەوەندییە سەرەتاییەکانی تاکە کەس.





٨- یەکسانی سیاسی.

وێرای ئەمانەی سەرەوەش دیموکراسییە مۆدێرنەکان، ئەمانەشیان لێدەکەوێتەوە:

٩- ئاشتیخوازی.
١٠- گەشە[١].

### ٣- دیموکراسی

دیموکراسی ئەو زاراوەیە کە تەمەنێکی زۆر دوورودرێژی هەیە، هەرچەندە بە درێژایی ئەو مێژووەی زۆر جاران لە شوێنی خۆیدا چەقیوەو نەتوانراوە درێژەی پێبدرێ، بەڵام لە رێگای خەباتی سەخت و نەپچڕاوەی گەلانی زۆرلێکراوەوە، دیموکراسی هاتۆتەوە گۆڕەپانی هزرو سیاسەت و، بۆتە ئاڵاهەڵگری لێقەوماوان. بەتایبەتی لەم یەک دوو سەدەی دواییدا بە گەرمی لەلایەن هەندێک لە هزرڤانانەوە باسی لێوە کراوەو دەکرێ و چارەگە سەدەیەکیشە زۆر گەرمتر کەوتۆتە ناو باسانەوە، نەخاسمە لەگەڵ لەبارێکەهەڵوەشانەوەی ئەوروپای رۆژهەڵات لە پایزی ١٩٨٩دا، کە وای لێهاتووە دوژمنانی دیموکراسیش خۆیان بە ئاڵاهەڵگری دابنێن.

وەنەبێت تا ئەمڕۆش هەموو وڵاتانی دونیا پێڕەوی دیموکراسیان کردبێ، یا هەموو ئەو سیستەمە جۆراو جۆرانەی کە هەن دیموکراسی بن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، زۆربەیان پەنا بۆ سەکوتکردن و چەوساندنەوە دەبەن، ئەگەرچی هەمووشیان خۆیان بە هەڵگری ئاڵای پڕ بەهای دیموکراسی دادەنێن، بۆیە دەکرێ بڵێین، دیموکراسی بووەتە چەکێکی هێندە کاریگەر بە شێوەیەک هیچ حزب و هێزێک نییە، بیەوێ دەسەڵات بگرێتە دەست و خۆی بەهێز بکات ئەگەر لە دروشم و بۆچوونەکانیدا دژی دیموکراسی بێت، وەک لە هەموو دونیادا نابینی رژێمێکی فەرمانڕەوا دروشمی دیکتاتۆریەتی بەرزکردبێتەوە، یاخود دروشمی رووخاندنی دیموکراسی هەڵگرتبێ، تەنها ئەوەندە هەیە لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیاندا پێچەوانەی دروشمەکانیان دەبن.

راستە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دونیا تا رادەیەک خاوەن دەستوورن

و هەڵبژاردنیش ئەنجام دەدەن و پەرلەمانیشیان هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا دیموکراسی دەستوورێکی دیاریکراو نییە، یان تایبەت بەکەسێک نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی هەمیشەیی توێژە پشتگوێ خراوەکانە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە ئەوانی تر لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا هەیانە، ناوەڕۆکی دیموکراسی و دیموکراتیزم سەرەنجام پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە چ توێژێکەوەو لە چ کۆمەڵگایەک و لە چ هەلومەرجێکی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت(٢).

لەبەر ئەوە دیموکراسی ململانێیەکی بەردەوامی لەنێو مندالدانی خۆیدا هەڵگرتووە، لەلایەک چین و توێژە دەسەڵاتدارەکان کە فەرمانڕەوان لەژێر پەردەی دیموکراسیەتەوە درێژە بە سیاسەتە سەرکوتکردنەکەی خۆی دەدا، لەلایەکی تریشەوە هێزو چین وتوێژەکانی دیکەی ماف لێ زەوتکراو و زوڵم لێکراو درێژە بە تێکۆشانیان دەدەن بۆ بەدیموکراتیزەکردنی ئەو رژێمە باڵا دەستەی کە بەسەریاندا زاڵە، لەبەرئەوە دیموکراسی تێکۆشان و ململانێیەکی بەردەوامی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگایەو لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانە شۆڕشگێڕانەیەشدا کە بەشە زۆرینەکەی خەڵک لە چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ پێکدەهێنێ، لە هەموو وڵاتانی دونیادا بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی پێدەدەن و رۆژ لە دوای رۆژ زەمینەی دیموکراسی فراوانتر و رەگوریشە ئەستوورتر و قووڵتر دەبێت، چونکە زۆربەی خەڵک لەم جیهانەدا لە بەشداریکردن و دیاریکردنی ماف و ژیانی گشتی و تەنانەت سیاسیش بێبەشە، بەم پێیە دیموکراسی بەو مانایەی کە شێوەیەکی دەوڵەتەو سیستەمێکی دیاریکراوەو رێگایەکە بۆ پیادەکردنی دەسەڵات، جیاوازە لەگەڵ بنچینەی خودی دیموکراسی بەو مانایەی کە گوایا ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهاندا سەرکەوتووە، یاخود بەلایەنی کەم لە برەودایە، چونکە دیموکراسی دژایەتی کردن نییە لەگەڵ تێزی زوڵم و سەرکوتکردن، بەڵکو تەنها مانای بوونی جۆرێک لە ئەنجوومەنێکی سەرتاسەری نوێنەرانە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنێکی گشتی (مەرجیش نییە هەڵبژاردنەکە ئازاد و بێ غەل و غەش بێ) بێگومان ئەمەیان لە حکومەتێکی عەسکەرتاری باشترە، چونکە لە ئەنجامی تێکۆشانێکی بەردەوامی مافخوراوان هاتۆتەدی(٣).





بۆیە بوونی تێڕوانینی جیاجیا بۆ دیموکراسی، تەنانەت تێڕوانینی چینایەتی جیاجیا، ئەم مەقولەیەی کردووەتە یەکێک لە ئاڵۆزترین و نارۆشنترین مەقولاتەکان لەفەرهەنگی زاراوە سیاسیەکاندا، بزاف و سیاسەتمەدارە جیاجیاکان بە ئامانج و بەرژەوەندی جیاواز و جاروبار دژ بە یەکیشەوە قسەیان لەدیموکراسی کردووەو دەیکەن(٤).

بە کورتی لەم باسەماندا هەوڵدەدەین دروستبوونی زاراوەی دیموکراسی لە رووی مێژووییەوە، واتای دیموکراسی، دیموکراسی و لیبرالیزم، دیموکراسی و ئازادی، دیموکراسی و دیکتاتۆری ، دیموکراسی و توندڕەوی، دیموکراسی و ئیسلام، بخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە بەو هیوایەی سوودی هەبێت.

### ***٤- دروستبوونی دیموکراسی***

سەرهەڵدانی زاراوەی دیموکراسی بۆ زیاتر لە (٢٤٠٠) ساڵ بەر لە ئەمڕۆو بۆ سەردەمی فەرمانڕواییکردنی (پریکلیس) لە یۆنان دەگەڕێتەوە، ئەو (پریکلیس)ەی کە زۆر لە هزرڤانان و فەیلەسوفان ناوی دەهێنن و دەڵێن سەردەمی فەرمانڕەواییکردنی پریکلیس بەرزترین پلەی گەشەی ئابووری و پشکوتنی رۆڵی زانست و هونەربوو لەهەموو دەورانی ژیانی یۆنانیەکاندا(٥).

رێک لە سەردەمی پریکلیسدا پسپۆڕێکی ماتریالیستی هەبوو، ناوی (دیموکریت)ی تراکیایی بوو، بۆ یەکەمین جار (دیموکریت) گریمانەی بۆشایی و ئەتۆم و بزووتنی لێکداوەتەوەو باسی کردوون، پریکلیسی فەرمانڕەوا، زانی دیموکریت لێوەشاوەو تێگەیشتوو ڕووناکبیرە، بۆیە لە زۆربارادا بوون بە هاوڕێی یەکتر، (پریکلیس) پرسی بە (دیموکریت) دەکردو ، سوودی لە بۆچوونەکانی وەردەگرت.

یەکێک لەو پرەنسیپانەی کە دیموکریت بۆ پریکلیسی شی دەکردەوە، ئەوەبوو کە دەیوت «دەسەڵات مانای بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵک و کۆمەڵگایە ، بۆ ئەوەیە خەڵکی پێکەوە بە تەبایی بژین، کەواتە دەبێت بەڕاو بەشداری ڕاستەوخۆی هەموو خەڵک بێت، دەسەڵات دەبێت خزمەتی خەڵکی بکات و

ئارەزووەکانی کۆمەڵگە بێنێتە دی» هەروەها دەیوت «.. مرۆڤ، خەڵک، لەهەموو شتێک گرنگتر و گەورەترە، هەموو کەس دەبێت پرسی پێبکرێ، دەبێت خاوەن دەنگبێ و لە تەواوی ئەو مەسەلانەدا کە پەیوەندیان بە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە هەیە، پێویستە راو بۆچوونی خەڵک وەربگیرێ، ئەوسا کۆمەڵگا بە گشتی هەست بە وجودی خۆی دەکات و بە مەسئولیەتەوە بۆ ژیانی باشترو گەشەدارتر هەنگاودەنێ» (٦)

لە ژێر کارتێکردنی دیموکریت و، پشتگیریکردنی تەواوی پریکلیسدا، بۆ یەکەمین جار هەڵبژاردنی راستەوخۆ بۆ دیاریکردنی سەرۆک و کاربەدەستانی حکومەت لە یۆنان پەیدابوو، ئەو یۆنانەی لە کۆمەڵێک دەوڵەت(شار)ی بچووک بچووک پێکهاتبوو کە ژمارەی دانیشتوانیان کەم بوو، دادگای میللی و یاسا لەلایەن گەلەوە شەرعیەتی پێدەدرا(٧). بەم شێوەیە پریکلیس بۆ ماوەی (١٥) ساڵ فەرمانڕەواییکردنی یۆنان لە رێگای هەڵبژاردنی گشتی و ئازاد و راستەوخۆوە، خۆی بۆ سەرۆک هەڵبژاردەوە، ئیتر لەو ساکەوە دەنگدان و هەڵبژاردن بوون بە سوننەت، هەر بەم شێوەیە پریکلیسی زاناو تێگەیشتوو، سیستەمی دەسەڵاتەکەی خۆی بە ناوی (دیموکریت)ی هاوڕێی ناوناوبوو-دیموکراسی-(٨).

بەم شێوەیە دەستووری ئەثینی دیموکراتیە راستەقینەکەی تەواوکردو بووە نەریتێکی حوکمڕانی لە سیاسەتدا، هۆکاری هەڵوەشاندنەوە یا توانەوەی سیستەمی دیموکراسی لە یۆنان و هەرەسهێنانەکەی، بۆ داگیرکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن فیلیپ مەکدونی دەگەڕێتەوە، چونکە گەلی یۆنان هەستیان بەوە نەکرد کە پێویستە هەموو توانایەکیان یەکبخەن و بەرگرییەکی یەکگرتوو بەرامبەر هێرشی بێگانە پێکبهێنن و هەموو بەیەکەوە بەرپەرچی هێرشە داگیرکارییەکانیان بدەنەوە، بۆیە نەیانتوانی لە بەرامبەر عەسکەرتارییەتی مەملەکەتی مەکدونی خۆیان رابگرن، ئیتر لەو رۆژەوە ئەزموونی دیموکراسی لە ئەثینا لەناو چوو، بەم لەناوچوونەیشی بزاڤی دیموکراسی رووبەرووی نسکۆیەکی گەورە بووەوە(٩).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو سیستەمەی کەلە ئەثیناو دیارە لە





رۆمانیشدا هەبوون، سیستەمێکی دیکەی کۆمەڵایەتی وسیاسی وفیکری هاتە دروستبوون و، ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، کە دیارترین بوار بواری یاساو فیکرو سیاسەت بوو، هاوکات ئەزموونی رۆمان ئەزموونێکی دەوڵەمەندیشی لە بواری بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتخوازی و دیکتاتۆریەتدا هێنایە کایەوە، چارەنووسی قەیسەرو نیرۆن لەبەرچاون کە چۆن لە بەرامبەر حوکمی یاساو یەکسانی مرۆڤدا سەرەوژێر بوون(١٠).

بۆچوونە رووناکەکانی هەندێک لە هزرڤانانی رۆمانی وەک (شیشرون، سنیکا، غایوس) کە بانگەشەی یەکسانیان بۆ هەموو خەڵک دەکردو داوای بەشەرعیەتکردنی یاسایان بۆ هەموو خەڵک دەکرد، رۆڵی کاریگەری خۆیان گێڕا(١١) .

کۆمەڵگای رۆمانی چوارچێوەیەکی بۆ ژیانی سیاسی پێشکەوتوو دارشتبوو کە تیایدا کۆمەڵێک ئەنجوومەن (مجالس) و دەستە (هیئات) یان هەبوو کە بەپێی قۆناخەکانی پێشکەوتنی دەوڵەتی رۆمانی بەشداریان لە رەنگڕشتنی باری سیاسی وڵات دەکرد. ئەنجوومەنی (١٠) کەسی و ئەنجوومەنی پیرانی (١٠٠) کەسیان هەبوو، ئەو ئەنجوومەنە (١٠٠) کەسیە پێی دەوترا ئەنجوومەنی پیران کەلە رۆمای ئەو کاتدا خاوەنی بەرزترین دەسەڵات بوو لە رۆماداو، دەیتوانی زۆرشت هەڵبوەشێنێتەوەو رێگەش بە زۆرشت بدات(١٢).

بەهەر حاڵ ئەو دوو سیستەمەی کەلە ئەثینای یۆنانی و رۆمان دا بەرێوەدەچوون، بوونە بناغەیەکی پتەوو وەک نەریتێکی فیکری و سیاسی بۆ سەدەکانی داهاتوویان خۆیان چەسپاندو بە شێوەیەک تا ئەمڕۆش باس لە هەوڵی کاریگەرانەی ئەو دوو سیستەمەی یۆنان و رۆمان دەکرێ لە گرنگیدانیان بە دیموکراسی کە دوو نموونەی بەرزی شارستانی ئەو کات بوون.

بوونی ئەم رێڕەوەی دیموکراسی، ئەگەرچی زۆرجار لێرەو لەوێ تووشی ئاستەنگ و وەستان هاتووە، بەڵام بەردەوامیش خەباتی بۆ کراوە، دیارترین ئەو بزاڤە نوێیانەی کە بە کودەتایەکی گەورە ناو دەبردرێ، نوێنەری شۆڕشی

ئینگلتەرا بوو کە لە پەرلەمانەوە دەستی پێکرد، کاتێ پادشا کۆمەڵێک ئیسلاحاتی لە ساڵی ١٦٢٨ زکردو، لە ساڵی ١٦٤٩ شدا پادشا شارلی یەکەم لە سێدارەدرا، ئەو بزووتنەوانە لە شۆڕشی ئەمریکاشدا لە ساڵی ١٧٧٣ ز دەستیان پێکردو تا گەیشتە شۆڕشی گەورەی فەڕەنسای ساڵی ١٧٨٩ز، کە بیروڕاکانیان لە سەرتاسەری دونیادا بڵاودەکردەوە، یەک لە دەستکەوتە هەرە گەورەکانی ئەوبزووتنەوەیە راگەیاندنی کۆماریخوازی بوو لە ساڵی ١٧٩٢ز داو شکاندنی دەسەڵاتی ئەو پادشا موتڵەقانە و ئیعدامکردنیان بوو کە لە کەنیسەوە پشتگیری دەکران[١٣]، چونکە کۆمەڵێک بزاڤی سیاسی بۆ چاکسازی ئایینی و سەرهەڵدانی رۆشنگەری هاتنەئاراوە، یەکێکی وەکو لوثەر Luther شۆڕشی بەسەر کەنیسەی رۆمادا راگەیاندو داوای رێبازێکی نوێی دەکرد[١٤].

دەنگدانەوەی دیموکراسی لە راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکای ساڵی ١٧٧٦ز خۆی بەرجەستەکرد کە زەمینەی بۆ شەڕی سەربەخۆیی خۆشکرد، هەروەها راگەیاندنی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٧٨٩ز کە کۆمەڵەی دامەزرێنەری فەڕەنسی دوای بەرپابوونی شۆڕش، رایگەیاند، هەروەها دەستووری ساڵی ١٧٩٣ز شۆڕشی فەڕەنساش [١٥] .

بەم شێوەیە دوای رووخاندنی دەسەڵاتی کەنیسە لەسەر دەستی پروتستانتیەکان، سوپا لە دامەزراوە ئایینیەکان دوورکەوتەوە، ئەمەش بۆ یەکەمجار ئەوروپییەکان وەدەستیان هێنا، دیارە ئەنجامی بەردەوامبوون لە هێنانەدی دیموکراسی بە درێژایی ئەم مێژووە کۆمەڵێک بزاڤی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە دیوەو هەندێک لەم بزووتنەوانەش بەسەردەمەکانیانەوە ناسراون، وەک سەردەمی (الاحیاء) لە سەدەی چواردەهەم و، سەردەمی چاکسازی ئایینی لە سەردەمی پانزەهەم و، سەردەمی رێنیسانس لە شانزەهەم و، عەقلانیەت لە حەڤدەهەم و، رۆشنگەری لە هەژدەهەم و، وەزعیەت لە نۆزدەهەم و ... هتد[١٦].





## ٥- ناوەرۆکی دیموکراسی

بەپێی ئەو دیموکراسیەی کە لە سەردەمی پریکلیسدا هەبووە، دیموکراسی مانای پێکەوە ژیانی تەبایی و راپرسی بەخەڵککردن و دەسەڵات لە خزمەتی خەڵکدا بوونە، دیارە ئەم پێکەوە ژیان و راپرسیکردن و خزمەتکردنەی خەڵکی، دەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بێت کە لە رێگای سیستەمێکەوە بەڕێوەببردرێ.

کەواتە دیموکراسی بەر لە هەموو شتێک لە شوێنێکدا دەبێت کە دەوڵەت بێت و سیستەمێکی هەبێت، واتە دیموکراسی بە ماناگشتیەکەی بەناونیشانی (کۆماریخوازی) و کۆتایی هاتنی پادشایەکان، بەناونیشانی خواستی بوونی خەڵک بە سەرچاوەی دەسەڵات و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شارستانی پشتبەستوو بە یاساو دڵسۆز بۆ ئاسوودەیی و بەختەوەری هاووڵاتیان و، شتی لەم چەشنە تەماشا دەکرێت[١٧].

کەواتە دیموکراسی وەک فیکرو وەک سیاسەتیش فەرمانڕەواییکردنێکە کە تەنها بۆ تاقمێک یا هەڵبژاردە (نخبە) یەکی سنووردار نییە، تا دەست بەسەر فەرمانڕەواییکردنەکەدا بگرن و خەڵکی پێبپچەوسێننەوە، بەڵکو دەستاودەستکردنی دەسەڵات یەک لە مەرجە بنەڕەتیەکانی دیموکراسیەتە[١٨] چونکە زۆر جاری واهەبووە حزبێک یا کەسایەتیەک لەسەردەمێکدا توانیویەتی بە رێگای دیموکراسیەتەوە واتە لە رێگای دەنگدان و هەڵبژاردنەوە بگاتە حوکمڕانیکردن، بەڵام لە کاتی حوکمڕانیکردنەکەیدا، هێندە گوێی نەداوەتە بۆچوونی خەڵک و..و..و هتد، بۆیە ناچار حوکمی تاکڕەوی و دیکتاتۆری پیادەکردووە، لەبەر ئەوەشە پشتیوانیکردنی جەماوەر لە رێبەرێک یا لە حزبێک رەنگە خێرا کۆتایی پێبێت. دیتمان گۆرباچۆڤ کاتی خۆی پشتیوانیەکی بەرفراوانی خەڵکی لەگەڵدا بوو، بەڵام زۆری نەبرد ئەو پشتیوانیە نەماو بەشێکی زۆریش لە پشتیوانیەکە بوو بەرق و بێزاری، ئەمە بۆ بۆریس یەلتسنیش هەر وا، نموونەی دیکەی وەکو کارلۆس ئەسول مینم لە ئەرژەنتین و ئەلبیرتۆفۆجی مۆری لە پیرۆو پێنوشی لە ئەمریکای لاتینی وهتد زۆرن .

واتە گەوهەری دیموکراسی پێوەندییەکی دروست و گرێدراوی نێوان سەرکردەو جەماوەرە ،هەر تەنگژەیەکیش تووشی دیموکراسی بێت، واتە (خەلەلێک) بە پلەی جیاواز کەوتۆتە نێوان سەرکردەو جەماوەر، ئەمەش لە هەر ولاتێک بە پلەی جۆراوجۆر روودەدات، بە تایبەتی ئەو تەنگژەیە زیاتر لە ولاتانی تازەگەشەسەندوو روودەدات، کە تا ئەو دوا دواییانەش کودەتای سەربازی لە پەرەسەندندا بوو کە ولاتەکەی بەرەو سیستەمێکی سەربازی پڕ لە جەورو ستەم دەبرد[١٩].

لەم روانگەیەوە دیموکراسی بابەتێکی فیزیایی یا ماتماتیکی نیە، تا یەک پێوەری هەبێ، بەڵکو ئەو دیموکراسیەی کە ئەمڕۆ لە زۆربەی ولاتانی دونیادا هەیە بە رێژەی جیاوازن و هی هەر ولاتێک لەگەڵ ولاتەکەی تر جیاوازە، جیاوازیەکەش نەک هەر لە (تفاصیل)دا هەیە، بەڵکو لە بنەما و بیروباوەڕ(مبدأ) دا جیاوازە، دیموکراسیەتی ئەوروپا، هیند، جیهانی سێیەم.. هتد، هەر یەک بەرێژەیەکی زۆر لەوی دیکە جیاوازە، تەنانەت دیموکراسییەتی هەریەک لە ئەمریکا، فەرەنساو ئوستراليا لە یەکتری جیاوازن.

کەواتە دەبێت ئەو راستیە بزانین کە دیموکراسی کۆتایی بە چەوساندنەوەی مرۆڤ ناهێنێت، بەڵکو رێگە بۆ پەرەسەندنی ململانێ بە رێگەی ئاشتیانە باشترخۆش دەکات، چونکە لە ولاتێکی دیموکراسیدا دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە هەبن:[٢٠]

١- مەبدەئی سەروەری یاسا ودامەزراوەکانی دەوڵەت شوێنی دەسەلاتی رەهای حوکمڕانیی تاکە کەس بگرنەوەو، دەسەلاتەکانی یاسایی، راپەڕاندن، قەزائی، لە یەکتری جیابکرێنەوەو رێز لە دەسەلاتی قەزائی و سەربەخۆییەکەی بگیرێ.

٢-پشت بە بنەمای هەڵبژاردنی گشتی ببەسترێ بۆ ئەو کەسانەی کە دەسەلاتی یاسایی وراپەڕاندن دەگرنە دەست .

٣- دان بە کۆمەڵێک لە ئازادییە گشتییەکان ومافی مرۆڤ بنرێ، کە لە





پێشەوەیاندا ئازادی پێکهێنانی حزبی سیاسی و رێکخراوە دیموکراسییەکان و پیشەییەکان و ئازادی لە بیروڕاو کۆڕو کۆبوونەوەکاندا مسۆگەر بکرێ.

٤- دان بەفرە حزبی و فرە سیاسی بنرێ.

بەم شێوەیە دیموکراسی کۆمەڵێک ململانێی شارستانیانەیە کە لە رێگای دەنگدانی جەماوەرەوە دەگاتە دەسەلات، دیموکراسی لە رێکخستنی ململانێی شارستانیانە سەرکەوتوو دەبێت و دەتوانێت سیستەمێک بۆکۆمەڵ بهێنێتە ئاراوە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری و رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکە کەس وچینەکانی ناو کۆمەڵ وهەروەها پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت خۆی (یاسایی، راپەڕاندن، قەزائی) فەراهەم و بەرقەرار بکات، کە هەموو ئەمانەش تەنها بە هۆی هەڵبژاردنی گشتی و دەستاودەستکردنی دەسەلاتەوە دەبێت، بۆیە دیموکراسیەت لە بنەڕەتدا رەوشتە، نەریتێکی مرۆڤانەیە بۆ خزمەتی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بەبێ ئابوورییەکی گەشەسەندوو، هۆشیارییەکی بالا، ولاتێکی ئارام و جێگیر نایەتە دی، کەئەمانەش بوون ولات دوور دەبێ لە شەڕوشۆڕ،بۆیە زۆرجاران دەوترێ دیموکراتەکان شەڕی دیموکراتەکان ناکەن، بۆ نموونە بەریتانیا لەگەڵ ئەرژەنتین لەسەر کێشەی دوورگەکانی (فالکلاند) دەبوایە بکەوێتە شەڕەوە، هەروەها بۆ پاراستنی (بلیز) لە بەرامبەر هەڕەشەو دەستێوەردانەکانی گواتیمالا هێزی سەربازی زۆری رەوانەی ئەم ولاتە کرد، بەریتانیا لەسەر کێشەی (جبل الطارق)لەگەڵ ئیسپانیا تووشی کێشەیەکی گەورەبوو، ئەو هەموو کێشەو مشتومڕانە لە کاتێکدا روویاندا کە ئەرژەنتین و گواتیمالا و ئیسپانیا حکومەتەکانیان سیستەمێکی دیموکراسیان نەبوو،بەلام ئێستا دەکرێ بلێین ولاتی دیموکراسین، بۆیە ئەگەری ئەوەی کە کێشەکانیان لە ئەنجامدا ببێتە هۆی پەیدابوونی توندوتیژی لە نێوچووە، بەریتانیا و ئەرژەنتین پێوەندی دیبلۆماسیان باشەو واباس دەکرێت کە بۆ چارەسەرکردنی دوورگەکانی (فولکلاند) هیچ کامێکیان هێزی سەربازی بەکارناهێنن، ئەمەو گواتیمالاش بەڵێنی داوە کە هێرش نەکاتە سەر (بلیز) و بەریتانیاش هێزەکانی لەم ولاتە کەم کردۆتەوەو لەهەمان کاتدا گواتیمالاو

بلیز پێوەندی دیبلۆماسیان بەستووە، هەروەها سنووری نێوان (جبل الطارق) و ئیسپانیا کراوەتەوەو پادشای ئیسپانیاو بەریتانیاش لە لەندەن کۆبوونەتەوە[٢١].

پاکستانیش لەبەرئەوەی سیستەمێکی بەناو ئیسلامی تێدا جێگیربووە، وڵاتێکی دیموکراسی نەبووەو چەندین جار لەگەڵ هیند کەوتۆتە شەڕەوەو لە ساڵی ١٩٩٠ توندوتیژی لەنێوان هیندو پاکستان لەسەر مەسەلەی کشمیر وکێشەی چەکە ئەتۆمییەکان پەرەی سەندو تائێستاش بەردەوامە.

راستە پاکستان وەکو جاران سیستەمێکی عەسکەرتاری ئوسولی نیەو هەندێک هەنگاوی باشی ناوە، بەڵام سەرچاوەی سیستەمەکەی ئیسلامی سیاسیە و هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان بەدیموکراسییەت رابهێنن، ئەمە کارێکی سەلبی بۆ سەر هیندستانیش دروستکردووە.

تورکیاش لەبەر ئەوەی سێ هێزی سەرەکی دەستە باڵای تێدایە کە یەکەمیان هێزی سەربازیەو دووەمیان هێزی دیموکراسییەو سێیەمیش هێزی ئیسلامییە ، بۆیە هێشتا نەیتوانیوە ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی، ئەگەر دیموکراسی بوایە بە هێزێکی زۆرەوە لە ساڵی ١٩٧٤ قوبرسی داگیر نەدەکرد، بەڵام چونکە یۆنان وڵاتێکی دیموکراتیە، هەمیشە هەوڵدەدات خۆی لە شەڕ نەگلێنێ. ئەم سێ هێزەش تا ئێستا لە تورکیادا جێگیرن و لە ململانێی توندیشدان تا ئەم هێزانەش (سەربازی و ئوسولی) رۆڵیان هەبێ تورکیا هەر بەم شێوەیە وڵاتێکی دوور لە دیموکراسی دەبێت.

بابێینەوە سەر خەڵک، ئێمە کە باسی خەڵک دەکەین، دەبێت بزانین خەڵک چ جۆرە کەسانێک دەگرێتەوە ،تا ئەم سەردەمەی ئێمەش بەشێکی زۆرو لە هەندێ شوێندا تەنانەت زۆربەی مرۆڤەکان وەک ژن ، رەش پێست ، کۆچکردوو، کەسانی تر لەم یان لەو دەوڵەتی دیموکراسیدا!! بە بەشێک لە خەڵک نەدەژمێردران!!! زۆر لەمێژ نییە کرێکار لە روانگەی پرۆسەی دیموکراتیەتەوە بەبەشێک لەخەڵک دانراوە[٢٢]، لە بەریتانیادا ئەگەرچی دەنگدان هەبوو، بەڵام چینە هەژارەکان لە خۆپاڵاوتن و لە دەنگدان بێبەش بوون، چونکە سنوور و مەرجی زۆر لەسەر دەنگدەران دانرابوون، ساڵی





١٨٨٤ز دەنگدان بۆ هەموو هاووڵاتیەک والاکرا، بەڵام ئەو کاتیش ئافرەتان رێگەی دەنگدانیان پێنەدەدرا، تا ساڵی ١٩٢٨ ئافرەتان تا رادەیەک ئازادییەکیان پێدراو ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە ٢١ ساڵەوە بەرەو ژووربوون سەبارەت بە دەنگدان وەکو پیاوانیان لێهات.

بەم شێوەیە جاران واتای خەڵک هەموو خەڵکی نەبوو، بەڵکو تەنها تاقمێکی دەستڕۆیشتوو بوو، نەک هەمووچین و توێژەکانی ناوکۆمەڵ، ئێستاش لە زۆر وڵاتدا کە هەڵبژاردن دەکرێ وەنەبێت هەموو توێژەکانی ناوکۆمەڵ بتوانن نوێنەری راستەقینەی خۆیان لە نێوپەرلەماندا وەدەستبهێنن، کەواتە کە باس لە دیموکراسی دەکرێت، واتە باس لە سیستەمێک دەکرێت کەلە دەوڵەتێکدا بەرجەستە بووەو ئەو سیستەمەش دەبێ لەلایەن خەڵکەوە سەرچاوەی گرتبێت، واتە بیروباوەڕی دیموکراتیک وسیستەمی دیموکراتی لە هەر شێوەیەکدا بێت، دەسەڵاتی دەوڵەتی بەوەدادەنێت کەلە خەڵکەوە هەڵقوولابێت و لە تواناداا بێت کە لەلایەن خەڵکیشەوە بگۆڕدرێت[٢٣].

هەروەک سبینوزا وای لێکدەدایەوە کە دیموکراسی شێوەیەکی حوکمڕانیکردنە لە نێو حکومەتداو هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسان دەبن و بۆ هەر یەک لە هاووڵاتیان لە چوارچێوەی دەستووردا مافی ئازادی لە قسەکردن و لەفیکریاندا هەیە[٢٤]. بەڵام لە سیستەمی دیموکراسیدا ناکۆکی و نایەکسانی نێوان چین و توێژەکانی ناوکۆمەڵ زیاتر رەنگدەداتەوە،چونکە لە زۆر وڵاتی دیموکراسیدا چینێک یا چەند توێژێکی ناوکۆمەڵ بەسەر هەموو چین و توێژەکانی دیکەی ناو کۆمەڵ زاڵە، بۆیە زۆر جار ئەم وتەیە دەوترێتەوە (دیموکراسی چەوساندنەوەی ناوکۆمەڵ ناسڕێتەوە).

دیموکراسی کە پیادەکردنەکەی بە بەرپابوونی شار بەندە،هەر وەکو چۆن ناتوانین لە دەرەوەی چوارچێوەی شاری ئەثینای یۆنانی باس لە دیموکراسیەت بکەین، چونکە دیموکراسیەت سیستەمە، سیستەمەکەیشی پێویستی بە زنجیرەیەک لە دامەزراو (مؤسسات)ی جۆراوجۆر هەیە بۆ جێگیربوون و بەهێزبوون، بۆ نموونە سیستەمی قەزائی کە دەبێت سەربەخۆ بێت و بەهیچ

حزبێكەوە نەبەسترابێتەوە، هەروەها كۆنترۆڵى غەيرە نيزامييەكان بەسەر سوپادا، ئازادى چاپەمەنى و بڵاوكردنەوە، ئازادى كارو تێكۆشانى ڕێكخراوە پيشەيى و جەماوەرييەكان و... هتد.

لەهەر وڵاتێكدا فرە حزبى و فرە سياسى و حزبى بەرهەڵستكار نەبوو، واتە ديموكراسى بە جيدى هەڕەشەى لێدەكرێ و تەنگەتاوكراوە.

وڵاتێكى پێشكەوتووى پيشەسازى وەكو ژاپۆن، ديموكراسيەتى راستەقينە تەنگەتاو كراوەو هەرەشەى لێدەكرێ، چونكە لەو وڵاتەدا ئۆپۆزيسيۆنێكى بەهێز و متمانەپێكراو نيە، لە ژاپۆندا دەسەڵات لەنێوان فراكسيۆنەكانى حزبى حاكمى ليبراڵى ديموكراتدا دابەشكراوە، بەڵام ئەوە بەو مانەيەش نيە بيروڕاى گشتى خەڵك لەو وڵاتەدا شوێنەوارو كاريگەريى نەبێ، مامۆستاى زانستگاكانى ژاپۆن (تاكاشى ئينۆكوشى Takashi inogwchi) دەڵێت: رەنگە حزبە سياسيەكانى بەرهەڵستكار، شوێنەوارێكى كاريگەريان لە ژاپۆندا نەبێت، بەڵام ئيحساساتى جياواز نفوزو دەسەڵاتێكى بەرچاوى هەيە، كاتێك سەرۆك وەزير نۆبۆرۆ تاى شيتا (Noboro Takashi-ta)بەرنامەيەكى باج وەرگرتنى دانا كە زۆربەى خەڵك بەدڵيان نەبوو، پشتيوانى خەڵك لە دەوڵەت بە شێوەيەكى بەرچاو كەم بووەوەو دەوڵەت ناچار بوو لە دەسەڵات بكشێتەوە ، ئەوە لە كاتێكدا بوو كە فراكسيۆنى سەرۆك وەزيرى ناوبراو لە حزبى حاكمى دەسەڵاتدار نفوزو دەسەڵاتێكى بەرچاويشى هەبوو[٢٥].

## ٦- ديموكراسى و هەندێك لە چەمكەكانى تر

### ٦-١ ديموكراسى و ليبراليزم

مێژووى ديموكراسى زۆر لە مێژووى ليبراليزم ريشەقووڵترو داكوتراوترە. بە پێى هەندێ سەرچاوە بنەماو رەگى ليبراليزم بۆ فەرەنساى ساڵى ١٧٨٩ دەگەڕێتەوە، بە تايبەتى كاتێ مافى مرۆڤ لەو ساڵەدا راگەيەنرا، هەر چەندە تائيمرۆش هيچ فەيلەسوف يا هزرڤانێك بەدى ناكەى كە هەموو تيئۆرييەكەى خۆى بۆ ليبراليزم بەكارهێنابێ، بەڵكو كۆمەڵێك هزرڤان هەن كە بايەخيان بە





كۆمەڵێك بيروتيۆر داوە، لەناوياندا هزرى ليبراليزميش دەخوێندرێتەوە، دەكرێ بڵێين ئەو هزرڤانانەش لە سەدەى حەڤدەهەمەوە تا سەدەى بيستەم هەن لەوانە؛ ديڤيد هيوم، ئادەم سميث، لورد اكتون، جون لوك، جون ستيوارث مل لە ئينگلتەرا، جان جاك رۆسۆ ، دى توكفيل، ڤۆلتێر لە فەرەنسا ، شيلەر لە ئەڵمانيا ،جيمس ماديسۆن، جورمار سال لە ئەمەريكا.

ديارە لە نێو ئەمانەشدا بە پلەى جۆراوجۆرو بەرێژەى جياواز باسيان لە ليبراليزم كردووەو لە هەندێك حاڵەتدا يەكيش ناگرنەوە، شايانى باسە سەرەتاى سەرهەڵدان و دروستبوونى ليبراليزم زۆر جياوازە لەگەڵ بۆچوون و تەرزە فيكرييەكانى ئەمڕۆ دەربارەى ليبراليزم .

ليبراليزم لە سەرەتاوە كە دروستبوو بە واتاى خەبات لە پێناوى وەدەستهێنانى زياترى ئازادييەكان بوو ،ئازادييەك كە لە ديموكراسيەتى ئەو كاتەدا بەدى نەدەكرا، بۆيە ليبراليزم لەسەدەكانى رابردوودا ئەو كەسانەى دەگرتەوە كە پشتگيرييان لە قووڵكردنەوەى ديموكراسى سياسى و فراوانكردنى ئازادى ئابوورى دەكرد.

وشەى ليبراليزم، هەر دوو ماناى سياسى و ئابوورى دەگرێتەوە، سياسيەكە بەماناى دامەزراوە سياسيەكان دێت كە تەركيز دەكاتە سەر بنەماى سەروەرى ميللى ، هەڵبژاردن ، پەرلەمان ، سەربەخۆبى قەزائى، ئازادييە گشتييەكان، فرە حزبى.. هتد .

ئابوورييەكەش بە ماناى (سەرمايەدارى)دێت، كە هەموو تاكە كەسێك سەربەستە لە دانانى دامەزراوەكان (مؤسسات) بۆ فرۆشتن و بەبازاڕكردنى بەرهەمەكانى لە چوارچێوەى (ياساى بازاڕ)[٢٦]. هەڵبەت ليبراليزميش وەكو ديموكراسيەتەكە شێوازى جۆراوجۆرى بەخۆوەگرتووەو لە هەر وڵاتەو بە جۆرێك پێڕەوو پيادە دەكرێت كە لەگەڵ وڵاتەكەى تر جياوازە.

بە كورتى ليبراليزم لەلايەك سيستەمێكى ئابوورييە، كە لەسەر بنەماى پێشبركێى بازاڕ گەشەدەكات، لەلايەكى تريشەوە سيستەمێكى سياسيەو لەسەر ئازادى هەڵبژێردراوى نێوان حزب و رەوتە سياسيە جياوازەكان دادەمەزرێت و، ليبراليزم تەنها كاتێك پێشوازى لە حكومەتى پەرلەمانى

یان هەر چۆنێک بێت  حکومەتی هەڵبژێردراو دەکات کە وەک جان ستیوارت مل دەڵێت( حکومەتی خودی خەڵک دەست بۆ مافە مەدەنییەکانی خەڵک نەبات)(٢٧).

ئەمەو لە کاتێکدا لە سیستەمێکی دیموکراتی نا لیبرالیدا زۆرجاران دەست بۆ مافە مەدەنییەکانی خەڵک بردراوە و دەبردرێ و کۆت و مەرجی لەسەر دادەنرێ، چونکە دیموکراتی مانای رەسەن بوونی بڕیاری خەڵک یان زۆربەیەو، هەر بڕیارێک کە زۆربەی خەڵک لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا بۆ نموونە لە رێگەی نوێنەرانیانەوە لە پەرلەماندا پێی دەگەن لە تێڕوانینی مەفهومی دیموکراتیەتەوە شەرعیەتی هەیە، لە کاتێکدا لیبرالیزم کۆمەڵە بایەخێکی سیاسی و مەدەنی لە پێشەوە هەبووی هەیە کە وەک مافی سروشتی یان مافی مەدەنی قابیلی دەستکاری نەکردنی مرۆڤەکان سەیریان دەکات(٢٨).

کەواتە دیموکراسی وەک سیستەمێکی سیاسی و، لیبرالیزم وەک زنجیرەیەک لە بایەخ و پێوەری سیاسی و مەدەنی، دوو رووی یەک دراون، یەکەمیان شێوە(فۆرم)ی سیستەمێکی سیاسییەو، دووەمیشیان ناوەرۆکی سیستەمێکی سیاسی نیشاندەدات(٢٩).

### ٦-٢ دیموکراسی و ئازادی

دیموکراسی و ئازادی دوو زاراوە (مصطلح)ی کۆمەڵایەتین کە هەرگیز یەک ناگرنەوە، چونکە هەریەک لەم دوو زاراوەیە بە سیستەمێکی جیاواز بە ئەویترەوە بەندە.ئازادی بە واتای کۆکردنەوەو بەرجەستەکردنی هەموو مافە دیموکراتیە ئازادییەکان لە سیستەمێکی باڵای پێشکەوتوودایت، پەیوەندی دیموکراسی بە ئازادی تەواو، جیاوازە لەگەڵ پەیوەندی دیموکراسی بە ئازادییە سیاسییەکانەوە. تائێستا زاراوەی ئازادی رووی راستەقینەکەی شێواوە، تائێستاش وا لە خەڵک دەگەیەنن کە ئازادی رێک بە مانای مافی چارەی خۆنووسینە و هەر کاتێک ئەو مافە بە دەست هات ئەوا ئازادی مسۆگەرو بەرقەرار دەبێت ، کە ئەم جۆرە بۆچوون و لێکدانەوانە زۆر دوورن لە



ديموكراسى دروستبوونو ناوەرۆكو بەكارهێنانى

ناوەرۆکی ئازادی .

هێنانەدی ئازادی پرۆسەیەکی نەپچراوەی زۆر درێژخایەنە، ئازادی لە سادەترین دەربڕینیدا واتە زاڵبوون بەسەر سروشت و کۆمەڵ و زاتی خۆشماندا، دیارە ئەم سێ لایەنەش بۆ ئازادی ناتوانرێ بە ئاسانی و بۆ ماوەیەکی کەم بهێنرێنەدی، چونکە مەرجی بنەڕەتی بۆ زاڵبوون بەسەر سروشت، لە ئەنجامی زیادبوون و پێشکەوتنی هێزی بەرهەمهێنان دێت و، بە زیادبوونی کاریگەری چالاکی مرۆڤ لەسەر سروشت  و کۆمەڵ بەندە .

توانای زاڵبوون بەسەر سروشتیش بەندە بە داننان  وجێبەجێکردنی راست ودروستی یاساکانی سروشت، ئەمەش لە جیهانێکدا یا لە سیستەمێکدا کە چەوساندنەوەی تێدا هەبێ، ئەستەمە،چونکە پێویستی بە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی یەکسان هەیە، ئەو پەیوەندییەی کە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک هەڵدەوەشێنێتەوە ، مەرجی بنەڕەتیش  بۆ زاڵبوون بەسەر کۆمەڵ، لە رێگای دروستکردنی زۆری (البضائع) و سامان لە نێوکۆمەڵدا دەبێت، ئەو کۆمەڵەی کە هەر تاکێکی بە گوێرەی هێزو تواناو بازووی خۆی کار دەکات و (البضائع)ی بەرهەمهێنراو بە گوێرەی پێداویستیەکانی خۆی وەردەگرێت، بەم شێوەیە زاڵبوون بەسەر سروشتدا لە کاتێکدا دەبێ کە پێشتر بەسەر کۆمەڵدا زاڵبوبێت ، دیارە بەتەنها ئابوورییەکی باڵاو پێشکەوتوومەرجی تەنیای مسۆگەرکردنی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان نیە، بەڵکو نەهێشتنی جیاوازیە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوەشاندنەوەی دابەشکردنی کاری میرات بەجێماوو، زاڵبوون بەسەر دامەزراوەکانی سیستەمێکی ئەو کۆمەڵگایەی کە ویژدان وهەست و رەوشتی لە پلەیەکی ئێکجار باڵادایە... ، کە ئەمەش ماوەیەکی زۆر دوور و درێژی دەوێ(٣٠).

هەر پێشکەوتنێکی ئازادی بۆ هەر تاکە کەسێکی نێو کۆمەڵ، مەرجە بۆ پێشکەوتنی ئازادی کۆمەڵەکەی ، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین نەبوون یا غیابی ئازادی، واتە مەترسی مردنی راستەقینەی مرۆڤایەتی، چونکە هەموو ئەو پاشگرو پێشگرانەی کە ئەمڕۆ بۆ ئازادی دروستبوونە، ئەوە لە بنەڕەتدا پاشقول گرتنە لە ئازادی، وەک دەوترێ ئازادی بازرگانی ، ئازادی

خاوەندارێتی (التملک)، ئازادی ڕۆژنامەگەری ، ئازادییە دیموکراتییەکان، هتد هەموو ئەمانە تەسککردنەوەی پێوانە (مساحە)ی بەرفراوانی ئازادییە(٣١).

چونکە ئازادی ڕاستەقینەی بێ پاشگرو پێشگر وەک لەشی مرۆڤ وایە، هەر ئەندامێکی لەشی مرۆڤ فەرمان بە ئەندامەکانی دیکەی دەکات(٣٢)، بەڵام هەموو ئەندامەکان پێکەوە دەتوانن مرۆڤێکی ساغ وبێ عەیب دروستبکەن، لە کاتێکدا ئەو مرۆڤە هەر ئەندامێکی لەو هەموو ئەندامانەی لەشی کەم بێت، ئەوا مرۆڤەکە عەیبێکی لێ دروست دەبێت.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دیموکراسی تا ئەو کاتەی هەیە سیستەمێک پیادە دەکرێت و ململانێیەکی شارستانی تێدا پێڕەوو پیادە دەکرێت، بێ ئەوەی بتوانێت ئەو چەوساندنەوەیەی کە هەیە بیسڕێتەوە، بەڵام لەسەردەمێکی ئازادی بێ کۆت و مەرجدا، بێ پاشگر و پێشگر ئەوا دیموکراسی لەنێو خۆیدا دەتوێنێتەوە، ئەمەش بالاترین قۆناخی پێشکەوتنی کۆمەڵە، دیارە لە کاتێکدا دێتە دی کە هیچ کێشەیەکی نەتەوایەتی، ئابووری ، کۆمەڵایەتی .. هتد لە ئارادا نامێنێت ومرۆڤ (یا باشتر وایە بڵێین کۆمەڵ، چونکە مرۆڤ وەک تاکەکەس لە ڕووی پێوەندییەکانیەوە توند بە کۆمەڵ گرێدراوە) زۆر مەعریفیانە وهوشیارانە مامەڵە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ ودەرەوە دەکات کە ئەمەیان پێچەوانەی توندڕەوی و دیکتاتۆرییە، چونکە ئاسان نیە مرۆڤ بتوانێ بەسەر سروشتی ناوەوە (کۆمەڵ) و سروشتی دەرەوە زاڵ ببێ، مەرجی بنچینەییش بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا زیادکردن و پێشکەوتنی هێزی بەرهەمهێنانە، دانپیانانە بە کارتێکردنی ماوەی دووری چالاکی مرۆڤ لەسەر سروشت وکۆمەڵ، ئەمانەش نە بە بڕیاری سیاسی، نە بە هیچ بڕیارێکی دیکە ناهێنرێنە دی، بەڵکو تەنها بە شێوەیەکی زۆر درێژخایەن وپلە بەپلە لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە مێژوویەکی دوورودرێژدا دێتە دی.





### ٦-٣ دیموکراسی و دیکتاتۆری

دیکتاتۆریش وەک دیموکراسی وشەیەکی یۆنانییەو پێش زایین بڵاوبۆتەوە، دواتریش بوو بە ڕەنگدانەوەی واقیعی مێژووی ڕۆمای کۆن، چونکە لەسەردەمی کۆماری ڕۆمادا ناوی (دیکتاتۆر) بۆ کەسێک بوو کە دەسەڵاتێکی ڕەها (مطلق)ی لە لایەن پیرانەوە پێبدرابوایە.

دیکتاتۆر ئەو ماوە دیاریکراوە یاخود سنووردارەیە کە لەکاتی ڕووداوێکی ناکاو، یاخود لە حاڵەتی هەڕەشە لێکردنێک، دەسەڵاتە ڕەهاکەی خۆی فەرز دەکات، یولیس قەیسەر و چەندانی دیکە، بە درێژایی تەمەنی ژیانیان بوونە دیکتاتۆرو دەسەڵاتەکەیان بە پلەی یەکەم بۆ بەرژەوەندی تەسکی زاتی خۆیان (کۆمەڵێکی بچووک) بەکاردەهێنا، واتە بۆ بەرژەوەندی توێژێکی فەرمانڕەوا(٣٣).

(کاوتسکی) پێی وابوو دیکتاتۆر بە مانای وشەکە واتە حوکمی تاکە کەسێک بەدەر لە هەموو یاسایەک، یان واتە ئوتوقراتیەت کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ چەوساندنەوەدا نییە تەنها لە پێکهاتەکەیدا کە دامەزراوێکی چەسپاو و نەگۆڕی دەوڵەتەکە نییە، بەڵکو ئیجرائاتێکە لە هەندێ کاتی ناکاودا(٣٤).

هەرچەندە هەندێ جاری واش هەیە ئەو ئیجرائاتە ناکاو و کتوپڕە درێژە دەکێشێ، واتە تەمەنی درێژ دەبێ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەلومەرجەی کە دەسەڵاتەکەی تیادا پیادە دەکرێت و توانستی ئەو هێزەی کە لە دژی دەسەڵاتە ڕەهاکە تێدەکۆشێ، بەڵام هەرچۆنێک بێ ناتوانێ بەدرێژایی ژیان خۆی فەرز بکات، چونکە دیکتاتۆری هەمیشە زاڵبوون و خۆسەپاندنی چینێک یا توێژێک بووە بەسەر سەرجەم چین و توێژەکانی تری ناو کۆمەڵ(٣٥).

وەنەبێت دیکتاتۆری بە درێژایی مێژوو بەکارهاتبێت، بەڵکو تا سەرەتای ئەم سەدەیە لە جیاتی وشەی دیکتاتۆری وشەی ئیستبداد بەکار دەهات، بەڵام لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە وشەی دیکتاتۆری تا دەهات زیاتر دەهاتە نێو باسانەوە، بەتایبەتی کاتێک (لینین) لەدژی سەرمایەداری دەجەنگا، لە

زۆر شوێندا ئاماژەی بۆ دیکتاتۆریەت کردووە بەو مەبەستەی دیکتاتۆری دەسەڵاتێکی رەهای چینێکی دیاریکراوە، واتە دەسەڵاتی چینێک یا توێژێکە لە دژی هەموو چین و توێژەکانی تر.

دیکتاتۆری لە سەرەتاوە بۆ نەفی کردن و لەناوبردنی دیموکراسی سەری هەڵنەدابوو، بەڵکو ئەم زاراوەیە لە ئەنجامی خۆسەپاندن و خۆ فەرزکردنی تاکە کەسێکەوە هاتووە و ئیتر ئەم ناوە (دیکتاتۆر) چەسپاوە و کەوتۆتە سەر زارانەوە.

بەم شێوەیە دیکتاتۆری بە مانای فەرمانڕەوایی کردنی رەهای حزبێک، تاقمێک، توێژێک، چینێک... هتد هاتووە، بەسەر تەواوی چین و توێژەکانی تری ناو کۆمەڵ، کە ئەمەش تەواو و لەسەدا سەد لەگەڵ دیموکراسیدا نارێکو ناکۆکە، چونکە هەموو بەرژەوەندییە گشتییەکان وەلا دەنێ و هەموو وەسیلەیەک بۆ دڵنیاکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە باشترین شێوە بەکاردەهێنێت، لەو هێز بەکارهێنانەشدا یاسا لە بەرامبەریدا ناتوانێ رابوەستێ، چونکە یاسا شەرعیەتت پێدەدا لەو ماوەیەی کە یاسایەکە هەیەو لەکاری رۆژانەدا پەیڕەو دەکرێ. دیکتاتۆریەتیش هیچ بوارێک بۆ ئەو یاسایە ناهێڵێتەوە تا شەرعیەتی پێبدا، چونکە دەسەڵاتێکی بێ کۆت و مەرجەو بەهیچ یاسایەکەوە پابەند نییە، هەمووشی لە پێناوی ئەوەیە بەرژەوەندی خۆی زیاتر پەرە پێبدات و جێگیرتری بکات، هەموو جۆرە هێزێکیش لە پێناوی مانەوەی لەدەسەڵاتەکەدا بەرامبەر بە خەڵکی زۆرینە بەکاردەهێنێ، هەر لەبەرئەوەشە دیکتاتۆر لە هەموو رێورەسمێکی یاسایی بەدەرەو ملکەچی هیچ جۆرە سانسۆرێکی یاسایی نابێت.

بەم پێودانگەی سەرەوە دیموکراسی و دیکتاتۆری ئەگەرچی زۆر لەمێژە لەنێو واقیعی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەن و لە پیادەکردنیشدا دوو ئاراستەی پێچەوانەو دژن، کەچی تا ئێستا هەردووکیان ماون و هیچ کامیان نەیانتوانیوە ئەوەکەی تر لەناو ببەن، هەرچەندە یەکەمیان (دیموکراسی) زۆرترین پاڵپشت و پشتگیریکردنی خەڵکی جەربەزەی لەگەڵدایە، بۆیە هەردووکیان وەک دوو زاراوە گوزارشت لە پێوەندییە جیاوازییەکانی ژیانی





کۆمەڵایەتی دەکەن[٣٦]. تەنانەت زۆر کەس وای بۆ دەچێت هەموو دیکتاتۆریەتێک دیموکراسییەو هەموو دیموکراسیەتێکیش لە هەمان کاتدا دیکتاتۆرە، بەواتایەکی دیکە هیچ دیکتاتۆرییەتێک بەبێ دیموکراسی بوونی نییەو هیچ دیموکراسیەتێکیش بەبێ دیکتاتۆری بوونی نابێ[٣٧].

### ٦-٤ دیموکراسی و توندڕەوی:

توندڕەوی دیاردەیەکی تەسک و بەرچاو و رەگوڕیشە داکوتراوی ناو مێژووە، تێنەگەیشتنە لە واقیعی دەوروبەرو لە سروشتی مرۆڤ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، توندڕەوی گرتنەبەری رێگایەکی داخراوە، چونکە هەمیشەو بەردەوام لێکدانەوەیەکی ناواقیعیانە بۆ سروشت و دەوروبەرو جیهان دەکات.

توندڕەوی دژی هەموو بۆچوونێکی بەرامبەرە، دژی فرە بۆچوون و فرە مینەبەرییە چونکە حەقیقەت تەنها لە خودی خۆیدا دەبینێت و جیهان لەلای تەنها جیهانێکی بچووککراوەی رەهایە کە گفتوگۆو دەمەتەقێ هەڵناگرێ، بەم شێوەیە، توندڕەوی هیچ رێزو ئیعتیبارێک بۆ راو بۆچوونەکانی دیکەی بەرامبەری دانانێت و بە هەموو شێوەیەک رەفزیان دەکاتەوەو هەوڵی سەپاندنی بۆچوونەکەی خۆی دەدات، بۆیە توندڕەوی لەلایەک داکۆکیکردنێکی بێ قەیدو شەرتی بۆچوونەکانی خۆیەتی کە بە راستییەکی رەهای دەزانێت، لەلایەکی تریشەوە رەفز کردنەوەیەکی رەهای سەرجەم ئایدیۆلۆژیاو مەفاهیمەکانی تری بەرامبەریەتی، لەبەر ئەوە توندڕەوی چەمکێکە لەگەڵ هەموو چەمکە لۆژیکەکانی هاوچەرخ ناکۆک و دژە.

بەم پێیە توندڕەوی رێبازێکە (رێباز نەک بەو مانایەی کە میتۆدێکی ئەپستمۆلۆژییە واتە مەعریفییە، بەڵکو مەبەستم زیاتر لە تەوژم –رێبازە، بەڵام تەوژم لە بنەڕەتدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەکاردێت، واتە تەمەنی کورتەو درێژبوونەوەی لەسەر هەمان رێچکە ئەستەمە، بەڵام توندڕەوی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیەو ئێستاش لە برەودایە)، زۆر لەمێژە لە مێژوودا هەبووەو، سەرهەڵدانی ئەم کارە تیرۆیستیانەش بەشێکی

جیانەکراوەن لە ڕێبازی توندڕەوی جا توندەڕەوی نەتەوەیی بێ، یا ئیسلامی، یا مارکسی،... هتد. هەڵبەت توندڕەویش جۆری زۆرە، هەر لە تاکە کەسەوە، تا توندڕەوی گروپ و کۆمەڵ و توندڕەوی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و... توندڕەوی سیاسی و ئایدیۆلۆژی زیاتر حزبە سیاسیەکان دەگرێتەوە، ئەو حزب و گروپ و لایەنە سیاسیانەی کە خۆیان بە راستییەکی رەها دەزانن و دژی فرە حزبی وهەر ئایدیۆلۆژیایەکی ترن کە لە دەرەوەی ئەو سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایەی ئەوانن، هەر حزبێکیش بەم شێوەیە مامەڵەی سیاسی بکات و خەبات بکات، خەبات و تێکۆشانەکەی بەر تەسک و چەقبەستوو دۆگمایەو هیچ ئاسۆیەکی گەشەکردنی لێ بەدی ناکرێت و لەقالب دەدرێت.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە لە عێراق و کوردستاندا لەبەرئەوەی هەموو ئەو حزبە سیاسیانەی کە جاران و ئێستاش لە گۆڕەپانی تێکۆشانی سیاسیدا هەن و بەردەوامن، هەرگیز لە سێبەری دیموکراسیدا دروست نەبوونەو گەشەیان نەکردووەو لەناو ژیانێکی کۆمەڵایەتی شارستانیانەو دیموکراسیانەی راستەقینە گوزەریان نەکردووە، بۆیە دەبینین مەیلی توندڕەوی و تەنانەت دیکتاتۆریش لەناو منداڵدانیاندا گاگۆلە دەکەن و گەورە دەبن... بەواقیعیش رۆژانە گیانی خۆسەپاندن و خۆبەگەورە زانین و تۆڵە کردنەوە پێڕەو دەکەن، ئەمەش راستەوخۆ توندوتیژی دەگەیەنێت، بۆیە زۆر ئاساییە گەر بڵێین توندڕەوی واتە توندوتیژی.

بەم پێودانگە دیموکراسی و توندڕەوی دوو ڕێگا، دوو بۆچوونی ناکۆکن لەگەڵ یەکتری و، بەیەکەوە هەڵناکەن، لە هەر شوێنێ هەر لەژیانی خێزانییەوە بگرە تا دەگاتە ژیانی حزبێک، دەوڵەتێکەوە دیموکراسی لە برەو و گەشەکردندا بێت، ئەوا ئۆتۆماتیکیانە توندڕەوی سەرکوت دەکرێ و بواری تەسک دەبێتەوە، لەهەر شوێنێکیش توندڕەوی زاڵ بووبێ ئەوا دیموکراسی تەنگەتاو دەکرێ، بێ ئەوەی دروشمی دژە دیموکراسیشیان بەرزکردبێتەوە(٣٨).

لێرەدا دیکتاتۆری و توندڕەوی لە زۆر خاڵدا هاوبەشن و یەکدەگرنەوە، تەنها ئەوەندە هەیە دیکتاتۆری زیاتر بۆ ئەو هێزو لایەنانە بەکاردەهێنرێت کە





لە فەرمانڕەوایی کردندان، واتە حوکمڕانن، بەڵام توندڕەوی لە زۆربەی حاڵەتەکانیدا هەوڵ بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات دەدات، واتە لە حوکمدا نییە.

### ٦-٥ دیموکراسی و ئیسلام:

وشەی ئیسلام لە بنەڕەتدا بەمانای تەسلیم بوون و خۆبەدەستەوەدان دێت، هەرچەندە هێندێ لە زانایانی ئیسلام دەیانەوێ وای دەربخەن، کە ئیسلام لە (سلم) واتە ئاشتییەوە هاتووە، بەڵام هەر بەپێی کۆمەڵێک لەئایەتەکانی نێو قورئاندا مانای تەسلیم بوون و خۆبەدەستەوەدان دەگەیەنێت، بۆ نموونە بڕوانە ئەم ئایەتانەی خوارەوە (وأنیبوا الی ربکم واسلموا له- بۆ لای پەروەردگارتان بگەڕێنەوەو تەسلیمی ئەوبن) الزمر ئایەی ٥٤، (افغیر دین الله یبغون وله اسلم من فی السموات والأرض طوعا وکرها والیه ترجعون- ئایا ئەوانە غەیری ئایینی خوایان دەوێ لە کاتێکدا ئەوانەی لە ئاسمان و زەوی دان بیانەوێ و نەیانەوێ لەبەرامبەر ئەو (خوا) دا تەسلیم بوون و هەمووشی بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە) ال عمران ئایەی ٨٣، (اذ قال له ربه اسلم قال اسلمت لرب العالمین) البقرە ئایەی ١٣١ ئەمانەو دەیان نموونەی دیکە راستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەردەخات کە وشەی ئیسلام بەمانای تەسلیم بوونە بەهێزێک کە لەدەرەوەی ئیرادەو توانستی مرۆڤدایە، ئەویش (خوا)یە، تەسلیم بوونێک کە دەبێ دڵ و بیرکردنەوەو تەنانەت لە سۆزو عاتیفەی رووتیش خۆت دابماڵی و تەسلیمی ببی، کەواتە لە ئیسلامدا، بەهیچ شێوەیەک ڕێگا بە حوکمڕانی کردنی مرۆڤ نەدراوە، بەڵکو حاکمێک لە ئاسماندا هەیە، کە حوکم بەسەر هەموو زەوی و مرۆڤایەتیدا دەکات ئەویش (خوا)یە، لێرەوە ئەو بۆچوونەی ئیسلام تەواو پێچەوانەو دژ بە چەمکی دیموکراسییە، کە ناوەڕۆکەکەی فەرمانڕەوایی کردنی زۆرینەی خەڵکە، کە دوور نییە هەر لەبەر ئەمەش بووبێ لەقورئاندا بەهیچ شێوەیەک باس لە دیموکراسی نەکراوە، لەکاتێکدا زاراوەی دیموکراسی هەزار ساڵ پێش ئیسلام دروست بووە.

ئازادی و سەربەستیش لە گەوهەری ئیسلامدا خۆی لەم دێڕەدا دەنوێنێ

(واطیعوا الله واطیعوا الرسول واولی الامر منکم)(النساء ئایەتی ٥٩)(٣٩).

لە بنەڕەتیشدا دیموکراسی بنەماو مەبدەئێکی (مستورد)ەو هیچ پێوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە، چونکە دەنگدان لەدیموکراسیەتدا حوکمڕان و چاوگ (مرجع)ە، کەچی لەئیسلامدا حوکمڕان و مەرجەع هەر تەنها بۆ (خوا)یە و مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی لە بەرامبەریدا نییەو دەنگدانیش هیچ ئیعتیبارێکی بۆ ناکرێ، چونکە لە شەرع و ئاییندا بوار بۆ دەنگدان نەماوەتەوە تا ئیسلام پێڕەوی بکات، چونکە گەل لەئیسلامدا حوکمڕان نییە، بەڵکو حوکمڕانی تەنها بۆ خوایە «ان الحکم إلا لله».

دەبێ ئەوەش بزاندرێ کە (الحاکمیه لله) بنەماو مەبدەئێکی ڕەسەنی ئیسلامییەو هەموو لێکۆڵەرو تۆژەرەوە ئوسوڵییەکانیش لە تۆژینەوەکانیاندا کە دێنە سەر (الحکم الشرعی) و (الحاکم) هاودەنگ و ڕێک و تەبان لەسەر ئەوەی کە (الحاکم) خوایەو پێغەمبەریش نێردراو و (مبلغ)ی خوایە، واتە خوا فەرمان دەدات، ئیلغا دەکات، حەلال و حەرام دەکات، حوکم دەکات و شەرع دەدات.

ئایینی مەسیحی و جوولەکەیی و بوزایی و، چەندین ئایینی دیکەی ئاسمانی و غەیرە ئاسمانیش هەن، بەڵام ئەوانە تێکەڵ بە سیستەمی دەوڵەت نەبوون، بەتایبەتی ئایینی مەسیحی و بوزایی تارادەیەک زۆر دوورەپەرێزن و لە کیشوەرێکی وەکو ئاسیای مەڵبەندی خواپەرستی و ئایینپەرستی، کەچی ئایینی بوازیی بەو قەوارەیەی کە هەشیەتی نەچۆتە ناو سیستەمی هیچ کام لەو دەوڵەتانەی کە ئەم ئایینەیان تێدا بڵاوە، بێگومان سیستەمی ئەو دەوڵەتانەش ڕۆژێ لە ڕۆژان هەوڵی لەناوبردنی ئەو ئایینانەیان نەداوە کە پێوەندی بە هەست و نەست و دڵ وروحی هەر تاکێکی ناو کۆمەڵەکەوە هەیە. بەڵام لە ئایینی ئیسلامدا ئایینەکە نەک هەر تێکەڵ بەو سیستەمە دەبێ کە فەرمانڕەوایە، بەڵکو هەموو هەوڵێک دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی سیستەمەکە لەناو ببات و دەسەڵاتە سیاسیەکە بۆ خۆی کۆنترۆڵ بکات، جا بە هەر شێوازێک بێت.





ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، ئەو کوردستانەی بە ڕووباری خوێن ڕزگار کراوەو ئەوان هیچ ڕۆڵێکیان لەئازاد کردن و قوربانی دان بۆی نەبووە، کەچی دوای ئەوەی هاتنە سەر کوردستانێکی ڕزگارکراو، دەیان تەرزە هزرو فیکرو بۆچوونی نامۆیان بڵاوکردەوەو، لە جیاتی دیموکراسی، چەمکی (شوری) بەکاردەهێنن، ئەمانە پێیان وایە (شوری) نموونەی ئیسلامییانەیە بۆ دیموکراسی، لەکاتێکدا (شوری) و دیموکراسی دوو چەمکی تەواو لە یەکتری جیاوازن.

یەکگرتووی ئیسلامی کە حزبی (اخوان المسلمین)ە لە کوردستانی عێراقدا، لە جیاتی دیموکراسی (شوری) بەکاردێنێت و باوەڕی بە دیموکراسی نییە، ئەو دیموکراسییەی دەیان ساڵە گەلی کورد خوێنی بۆ دەڕێژێ و قوربانی لە ژمارنەهاتووی پێشکەش کردووە.

یەکگرتوو دەیەوێت وا لە خەڵکی جەربەزە بگەیەنێت کە (شوری)ش دیموکراسییە، بەڵام لە ڕاستیدا (شوری) لەگەڵ دیموکراسی تەواو ناکۆکە و هەرگیز بەیەکەوە هەڵناکەن.

(شوری) زیاتر بۆ کەسانی ریش سپی و پیاوماقوڵان و خانەدانان کراوە کە لە فقهی ئیسلامیدا بە (اهل الحل والعقد) ناوزەد کراوە. ئەم جۆرە کەسانەش هەڵنەبژێردراون، بەڵکو لەلایەن حوکمڕانەوە دەستنیشان کراون، هەروەها مەرج نییە ئەو کەسەی حوکم دەکات بە ڕاوبۆچوونەکانی (اهل الحل والعقد) بڕوا بەرێوە، (شوری) تەنها پرس پێکردنەو حاکم دەتوانێ قەبووڵی نەکات. بەم جۆرە (شوری) دیموکراسی نییە ئەو دیموکراسیەی کە ئیرادەی زۆربەی گەل دەگەیەنێت، بەڵکو (شوری) شێوەیەکە لە شێوەکانی دیموکراسی چەواشە(٤٠).

### ٧- کوردستان و پێڕەوکردنی دیموکراسی

کوردستان وڵاتێکە لەلایەک سەدان ساڵە ژێردەستە بووەو، لەلایەکی دیکەیشەوە کەوتۆتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەم ناوچەیە زۆرترین گرفت و ململانێی تێدایە، بۆیە کوردستانیش بە سروشتی خۆی لەم هەموو

گرفتە ئاڵۆزانە، نەیتوانیوە بەشێوەیەکی دروست پێڕەوی دیموکراسی بکات. ڕاستە لە ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردنی گشتی کراو پەرلەمان دامەزراو حکومەت پێکهێنرا، بەڵام هێندەی نەبرد شەڕی ناوخۆ، هێندە دژوار بوو بەشێوەیەک هەموو هیوا زیندووەکانی نەتەوەکەی هەر بە زیندوویێتی زیندە بەچاڵکرد، پاوانکردنی ناوچەو کوشتنی بیروڕای جیاوازو تێکدانی نەخشەو پرۆژە جوانەکان، ببووە بەرنامەی دەسەڵاتی کوردی، بۆیە لەکاتێکدا زۆرترین پێویستیمان بە دیموکراسیەت هەبوو، کەچی بەچەقۆیەکی کۆن و کول سەرمان بڕی، خەڵکیش بەگشتی بڕوای بەدروشمە بریقەدارەکان نەما، وای لێهاتبوو کەس لە ماڵ و سامانی خۆی دڵنیانەبوو... بەڵام ئەم گرفتە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە زوو هەستی پێکرا، بۆیە وردە وردە هەوڵیاندا بیرۆکەی شەڕو کوشتن لە مێشکی خۆیان بسڕنەوەو بیری نەتەوەیی لەلای خەڵکدا بخەنە بەرباس و گفتوگۆ. ئیتر چەند ساڵێکە کوردستان ئارامە، بیرۆکەی داگیرساندنی شەڕی ناوخۆ زۆر لاوازە، هەماهەنگی هەردوولا زۆر پتەوبووە، خەڵک کۆمەڵێک هیوای لە دڵدا چاندۆتەوەو بەو هیوایەیە لە داهاتوودا بەرەکەی لێ بخوا.

ساڵی نوێمان بریتی دەبێت لە ساڵی هەڵبژاردن و دەنگدان لە ڕێگەی سندوقەکانەوە، دەسەڵاتی کوردیش بڕوای بە تێکۆشانی سیاسی و خەباتی ئاشتیانە هێناوە، دوور لە پەنابردنە بەر توندوتیژی، چونکە بە ئەزموون بۆی دەرکەوتووە کە ڕێگای توندوتیژی هیچ چارەسەرێکی پێ نییە، جگە لە ماڵوێرانی، شتێکی دیکەی بەخۆوە نەگرتووە. بۆیە دەبێ لە ڕێگەی ناتوندوتیژییەوە گرفتەکانمان چارەسەر بکەین.

### ٨- ئەنجام

دیموکراسی هەر بەتەنها هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات نییە، بەڵکو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پاراستنی مافی مرۆڤەوە هەیە، کە خۆی لە پاراستنی مافی یەکسانی و دادوەری و گواستنەوەو ڕادەبڕین و ئازادی بیروبۆچوون و دامەزراندنی حزب و نەقابەو... هتد دەبینێتەوە، بەڵام





لە کوردستاندا بەهۆی کەم بوون و لاوازی ڕۆشنبیری مافی مرۆڤ، بە چاوێکی کەمەوە سەیری مافەکانی مرۆڤ دەکرێت و بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێت، بەجۆرێک پێشێلکردنی هەندێ لەو مافانە وەک مافی گواستنەوە بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی ڕۆژانە.

لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا، پێڕەوکردنی دیموکراسیەت ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کۆسپی سەرەکی دەبێتەوە، بەشێکیش بۆ پێکهاتەی دەسەڵات و دەسەڵات لە ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە کە لەسەر بناغەی زوڵم و زۆرداری و توندوتیژی دارێژراوە.

لێرەدا ڕووبەڕووبوونەوەو ڕەخنەگرتن لە بنچینەو بناغە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی زوڵم و زۆرداری و دەسەڵاتی ڕەها لە ڕۆژهەڵات ئەرکێکی تێکۆشەرانەیە لە پێناوی سەقامگیربوونی دیموکراسی.

دیموکراسی مەسەلەیەکی ململانێیەو ناکرێ دوور لە یاساکانی ململانێ سەیر بکرێت، ڕاستە دیموکراسی کۆتایی بە زۆرداری ناهێنێت، بەڵام هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ دەتوانن لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیانەوە دەنگ هەڵبڕن و ڕەخنە بگرن و بیروبۆچوونی خۆیان بە ڕێگایەکی ئاشتییانەو بەهۆی زۆرینەی خەڵکەوە بچەسپێنن، هەموو ململانێیەکانیش لە چوارچێوەی گفتوگۆی بەردەوامەوە دەبێت، دوور لەگیانی توندوتیژی.

***پەراوێزەکان:***

١١- محمد فرید حجاب، المسأله الدیموقراطیه فی الوطن العربی، مجموعه من الباحثین، مرکز دراسات الوطنیه العربیه سلسله کتب المستقبل العربی(١٩)،ط الاولی، بیروت، عام ٢٠٠٠،ص٩٨-١٠١
٢- مەنسور حیکمەت، دیموکراسی لە نێوان دەربڕین و ڕاستیدا، هەولێر،١٩٩٣ل٩
٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣
٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠
٥- فوئاد سدیق، سەرەتایەکی کورت بۆ تێگەیشتن لە چەمکی دیموکراسی، ڕۆژنامەی

ڕێگای کوردستان، ٦/٨/٩٩٦-١٣/٨/٩٩٦ ژماره ٢١٦-٢١٧، ساڵی ٥٢ .
٦- فؤاد مەجيد ميسرى،گۆڤارى ئەلتەرناتيف، ژ٣ ،سلێمانى ١٩٩٥ .
٧- سەرچاوەى پێشوو.
٨- سەرچاوەى پێشوو.
٩- عطا بكرى، الديموطراقيه فى التكوين، بيروت، ١٩٥٢، ص٢٩ .
١٠- حسن ابراهيم محمد، الطريق الىٰ الديموقراطيه، مجله الطريق، العدد الثالث، السنه ٥٥، ١٩٩٦، ص٣١ .
١١- عطا بكرى، الديمقراطيه فى التكوين، ص٢٩ .
١٢- حسن ابراهيم محمد، الطريق الىٰ الديموقراطيه، مجله الطريق، العدد الثالث، ص٣١ .
١٣-حسن ابراهيم محمد، سەرچاوەى پێشوو، ل٣٢ .
١٤- عطا بكرى، سەرچاوەى پێشوو، ل٣٧ .
١٥-حسن ابراهيم محمد، مجله الطريق، العدد الثالث، السنه٥٥، ١٩٩٦، ص٣٣ .
١٦-سەرچاوەى پێشوو، ل٣٢ .
١٧-مەنسور حيكمەت، ديموكراسى له نێوان دەربڕين و راستيدا، سەرچاوەى پێشوو، ل٣٩ .
١٨- مجله النهج، دار الابحاث والدراسات الاشتراكيه،العدد ٤٤، ص١٨ .
١٩- ڕێگای كوردستان، ژ ٢٧٢، ١٥/١٠/١٩٩٧.
٢٠-مجله النهج، العدد ٤٤ سەرچاوەى پێشوو، ص٣١ .
٢١- گۆڤارى پێشكەوتن، ژ٦٣، ئەيلولى ٩٧، ل٤-٥ .
٢٢-مەنسور حيكمەت، ديموكراسى لەنێوان دەربڕين و راستيدا، سەرچاوەى پێشوو، ل٦ .
٢٣- سەرچاوەى پێشوو، ل٧ .
٢٤-ارثركبش، الماركسيه والديمقراطيه- مساهمه فى مشكلات التفسير الماركسى للديمقراطيه، ترجمه: رجاء احمد، الطبعه الاولىٰ، دمشق، ١٩٩١ ص١٨ .
٢٥- ڕێگای كوردستان، ژ ٢٧٢، ١٥/١٠/١٩٩٧ .
٢٦-مجله المنار، العدد العاشر، ١٩٨٥، ل٣٧ .
٢٧- مەنسور حيكمەت ديموكراسى لەنێوان دەربڕين و راستيدا، ل١٨ .
٢٨- سەرچاوەى پێشوو، ل١٧ .





٢٩- سەرچاوەى پێشوو، ل١٧ .
٣٠- ارثركبش، الماركسيه والديمقراطيه- مساهمه فى مشكلات التفسير الماركسى للديمقراطيه، ١٢٣-١٢٤ .
٣١-سەرچاوەى پێشوو، ل١٢٦ .
٣٢- سەرچاوەى پێشوو، ل١٢٧ .
٣٣- فوئاد سەديق، ڕێگای كوردستان،ژ٢١٦- ٢١٧،٦/٨/١٩٩٦- ١٣/٨/١٩٩٦، ساڵی ٥٢ .
٣٤- ارثر كبش، الماركسيه والديمقراطيه- سەرچاوەى پێشوو ص٧١ .
٣٥- فوئاد سديق، ڕێگای كوردستان،ژ٢١٦- ٢١٧ .
٣٦- ارثركبش، الماركسيه والديمقراطيه، ص١٠٦
٣٧- سەرچاوەى پێشوو، ل١٠٨ .
٣٨- فوئاد سديق، ڕێگای كوردستان،ژ٢١٦ ژ ٢١٧ .
٣٩- سەرچاوەى پێشوو، ل٢١٦ .
٤٠- هادى مەحمود، وەديهێنانى ديموكراسى ئەركێكى قورسه، بەڵام مەحاڵ نييه، ڕێگای كوردستان ژ٢١٤، ٢٣/٧/١٩٩٦ .

# تێگەیشتنمان بۆ ئایین و ئیسلام و ئیسلامی سیاسی

*پێشکەشە بە گیانی سپی مامۆستا سەعد عەبدوڵڵاو مەهدی خۆشناو، کە یەکەمیان بۆ کوردو خەڵکی هەولێر قەڵا بوو، دووەمیشیان منارە. کاتێک لە گەرمەی کارو خەمی پێشکەوتنی میللەت و شارەکەیاندا بوون بە دەستی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسییەوە شەهیدکران و، ئیتر خوێنی ئەو دوو سەرکردەو ئەو دوو رۆشنبیرە مەزنە وا هەورێکی سووری یاخین و بەسەر سەری قەڵاو منارەوەن، لەگەڵ دەرکەوتنی خۆری هەر سپێدەیەکیشدا هەوری سوور تیشکی خۆی بۆ هەموو کۆڵانەکانی ناو شار بۆ هەموو ماڵێکی ئەو شارە (ئەوشارەی قەدەر وایکردووە کە هەر دەبێ خوێنی لێ بچۆڕێ) دەهاوێژێ و دەڵێن: هاورێییان وریابن چیدی خەوتان لێ نەکەوێ... دەڵێن هاورێییان وا ئەمساڵ بەفریشمان بەسەردا باراندن، بەڵام هەناسەی سپی ئێمە دەبینین وا بەسەر سەری بەفرەکانەوە لەسەر دارو درەختان، لەسەر بانەکانتان چۆن سەمایەکی خوایی دەکات...؟! خەمتان نەبێ هەموو ساڵێ لە وەرزی شەهید بوونماندا لە سەهۆڵبەنداندا ماڵ بەماڵ پێتان دەگەینەوە... گەرمتان دەکەینەوە.*





## بەرکوڵێک بۆ ئایین

زۆر سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئایین بەگشتی هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە، واتە لەگەڵ ئەندێشەو هزرکردنەوەی مرۆڤدا بۆتە بەشێک لە ژیانی مرۆڤ، راستە ئەوکات ئایین لەناو قەوارەیەکی زۆر تەسکدا بوو هیچ تێڕوانینێکی فەلسەفی و زانستیشی بە خۆوە نەگرتبوو، بەڵام پانتاییەکی بەرفرەیشی لە ژیانی مرۆڤی ئەوساکە دروستکردبوو، ئیتر ئەوەی لە ئایین دادەبڕاو دەتۆرا ناچار پەنای دەبردە بەر ئەفسانەو خورافات، هەر لەبەر ئەوەیشە دەگوترێ کە مێژووی ئایین هێندە کۆن ولە مێژینەیە بەشێوەیەک پێش سەرهەڵدانی ئەفسانەش بووە، واتە لەو کاتەوەی مرۆڤ توانای ئەوەی نەبووە لەو هەموو دیاردانەی دەوروبەری خۆی بگات ئایین هاتۆتە سەرهەڵدان، تا دوای هەزاران ساڵ ئینجا مرۆڤ وای لێهات بیر لەوە بکاتەوە یا بگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ هێزێکی دەرەکی هەبێ بەسەر گەردوون و ژیانی مرۆڤ و تەنانەت بوونەوەرەکانیش (کائنات) دا زاڵ بووبێ و بتوانێ هەڵیانبسوورێنێ وەک راگرتنی ئاسمان و دانانی زەوی و هەروەها بۆ مانگ وئەستێرەو باران و بورکان و ... هتد بەهەمان شێوە.

بەم شێوەیە ئایین وەکو خێزان وەکو دەوڵەت و یاساو رەوشت و زانست و هونەرو.. هتد بوو بەجۆرێکی تایبەتی بەرهەمهێنان و کەوتە ژێر رکێفی یاسا گشتییەکانی کۆمەڵ.

واتە ئایین زۆر لە کۆنەوە بەهۆی ئاستی واقیعی کۆمەڵایەتی ئەوکات و سەردەمی بیرکردنەوەو تێڕوانینی سادەو رووکەشانەی خەڵکانێک لە دایک بووە کە لەگەڵ رەوشتی تایبەتی و هەڵسوکەوتی دەرەوەو مامەڵەکردنی رۆژانەی مرۆڤ تواوەتەوەو تێکەڵ بەیەکدی بوونە، چونکە دەبێ ئەو راستییە بزانرێ کە هەر ئایدیۆلۆژیەکی تازەو نوێ سەرەتا لەسەر بنەڕەتی تێڕوانینەوە دادەمەزرێ، ئینجا لەدواییدا خۆی بەدەستکەوتەکانی دەوڵەمەند دەکات.

ئایین کەسەرچاوەکەی هەست و سۆزو عاتیفەو هەڵچوونەو موخاتەبەی دڵی مرۆڤ دەکات و دەیجوولێنێ و هەڵس و کەوتی بە پاڵنەرە عاتیفیەکان

پێدەکات بۆ ئەوەی ئەگەر بۆماوەیەکی کاتیش بێ، لە جیهانی ئێش و ئازارەوە بچێتە ناو جیهانێکی پڕ لە بەختەوەری دروستکراو، ئەمەش دوورە لە پاڵنەری هۆشمەندانەو عەقڵمەندانە، چونکە ئایین بەشێکی بۆ توندی واقیع دەگەڕێتەوەو بەشێکی تریشی بۆ ناڕەزایی دەربڕینە لەسەربارودۆخی توند، ئایین بریتییە لە حەسرەت هەڵکێشانی مرۆڤی چەوساوە، گەرموگوڕی جیهانێکی بێ ڕەحمە، هەروەکو چۆن روحی باری کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت کە جێگای ڕۆحی تیانابێتەوە، ئایین لە ڕێگای ئازار دەربڕینەوە خۆی دەنوێنێ، هەست کردن بە ئازارەکان و ململانێ و کێشەکانی ناو کۆمەڵ و کاری خراپیان بەسەر کۆمەڵ، ئەم واقیعە تاڵە دەبێتە هۆی ئەوەی شێوازی ئایینی سەرهەڵبدات، بۆیە تەنیا ڕێگە ئەوەیە دەست لە کاروشتە وەهمیەکان هەڵگرین و داوای بەختیاریەکی واقیعی و ڕاستەقینە بکەین، داوای وازهێنان لە خەوو خەیاڵ و هەموو شتە وەهمی و غەیبییەکان بکەین و مانای ئەوەیە داوا بکەین دەست لەم بارودۆخە هەڵگرین کە پشت بەخەیاڵ و غەیبیانیەت دەبەستێت، بۆیە لە بنەڕەتدا ڕەخنە گرتن لە ئاین، خۆی لە خۆیدا ڕەخنە گرتنە لە فرمێسک هەڵوەراندن کە ئاین دەبێتە سەرچاوەو دانانی پەردەیەک بۆ نەبینینی هۆکارە ڕاستەقینەکانی فرمێسک و خەمەکانمان، دەبێتە تارماییەکی چڕ لە نێوان ئێمەو ئازارو ژانە بەسوێکانمان.

لەم روانگەوە، ئەو کاتەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییە نامرۆڤایەتی و نا عەدالەتیی و دژوارەکان لە ناو دەچن، ئایینیش هەر بۆ خۆی گۆشەگیر دەکرێت و لە دونیا دادەبڕێت، ئەمەش بەوە دەبێ داوای بەختیاری ڕاستەقینە بکەین و واز لە خەون و خەیاڵ و شتە وەهمیەکان بهێنین.

مردن گەورەترین کارەساتە کە مرۆڤ لە بەرامبەریدا بێ دەسەڵاتە، ئیتر ئایینیش ئەو مەترسییەی قۆزتۆتەوەو وایکردووە لەکاتی مەترسیدا پەنای بۆ بەریتەبەر، هەر ئەو مەترسییەش بوو مرۆڤ لەسەرەتاوە هەورە تریشقەو باران و بورکان و ڕەشەباو ئەستێرەو.. هتد دەپەرست .





## *ئایینی ئیسلام*

ئایینی ئیسلام لە کاتێکدا هاتە سەرهەڵدان کە مەککەییەکان وتەنانەت هەندێ لە خێڵەکانی دیکەی نیمچەی دوورگەی عەرەبستان خواوەند (الله) یان بەو خوایە گەورەو تاک و تەنیایە دەزانی کە دەبێت لەکاتی مەترسیدا پەنای بۆ بەریتە بەر، لە قورئانی پیرۆزیشدا، نموونەی ئەمە زۆرە وەک (سورەی لوقمان ـ ـ ئایەتی ٢٥، ٣٢) (سورەی یونس... ئایەی ٢٢)، (سورەی زخرف ـ ئایەی ٨٧)، (سورەی الزمر ـ ئایەی ٣) و چەندین ئایەتی دیکەیش.

جێگەی باسە یەهودی و مەسیحیەکانی خەڵکی مەدینەش باوەریان بەخودای تاک و تەنیا هەبوو، خەڵکێکی دیکەیش پێش محەمەد (د.خ) لەناوچە جۆراو جۆرەکانی عەرەبستاندا داوایان لە خەڵک کردبوو کە واز لە پەرستنی ئەو بتانە بهێنن، ئەوەندەی من بزانم لە قورئانیشدا باسیان کراوە، وەک (هود)ی هۆزی (عاد) و، (سالح)ی هۆزی (ثمود) و شعێب لەمەدینەو ... هتد، بۆ باشتر بەرچاو روونی بڕوانە (سورەی الاعراف ـ ئایەی ٦٥، ٩٣).

پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامیش، ئایینی مەسیحیەت لەناو عەرەبەکاندا بەهۆی (غسان)ەکانەوە برەوو هەرمێنی خۆی هەبوو، تەنانەت نەتەوەی کوردیش لەو ئایینە بەدوور نەبووە، بەڵام کە ئایینی ئیسلام هاتە سەرهەڵدان، ئیتر لەلایەک بوار بۆ هیچ ئاینێیکی دیکە نەمایەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە هەموو ئەوانەی موسڵمان دەبوون بەیەک چاو سەیر دەکران، تاکە جیاوازییەک لە نێو موسڵمانانداا هەبووبێ ئەوە بووە کە کامەیان زیاتر خەریکی خودا پەرستییە، دەنا هیچ جیاوازییەک لە نێوان نەتەوەکانیشدا نەبووە (لافرق بين عربی واعجمی الا بالتقوی).

ئەوانەیش کە وازیان لە ئایینی پێشووی خۆی نەهێنابایەو نەهاتبایەتە ریزی ئیسلام و ئینتیمای ئیسلامبوونی خۆی نەکردایە، هەرگیز فەرمانی هەڕەشەی بەشمشێر لێدان و مل پەڕاندنی بۆ نەدەدرا، هەروەکو خوا فەرموویەتی (لا اکراه فی الدین... البقره ٢٥٦) یا (فمن شاء فليؤمن ومن

شاء فليكفر ـ الكهف ٢٩)، ومن اسلم وجهه الله وهو محسن فله اجره عند ربه.. البقره ـ ١١٢) ، (ما على الرسول الا البلاغ والله يعلم ما تبدون وماتكتمون ـ المائده ٩٩) و (انا ارسلناك شاهدا ومبشرا ـ الاحزاب ـ ٤٥)، ئەمانەو دەیان ئایەتی دیکەیش هەن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تەنها خوداوەندە کە رۆژی دوایی حوکمڕانەو لێپێچینەوەش لەگەڵ هەموو کەسێک دەکات لەسەر ئایین و کارو کردەوەی هەر مرۆڤێک. لە ئایەتی (ما على الرسول الا البلاغ والله يعلم ماتبدون و ماتكتمون)دا دەفەرمووێ (ئەوەی لەسەر پێغەمبەرە هەر ئەوەندەیە کە فەرمانی خودا رابگەیەنێ، خودا بۆ خۆی لەو شتانەی ئاشکرای دەکەن یان دەیشارنەوە ئاگادارە) واتە نەهاتووە بڵێ ئەوەی نایێتە سەر ئایینی ئیسلام بەزەبری شمشێر بیانکەن بە موسڵمان، یان لەناویان بەرن و ملیان بپەڕێنن، قورئانی پیرۆز بەگشتی ئەم جۆرە توندو تیژییەی رەتکردۆتەوە، تەنانەت لەو ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێ (ان الذين امنوا والذين هادوا والصائبين والنصارى والمجوس والذين اشركوا ان الله يفصل بينهم يوم القيامه ان الله على كل شيئ شهيد، الحج١٧) واتە کەسانێک کە بڕوایان هێناوەو کەسانێک کە بوونەتە جوولەکەو سائبین و مەسیحی و زەردەشتی و ئەوانەیش کە هاوبەشییان بۆ خودا داناوە، خوا لە رۆژی دوایی لە نێوان ئەواندا دادوەری دەکات و هەق لە ناهەق جیا دەکاتەوە.

تەنانەت ئەوانەیش کە بڕوا بەخودا دەهێنن و ئایینی ئیسلام پەیڕەو دەکەن، لە رۆژی دواییدا خودا پاداشتیان دەداتەوە، هەروەکو چۆن ئەوانەی بڕوا بە ئیسلام ناهێنن بە هەمان شێوە خودا لە ئاخیرەتدا سزایان لێ وەردەگرێ، (من اسلم وجهه الله وهو محسن فله اجره عند ربه) خودای گەورە زۆر بەئاسایی دەڕوانێتە ئەوانەیش کە هەر یەکەو لەسەر بڕواو ئایینی خۆیانن و دەفەرمووێ (من الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا كل حزب بما لديهم فرحون ـ الروم ـ ٣٢) واتە ئەوانەی کە دینی خۆیان لەیەک جیا کردۆتەوەو دەستە دەستەن ، هەردەستەو تاقمێک بەبیرو باوەری خۆیان دڵیان خۆشە.

بەم جۆرە، ئایینی ئیسلام ئایینی لێبوردەیی و گوێ لەیەکدی گرتن و





بیرو راوەرگرتن و لە یەکدی گۆڕینەوەیە، خودای گەورە هەرگیز رێگەی بەکەس نەداوە توندو تیژی یا ئازارو ئەشکەنجە بەرامبەر بە هەموو ئەو کەسانە بەکاربهێنرێن کە بڕوایان بە ئایینی ئیسلام نییە، چونکە ناکرێ بەزەبری کوتەکی سەر دنیا بکرێن بە موسڵمان ، بەڵکو دەبێت بوونە موسڵمان بە بڕواو ئیمانەوە بێت، ئەوەی بڕواش بە ئایینی ئیسلام نەهێنێ، ئەوا خوای گەورە لە رۆژی ئاخیرەتدا سزای خۆی لێ وەردەگرێتەوە، مادام لە ئاخیرەتیشدا پاداشت و سزاو لێپێچانەوە هەیە، ئیتر پێویستی بە ئازاری سەر زەوی نەبووە، لەبەر ئەوەیشە خوا فەرموویەتی (انا ارسلناك شاهدا ومبشرا ونذيرا) يا فەرموویەتی (انا ارسلناك الا رحمه للعالمين) هەموو ئەو ئایەتانەو ئەوانی دیکەش کە پێشتر بە نموونە هێنامانەوەو زۆری دیکەیش ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە پێغەمبەر بۆ بەزەیی و رەحمەت و مژدە بەخشین و ئامۆژگاری و رێنیشاندان نێردراوە، نەک بۆ مل پەڕاندن و قەتل و عامکردنی خەڵک، خوادەفەرمووێ (فذكر انما انت مذكر). لست عليهم بمصيطر. الامن تولى وكفر. فيعذبه الله العذاب الاكبر. ان الينا ايابهم. ثم ان علينا حسابهم (الغاشيه ـ ئایەتی ٢١،٢٢،٢٣،٢٤،٢٥) واتە تۆ ئامۆژگاریان بکە، تۆ تەنها ئامۆژگاریان بکەو رێگای راستیان پێ نیشانبدە، لەسەریان نەبی بە خاوەن دەسەڵات و مەگەر ئەوانەی روو وەردەگێڕن و نایانەوێ خودا بناسن، ئەوەش ئەو کاتە خودا بە ئازارو جەزرەبەیەکی زۆرەوە سزایان دەدا، چونکە دڵنیابە هەموویان بۆلای ئێمە دێنەوە، ئێمەش لە دواییدا حسابی خۆمانیان لەگەڵدا دەکەین.

بێگومان هەر لەبەر ئەوەش بووە پێغەمبەر رازی نەبووە ناوی سەرکردە یا پێشەوا یا پاڵەوان.. هتد لێ بنرێ، بەڵکو تەنها بە پەیامبەر (رسول) ناوی براوە، هەر ئەمەش بوو وای لە پێغەمبەر کرد لەدوای خۆی کەسێک دەستنیشان نەکات بۆ خەلافەتی یان باشتر بڵێین بۆ بەردەوامبوون لەسەر هەمان ئەو رێگاو بیروباوەڕەی کە خۆی گرتبوویە بەر، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، چونکە قورئانی پیرۆز لەماوەی ئەو (٢٣) ساڵەی پێغەمبەرایەتی محەمەد دا تەواو و کامل ببوو (اليوم اكملت لكم دينكم

واتممت علیکم نعمتی ورضیت لکم الاسلام دینا ـ المائده ٣) واته له ئەمڕۆوە ئایینەکەتانم تەواو کردو بەبێ کەمو کورتی، چاکەو نیعمەتی خۆم بۆ ئێوە کرد، بۆ ئێوە بەدینی ئیسلام رازی بووم.. هتد. ئەمەش نیشانەو بەڵگەیەکی زیندوو بێ پێچ و پەنایە بۆ تەواوکردنی ئایینی ئیسلام، بۆیە پێویستی بەکەس نەبوو تا بێت ئایینەکە تەواو بکات و درێژە پێدەری پێغەمبەر بێ، چونکە ئایینەکە وەک خوا خۆی فەرموویەتی کامڵ و تەواوە، واته ئەو (٢٣) ساڵەی کە قورئانی لێ دابەزی کە هاوکات تەمەنی پێغەمبەرایەتی محەمەدە، حوکمەکە حوکمێکی خودایی بوو، نەک حوکمی مرۆڤ ، چونکه بەردەوام خوای گەورە لە هەر کارەسات و بەسەرهاتێکدا وەحی بۆ هێناوەتە خوارو ئاگاداری کردۆتەوەو رێنمایی کردووە، باشترین نموونەش بۆ ئەو قسەیەم ئەوەبوو هەرکاتێک دوژمنانی ئیسلام هەوڵیاندابێ پێغەمبەر دەستخەڕۆ بکەن و بەلارێیەکی دابەن خێرا ئایەتێکی بۆ هاتۆتە خوارەوەو نەیهێشتووە فریوی بدەن، ئەم ئایەتەی خوارەوە راست و دروستی قسەکانمان دەپێکێ (وان کادوا لیفتنونک عن الذی اوحینا الیک لتفتری علینا غیره واذا لاتخذوک خلیلا. ولو لا ان ثبتناک لقد کدت ترکن الیهم شیئا قلیلا. اذا لاذقناک ضعف الحیاه وضعف الممات ثم لاتجدولک علینا نصیرا، (ئیسراء ئایەی ٧٣,٧٤,٧٥) هەروەها بڕوانە ئایەتی ٧٦,٧٧,٧٨,٧٩,٨٠,٨١ لە هەمان سورەدا).

### *ئیسلامی سیاسی*

بادەروازەی ناو ئیسلامی سیاسی بەوە دەستپێبکەین کە ئیسلامی سیاسی لە ئایینی ئیسلامدا کەی و چۆن واته لەبەرچی سەری هەڵداوە؟ ئایا پێغەمبەر محەمەد (د.خ) پەیڕەوی ئیسلامی سیاسی کردووە؟ ئەگەر محەمەد پەیڕەوی نەکردووە ئەی چ بنەمایەکی زانستیانە هەیە کە رێگەی دابێ ئیسلامی سیاسی بهێنێتە دی؟ باشە بۆچی پێغەمبەر هیچ گرنگییەکی بە ئیسلامی سیاسی نەداوە؟ بەتایبەتی مادامەکی (وەک هەندێک گرووپی ئیسلامی سیاسی وا دەڵێن) کەسوودی بۆ ئایینی ئیسلام و موسڵمانان





هەیە ؟! باشە ئیسلامی سیاسی چ پێویست دەکات لەناو کۆمەڵگایەکی تەواو موسڵمان دا خۆی قوت بکاتەوە و باس لە جیهاد کردن بکات. جیهادیش لەناو کوێ لەناو برای موسڵمانانداا؟

لە راستیدا ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکە لە هزری خەڵکێکی زۆر دەخولێنەوەو بێگومان پێویستیشیان بە وەڵامی راست و دروستی بابەتیانە هەیە دوور لە دەمارگرژی و چاو پۆشی کردن، چونکە زۆر بەداخەوە تا ئەمڕۆش زۆر بەترس و نیگەرانی و زۆر بە حەزەرەوە ئێمە باسی ئەو کێشەیە دەکەین، لە کاتێکدا (١٤٠٠) ساڵ زیاترە ئەو ئایینە هەیە و (٢٣) ساڵی یەکەمی لێ دەربچێ کە سەردەمی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) یە. ئیتر دوای وەفاتی محەمەد راستەوخۆ ئیسلامی سیاسی بە سیاسەت کراوەو (١٤٠٠) ساڵە گرفت لە دوای گرفت، کارەسات لە دوای کارەساتمان بەسەر دەهێنێ، تا رۆژی یەکی شوبات کە دەکرێ بڵێین دوا کارەسات بوو. ناشزانین چ جۆرە کارەساتێکی دیکەمان بەسەردا دێت بۆیە هەوڵدەدەم بە بەڵگەی دروست و بەرێگایەکی رۆشن و رووناکەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەمەوە، کە پێم وایە تا رادەیەک سوودی خۆی دەبێت، خۆ ئەگەر ئەم وتارەشم بووە مایەی وەڵام و گفتوگۆی کەسانی دیکە، پێم وایە ئەوە هەر زۆر باشتر دەبێ، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەکمان بتوانین رووی راستی مەسەلەکان باشتر نیشانبدەین.

با لەوە دەست پێبکەین ئایا (محەمەد) ئایینی بۆ مەبەستێکی سیاسی بەکارهێنابوو؟ لە راستیدا باسی ئەوەمان کرد کە پێغەمبەر رۆژێ لە رۆژان رازی نەبووە بەسەرکردە ، یا سەرۆک، یا زەعیم ناو بهێنرێ، بەڵکو تەنها بە پێغەمبەر پەیامبەر) ناوی بردراوەو لە قورئانیشدا تەنها بە پەیامبەر و مژدەبەخش و رێنیشاندەر ناوی هاتووە، هەر لە بەرئەوەیش بووە بە درێژایی مێژووی پێغەمبەرایەتی محەمەد کە (٢٣) ساڵی خایاندووە، یەک موسڵمان برای موسڵمانی خۆی نەکوشتووە، چونکە ئایینی ئیسلام لە قورئاندا رێگەی بەم جۆرە کارو کردەوانە نەداوە (وما کان لمؤمن ان یقتل مؤم [illegible]نا ـ النساء ـ ٩٢) لە راستیدا ئامانجی پێغەمبەر تەنها بە موسڵمانکردنی زۆرترینی

خەڵک بووە، بێ ئەوەی مەبەستێکی سیاسی لەگەڵدا بووبێ (انتم اعلم بشؤون دنیاکم) باشترین نموونەیە کە پێغەمبەر هێندە بەکاری بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەوە خۆی خەریک نەکردووە، لە قورئانی پیرۆزیشدا لەشەش هەزار (٦٠٠٠) ئایەت، تەنها نزیکەی کەمتر لە (٢٠٠) دووسەد ئایەت دەربارەی باری کەسایەتی (الاحوال الشخصیە) هەیە، ئەوەندەش لەبەر ئەوە بووە چونکە لەو کاتدا دەوڵەتێک نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دونیایی خەڵک، واتە عەرەب هێشتا هیچ جۆرە دەوڵەتێکیان نەبوو، ئیتر خەڵک ناچار دەبوو رووی دەمی پرسیاریان لە پێغەمبەر دەکرد، بەڵام پێغەمبەر زۆر حەزی بەو پرسیارانە نەدەهات و نەیدەویست هێندە تێکەڵ بە دنیا بێت هەر لەبەر ئەوەش بوو کە وتی ئێوە خۆتان لە کاروباری دونیایی خۆتان باشتر دەزانن.

خاڵێکی دیکەی گرنگیش هەیە، ئەویش ئەوەیە، چونکە خوای گەورە لە رێگای پێغەمبەرەوە پەیامەکەی خۆی بەتەواوی گەیاندبوو هیچ کەمو کورتیە کیشی تێدا نەبوو، ئیتر پێغەمبەر لە کاتی نەخۆشکەوتنەکەشیدا کە خۆی باش دەیزانی نەخۆشی مردنەو وادەی تەواو بووە (الیوم اکملت لکم دینکم..) بەڵگەیەکی زۆر زیندووی قسەکەمانە، کەچی دەبینین هیچ کەسێکی دەستنیشان نەکرد تا جێگەی بگرێتەوە، واتە بیکات بە خەلیفەی خۆی لەدوای خۆی. ئەمەش بەلای پێغەمبەرەوە هەر ئەوە دەگەیەنێت کە دانانی خەلیفەو جێگرتنەوەی پێویست نەبووە، چونکە ئایینەکە کە ماوەکەی (٢٣) ساڵ بوو بەڕاست و دروستی گەیاندبووی و بڵاوی کردبووەوە، بۆیە پێغەمبەر نەیویست ئایینەکە لە رووە راستەقینەکەی خۆی لابچێ و ئیتر ئایینی ئیسلام بەرەو ئاقارێکی دیکە بڕوات کە دوورە لەو ئایینەی خۆی (٢٣) ساڵ بوو بانگێشتەی بۆ دەکردو بە ناو خەڵکی دا بڵاوی دەکردەوە، بۆیە هیچ کەسێک لەو یاوەرو سەحابە ئیجکار نزیکانەی خۆیشی بۆ خەلیفایەتی دەستنیشان نەکرد، هەرواش دەرچوو هەر لەگەڵ وەفاتی پێغەمبەر یەکەمین کێشەو گرفت و جیاوازی لە نێوان خودی موسڵماناندا سەری هەڵدابێ، ئەوەبووە کە کێ جێگەی پێغەمبەر دەگرێتەوە؟ بۆ ئەوەش





کۆمەڵێک وەڵامی پێکناکۆک و لەیەکدی جودا هەبوون، بەتایبەتی لە نێوان موهاجیرینەکان و ئەنسارەکان لەلایەک و هەروەها لە نێوان خودی ئەبو بەکرو عەلی کوڕی ئەبو تالیب (کە نێوان موهاجیرەکان و بەنی هاشمیەکان دەگرێتەوە) لەلایەکی دیکەوە روویداو،) کە هەر یەکێک لەو سێ بنەمایە (ئەبو بەکر) و (سەعد کوڕی عوبادە) و (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) خۆیان بە موستەحەق و بەشایستە دەزانی بۆ خەلیفایەتیس، بەلام بۆ مێژوو دەبێت ئەو راستیە بزانرێت دوو خاڵی گرنگ لەو گفتوگۆیە گەرمەدا بوونە سەنگی مەحەک و کێشەکەی بەرەو ئاقارێکی سیاسی دا برد، ئەویش یەکەمیان تەرازووی هێزبوو، دووەمیشیان موهاجیرەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە جگە لە خێڵی قورەیش هیچ کەس و خێڵی دیکە بۆی نییە ببێتە جێنشینی (خەلیفەی) پێغەمبەر، ئەم قسەیە بوو بە دەستوورێک و بوو بە بناغەیەکی زۆر زۆر پتەو و قایم بەشێوەیەک هەر چوار خەلیفە راشدینەکان و تەواوی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی کە حوکمڕانیکردنیان بۆ ماوەی (٩٠٨) نۆسەدو هەشت ساڵ بوو هەر هەموویان لە خێڵی قورەیش بوون، ئەمە لە کاتێکدا حوکمی ئیسلامی کە حوکمێکی خودایی بوو تەنها (٢٣) ساڵی خایاند کە لە چارەگە سەدەیەکیش کەمترە. بەڵام قەبیلەی قورەیش درێژ ترین حوکمڕانیان کردووە نەک هەر لە مێژووی عەرەبی دا، بگرە لەسەرجە مێژووی مرۆڤایەتیشدا کە (٩٠٨) ساڵی خایاندووە. ئەمەش راستەوخۆ لە لە دوای وەفاتی پێغەمبەرەوە ١٠ی کۆچی دەگرێتەوە کە لە ئەبوبەکری سدیقەوە دەست پێدەکات تا رووخانی خەلیفەی عەباسی لە (٩١٨ی کۆچی) کە بەرووخانی دەوڵەتی مەمالیکەکان بەدەستی عوسمانییەکان بە کۆتاهات.

دیارە دانانی ئەبوبەکری سدیق یش بۆ جێنشینی پێغەمبەر لە بنەڕەتدا نەبە هەڵبژاردن بوو، نەبەرێگای شورا بوو، بەڵکو عومەری کوری خەتاب دەستنیشانی کردو ئیتر وەک باسمان کرد تەرازووی هێز ئەم کێشەیەی یەکلاکردەوە، بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ خزمانی پێغەمبەر لە بنەماڵەی (بەنی هاشم) لەسەرووی هەموویانەوە عەلی کوڕی ئەبو تالیب و، هەروەها بۆ ئەنسارەکان لە سەرووی هەموویانەوە سەعد کوڕی عوبادەو خەڵکێکی

زۆری دیکەش بکەن، نەک هەر هیچ حسێبێکیان بۆ ئەوانە نەکرد بەڵکو لە ژێر گەف و هەڕەشەو گوڕەشەدا ئەبو بەکر خۆی سەپاند!! دەنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب خۆی پێ لە هەموو کەس موستەهەقتر بوو، چونکە لەلایەک ئامۆزای پێغەمبەر بوو، لەلایەکی دیکەشەوە لە یەکەمین کەسەکان بووە کە هاتۆتە ریزی ئیسلام واتە ئەو سێ (٣)ساڵەی کە پێغەمبەر بە نهێنی بانگهێشتەی موسڵمان بوونی خەڵکی دەکرد. بێجگە لە خێزانی، عەلی یەکەمین کەسە کە بۆتە موسڵمان، بەشێوەیەکی روونتر دەڵێین، پێغەمبەر یەکەم کەس بووە کە بۆتە موسڵمان، خەدیجە دووەم کەس بووە، عەلی سێیەمینیانەو زەیدی کوڕی حارس چوارەم کەسەو دۆستی گیانی بە گیانی پێغەمبەر ئەبوبەکر پێجەمین کەس بووە کە بۆتە موسڵمان.

دیارە دانانی عومەری کوڕی خەتابیش بە هەمان شێوە لەسەر راسپاردەی ئەبوبەکر بوو، دانانی عوسمانیش لە دەستنیشانکردنین شەش (٦) کەسەکە بوو، ئیمامی عەلی یش بەزەبری شمشێر دەسەڵاتی وەرگرت.

تۆ سەیرکە ئەو چوار خەلیفەیەی راشدین هەریەک بەشێوازێک و هەریەک بە جۆرێک خەلیفایەتیان وەرگرتووە، کە هی هیچ یەکێکیان لە ئەوی دیکە ناچێ، لەوەش خراپتر بۆ چوون و تێڕوانین و تێفکرینی هەریەک لەو چوار خەلیفەیە سەبارەت بە لێکدانەوەکانی ئایینی ئیسلام بە جۆرێک بووە کە جیابووە لە ئەوی دیکە، ئەم نمونانەی خوارەوە بۆ گەیاندنی راستی قسەکانمان دەخەینە بەر چاوو هزری خوێنەران.

کاتێک ئەبوبەکر بوو بە خەلیفە و دەستەڵاتی بەدەستەوەگرت، سەرباری ئەوەی بەزەبری شمشێر بوو بە خەلیفە چ بەرامبەر بە عەلی چ بەرامبەر بە ئەنسارەکان کە هەموویان هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو سەعد کوڕی عوبادە بکەن بە سەرکردەو رابەری خۆیان واتە بە خەلیفە، کەچی دەبینین ئەبوبەکر شەڕی لە دژی چەند تیرەو خێڵی عەرەب راگەیاند و بەقسەی عومەری کوڕی خەتابی نەکرد، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ عومەر خۆشی کە بووبە خەلیفە سەبارەت بە مەسەلەی لەشکر کێشی بۆ سەر شام و شەڕی دژ بە رۆم بەقسەی (عەلی و تەلحە) ی نەکرد، عوسمان کوڕی عەفانیش بە هەمان شێوە ئامادە نەبوو مل





بۆ خواستی زۆربەی موسڵمانەکان کەچ بکات و دەسەڵاتی رەهای لە کەس و کار و خزمەکانی خۆی کەم بکردایەتەوەو رێگەی پێ نەدابان ئەو هەموو سامانە زۆرە بەناوی موسڵمانێتیەوە کۆبکەنەوە، دیارە عەلی کوڕی ئەبو تالیب یش گوێی بە راو بۆ چوونی دۆست و هاوڵانی خۆی نەدا و ئامادە نەبوو شەڕ کردنی لەگەڵ موعاویە دوابخات ئەمانە هەموو لەلایەک لەلایەکی دیکەشەوە، بێگومان ئەو خەڵکەی کە لەسەردەمی پێغەمبەردا بوونە موسڵمان زەکاتیان بەسەردا فەرزکرابوو، هەموو موسڵمانانیش گوێڕایەلی ئەم فەرزە بوون، بەڵام کاتێک پێغەمبەر وەفاتی کردو ئەبوبەکر کرا بە بەجێنشینی، بەشێکی زۆری قایل نەبوون بیدەن، ئیتر ئەبوبەکر لەگەڵ ئەوەدا بوو کە شەڕ لە بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەدا بکات کە قایل نین زەکاتەکە دەدن، چونکە لە روانگەی ئەبوبەکرەوە ئەمانەو هەڵگەڕاوەن، بەڵام عومەری کوڕی خەتاب دژی ئەم بۆ چوونەی ئەبوبەکر بوو، بە هیچ شێوەیەکی لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە بەهێزی شەڕ مەسەلەکە یەکلابکاتەوە، عومەر دەیوت چۆن لە گەڵیان بجەنگین لە کاتێکدا پێغەمبەری خودا فەرموویەتی (فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکدا هەر ئەوەندە بجەنگم تا دەڵێت لااله الا الله کە ئەوەشیان گوت ئیتر خوێن و سەروماڵیان لە من پارێزراوو حەرام دەبێت).

بەڵام ئەبوبەکر هەر سوور بوو لەسەر بۆچوونەکەی خۆی و وتی (سوێندم بە خودا ئەگەر عەگالێک کە پێشتر بە پێغەمبەری خودایان دابێ و ئێستا نەیدەن، ئەوا شەڕیان لەگەڵدا دەکەم).

هەر وایشی کرد، عومەریش بەناچاری هاتە بن باری ئەبوبەکر، یان روونتر بڵێم خۆی لێ بێدەنگ کرد، دەنا بڕوای نەگۆڕبوو، چونکە بەدرێژایی خەلیفایەتی ئەبوبەکر وایدەبینی کە هەڵوێستی ئەبوبەکری سدیق راست نەبووە، بەڵکو » هەڵوێستی راست ئەوەبوو کە خۆی (واتە عومەر) مەزەندەی بۆی چووە سەبارەت بەوانەی زەکاتیان نەداوە، پێویست ناکات شەڕیان لەگەڵدا بکرێ، بۆیە هەر یەکسەر لەگەڵ وەرگرتنی جێنشینی لە دوای وەفاتی ئەبوبەکر، ئیتر عومەر یەکسەر دەستپێشخەری کرد لە دڵدانەوەی ئەوانەی زەکاتیان نەدابوو لەگەڵ بەردەوامبوون لە موسڵمان بوونیاندا، بۆیە عومەر

بڕیاری دا تالآن و سامانەکانیان بگەڕێننەوە و بەندییەکانیان ئازاد بکات و دیل و گیراوەکانیان بەربدات.

لێرەوە دەگەینە ئەو خاڵە کە ئایینی ئیسلام لە دوای پێغەمبەرەوە، بەرەو تێکەڵبوون بەکاری دونیایی ڕۆچووە، دانانی ئەو خەلیفەیەش نەبە فەرمانی پێغەمبەر بووە و نەبە فەرمایشتی خودای گەورە بووە، هەر ئەوەیشە وایکردووە، دەبینین نە وادەیەک (فترە زمنیە) بۆ خەلیفایەتی دیاریکراوەو نەجۆرو شێوازێک بۆ دانان یان هەڵبژاردنی خەلیفایەتی کراوە، نەهیچ کام لەو خەلیفەناش تەنها بەکاری ئایینییەوە خەریک بوونە، بەڵکو زیاتر سەرقاڵی کاروباری دونیایی بوونە، جا لە بەر ئەوەی لە قورئاندا بەتێرو تەسەلی و بەروونی باسی پرسەکانی تەشریعی نەکراوە، واتە هەمو شتێک لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئیسلامەو لە قورئانیشدا دەقێکی ئەوتۆ شک نابەی کە خودا لە قورئاندا یا پێغەمبەر لە (حدیث)دا و لەسەرزاری پێغەمبەردا باسی لە جۆرێک لە حوکمێکی دیاریکراو کردبێ.

ئیتر بەگشتی سیستەمێکی حوکمڕانی نییە کە ئیسلام یاسای دارشتبێت، بەڵکو وەک ئاماژەم بۆی کرد ئەو سیستەمە حوکمڕانیە لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە هاتە ئاراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی توانای بەڕێوەبردنی ئەو سیستەمە حوکمڕانییەوە بەناوی ئایینەوە لە بارنەبوو لە تواناد نەبوو، ئیتر بۆشاییەکی گەورە لە دەستووردا روویدا، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت چونکە نە لە قورئان و نە لە سوننەتی پێغەمبەردا دەقێکی تەشریعی نەبوو کەمەسەلەی فەرمانڕەوایی ڕێکبخات، کاتێک پێغەمبەریش کۆچی دوایی کرد، هیچ جێنشینێکی لە دوای خۆی دیاری نەکرد.

بەم شێوە لەو ڕۆژەوەی ئایین تێکەڵ بە کاروباری دونیاو سیاسەت کراوە، کە راستەوخۆ لە دوای وەفاتی پێغەمبەرەوە بووە، ئیتر پرۆژەی گەورەی ئیسلامێتی لە قورئاندا بەرەو ئاقاری پرۆژەیەکی تیرە گەری و هۆزە گەرێتی (الطائفی والقبلی) ملی نا، وەک بینیمان چۆن جیاوازی گەورە کەوتە نێوان هۆز و تیرە موسڵمانەکان، بۆ نموونە ناکۆکی نێوان بەنی هاشم و بەنی ئومیە لەسەردانانی خەلیفایەتی، تا کار گەیشتە ئەوەی شەڕی (فیتنەی





گەورە) دروست ببێ، بەلام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە شەڕی (صفین) هەڵگیرسا، شەڕێکی سیاسی بوو نەک ئایینی، چونکە شەرەکە تەنها لە نێوان برا موسڵمانەکان خۆیان بوون، نەک لە نێوان موسڵمانان و کافرەکان، ئەمەش زەنگێکی پڕ مەترسی بوو بۆ ئاییندەی موسڵمانان کە ئەگەر ئایین تێکەڵ بە سیاسەت بکرێ، ئەوا موسڵمان خوێنی برای موسڵمان حەڵاڵ و نۆش دەکات و فیتنەی گەورە دروست دەبێت و زیان و زەرەری زۆر بەرموسڵمانان دەکەوێت، لە کاتێکدا لەسەردەمی پێغەمبەرایەتی محەمەد دا چونکە هەوڵەکان تەنها بۆ بڵاوکردنەوەی و مژدە بەخشین و ڕێگا نیشاندان بوو یەک موسڵمان برای موسڵمانی نەکوشتووە.

ئەمەیان خاڵێکی زۆر گرنگ وجەوهەریە، دەبێ هەموو موسڵمانان بەحیزبە سیاسیە ئیسلامیەکانیشەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێ موسڵمان برای موسڵمان بکوژێ.

کاتێک زیاتر بەناو ئەو خاڵەی سەرەودا قوڵ دەبینەوە، دەبینین لەسایەی بەسیاسەتکردنی ئایین نەک هەر موسڵمان برای موسڵمانی خۆی کوشتووە، بەڵکو بەناو سەرکردەی موسڵمانان واتە خەلیفە، بەتایبەت خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی هێندە بەناخی سیاسەتدا قووڵ بوونەتەوە بەشێوەیەک ئایینەکەیان تەواو بە قورئانی سیاسەتەکەیان کردووە، وا لە خوارەوە هەوڵدەدەم بە چەند سەرەدێرێک ئەمە روون بکەمەوە.

* لە سەردەمی پێغەمبەردا کە ٢٣ساڵی خایاند، یەک موسڵمان برای موسڵمانی خۆی نەکوشتووە، کەچی یەکەمین موسڵمان کە بەدەستی برای موسڵمان کوژرابێ، ئەوا (مالی کوڕی نوەیرە)یە کە لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق و بە فەرمانی ئەبو بەکر، خالیدی کوڕی وەلید کوشتوویەتی، هەموو گوناهەکەی مالیک کوڕی نویرەش ئەوەندە بووە گوتی من زەکاتم دەدا بە پێغەمبەر، بەلام نایدەم بە ئەبوبەکر، هەرچەندە بڕواشم تەواو بە خودا هەیە و پێغەمبەریش محەمەد خۆشەویست و نێردراوی خوایە بۆ موسڵمانان. عومەری کوڕی خەتتاب بە کوشتنی ئەم موسڵمانە زۆر دڵگران بوو، داوای دەستگیرکردن و سزادانی خالیدی کوڕی وەلیدی کرد

بەڵام چونکە ئەبو بەکر پشتگیری لە خالید دەکرد، هیچ سوودی نەبوو!!.

* محەممەد کوڕی ئەبوبەکری سدیق سەرکردایەتی ئەو سووپایەی کرد کە گەمارۆی لەماڵی عوسمانی کوڕی عەفان سێیەم خەلیفەی راشدینیان داو زیکەی (٤٠) چل رۆژ گەمارۆکە بەردەوام بوو، تا ئەنجام خەلیفەی عوسمانیان کوشت و کەواتە خەلیفە عوسمان بەدەستی موسڵمانانەوە کوژرا یا باروونتر بڵێم بەدەستی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری سدیقی یەکەمین خەلیفەی پێغەمبەر بوو کوژرا، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەو موسڵمانانە واتە هاوەڵانی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری سدیق نەیانهێشت کەس و کاری عوسمان بچن عوسمان بشارنەوە واتە بینێژن، تەنانەت تەرمی عوسمانی کوڕی عەفان دووشەو لە مەیدانی شەڕمایەوەو نەیانهێشت کەس بینێژێ، تا شەوی سێیەم واتە بۆ شەوی سێیەم ئینجا ناشتیان، ئەویش چ ناشتنێک، رێگەیان نەدا لە گۆڕستانی موسڵمانان بینێژن!! بەڵکو ناچار بردیان لە گۆڕستانی جوولەکەکانیان ناشت!! باشە موسڵمان برای موسڵمان بەو دەردە دەبات؟! ئەگەر ئایینەکەی خۆیان بپارێزن و کاری سیاسەت نەکەن و ئایین بە قوربانی سیاسەتەکەیان نەکەن، ئەمە چ جۆرە ئایینداریییەکە؟

* هەموو شەڕی بەناوبانگی (جەمەل) مان بیستووە و دەیزانین لەوشەڕە گەورەیەدا عەلی کوڕی ئەبو تالیب و عەماری کوڕی یاسر و عەبدوڵڵاو هاوەڵانی (لایەنگرانی) عەلی لەلایەک (لەبەرەیەک) دابوون و هەروەها عائیشەی خێزانی پێغەمبەر و تەلحەو زوبێر و لایەنگرانیان لەلایەکی دیکەدا بوون و شەڕێکی سەختیان بەرامبەر بەیەک بەرپاکرد، بەڵام تا ئێستا نازانم عەلی کوڕی ئەبو تالیب لەسەر هەق بوو یا عائیشەی خێزانی پێغەمبەر و تەلحەو زوبێر، لە کاتێکدا تەلحەو زوبێر لەو دە (١٠) کەسەبوو کە مژدەی چوونە بەهەشتی پێدرابوو. کەواتە بێگومان شەڕەکەیان لەسەر ئایین نەبووە و ئایینی هەردوولاش کە لە (١٠) کەسەکەن کەواتە بێ خەوشە، بەڵام لێرە دەپرسین ئەی باشە ئەگەر لەو شەڕە خوێناویەدا عائیشە یا عەلی ، یا ئەوانی دی کە مژدەی چوونە بەهەشتیان پێدرابوو بکوژرابان، کامەیان دەبوو بە بکوژ (قاتل) و کامەشیان بە شەهید؟! باشە ئەگەر پەیڕەوی سیاسەتیان نەکردبایە





ئەو شەڕو کارەساتە یەک لە دوای یەکانە روویاندەدا؟! کەواتە تۆش هەر لەگەڵ مندا دەبیت کە لەوەتەی ئایین بە قوربانی سیاسەت کراوە، گەورەترین زیان بەر ئیسلام کەوتووە.

جێی خۆیەتی لێرەوە لە هەموو ئەو حیزبە ئیسلامی سیاسیانە دەپرسم، هەندێک لە سەحابەکانی پێغەمبەر، وەک ئەبوزەری غەفاری، عەماری کوڕی یاسر، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، بۆچی لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا ئازارو ئەشکەنجە دراون؟! تۆ بڵێی ئەم سێ موسڵمانەی سەرەوە لە ئایین لایاندابێ؟! ئەی ئەو هەموو جەزرەبەو زیندانییە لە بەرچی بوو، هەر لە بەر ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمانڕەوایەتی عوسمانی کوڕی عەفان و گوێڕایەڵی خزمانی عوسمان نەبوون کە تەواو دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو؟!

باشە ئەگەر ئەمە هەڵوێست و رووداوی نێوان کەسایەتییەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی یەکەمی ئایینی ئیسلامی بووبێت!! لەگەڵ مژدە هێنەرەکانی ئەو ئایینە... ئایا دەبێت هەڵوێستی ئەوانەی لە خوار ئەوانەوە بوون کە کەم هۆشیارترو کەم ئاگادار ترو.. و..و .. بوون دەبێ چۆن بێت.

* وابزانم کە باسی هەر چوار ئیمامەکە دەکرێ، ئیمامی ئەبو حەنیفە، مالیک، شافیعی و ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە، مرۆڤی موسڵمان هیچ گومانێکی نامینێ سەبارەت بە موسڵمانێتی ئەو چوار ئیمامە، کە مەزنن، بەڵام کاتێک سەربردەی هەریەک لەو ئیمامانە دەبیستین و دەخوێنینەوە سەرسام دەبین و تەزوو جەستەمان دادەگرێ و زۆر پرسیاری جۆراوجۆری پڕ لە سەرسوڕمان لە ناخماندا لە هزرماندا سەرهەڵدەدەن و وەڵامەکانیش بەشەرمەوە دێنە قسە.

* ئەبو حەنیفە (٨٠ ـ ١٥٠ک) واتە (٥٢) ساڵ لەسەردەمی ئەمەوییەکان و (١٨) ساڵ لەسەردەمی عەباسییەکاندا ژیاوە، لە رەچەڵەکدا فارسەو باپیری خەڵکی کابول بووە، خۆی لە کوفە لە دایکبووەو زۆر سەرقاڵی کاری ئایینی بووە، تا بووەتە دامەزرێنەری مەزهەبی حەنەفی، خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنسور، ئەبو حەنیفەی خستە زیندانەوەو بە قامچی هەێندەی لێدەدەن تا برین لە جەستەی دەپەڕێتەوە بۆ کەللەسەری، ئیتر

خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسور داوای لێدەکات کە ئەگەر بێت و ببێتە دادوەر (قاضی) بۆ خزمەتی سوڵتانی ئەوا لەبەرامبەر ئەوە لە زیندان ئازادی دەکات، بەڵام ئەبو حەنیفە ئەم داوایەی خەلیفەی بەتوندی رەت دەکاتەوەو دەڵێت چۆن خۆم تووشی ئەو رۆژە رەشە دەکەم.. بۆیە ئەبو جەعفەری مەنسور جارێکی دیکە لە زیندانی پڕ لە ئازارو تاری دەپەستێتەوەو تا کاتێک لە زیندان هێنایانە دەر لە دوا ساتەکانی ژیاندا بوو، سەرباری لێدان و کوتانەکەیشی هەندێک ژەهریان بۆی تێکەڵ بە خواردن کردبوو تا وردە وردە هۆشی نەمینێ و نەتوانێ بەسەرهاتی زیندانی خۆی بۆ کەس بگێرێتەوە، هەر ئەم ژەهرە و ئازاردانەش بوو کە کۆتایی بە ژیانی هێنا.

* ئیمامی شافیعی (١٥٠ ـ ٢٠٤ک) لەنەوەی پێغەمبەرە، واتە ناوی ئەبو عەبدوڵڵا محەمەد کوڕی ئیدریس کوڕی عەباسی کوڕی عوسمانی شافیع سافیعیە لە کوڕی موتەلیب کوڕی عەبدولمەناف بووە، لە غەزە لەدایکبووە، وە نەبێ غەزەنیشتمانی باوکی بووبێ، بەڵکو هەر ئەوەندەیە باوکی پێشتر بۆ غەزە کۆچی کردووە و لەوێ کۆچی دوایی کردووە، هەرچەندە شافیعی خۆی بە قوتابیەکی ئیمامی مالیک دادەنا، چونکە لە قوتابیانی قوتابخانەکەی ئیمامی مالیک بوو، بەڵام دواتر مەزهەبێکی سەربەخۆی بەناوی مەزهەبی شافیعی دامەزراند..

کەسێکی وەک (فتیان) زۆر دژایەتی شافیعی دەکرد، تەنانەت کا گەیشتە ئەوەی سەرو ریش و سمێڵی شافیعییان تاشی و سواری حوشتریان کردو شار بەدەریان کرد. تا لە بەردەمییەوە بانگکەرێک هاواری دەکرد «ئەمە لە ئاکامی سووکایەتی کردنە بە بنەماڵەی پێغەمبەری خودا» لایەنگرانی (فتیان) دەستیان بەلێدانی شافیعی کرد تا لەناو خەلتانی خوێن سووریان کردو بەبێ هۆشی کەوتە سەرزەوی تا مرد ئەم بەسەرهاتە پر کارەساتە لەسەردەمی خەلیفە مەئموون بوو!! دیارە بەسەرهاتی دوو ئیمامەکەی تریش کە ئیمامی مالیک و ئیمامی حەنبەلییە، هەمان ئازارو ئەشکەنجەیان پێکراوە کە هیچی لە ئیمامی حەنەفی و شافیعی کەمتر نییە کەواتە ئێستا هەر موسڵمانێک مافی ئەوەی هەیەو پێویستیشە بپرسێ، باشە ئەو چوار





ئیمامە حەنەفی و شافیعی حەنبەلی و مالیکی بۆچی بەو دەردە بردران؟! ئایا چ گوناهێکیان دەرهەق بە ئایینی ئیسلام کردبوو یاخود کەمو کورتیەک لە ئایینەکەیاندا هەبوو چاکیان نەکردبێتەوە؟! باشە خەلیفە مەنسوور و مەئمون موعتەسەم لەبەرچی ئازاری ئەو چوار ئیمامەیان دەدا.. تۆ بڵێی لەسەر ئایین بووبێ؟! ئەمەیان هیچ لۆجیک و پێوەرێک و هیچ عەقڵێک قبوڵی ئەوە ناکات کە جورئەت بە خۆی بدات و بڵێت لەسەر ئایین بووە، کەواتە مەسەلەکە تەنها سیاسەت بووە، کە ئاینیش بەسیاسەت دەکرێ، ئەوا راستەوخۆ ئایین رووە راستەقینەکەی خۆی ون دەکات، بەمەش رێبازی قورئان و رێبازی پێغەمبەر ون دەکرێن و دەشێوێنرێن و زیانی گەورەشیان بەردەکەوێ.

کەواتە تۆش لەگەڵ مندا دەبیت کە ئەگەر ئایین بەسیاسەت نەکرابوایە، ئەو هەموو شەڕو خوێن رشتن و بڵاوبوونەوەی پەتای توندو تیژی و تۆقاندنە (ارهاب) سەری هەڵنەدەدا، چونکە ئەو هەموو کوشتن و دوژمنکاری و خوێن رشتنەی نێوان موسڵمانان (بەتایبەتی خەلیفەو سەرکردەکان) نەلەسەر قورئان بووە نەلەسەر سوونەتەکانی پێغەمبەر بووە، بەڵکو تەنها لەسەر کارە دنیاییەکان و لەسەر کورسی دەستەڵات و بەرژەوەندییەکان بووە و هیچی دیکە.

دیارە باڵە ئیسلامیە سیاسیەکان لە کوردستاندا وەک خەڵکێکی زۆریش لە خەڵک وایدەبینن کە حزبی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا هەیە میانڕەو وەک خۆیان پروپاگەندەی بۆ دەکەن وەک یەکگرتووی ئیسلامی، هەشیانە توندڕەو وەک پشتیوانانی ئیسلام و .. هتد بێگومان کە باس لە یەکگرتووی ئیسلامی دەکرێت، تۆ راستەوخۆ ئیخوان موسلمینت دێتەوە یاد، چ ئیخوان موسلمینی میسر کە حەسەن بەنا سەرکردەو رابەری بوو، چ ئیخوان موسلمینی عێراق کە سەواف لە دامەزرێنەرو رابەرانی بوو لەم دواییەش شۆڤینیەکی وەک ئوسامە تکریتی عێراق رابەری بوو، کە تا سەر ئێسقانیان خیانەتیان لێ دەبارێ.

دیارە نامەوێ لێرە بەدرێژی بچمە سەر کارە توندو تیژو کارە نا

نیشتمانی و کارە کرێگرتەکانی ئیخوان موسلمین لە میسر و هەروەها لە عێراقیش، چونکە تەنها ئەمە هەڵگری کتێبێکی چەند بەرگییە (مجلدات)ە.

بەڵام مشتێک نموونەی خەرواریکەو زۆر بەکورتی دەڵێم وەرگرتنی کۆمەکی دارایی لە دەزگایەکی وەک کۆمپانیای کەناڵی سویسی ئینگلیزی بوو بۆ ئیخوان، هەروەها لە کاتێکدا بزاڤی نیشتمانی لە میسر هەنگاوی زۆر مەزنی دەناو چووبووە قۆناغێکی بەرزو پێشکەوتووەوە دژ بە بەریتانیا، کەچی ئیخوان نەک هەر لەگەڵ ئەو بزاڤە میللییە نەبوون بەڵکو رایانگەیاند کە بەشداری هیچ چالاکیەک ناکەن کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز بێت، بۆ دڵنیاکردنی بەریتانیاش لەم هەڵوێستەیان خۆپیشاندانێکی گەورەیان لەبەردەم کۆشکی ـ عابدین ـ سازکردو بێ شەرمانە ئاشکرایان کرد کە بەپێی دەستووری خوداو سوننەتی پێغەمبەر بەیعەت بە ـ فاروق ـ پاشای میسر دەدەن!!!

لەسەردەمی حکومەتی ئیسماعیل سدقی جەللادو خوێنڕێژیشدا ئیخوان زۆر داکۆکی گەرمی لە سیاسەتە چەوت و دژ بەهێزە دیموکراتخوازەکانی میسر دەکرد و تەنانەت داکۆکی لە پەیمانی (سیدقی- بیڤن) بەشێوەیەک دەکرد کە بە پەیمانی (حودەیبییە)یان ناوبرد!!! تەنانەت سدقی جەللادیشیان بە پەیامبەر ناو زەدکرد، لەوەش شەرمەزارتر رابەری ئیخوان لە سەرداوای سدقی خوێنرێژ سواری ئۆتۆمبێلە سەربەتاڵەکەی سەلیم زەکی پاشای یاریدەدەری حکومەت بوو بۆ هێمنکردنەوەی جەماوەری کلێپە سەندووی خۆپیشاندەر، بۆ راستی ئەم قسانە ئێستاش وێنەکانی لە رۆژنامەکانی ئەوکاتدا هەرماوە.

دیارە ئەگەر باسی یارمەتی و کۆمەکی دارایی ئینگلیز بکەین بۆ ئیخوان، ئەوا هێندە زۆرە هەر لە بن نایە، تەنها لقی المنە سورەی ئیخوان ساڵانە (١٥٠) هەزار جونەی وەرگرتووە، خودی حەسەن بەنا لەسەفارەتخانەی بەریتانیا تەنها لە ساڵی ١٩٤٠ چل هەزار دۆلار و ئۆتۆمبێلێکی زۆرباشی وەرگرتووەو ـ هتد.

بە کورتی ئیخوان لەگەڵ هەموو پادشاکانی میسر زۆر باش بوو فاروق





شا، سدقی، ماهر پاشا،... هتد کاری تیرۆری و تۆقاندنیشیان ئەنجامداوە، هەر بچووکترین نموونە (٩) نۆ جار هەوڵی تیرۆرکردنی جەمال عەبدولناسریان دا تیرۆرکردنی ئەنوەر ئەلساداتیش هەر ئەوان بوون، هەروەها تەقاندنەوەی میوانخانەی جۆرج پاشا لە ئیسماعیلیەو ئاگر تێبەردانی دەیان ماڵی جولەکە لە ساڵی ١٩٤٨ و چەند تەقینەوەی دی کەلێرە ماوەی باسکردنی هەموویان نییە.

بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە نابێ لە بیرمان بچێ لە میسر تا سەر بەخۆ بوونی لە ١٩٥٢/٧/٢٣ ئیخوان یارمەتیدەری رژێمە پاشایەکان بوو، کەچی کە سەربەخۆیی وەرگرت کەوتە سەنگەری دوژمنایەتی و پیلانگێڕان لە دژی حکومەتی کۆماری. جێگای گوتنە رۆشنفکرانی وەکو سەلامە موسا و عەبدولرەحمان بەدەوی و تەها حوسێن لەلایەن ئیخوانەوە ئیعلانی شەڕیان بۆ دەرچوو بوو.

ئیخوان لە عێراقیشدا هەتا رژێمی پادشایی هەبوو هیچ گرفتێکیان نەبوو، داکۆکیشیان لە رژێمی پادشایی لە عێراقدا دەکرد، بەڵام کە لە ١٩٥٨/٧/١٤ بوو بە کۆماری ئیتر بە پێشڕەوایەتی سەواف کەوتنە ناکۆکی و ئاژاوە نانەوە تاوای لێهات پەنای بردە بەر سوریاو عێراقی بەجێ هێشت و لە سوریاش نامەیەکی درێژی بۆ جەماڵ عەبدولناسر نووسی کە بەگەرمی داوای لێکردبوو دوژمنایەتی رژێمی کۆماری عێراق بکات ولێنەگەڕێ ئەو حکومەتە بەردەوام بێ!!! بەڵام ناسر هەرگوێشی پێ نەدا!!! دیارە کرێگرتەیی و سیخوڕی ئیخوان لە عێراقدا هەم بۆ رژێمی پاشایەتی بەغداو هەم بۆ ئیخوانی میسر زۆر زەق و بەرچاوە، دەستگیرکردنی مامۆستا (عەبدوڵڵا زێباری) و (حوسێن رەشوانی) نموونەی زۆر زەقی ئەو کارە سیخورییانەی ئیخوانن لە عێراقدا.

سەوافی سیخۆڕ و ئەلقە لە گوێی رژێمە یەک لە دوای یەکە پاشایەکانی عێراق، بێ شەرمانە دەیوت ( یاسین ئەلهاشمی) بسمارکی عەرەبەو سەرکردەی باڵی نەتەوەیی میانڕەوی عەرەبییە.

### ***یەکگرتووی ئیسلامی***

راستە یەکگرتووی ئیسلامی لە ٦ شوباتی ساڵی ١٩٩٤ دامەزرا، بەڵام یەکگرتوو هەر ئەو ئیخوان موسلمینە بوو کە پێشتر لە عێراق و کوردستاندا هەبوون بەتایبەتی هەر لە شەستەکانەوە تەواوی پارێزگاکانی کوردستانیان گرتبووەوە، ئەوانەیش کە دەچوونە ریزی ئیخوانەوە تارادەیەک خاوەن پایەیەکی ئایینی بوون یان لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەر بوون، بەڵام لە رووی دەسەڵاتی سیاسیەوە بێ بەش کرابوون، بۆیە دەیانویست سەرەڕای پێگە ئایینیەکەیان (کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیش بوو) هاوکات پێگەیەکی سیاسیشیان هەبێت وبەشداری لە حوکمڕانی وڵاتەکەیان بکەن.

بەڵام لە دوای راپەڕینەوە (دوای ١٩٩١) ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا وەک هێزێکی ئایینی لە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانەوە سەری هەڵنەدا، بەڵکو لە قوتابخانە و زانکۆکانەوە چاوگەیان گرتووەو رێچکەیان بەستووەو پاشان بەرەو مزگەوت گەڕانەوە.. ئەمەیان خاڵێکە هەڵوەستەیەکی باشی دەوێ.

یەکگرتووی ئیسلامی خۆی پڕوپاگەندە بۆ خۆی دەکات کە گوایە میانڕەوە، دەنا هیچ میانڕەوییەکی پێوەدیار نییە، چونکە ئەگەر لەرۆژگاری ئەمڕۆشماندا تیرۆری قەتڵ و عامکردنی بۆ نەچووبێتە سەر یا نەیکا، ئەوا بەردەوام تیرۆری فیکر دەکات هەڵبەت تیرۆری فیکریش لە هەموو جۆرە تیرۆرەکانی دی ترسناکترە، چونکە ئەنجامەکەی جیهانێکی پڕ لە کوێرەوەرییە.

یەکگرتووی ئیسلامی، زۆر باوەڕیان بە حەسەن تورابی و یوسف قەرزاوی هەیە، لەکاتێکدا تورابی زۆر بڕوای بەکاری ئینقلابی عەسکەری هەیە، بەهۆی کەناڵی جەزیرەشەوە بیرو بۆ چوونە گەندەڵەکەی قەرزاوی دەزانین کە چۆن هەوڵدەدا هەموو نەتەوەکان تەنها بۆ ئەوە موسڵمان بکات، بۆ ئەوەی لەژێر باڵادەستی ئوممەی عەرەبی و زمانەکەیدا بتوێنەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی لەسەردەمی بەعسدا لەناو ئیخوان دابوون، بەلام هیچ گرفت و کێشەیەکیان لەگەڵ رژێمی بەعسی نەبوو، تەنانەت کەسێکی





وەکو مەلا (عوسمان عەبدولعەزیز) کە ماوەیەک بەسەرکردەو رابەری خۆیان دەزانی، کەچی کە مەلا عوسمان دژی تەبعیس و تەهجیر و تەعریب بوو بڕیاری خەباتی چەکداری لە دژی بەعسدا، ئیتر ئیخوان زۆر پوختە لە رابەرایەتی لایانداو سەرکردایەتیەکی دیکەیان دانا، چونکە ئیخوانی عێراق و مەکتەبی ئیرشادی میسری رازی نەبوون ئیخوانی کوردستان دژی رژێمی بەغدا خەباتی چەکداری رابگەیەنن. ئیخوان لەبلاوکراوە جۆراو جۆرەکانیاندا زۆر بەبەژن و باڵای حەسەن بەناو سەید قوتب و ئەبو لئەعلا ئەلمەودودی... هتد هەڵدەدەن، لەکاتێکدا ئەوانە توندڕەو بوون نەک میانڕەو، کۆنە پەرست بوون نەک پێشڕەو.

یەکگرتووی ئیسلامی (١٠) دەساڵە بەرەسمی خۆی راگەیاندووە و بەرنامەی کاری سیاسی خۆی دەکات، کەچی تا ئێستا بە هەموو حیزبە ئیسلامیە سیاسیەکانی دیکەوە لە کوردستاندا هیچ پرۆژەیەکیان بۆ کورد پێ نەبووە، لە جیاتی ئەوەی ئەو هەموو حیزبە ئیسلامیە سیاسیە «یەکگرتوو لە سەرووی هەموویانەوە» پرۆژەی هاوسەردەمانەیان دەربارەی ژنهێنان، ئابووری، گرفتی هەمە جۆری لاوان، کۆچ، چاکسازی کۆمەڵایەتی، کێشەی ژن... هتد هەبێت، کەچی لەجیاتی ئەم چارەسەرییانە، زۆر هەوڵدەدەن لاوەکان ریش بەردەنەوە، کچەکان جوبە لە بەر بکەن و روویان داپۆشن و کەس نەیانبینێ!، لە قوتابخانەکاندا لە زانکۆکاندا کچ و کوڕ لەیەکدی دابڕن خوێندنگای کوڕان بەتەنیا هی کچان بەتەنیا بێ.

یەکگرتووی ئیسلامی کاتێک لە برەودابوو، وەک ئەم یەک دووساڵە لە دابەزین نەبوو، بڕیاریدا مۆسیقا حەلال بکات و جگەرە حەرام بکات، نووسراوی رەسمی لەلایەن خودی ئەمیندارەوە ئیسنادی کردبووە سەر راو فتواکانی یوسف قەرزاوی.

یەکگرتووی ئیسلامی کە هەمیشە باس لە پەیڕەوکردنی شورا دەکات، کەچی لە مێژووی دەسەڵاتی ئیسلامیدا شورا پەیڕەو نەکراوە، هەر بۆ نموونە ئەبو بەکری سدیق دژ بە ئیرادەی بنەماڵەی بەنی هاشم راوەستاو نەک هەرپرس و رای پێ نەکردن بەڵکو بەچاوی سووکردنەوەو هەڕەشەو گوڕەشە

بەیعەتی لە عەلی وەرگرت، خۆ لەگەڵ (ئەنسارەکان) خراپتر بوو، تەنانەت سەعدی کوڕی عوبادە تامردیش بەیعەتی پێ نەکرد. کە ئەبو بەکریش بوو بە خەلیفە و دەسەڵاتی وەرگرت شەڕی لە دژی چەند تیرەو خێڵێکی عەرەب کردو بە قسەی (عومەری کوڕی خەتاب) ی نەکرد، عومەریش سەبارەت بە هێرشەکەی بۆ سەرشام و شەڕی دژ بە رۆم بەقسەی (عەلی و تەلحە)ی نەکردو.. هتد ئەمە سەرباری ئەوەی نە قورئان و نەحدیث باسی ئەوەیان نەکردووە کە شورا بە چ شێوەیەک پەیڕەو بکرێ؟!

بوونی یەکگرتوی ئیسلامی هەرەشەیەکی راستەوخۆیە بۆ سەر کوردو کێشە نەتەوەییەکەی نمونەی حاشا هەڵنەگریشمان بۆ راستی ئەم قسەیەمان هەیە، ئەوەتا لە بلاوکراوەی ناوخۆی (.هوشیاری) کە تەنها کادیرانی یەکگرتوو دەیبینن نەک هەموو ئەندامان (وابزانم لە بەرپرسی کەرت زیاتر نایەتە خوارەوە) لە ژمارە (٨) ی نیسانی ١٩٩٦ یدا نووسیویەتی (یەکێکی تر لە هۆکارەکانی تەنگ پێهەڵچنین و گێچەڵ دروستکردنی هەردوو حیزبە زلهێزەکە بۆ یەکگرتوو رەنگە لەم کاتەدا، هۆی فشارەکە ئەوە بێت ئەگەری گۆڕان لە عێراقدا هەبێت و بترسن لەوەی کە ئێمە بوعدێکی عێراقیمان هەیە و زیاتر سوودی لێ دەبینین و دەبێتە خاڵێکی تری هێز بۆ ئێمە و ناوچەی هەڵسوڕان و چالاکیمان فراوان دەبێت). کەواتە جگە لەوەی ئەمرۆ بزاڤی ئیسلامی عەرەبی خۆی بە نوێنەری نەتەوەی بالا دەست دادەنێت، ئەوەتا رێکخراو و هێزە ئیسلامیە کوردییەکانیش خۆیان بەلابالی نەتەوە بالا دەستەکە دەزانن.

یەکگرتووی ئیسلامی لە رووە رووکەش و ئاشکراکەی خۆی بە میانڕەو دادەنێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەبێ هیچ تەنگانەیەک گەشە بکات و بەهێزبێت، بەلام لە بنەڕەتدا لەناخەوە یەکگرتوو هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ باڵە توندڕەوەکانی بزاڤی ئیسلامی سیاسی نییە، هەر بۆ نموونە حەسەن بەناو سید قوتب دوورابەری ئیسلامی سیاسین و کاری توندڕەوی تا دەگاتە تیرۆریشیان فەرمان پێداوە، بڕوانە هەمان ژمارەی هۆشیاری کە دەڵێت (لەبیرمان نەچێت یەکگرتوو دەنگدانەوەی زەنگی کاروانی شەهیدانی سەربەرز بەنناو سەیید و





ناسری سوبحانییە ل١٤) کەچی یەکگرتوو هەربەشەرمەوەش بێزی نایە باسی سەرکردەی ئیسلامی سیاسی میانڕەوی وەکو جەمال لەدینی ئەفغانی و کەواکبی و عەبدە بکات. هەر بۆ زیاتر نیشاندانی ئەو راستیانەی کە یەکگرتوو خەڵک بۆ کاری جیهادو تیرۆری هاندەدات، با لەم چەند نموونانەی خوارەوە وردبینەوە بلاوکراوەی هوشیاری ژ ١١ پایزی ١٩٩٧ نووسیویەتی (داوامان لە تەواوی ئەندامان و لایەنگرانی یەکگرتوومانە کەرەچاوی ئەمە بکەن، ئەوەی کە لەم پێناوەدا ژیان بەخودای خۆی دەبەخشێ و پلەی شەهادەت بەنسیبی دەبێت، ئەوا خوای میهرەبان خۆی هەڵی بژاردووە و بۆ لای خۆی پێی خۆشە بیباتەوە) هەروەها لە ژ١٠ی هاوینی ١٩٩٧ لە زمانی مەلا سەلاح هەورامی رابەریانەوە نووسراوە (ئێمە نەهاتووین سەلامەت بین، هاتووین باوەڕمان سەلامەت بێت، (٢٥)، ئێستا تۆش لەگەڵ مندا دەڵێیت هەموو ئەم نموونانەی یەکگرتوو بلاوی کردۆتەوە بۆ کادیرانی خۆی، هانیان دەدات خۆیان بەخت بکەن بۆ باوەڕی سیاسیان، واتە ئاژاوە بنێنەوە، ئارامی لە باربەرن، گیانی هاوکاری تێکبدەن، ئایینی ئیسلام کە لێبوردەییە، ئەوان شمشێر بەکار دەهێنن..هتد.

یەکگرتووی ئیسلامی لە ماوەی ئەو چەندین ساڵەی خۆی راگەیاندووە کە (١٠) ساڵی رەبەقە، پێشتریش بەناوی ئیخوانەوە یارمەتی و کۆمەکیەکی لە ژمار نەهاتووی وەرگرتووە، گوایا بۆ خەڵکی داماوە!!! هەر بۆ نموونە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٤ تەنها دەزگای (اغاثە) (١,٧٧٥٤٨٠) دیناری بەناوی مەنکوبینەوە (داماو، کۆست کەوتوو) خەرج کردووە، ئەمەش تەنها بۆ ئەندام و لایەنگرانی خۆی بووە، هەروەها لەوماوەیەدا هاوکات (٦٢ر٧٥٧٠٠٠) دیناری بە ناوی دابەشکردنی خواردەمەنی خەرج کردووە، کە بڕواناکەم لەغەیری حیزبەکەی خۆیان یەک هەژارو نەدار کەوچکە چایەک خواردنی بەر کەوتبێ..

یەکگرتووی ئیسلامی سەرەتا لەسەر حسابی بزووتنەوەی ئیسلامی و دواتریش لەسەر حسابی شەڕی ناوخۆ خۆی قەڵەو کرد، چونکە کە خۆی راگەیاند لە ١٩٩٤/٢/٦ تازە شەڕی بزووتنەوەو یەکێتی بەکۆتا هاتبوو،

بەڵام بزووتنەوە لەوپەڕی پەرتەوازەیی دابوو، هەر سێ(٣) مانگیشی خایاند بەداخەوە شەڕی ناوخۆ داگیرسا، ئیتر یەکگرتوو ئەو هەڵە زێرینەی بۆ خۆی قۆستەوە!!! بەڵام لەوەتەی کوردستان ئارامە، دەبینین یەکگرتوو لە داکشان و لەلاوازبووندایە.

لە کۆتاییدا خاڵێکی گرنگ هەیە بە پێویستی دەزانم سەرکردایەتی کوردی لێی بکۆڵێتەوەو ئیجرائاتی یاسایی بۆ دەربکات ئەویش ئەوەیە، ترسی راستەوخۆی ئیسلامی سیاسی لەو کاتەوە زرنگایەوە کە (جەمال عیرفان) یان لە سلێمانی تیرۆر کردو لە هەشتاکانیش لەسەر نامیلکەیەک (عەبدولخالیق مەعروف) تیرۆرکرا، ئیتر تیرۆر لە دوای تیرۆر سووتانی کتێبخانە (وەک کتێبخانەی هەنگاو) و تەقاندنەوەی ئارایشگاو .. پەرەی سەند تا کارگەیشتە ئەوەی فرەنسۆ هەریری شەهید بکەن و مەرگە ساتی خێلی حەمە دروست بکەن و دواجاریش کارەساتی (یەک)ی شوبات یان کرد. بەداخەوە تا ئەمڕۆش دوای ئەو هەموو کارەساتە بەرنامەیەکی روون و زانیستیانەمان نییە بەرامبەریان، بۆیە دەبینین خەڵک بەرەو نائومێدبوون دەڕوا، بەشێوەیەک تێکەڵییەکی هێندە ئاڵۆزیان بۆ خۆیان و ئایین کردووە، وای لێهاتووە تەنانەت رۆشنبیرانیش نەتوانن بە راشکاوی گفتوگۆیەکی سەردەمانە لەم بارەیەوە بکات، بۆیە پێویستە تا زووە ماهیەتی یەکگرتووی ئیسلامی لەلایەن رۆشنفکرانەوە ئاشکرا بکرێت و چەندین تۆژینەوەی زانستیانەی دەرهەق بکرێ، ئینجا دەسەڵاتی کوردیش بەشێوەیەکی نوێ بڕوانێتە ئەو حیزبە ئیسلامیانە، کە بۆچی ناوی ئیسلامیان لە خۆ ناوە؟ بۆچی باسی جیهاد دەکەن، جیهاد بەلای ئەو حیزبە بەناو ئیسلامیانە واتای چییە؟ ئاخرحزبێکی وەکو حزبوڵلای لوبنانی خەڵکی فەلە (مسیح)ی تێدا بووە، ئەی ئیسلامییەتەکەیان یانی چی؟ لەراستیدا ئەمڕۆ نەگەلی کورد و کوردستان پێویستیان بەو جۆرە حیزبانەیە، نە رۆژی ئەوەش ماوە ئەوانە ئیسلامێتی لەناو کۆمەڵگایەکی موسڵماندا پاوان بکەن، کە ئەمە مەترسی و زیانی بۆ سەر ئایینەکەش هەیە، بۆیە ئێستا وەکو هەنگاوی یەکەم پێویستە ئەو حیزبە ئیسلامیانە وشەی ئیسلام هەڵگرن، هەروەکو چۆن لە تونس (حرکە





الاتجاه الاسلامی) گۆڕدرا بۆ (حرکە النهضە) و هەروەها لە رۆژهەڵاتی جەزائیریش (الجماعە الاسلامیە)کرا بە (حرکە النهضە) لە ساڵی ١٩٩٦ یشدا (حرکە المجتمع الاسلامی) کرایە (حرکە مجتمع السلم) لەساڵی ١٩٩٨ (الجماعە الاسلامیە) لە لوبنان گۆڕا بۆ (الاصلاح).

هەردوو باڵی ئیخوان موسلمینی ئوردن کە (جبهە العمل الاسلامی) و (المقاومە الاسلامیە)ی فەلەستینی لێ دروستبوو بوو، وەرچەرخان و حزبی (الخلاص الوطنی) لێهاتە کایەوە....هتد.

ئەوانە هەموو لەلایەکی دیکەیشەوە، سەرکردایەتی یەکگرتوو پێکهاتەکەیان زیاتر خەڵکی ناوچەی هەورامانن و هاتوون لێرە ئەم بارودۆخەیان دروستکردووە، واتە خەڵکی شار بەوان نامۆن و ئەگەر ئەو هەموو کۆمەکی دەرەکییەی ئیخوان موسلمینی عەرەبی نەبێت، نەیاندەتوانی لەناو شارەکان خەڵک دروستبکەن، بەتایبەتی کە مێژوویەکی رەشیشیان هەیە لە عێراق و کوردستاندا.

ئاخر لەو هەموو ئەنفال و کیمیاباران و کارەساتی هەڵەبجەیە، خۆ نوققەیان لێوە نەدەهات کەچی لەسایەی تێکۆشان و قوربانیدانی کوردانەوە، ئەوەتا سەلاح هەورامی سکرتێری یەکگرتوو لە ژمارە ٨ی بڵاوکراوەی هوشیاری لە ١٠/٤/١٩٩٦ دا هێرش دەکاتە سەر هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان و پێیان دەڵێت (شەمشەمە ئاسا دژایەتی رۆشنایی چرایەتیمان دەکەن). بەڵام تا ئێستا لە گوڵ کاڵتریان بە ئوسامە بن لادن نەوتووە کە بۆتە مەڵبەندی تیرۆر لە هەموو جیهاندا. یەکگرتوو (١٠٠)ساڵی دیکەش کاربکات، رێکخستنی القاعدە بارەگاکانیان ناتەقێننەوە.

# دەروازەیەک بۆ چوونە ناو دروستکردنی بڕیاری سیاسیی

لێکۆڵینەوە لە دارشتن و دروستکردنی بڕیاری سیاسی، لەم دواییەدا شێوەیەکی بەرفراوان و پڕ بایەخ و گرنگی زۆری لەنێو لێکۆڵینەوەکانی زانستی سیاسەتدا وەرگرتووە.

لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی، شێوەی دەروازەیەکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە سروشتی سیستەمی سیاسی لە وڵاتانی دونیا بەخۆوە گرتووە، نەخاسمە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم. ڕێبازی شیکردنەوەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە دەوروبەری دوو تێڕوانینی بنەڕەتیدا دەخولێتەوە.

یەکەمیان: تێڕوانینێکی بابەتیانەیە، ئەم تێڕوانینە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکە لە گۆشەنیگای تێگەیشتنی لایەنە مەوزوعیەتەکەوە، شی دەکاتەوە، کە بە چوار دەوری بڕیارەکە یاخود هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی بونیادنانی دروستکردنی بڕیارەکەیە لە ڕێگای هەلومەرجی کۆمەڵگەکەوە کە خاوەنی بڕیارەکەیە.

دووەمیان: تێڕوانینی سەرکردایەتی سیاسیی فەرمانڕەوایە، کە ئەمەشیان لە روانگەی گۆشەنیگای ژینگەی دەروونی سەرکردایەتییە سیاسییە





فەرمانڕەوایەکەوەیە، کە لە کەسی سەرۆک دەوڵەتدا گرد بۆتەوە، لەوێوەش بۆ چەند کەسێکی کەمی هەڵبژاردە، کە لەدەوروبەری سەرۆک دەوڵەتەکە دان، درێژ بۆتەوە. واتە هەوڵدانی شیکردنەوەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکە لە ڕێگای شیکردنەوەی تێڕوانینی سەرۆکی دەوڵەتەکەوە بۆ واقیعی کۆمەڵگەکە، واتە خوێندنەوەیەکی زاتی سەرۆکە بۆ ئەو واقیعە(١).

لە هەموو وڵاتێکدا کە باس لە بڕیاری سیاسی دەکرێت، واتە باسی هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەر هەموو کێشەو گرفتێکی ناوەکی و دەرەکی دەکرێت، جا چ هەڕەشە لە ئەمنی قەومی و ئەمنی دەوڵەت و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و نەتەوەکە بکەن، چ هەڵوێستی دەوڵەت بۆ قووڵکردنەوەو فراوانکردنی گیانی بەرەیی و هاوپەیمانی و زێدەکردنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەو دەوڵەتەکە بێ.

لە ڕژێمە نادیموکراتەکاندا، لەژێر هەر ناونیشانێکی وەک رابەری جەماوەری، یا ئایینی، یا دیکتاتۆر، یا هەر ناوێکی تردابێت، بە کۆتایی پێهێنەری مەسەلەکان دادەنرێت، بە تایبەت لە بوارە چارەنووسسازەکانی وەک سیاسەتی دەرەوەو هێزی بەرگری و ... تاد، بڕیاری یەکەم و کۆتایی هەر لەدەستی سەرۆکدا دەبێت، بەڵام ڕەنگە لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و ... هتد، دەسەڵاتی بڕیاردان بخاتە بەردەمی دامودەزگا رووکەش و پۆلە سەرکردەکەی دەوروبەری خۆیەوە(٢).

ئەمە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەیە کە ڕژێمێکی دیموکراتی تیایاندا بەڕێوەدەچێت، چونکە لە سیستەمە دیموکراتییەکاندا، چەند دەزگایەک بەشداری لە بڕیارداندا دەکەن، لەوێ پرۆسەی دارشتنی بڕیار بە چەند کەناڵێکی جیاجیا ڕەت دەبێت، بە جۆرێک کە لوتکەی هەرەم بە تەنها ناتوانێت هیچ بڕیارێک دەربکات، چونکە ئەمە خودی ڕژێمی دیموکرات بە لەناوچوون دەدا، بەڵام دیسان ئەوە بەو مانایە نییە کە لەو ڕژێمانەدا سەرکردە جگە لە ڕاگەیاندنی بڕیار هیچ نەخشێکی تری نابێت، جاکسۆن دەیوت: خۆم وا ڕاهێناوە ڕێز بۆ بۆچوونی خەڵکانی تر دابنێم، بەڵام لە ئەوەل و ئاخیردا هەر خۆم بەرپرسیاری بڕیاردانم (٣).

ولاّتانی جیهانی سێیەم کۆمەلّێک سیفاتی هاوبەشیان هەیە، گرنگترینیان دیاردەی تەرکیزی دەسەلاّت و (مرکزه) کردنیەتی لە کەسی سەرۆک دەولّەتدا، یا توێژێکی کەمی دیاریکراو کە لە دەوروبەری سەرۆکی دەولّەتدان و لەو چوارچێوە تەسکە ناچێتە دەرەوە(٤).

بوونی دەستاو دەستکردن و وەرسوڕاندنی دەسەلاّت، لە جیهانی سێیەمدا نەک هەر پێڕەوو پیادە ناکرێ، بەلّکو گواستنەوەی دەسەلاّت تەنها لە حالّەتی مردنی سەرۆک دەولّەت یا کوشتنی سەرۆک دەولّەتەکە یاخود هەلّسان بە کودەتایەکی سەربازی یا شۆڕشێک لە بەرامبەریدا دروست دەبێت، هەر بۆیەشە جیهانی سێیەم بە گشتی دیاردەی نا ئارامی سیاسی بەخۆوە گرتووەو هەلّبژاردنیش تەنها پرۆسەیەکی ڕووکەشانەیە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ خۆی، واتە بۆ خودی سەرۆک، هەر بۆیەشە دیاردەی کودەتاو شۆڕش و کوشتن و کوشتنکاری بووەتە پرۆسەیەکی بەردەوام، بەم شێوەیە بڕیاری سیاسیش لە رەوشێکی ناجێگیرو نائارامدا دروست نابێت و رەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بارودۆخەکە دەبێت.

ولاّتانی تازە گەشەسەندوو بە یەکێک لەو دوو قۆناغە لە پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی و ئابووری سیاسی تێپەر دەبن یەکەمیان تەقلیدی و دووهەمیان ئینتیقالییە. لە هەردوو قۆناغەکەشدا، دەسەلاّتی دروستکردنی بڕیار بۆ تاکە کەسی سەرکردە دەگەڕێتەوە. رەنگە ئەو کەسەش لە میراتەوە بۆی مابێتەوە وەک ئەوەی میر یاشێخ بووبێت و دەسەلاّتێکی تەقلیدی بۆ مابێتەوە.

بەم پێیە ولاّتانی جیهانی سێ، بەشێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی تەنگژەو قەیرانی دیموکراسی دەبنەوە. سیستەمی فەرمانڕەوا باوەڕی بە هەلّبژاردنێکی راست و دروستی دیموکراسیانە نییەو سوورە لەسەر کۆنترۆلّ کردن و دەستبەسەرداگرتنی دەسەلاّت و ئامادە نەبوونی بۆ دەستاو دەست کردنی دەسەلاّتەکە لەگەلّ هەلّبژاردەیەکی جیاوازی نێو کۆمەلّەکەی خۆیەوە.

ئیتر کە دەسەلاّتەکەی کۆنترۆلّ کرد، کەرەستەی هێزیش کە (سوپاو پۆلیس)ە بۆ خۆی کۆنترۆلّ دەکات بۆ بەکار هێنانی لە ململانێی سیاسی





ناوەخۆ و بۆ ئیرهاب و کاری تۆقێنەرانە دژی جەماوەرو چاندنی ترس و کۆچپێکردنی خەلّک بۆ دەرەوەی نیشتمان و بەکارهێنانی توندوتیژی (العنف المضاد)و... هتد، هەروەها لەو ولاّتانەی جیهانی سێ، دیاردەی کزی بەشداربوونی جەماوەر لە کۆمەلّگادا بەشێوەی جیاجیا بەدی دەکرێت(٥)، واتە کۆمەلّ لە بەشداربوون و گرنگیدان بە ژیانی گشتی و هەولّ و کۆششکردن بۆ خۆشتر کردنی گوزەران، دەورێکی ئەوتۆی نییە.

لەم ڕوانگەوە، سەبارەت بە گەلی کوردیش لەبەر ئەوەی کورد دەولّەتێکی نەبووە، تا لەمەڕ کێشەو گرفتەکانیدا خاوەنی بڕیاری سیاسی خۆی بووبێت، بگرە هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کولتووری و سەربازی و... هتد سەقامگیر نەبووەو ئەم نا سەقامگیرییەش بڕیاری سیاسیی کوردی زێدە ئالّۆز تر کردووە، چ جای ئەوەی باسی بڕیاری سیاسی یەکگرتووی کوردیی بکەین، بۆیە پرۆسەی داڕشتنی بڕیاری سیاسیی کوردی بووەتە ئالّۆزترین و دژوارترین ئەرک لە بەردەم هەرەمی دەسەلاّتی سیاسیی کوردیدا.

ئیتر بەهۆی ئەو هەلومەرجە تێکچڕژاوەی کە کورد تیایدا ژیاوەو دەژیت، زۆر پرسیاری تری دروست کردووە کە ئایا ئەم جۆرە سیستەمە بەم هەلومەرجە تێکچڕژاوەوە، شەرعیەتی سیاسی* بۆ وەرگرتنی بڕیاری سیاسیی کوردی هەبووە، لەکاتێکدا هێشتا جەماوەر بەو بڕیارە سیاسیانەی کە دەرچوونە، ئەوەندە پێیان ئاشنا نەبووە، چونکە گەلی کورد بە درێژایی مێژووی تێکۆشانی، ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین، دەکرێ بەلایەنی کەم ئەو ٣٠ سالّە واتە (١٩٦١-١٩٩١) ناو بهێنین کە خەباتەکەی لە چیا بووە، خەباتی چیاش حالّەتێکی نائاسایی و هەمیشە نا ئارامی هەبووەو ڕاستەوخۆ مانای خەباتی چەکداری و میلیتاری دەگەیەنێت، ئیتر بێ ئەملاو ئەولا لە خەباتی چەکداری (ملیتاری)، سەرکردەی یەکەم رۆلّی کاریگەرو بنچینەیی لە دروستکردنی بڕیارەکە دەبینێت، بێگومان هەر خۆیشی وەرگری بڕیارەکە دەبێت(٦).

زۆرجار ئەوانەی بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن و ڕایدەپەڕێنن، بەشداری لە دروستکردنی بڕیارەکە ناکەن، چونکە ڕێگایان پێ نادرێت، نەخاسمە کە حالّەتی ناکاو و نا ئارام لە خەباتی چیا (میلیشیایی)، ئەوەندە پڕاوپڕ بووە

که هیچ زەمینەیەکی نەهێشتۆتەوە بۆ ئەوانەی کە جێبەجێکارو ڕاپەڕێنەری بڕیارەکە بوونە بتوانن بەشداربوونێکی لاوەکیش لە دروستکردنی بڕیارەکە بکەن!! بەڵام لەبەر ئەوەی داخوازییەکانی ئەو خەباتە، داخوازی زۆرینەی گەلە و لەلایەن زۆربەی گەلیشەوە پشتگیری و داکۆکیان لێدەکرێت، ئەوا شەرعیەت بەخۆی دەدات. بەم پێیە لەبەر ئەوەی کورد بەلایەنی کەم ٣٠ ساڵە لە گوندو چیاکانی کوردستان درێژەی بەم جۆرە خەباتی پێشمەرگایەتییە داوەو بەدرێژایی ئەو ٣٠ ساڵەش لە حاڵەتی نائارامی و کتوپڕدا ژیاوەو خاوەنی دامودەزگایەکی بەرفراوان و تۆکمە نەبووە، بەڵام بەرژەوەندی زۆربەی جەماوەریشی کردۆتە ئامانج، هەر لەبەر ئەمەش بووە لەلایەن زۆربەی گەلەوە پشتگیری لێ کراوە... لەبەرئەوە ئەمڕۆ ئەستەمە لە کتوپڕێکدا ئەو دامودەزگا بەرفراوانەی کە لە ناو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بڵاوبوونەوە، سیستەمەکە لە هەموو بڕیارێکدا بیانخاتە بەردەم ریفراندۆمێک تا بڕیارەکەی پێ وەربگرێت، نەخاسمە ئەو ململانێ دژوارەی کە لەنێو خودی حزبە سیاسیەکانی کوردستاندا هەیەو واقیعێکی هێندە ژەهراوییە، ڕێگا لەبەردەم پرۆسەی بەدیموکراتیزە کردنی خەڵک و تەنانەت هی حزبەکانیش دەگرێت (٧).

بەر لەوەی بێینە سەر چۆنێتی دروستکردنی بڕیارو ئەو قۆناخانەی کە بڕیاریان پێ دروست دەکرێت، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە لە بنەڕەتدا بڕیار واتە ڕەوشت، چونکە بە یەکگەیشتنە بە واقیع و لە کەلێنی هەڵسەنگاندنی ئەو واقیعەشەوە ناتوانرێ بڕیاری سیاسی لە تێگەیشتنی بۆچوونی هەڵوێستە سیاسیەکان دوور بخرێتەوە(٨)، چونکە بڕیاری سیاسی درێژبوونەوەی بزاڤی سیاسییە لە چوار چێوەی ژیانی گشتیدا و، شیکردنەوەی بڕیاری سیاسیش واتە دینامیکیەتی لە ئارادابووی سیاسی. پێویستە ئەوەش بزاندرێ کە بڕیاری سیاسی خاڵی بە یەکگەیشتنی نێوان گۆڕانکارییەکانی ڕابردوو و ئایندەیە، بە واتایەکی دی بڕیاری سیاسی لە نێوان کۆتایی گۆڕانکارییە سیاسیەکان و دەسپێکی گۆڕانکاری سیاسی دیکە دایە(٩). لەم تێڕوانینەوە، وا پێویست دەکات زیاتر بە ناخی بڕیاری سیاسیدا ڕۆبچین،





چونکە بڕیار لە گەوهەردا ئامانج نییە، بەڵکو وەسیلەیەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکە، دەستکەوتنی ئەو ئامانجەش لە ئەنجامی کۆتاییدا دروستکردنی ئەو بڕیارەیە کە هەوڵی بۆ دەدرێت.

هەموو بڕیارێکی سیاسیش بە کۆمەڵێک قۆناخدا تێپەڕ دەبێ، لەوانە ١- زانین و ناساندنی هەڵوێست ٢- دیاریکردنی ئامانج ٣- چەسپاندنی جێگرەوەیەکی گونجاو -البدائل الملائمە- بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڵوێست ٤- وەرگرتنی بڕیار ٥- ڕاپەڕاندن- جێبەجێکردنی بڕیارەکە ٦- هەڵسەنگاندنی ئەنجام لە جێبەجێکردنیدا ٧- چاوپێداخشاندنەوە بە بڕیارەکە(١٠). بێگومان ئەم (٧) خاڵەی سەرەوەش لەکاتی خوردکردنەوەیاندا هەریەکەو بە چەندین قۆناخی تر تێپەڕ دەبن، کە لە خوارەوە هەوڵدەدەین بە کورتی ئاماژە یاخود ڕۆشناییەکیان بخەینە سەر.

### ١- *ناساندنی هەڵوێستەکان*

لەو قۆناخەدا، داڕێژەرانی بڕیار هەوڵدەدەن بچنە بنج و بناوانی کێشەو گیروگرفتەکان، بۆ ئەم مەبەستەش سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکان دیارو دەستنیشان دەکەن، هێزو توانای ئابووری، سیاسی و سوپاییان هەڵدەسەنگێنن و هەموو ئەگەرەکانی کاردانەوەو بەرپەرچدانەوەیان لەبەر چاو دەگرن، لەم قۆناخەدا دەزگاکانی زانیاری کۆکردنەوە، دەزگای دیپلۆماسی دەوڵەت، دیدی سەرکردایەتی سیاسی وڵات بۆ ئایندەی ڕووداوەکان ڕۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوە دەگێڕن (١١).

هەموو هەڵوێستێکیش لە ڕووی سروشتییەوە دوو ڕووی تەواو جیاوازو ناکۆک لەگەڵ یەکتری پێکدەهێنن، ڕوویەکی سازو ئامادەکردنە- التعبئە-، لەو هەڵوێستەی کە لە واقیعی ئێستادا هەیە، ڕووەکەی تریش لایەنی دەروونییە، واتە ئەو هەڵوێستەی کە لەلایەن دروستکەرانی بڕیارەکەوە تێیدەگەن و لێکیدەدەنەوە(١٢).

ئەوەی پێوەندی بە هۆکاری یەکەمەوە هەیە، کۆکردنەوەی زانیارییەکانەو گواستنەوەیەتی بۆ بڕیار بەدەست، یاخود دروستکاری بڕیار، بە مەبەستی

سوود وەرگرتن لەو زانیارییانە(١٣)، هەڵبەت زانیارییەکان پێویستە زۆر ڕاست و دروست بن و دەستەیەکیش بە چاودێریکردن و بەشداریکردنی بڕیار بەدەستەکان یا دروستکەری بڕیارەکەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییانە دابنرێت و زانیارییەکان باش تاوتوێ بکەن، چونکە ئەم زانیاریانە وەک بنەمایەک ڕۆڵی خۆیان لە پێناساندن و زانینی هەڵوێستەکەدا دەگێڕن. جێگای ئاماژە بۆکردنە، هەڵسەنگێنەرانی زانیارییەکانیش لەسەریان پێویستە کە ئێجگار وردو بابەتی بن و زۆر جار وا پێویست دەکات ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەست دان، بەس نەبن بۆ پێناسەکردن و ناساندنی هەڵوێستەکە، بۆیە دەبێت چاوەڕوانی یاخود داوای زانیاری فرەتر بکەن، چونکە کۆکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییانە بناغەیەکن کە کۆمەڵێک هەڵوێست و بەدواداچوونی دیکە لە ئامێز خۆی دەگرێت، بەم پێیە ناساندن و زانینی هەڵوێستەکان بە قۆناخی خۆیاندا تێپەڕ دەبێت، تا ئەو جۆرە هەڵوێستە وەردەگیرێ یاخود دێتە کایەوە، کە پێشوەخت بە درک پێکردن و هەست پێکردنەوە خۆی گەڵاڵە دەکات، زۆر جار وا دەبێت ئەو هەستپێکردنە لەلایەن دوو کەسەوە بەهۆی جیاوازیان لە ئەزموون و کەسایەتی و شێوەو باری دەروونی و... هتد لە پشت بەستنیان بەو زانیاریانەی کەلەبەر دەستیاندا هەیە بەشێوەی جیاواز ڕەهەندەکانی، ئەنجامەکانی... هتد هەڵدەسەنگێندرێ و لێکدەدرێتەوە.

## ٢- دیاریکردنی ئامانج

مەبەست لە ئامانج حاڵەتێکی ئایندەییە کە دروستکەری بڕیار لە ڕێگای چالاکییەکانییەوە بۆی دەچێت، بەرەو ڕێکخستنی دەرەوەی سنووری سیاسی دەوڵەتەکەی. خزمەتکردن بە ئامانج بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی نیشتمانی یاخود نیشتمانی و نەتەوەیی(١٤).

هەموو دروستکردنی بڕیارێکی سیاسی ڕەنگدانەوەو کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و کارتێکردنێکی کاریگەرانەی بەسەر دیاریکردنی ئامانجەوە هەیە، بۆیە هەموو بەرژەوەندییەک



دەروازەیەک بۆ چوونە ناو دروستکردنی بڕیاری سیاسیی

لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، دەبێت بەرژەوەندی لە دیاریکردنی ئامانج و کارتێکردنی بەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیدا بکات.

کریبندوف، بەردەوامبوونی سیستەمی سیاسی کە دروستکردنی بڕیار نوێنەرەکەیەتی، بە بەرژەوەندی نیشتمانی دەبەستێتەوەو، وایدەبینێت کە بەرژەوەندی دروستکردنی بڕیار واتە بەرژەوەندی نیشتمانی (١٥).

بەڵام زۆر بڕیاری سیاسیش کە لەلایەن چینی فەرمانڕەواوە دەردەچێت، مەرج نییە مەبەستیان لە دیاریکردنی ئامانجەکانیان بەرژەوەندی هەموو دانیشتوانی وڵاتەکەیان بێت، بەڵکو زۆر جاری وا هەبووە تەنها حسێبیان بۆ بەرژەوەندی چینی فەرمانڕەواو چینی سەرمایەدار کردووەو هیچ بەرژەوەندیەکیان بۆ خەڵکی ژێرەوە کە هەمیشە بەشخوراوەکەیە نەهێشتۆتەوە یا ناهێڵنەوە، تەنانەت زۆر جار بڕیاری سیاسی ناوەخۆ کە لەلایەن چینی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەردەچێت، لە پێناوی ئەوەیە زیاتر خەڵکە هەژارەکەی خۆیان بچەوسێننەوە، ئەمە نەک هەر لە سیاسەتی ناوخۆو بڕیاری سیاسی ناوخۆدا، بگرە زۆر جار لە سیاسەتی دەرەکیشدا ڕەنگڕێژێکی تۆخی ئەو چەوساندنەوەیەی هەڵگرتووە.

داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی، دوای ئەوەی ئامانجەکان دەستنیشان دەکەن، هەوڵدەدەن پێداویستییەکانی گەیشتن بەو ئامانجانەش دیاری بکەن(١٦).

## ٣- قۆناغی لێکۆڵینەوە لە دیاریکردنی بەدیل

دوای ئەوەی قۆناغی دیاریکردنی ئامانج تەواو دەبێت، قۆناخی کردەنی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لە بەدیلەکان یا (خیارات) دێتە پێشەوە.

مەبەست لەو قۆناغە کردەنییە لێکۆڵینەوە لەو داڕشتنە تایبەتییەیە کە هەموو بەدیلەکان دێنیتە پێش بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر هەر یەک لەو بەدیلانە، ئینجا لە ڕوانگەی کۆمەڵێک هۆکارەوە باشترین بەدیل هەڵدەبژێردرێت، واتە ئەو بەدیلەی کە هەڵبژێردراوە دەبێت باشترین و سەرکەوتووترین(١٧) بەدیل بێت و لە هەموو بەدیلەکانی تر شیاو تر بێت لە دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکە. دیارە کە دەستنیشانی بەدیلەکەش کرا،

دەرگا لەسەر تەواوی بەدیلەکانی تر داناخرێت، ڕەنگە لە هەندێ جاردا دوو بەدیل دیاری بکرێن و پاش مشتومڕێکی فرەو شیکردنەوەیەکی ورد، ئینجا یەکلایی بکرێتەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەوە دەبێت کە ئەو بەدیلەی دیاری دەکرێت دەبێت لە هەموو بەدیلەکانی تر زیاتر خزمەت بەو دەسەڵاتە یا ئەو حزبە بکات کە بڕیارەکەیان پێ وەرگرتووەو کەمترین زیانیش بە بەرژەوەندییەکانیان بگەیەنێت.

لە دیاریکردنی هەر بەدیلێکیشدا کۆمەڵێک هۆکار هەن کە کارتێکردنی خۆیان هەیە، لەوانە سەرکردایەتی، واتە ئاستی توانای ئەو سەرکردایەتییەی کە بەدیلەکە دیاری دەکات، کە تا چەند توانیویەتی شتێکی نوێ لە دیاریکردنی بەدیلەکە بدۆزێتەوەو کۆششەکەی کۆششێکی داهێنەرانە بێت.

ڕاستە سەرکردە بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەست دان بەدیلەکە دیاری دەکات، بەڵام جیاوازیش لە پێکهاتەی کەسایەتی و جیاوازی لە کارتێکردنی سەرکردەکان لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی بەدیلەکان و هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی جیاوازی ئەزموون و لێکدانەوەو هەستکردنیان، کە لە جیاوازی کەسەکانەوە هەڵدەقوڵێت، بەدیلەکەش دیاری دەکرێت.

زۆر جاری وا هەبووە، باروودۆخێکی هێندە ئاڵۆز و خێرا هاتۆتە پێشەوە، سەرکردەش نەیتوانیوە هەڵوێستی ڕوونی خۆی تێدا بەدی بکات، چونکە گۆڕانکارییەکان تا ڕادەیەک ناکاو و بە پەلە بوونەو لەژێر باروودۆخێکی ئاڵۆزو تایبەتیشدا ڕوویان داوە، بۆیە هەڵوێست دیاریکردنیش ئاسان نەبووە، بێگومان لەو کاتەدا دیاریکردنی بەدیلەکانیش ئەوە هەر زەحمەت تر. سروشتی سایکۆلۆژی سەرکردایەتی یا ڕوونتر بڵێم سەرۆک لە هەڵبژاردنی بەدیل دا ڕۆڵ و کارتێکردنی خۆی هەیە.

### ***٤- وەرگرتنی بڕیار***

دوای ئەوەی دیاریکردنی بەدیلەکان و شیکردنەوەی سەنگی بەدیلەکان و بەراوردکردنی ئەنجامەکان تەواو دەبێت، دروستکەری بڕیار بەرەو کاری وردو باشتری نێوان دوو بەدیل (بەلایەنی کەم) دەچێت، کە هەردوو بەدیلەکە دوای





هەڵسەنگانێکی زۆر بە باشترین بەدیل دادەنرێن و لە نێو ئەو دوو بەدیلەشدا ئەو بەدیلە هەڵدەبژێردرێ کە زۆرترین دەستکەوتی بە کەمترین زیان و زەرەر هەبێت (١٨) دیارە لەو هەڵبژاردنی بەدیلەدا، دەبێت سەرجەم هۆکارەکانی ئابووری، سوپایی، ئەمنی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، دەرەکی، ناوخۆیی... هتد لەبەرچاو بگیرێن، چونکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەموو هۆکارەکان، بەدیلێکی لاواز دەستنیشان دەکرێت و بڕیار وەرگرتنەکەش لەسەر بنەمای ئەو بەدیلە بە قازانجێکی کەم و زەرەرێکی زۆر تەواو دەبێت.

وەرگرتنی بڕیارەکەش دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی حزب، یا سەرۆکی دەوڵەت، یا هەر ناوێکی تر کە بەرپرسی یەکەمە لەم سیستەمە یا ئەو ڕێکخستنەدا. بەڵام کۆمەڵێک ئەندامی باڵا لە دەوری ئەو سەرۆکەدان کە بەدیلەکانی دەخەنە بەردەست و دەستنیشان کردنی بەدیلەکەشی بۆ تاوتوێ و ئاسان دەکەن.

هەندێ جاری وا هەیە بڕیارەکە وەرناگیرێت، چونکە بۆچوونێکی یەکگرتوو لەسەر یەک بەدیل دروست نابێت، جاری واش هەیە بە وەرگرتنی بڕیارەکە کێشەکە کۆتایی دێت، لەم ڕوانگەوە هەندێ جار بڕیارەکە وەرگیراوە بەڵام کاری پێ ناکرێ، بەڵکو ڕاگیراوە یا دواخراوە واتە (تأجیل) کراوە، ئەویش لەبەر دوو خاڵ: یەکەمیان وای لێکدەدەنەوە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە لەو کات و ساتەدا لە بەرژەوەندیان نییە، بۆیە پێویستە پەلەی لێ نەکەن، بەڵکو تەنها مەبدەئیی قبوڵیان کردووە، دووەمیان؛ دوای مشتومڕێکی زۆر لە هەڵسەنگاندنی بەدیلەکان، ناگەنە هەڵوێستێکی تەواو و یەکگرتوو تا بڕیارەکەی پێ وەربگرن بۆیە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە، جاری وایش هەیە بڕیار وەرگرتنەکە زۆر خێرایەو بە وردی لێی نەکۆڵدراوەتەوە ئەویش زیاتر لە بواری سەرکوتکردن و بەکارهێنانی توندوتیژیدا ڕوو دەدات کە مەبەستیان پاکتاوکردنی ئەوی بەرامبەریانە. لە هەموو بڕیار وەرگرتنێکیشدا سێ جۆرە بڕیار، بڕیاری ستراتیژی، تاکتیکی، ڕاپەڕاندن هەیە.

### ٥- جێبەجێ کردنی بڕیار

دوای ئەوەی بڕیارەکە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەت یاخود بەرپرسی یەکەمەوە وەردەگیرێت راستەوخۆ بیر لەو وەسیلانە دەکرێتەوە کە بڕیارەکەی پێ جێبەجێ بکەن، ئەو وەسیلانەی کە بڕیارەکەشی پێ جێبەجێ دەکرێ زۆرگرنگە، چونکە دەکرێ بڵێین گرنگترین کار لە جێبەجێکردنی بڕیارە وەرگیراوەکە دایە ،گرنگی جێبەجێ کردنەکەش هەر تەنها چۆنیەتی گواستنەوەی بڕیارەکە لە دۆخێکی تیۆری بۆ دۆخێکی کردەیی -عملی- نییە بەڵکو مەبەست لە جۆرو چۆنیەتی جێبەجێکردنی هێنانەدی ئامانجەکەیە، لەبەر ئەوە گرنگی بڕیارەکە تەنها لە جۆرەکەیدا نییە، بەڵکو لە سروشتی هۆیەکەیە بۆ سەرکەوتن لە جێبەجێکردنیدا، چونکە ئەگەر وەسیلەکان زۆر یاریدەدەر نەبن بۆ وەرگرتن و جێبەجێ کردنی بڕیارەکە، ئەوا جێبەجێ کردنی بڕیارەکە رووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەی سەخت و دژوار دەبێتەوە، کە زیانی زۆرتر دەبێ لە دەستکەوتەکانی. هەر بڕیارێکیش کە وەردەگیرێت، بۆ ئەوە وەردەگیرێت کە مەبەستە دیاریکراوەکەی وەک دەستکەوتێک بهێنێتەدی نەک بە پێچەوانەوە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە لە سیاسەتی دەرەوەشدا، بەکارهێنانی دیپلۆماسی گرنگترین وەسیلەی ئاشتیخوازانەیە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارە سیاسیەکە، ئەگەرچی ئەمڕۆ کاری دیپلۆماسیش بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرەکانی راگەیاندن و بەشداریکردنی زۆرتر لە جارانی خەڵک لە سیاسەت بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە سیاسەتکردندا، زیاتر کارەکان ئاشکراترن.

بەڵام بۆ گیروگرفتە ناوخۆییەکان ئەم جۆرە سیاسەتە کە کاری دیپلۆماسییە زەمینەی کەمتری بۆ ڕەخساوەو زیاتر جێبەجێ کردنی بڕیارەکان لە رێگای گوتاری سیاسی، یا توندوتیژییەوە دەبێت.

### ٦- هەڵسەنگاندنی دەسکەوتی بڕیارەکە

هەموو بڕیارێک کە وەردەگیرێ و جێبەجێ دەکرێ، دارێژەران و دروستکەرانی بڕیارەکە دەستکەوتی بڕیارەکە هەڵدەسەنگێنن کە لەسەدا چەند





سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. هەندێ جار هەندێ بڕیار بە شێوەیەکی -کلی- سەرکەوتن وەدەست دەهێنێ، هەندێ جاریش -جزئی-یە، جاری وایش هەیە، وەرگرتنی بڕیارەکەو جێبەجێکردنی زیان و زەرەری زۆر زیاتر دەبێت لە دەستکەوتەکانی و کاردانەوەی سلبی بۆ سەر جێبەجێکردنی بڕیارەکەش دروست دەکات.

لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی بڕیارەکەدا، یا ئەوەتا دەستکەوتێکی گرنگ وەدەست دەهێنرێت کە دەبێتە مایەی سوود پێگەیاندن بە نەتەوەو دەوڵەتەکە، یان ئەوەتا بە پێچەوانەوە زیان و زەرەری زۆری پێدەگات و، وا لە دروستکەری بڕیارەکە دەکات کە پێداچوونەوەیەک بە بڕیارەکان و بە جۆری سیاسەتەکەی خۆیدا بکات، تا جارێکی تر لە وەرگرتن و جێبەجێ کردنی بڕیاری سیاسیدا رووبەڕووی نەهامەتی نەبێتەوە.

### ٧- چاوپێداگێڕانەوە بە بڕیارەکە

ئەم قۆناغە پێوەندی بە قۆناخی وەرگرتنی بڕیارەکەو قۆناخەکانی پێشووەوە هەیە، هەرچەندە خودی ئەم قۆناخە قۆناخێکی تەواو جیاوازیشە لە قۆناخەکانی پێشوو.

لەم قۆناخەدا، هەڵسەنگاندنێکی ورد بە چۆنیەتی تێکڕای قۆناخەکانی پێشوودا دەکرێ، هەر لە ناساندن و زانینی هەڵوێست تا دەگاتە وەرگرتنی بڕیارەکە، هەروەها جێبەجێکردنیشی. ئینجا لێکۆڵینەوە لەو دەستکەوتانەی وەدەست هاتوون یا بە پێچەوانەوە ئەگەر دەستکەوتەکان زۆربن رەنگە لێکۆڵینەوەو چاوپێداگێڕانەوەیەکی ورد بە قۆناخەکاندا نەکرێت، بەڵام ئەگەر زیان و زەرەری زۆری هەبێت، ئەوا بە وردی هەڵدەسەنگێندرێت و تەنانەت لە بەدیلەکانیش دەکۆڵدرێتەوەو ئەم هەڵسەنگاندنە یاخود چاوپێداگێڕانەوەیە وا لە دارێژەران و دروستکەرانی بڕیاری سیاسی دەکات، کە لە هەر بڕیار وەرگرتنێکی تریاندا ورد تربن.

سەبارەت بەبڕیاری سیاسی کوردی، هێشتا بە هۆی لاوازی هوشیاری دیموکراسی و پیادەکردنی لە ناو بونیادی سیاسیی کوردیدا بە مانا

شارستانییەکەی و، قوڵبوونەوەی بەش بەشکاری لەنێو ڕیزی کورد لە زۆربەی کاتەکانداو لێکجیاوازی و ناکۆکی لە سروشتی سەرکردایەتی کوردی کە ڕاستەوخۆ هەڵدەستن بە کردەی دروستکردنی بڕیارو وەرگرتنی، ئینجا پێشکەوتنێکی نا یەکسان لەگەشەسەندنی توانای سەرکردایەتی کوردو... هتد

هەموو ئەمانە پێویستیان بە ئارامی و جۆرە ململانێیەکی دیموکراسیانەو شارستانییانە هەیە کە خزمەتی کێشەی کوردی تێدا بەرقەرار بکرێت، ئەوسا بڕیاری کوردیش بڕیارێکی یەکگرتووی ناوەندی ئەوتۆ دەبێت کە ڕوویەکی شارستانی و دیموکراسی و نیشتمانی و میللی هەبێت و هەڵبەت ئەوسا کوردیش بەرەو قۆناخێکی پرشنگدار تر هەنگاو دەنێ.

لە کۆتاییدا دەڵێین جیاوازی لە نێوان دروستکردنی بڕیاری سیاسی و دروستکردنی سیاسەتدا هەیە، چونکە بڕیاری سیاسی بەشی کۆتایی دروستکردنی سیاسەتەکەیە کە لە چوارچێوەی فیکری بزاڤە سیاسیەکەدایە، واتە بەم شێوەیەیە: جوولانەوە، نەخشەکێشان، بڕیار، کە بە یەکەمیان دەست پێدەکات و بە سێیەمیشیان کۆتایی دێت، بەم پێیە بڕیار ئەداتێکە لە ئەداتەکانی جێبەجێ کردنی سیاسەتیدروستکراو.

### سەرچاوەکان:

١) مجلە المنار، السنە السادسە،العدد ٦٤، نیسان١٩٩٠، ص٥١ .
٢) سیاسەتی دەولی، ژ٨- ساڵی دووەم، کانونی دووەمی ١٩٩٤، ل٦٠ ,٣)
سەرچاوەی پێشوو- ل٦٠ .
٤) مجلە المنار- العدد ٦٤- ص٥٢ .
٥) سەرچاوەی پێشوو- ل٥٤ .
٦) باوەگوڕ گوڕ- خولی دووەم- ژ٥- کۆتایی حوزەیرانی ١٩٩٧- ل٢٢
٧) سەرچاوەی پێشوو- ل٢٢-٢٣ .
٨-٩) النموذج الاسرائیلی للممارسە السیاسە- د. حامد ربیع- ١٩٧٥-ص٢٥ .
١٠) مجلە العلوم القانونیە والسیاسیە- المجلد الثانی- العدد الثانی- السنە





١٩٧٩- ص١٤٩ .
١١) سیاسەتی دەولی- ژ٨- ل٥٧ .
١٢) مجلە العلوم القانونیە والسیاسیە- المجلد الثانی- العدد الثانی- السنە ١٩٧٩- ص١٥٠ .
١٣) سەرچاوەی پێشوو- ل١٥١ .
١٤) سەرچاوەی پێشوو- ل١٥٩ .
١٥) سەرچاوەی پێشوو- ل١٦٢ .
١٦) سیاسەتی دەولی -ژ٨- ل ٥٧ .
١٧) فی عملیە صنع القرار السیاسی الخارجی- هانی الیاس خضر الحدیثی- بغداد- ١٩٨٢-ص٨٥ .
١٨) مجلە العلوم القانونیە والسیاسیە، ١٩٧٩- ص١٦٨ .

### پەراوێزەکان:

* مەبەست لە شەرعیەتی سیاسی: واتە شەرعیەتی ئەو جۆرە سیستەمەی کە بەڕێوە دەبردرێ « جا چ لە شاخ بێ یا لە شار بووبێت»و بڕیاری سیاسی کوردی پێ دێتە دروست بوون و وەرگرتن.

مەبەست لە شەرعیەت قبوڵکردنی ئارەزوومەندانەی زۆربەی دانیشتوانی خەڵکە بۆ دروستبوون و وەرگرتنی بڕیارەکە، کە فەرمانڕەوایی و پیادەی دەسەڵاتەکە دەگرێتەوە، دوور لە شێوازی کوتەک و ترس و ڕق ئەستووری و پیلانگێری.

لە هەر وڵاتێکدا ئەم جۆرە شەرعیەتی سیاسییە بەڕێوە ببردرێ، واتە دەنگی جەماوەریش بە باشی دیارو بەرچاو بێت لە دروستکردنی بڕیارەکە، ئەوا بڕیارێکی سەرکەوتوو وەردەگیرێت و لە هەموو جۆرە دەسەڵات و سیاسەتەکانی دیکەی وەک عورفی و کاریزمی- وەک ماکس فیبر پۆلڕێژی کردووە- گونجاوتر و سەرکەوتووترە.

# ئیخوان موسلمین و
# هەڵوێستی نا نیشتمانییان

لە مـاوەی ئەو ١٠-١٥ سـاڵەی رابردوودا ئیـسـلامی سـیـاسی بۆتە دیاردەیەکی هێندە سامناک و ترسهێنەر، کە هەڕەشەیەکی جیدی لە ئارامی و هێمنی زۆربەی ناوچەکانی جیهانیش دەکەن، بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کە پەلوپۆیان بۆ هەموو کونجێکی ئەم جیهانە هاویشتووەو بەکارو کردەوە تیرۆریستییەکانیشیان(١) بوونەتە دیاردەیەکی هێندە دزێوو نامۆو قێزەوەن، کە جگە لە شێواندنی بارودۆخی ئارامی و هەڕەشەو گوڕەشە لە خەڵکی بۆ گوناح و گۆڕینی ژیان بەو ئاراستە پڕ شەرمەزارییەی کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن، شتێکی دیکەیان پێ نییە. راستە ئەوان بە ناوی ئیسلام و ئایینەوە قسە دەکەن، بەڵام هەموو ئەو کردەوانەی کە رۆژانە جێبەجێی دەکەن، دژ بە هەموونەریتێکی ئیسلامیانەو دژ بە هەموو فەرمودەیەکی ئاسمانییە. لەو دنیا پان و پۆڕو ئاپۆڕەشدا، حزبێکی سیاسی ئیسلامی شک نابەی کە بووبێتە مایەی خێرو خۆشی بۆ نەتەوەو نیشتیمانەکەی، بەڵکو رۆژ لە دوای رۆژ کارەساتی گەورەترو مەینەتی زۆرتریان هێناوەتە ئاراوە(٢)، هەڵبەت





نموونەی ئەو حیزبە ئیسلامییە سیاسیانەش ئێکجار زۆرن کە وڵاتەکەیان بەرەو کاولبوون و تێکدان بردووە. بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو باڵە توندڕەوە سیاسیە ئیسلامیانەی کە بەناوی (جیهاد، سەحوەی ئیسلامی، تەکفیر، هجرە، راپەرینی ئیسلامی، بوژاندنەوەی ئیسلامی، تا دەگاتە القاعدە و جند الاسلام و... هتد) کە هەر هەموویان لەناو منداڵدانیی ئیخوان موسلمینی میسر هاتوونەتەدەر(٣).

پێویستە پێش ئەو گرووپە سیاسیانە. حزبی دایک (ئیخوان موسلمین) بناسین. چونکە (ئیخوان موسلمین، لەوەتەوەی لە ساڵی ١٩٢٨ بە رەسمی دامەزراوە. یەکەمین رێکخراوی سیاسی ئیسلامی بووە کە زۆرترین مەینەتی بۆ گەلی میسر دروستکردووەو بە کوشتنی حەسەن بەننای دامەزرێنەری ئیخوانیش وردە وردە گرووپ و رێکخراوی دیکەی ئیسلامی سیاسی رادیکاڵ و توندڕەو هاتوونەتە دروستبوون و، ئیتر بەدەست لە پشتدانی رۆژئاواوە پەرەیان سەندووە کە ئێستا دەکرێ بڵێین لە دەست رۆژئاواش دەرچوونە. بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین ئیخوان موسلمین بە دایکی گەورەی هەموو ئەو رێکخراو و گرووپە ئیسلامی سیاسییانە دادەنرێ کە ئەمڕۆ بەناو جیهاندا بڵاوبوونەتەوەو لێرەو لەوێش کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن (حزبە شیعییەکانی لێ دەربچێت) بۆیە پێش ئەوەی بچینە سەر هەر رێکخراو و گرووپێکی سیاسی بەناو ئیسلامی، پێویستە هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر ئیخوان موسلمین بکەین.

ساڵی ١٩٢٨ سەبارەت بە میسر بارودۆخێکی زۆر دژوارو تێکچڕژاو بوو، بە تایبەت بەهۆی ئەو تەنگژە ئابوورییەی کە بەسەر کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هاتبوو، کە میسریشی نەک هەر لەپەلوپۆ خستبوو. بەڵکو لەو وڵاتەدا دەستووریش هەرەسی هێنابوو، ئا لەو کاتەدا حەسەن بەننای سەعاتچی و (معلم) لە ئیسماعیلییە «ئەو شوێنەی کە بە (معلم) لێی دامەزرابوو» گرووپی ئیخوان موسلمینی راگەیاندو دروستی کرد.

ئیتر ماوەی (١٠) ساڵی خەباتی حەسەن بەنناو گرووپی ئیخوان موسلمینی میسر، تەنها ئەوە بوو کە هەر چۆنێک بێت و لە هەموو

حاڵەتێکدا نابێت گرفت و هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دروست بکەن، سازش (مساومە) لەگەڵ هەموو جۆرە سیاسەتێک و هەموو ڕێبازو ئاراستەیەکی سیاسی قەڵەمڕەو و باڵادا بکەن(٤). تا دەتوانن هەندێک جێ پێی خۆیان بکەنەوەو ریشەی خۆیان بە نێو خەڵکدا دابکوتن و جەماوەرێکی بەرفراوان بە تایبەت لە گەنجان لە دەرەوەی خۆیان کۆبکەنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیخوان لەلایەک وردە وردە پەیوەندییە سیاسی و ئیستخباراتییەکانی خۆی لەگەڵ رۆژئاوادا زیاتر پتەو دەکرد، لەلایەکی دیکەیشەوە هەستی نیشتمانپەروەریی لەنێو گەلی میسردا دەمراند؟! ئیخوان کە تازە هاتبووە دامەزراندن، بە راشکاوی دەیانوت (هەر کەسێک ئاین و رەگەزو نیشتمانەکەی هەرچییەک بێت. ئیخوان حەز بە زیان و زەرەری ناکەن).

ساڵی ١٩٣٢ حەسەن بەننا هەر بۆ کاری مامۆستایی لە ئیسماعیلییەوە گوازرایەوە بۆ قاهیرە. بەمەش ناوەندی ناوەندی گشتی (المركز العام)ی ئیخوان لە ئیسماعیلییەوە گوازرایەوە بۆ قاهیرە. بە گواستنەوەی بارەگای گشتی بۆ قاهیرە، فراوانبوونێکی گەورە لە ریزی ئیخوان دەستی پێکرد. ئەو جارە دەیانوت: ئیخوان بانگەشەیەکی پێشینەخوازە. رەوتێکی سۆفیگەرییە، دامەزراوەیەکی سیاسییە، کۆمەڵەیەکی وەرزشییە، پەیوەستێکی زانستی-کولتوورییە، کۆمپانییایەکی ئابوورییە، بۆچوونێکی کۆمەڵایەتییە) ئیتر لە ساڵی ١٩٣٨ واتە (١٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنیان، بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسەت دابەزین و گۆڤارێکیشیان بە ناوی (النذير) بۆ گوزارشت کردن لەو بیرۆکانەی دەیانخستەڕوو دەرکرد. لە سەروتاری یەکەمین ژمارەیدا نووسیویانە (هەموو دەسەڵاتداران و ئەوانەی دەرەوەی دەسەڵاتیش ئەگەر وەڵامیان نەدانەوە. ئەوا بە توندی دژایەتییان بکەن).

ئیتر وردە وردە ئیخوان پێچەوانەی حزبە نیشتمانی وسیاسییەکانی دی، لە لایەک کەوتنە دژایەتی حزبە نیشتمانییەکان (بە تایبەتی دژی حزبی وەفد کە ئەو کات زۆرترین پێگەی جەماوەری لە میسر هەبوو)، لەلایەکی دیکەیشەوە کەوتنە هەماهەنگی و جێبەجێکردنی خواست و مەرامەکانی حکومەتی پاشایی و داگیرکەرانی ئەوکاتی میسر!!.





حەسەن بەننا دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ کەسانی وەکو خدێوی ئیسماعیل، خدێوی تۆفیق، ئیسماعیل سدقی (ئەو کاتەی کە سەرەک وەزیرانی میسر بوو)، مەلیک فاروق، عەلی ماهیر هەبوو (ماهیر لە مەلیک فاروقی خائین زۆر نزیک بوو، بەر لە هاتنی بۆ ناو سیاسەت واتە تا ساڵی ١٩٣٧یش زۆر جار مەلیک فاروق راوێژو پرس و رای پێدەکردو حەسەن بەنناش لە دەروازەی ئەو عەلی ماهیرەوە چووە ناو سیاسەت و، ماهیر بوو بە یەکەم هاوپەیمانی گروهی ئیخوان و زۆر پوختە حەسەن بەننای بەرەو کرێگرتەیی بۆ سەراو پاشاو دژایەتی کردنی وەفدو هێزە دیموکراتەکان برد).

سەیر لەوەدا بوو، دوای جەنگی دووەمی جیهانی تا رۆژی سەربەخۆبوونی میسر لە (١٩٥٢/٧/٢٣) زیندانەکانی میسر پڕ ببوون لە کەسانی نیشتمانی، دیموکراسیخوازەکان، لایەنگرانی وەفد، کۆمۆنیستەکان، سەرجەم هێزە نیشتمانییەکان. کەچی ئیخوان تاکە لایەنێک بوون کە هیچ گرفت و ناخۆشیان لەگەڵ دەسەڵاتداران نەبوو؟! بەڵام دوای سەربەخۆبوونی میسرو هێنانەدی دەسەڵاتی نیشتمانی لە میسر، ئیتر ئیخوانەکان نائومێدبوون و کەوتنە هەڵبەستنی پڕوپاگەندەو درۆ دەلەسە دژ بە حکومەتی تازەی میسر کە حکومەتی کۆماری سەربەخۆیی گەلانی میسر بوو!! ئەم دژایەتیکردنە زیاتر لەو کاتەوەش دەستی پێکرد کە حکومەتی ناسر لە ساڵی ١٩٥٤ بڕیاری دەرکردنی سوپای ئینگلیزی دا. ئیتر نائومێدی و دڵگرانیی ئیخوانی داگرت!!! (حسن اسماعيل الهضيبي) کە بەرپرسی یەکەمی ئیخوان بوو، بە نهێنی میسری بەجێهێشت و روو کردە سوریاو لوبنان و لەوێش بە توندی دژایەتی حکومەتی سەربەخۆی گەلانی میسری کرد لە ناوەوەش کەوتنە دژایەتی و پەلاماردانی عەبدولناسر. بە شێوەیەک تەنها ئیخوان «٩» جار هەواڵی تیرۆر کردنی دا.

دیارە ئیخوان موسلمین لە رۆژگاری ئەمڕۆدا هەر تەنها لە میسر نین. بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لە چوارچێوەی رێکخراوێکی سیاسی یا حزبێکی سیاسیدا کاری سیاسی خۆیان دەکەن(٥). بەڵام تا ئەمڕۆش هەر میسر بنکەی سەرەکی ئیخوان موسلمینە لە سەرتاسەری جیهاندا.

جگە لەوەی ئیخوان باوەڕی بە کاری تیرۆری هەیەو لەم بارەیەوە هەوڵی زۆریشی هەبووە. هاوکات باوەڕیان بە ئینقلابی عەسکەریش هەیە، بۆ نموونە حەسەن تورابی لە سودان کە نموونەیەکی زەقی ئیخوان موسلمینە کۆمەڵێک خەڵکی کارای خزاندە ناو سوپاو ئیتر ئەو بیرۆکەی ئینقلابی عەسکەرییە زیاتر کەوتە ناو کاری بەرنامەی ئیخوانەوە.

تەمەنی ئیخوان لە عێراقدا لە نیو سەدە زیاترە یا وردتر بڵێین ئیخوان لە چلەکان و لە شاری موسڵ و بە سەرپەرشتی شێخ (عەبدوڵلا النعمە) پەلوپۆی ئیخوان موسلمین هاتە ناو عێراق کە یەکەمجار گەیشتە ناو موسڵ و ئینجا لە ماوەیەکی کورتدا سەرەداوی ئیخوان گەیشتە بەغداو ناوەڕاستی عێراق و ئینجا کوردستانیش. لە ساڵی (١٩٤٨) دەستەی دامەزرێنەی ئیخوان موسلمین لەوانەی خوارەوە پێکهات (محمد محمود الصواف، تحسین عبدالقادر الفخری، علی فاتن، عبدالرحمن الشیخلی، منیب الدروبی، عبدالغنی شنداله. محمد فرج السامرائی). لە ئەیلولی ١٩٤٩ لەژێر ناوی (جمعیە الاخوه الاسلامیە) مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرت، دوای ئەوەی لە هاوینی هەمان ساڵدا سەواف لە میسر گەڕایەوە بۆ عێراق و، پێش گەڕانەوەی لەگەڵ حەسەن بەننا ڕێککەوتبوو کە کۆمەڵەیەکی لەم جۆرە دابمەزرێنێ. ئیتر یەکەم دەستەی دامەزرێنەری، (جمعیە الاخوه الاسلامیە) کە لە بنچینەدا هەر ئیخوان موسلمین بوو لەمانە پێکهاتبوو (ئەمجەد زەهاوی، محەمەد عاسم نەقیب، محەمەد مەحموود سەواف، ئیبراهیم مستەفا ئەیوبی، د. تەقیەدین هیلال، عەبدولڕەحمان خدر، تەها فەیاز) دوای مۆڵەت وەرگرتنیان یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیان بەست کە تیایدا زەهاوی کرا بەسەرۆکی کۆمەڵەو محەمەد عاسم نەقیب بەجێگری سەرۆکی کۆمەڵەو سەواف بەسکرتێری کۆمەڵەو.. هتد.

لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٥٢ یەکەمین ژمارەی (الاخوه الاسلامیە)یان دەرکردو، سەواف خاوەن و سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بوو. گۆشەو ستوونەکانی هەمان ئەو گۆشەو ستوونانەبوو کە گۆڤاری (الاخوان المسلمون)ی میسر کە لەلایەن ئیخوان موسلمینەوە دەریاندەکرد. خاڵی گرنگ





ئەوەیە، پەیوەندی ئیخوان موسلمینی عێراق لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق زۆرباش بووە. چ لەگەڵ نوری سەعیددا، چ لەگەڵ عەبدولسەلام عارف و برایەکەی کە عەبدولڕەحمان عارف بوو. هەروەها سەواف پەیوەندییەکی بەهێزو تایبەتی لەگەڵ مەلیک فەیسەڵی دووەم هەبوو. هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزو تایبەتییەشەوە بوو کاتێ ڕژێمی بەغدا لە ئەیلولی ١٩٥٤ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەو حزبەکانی دەرکرد. کەچی ئیخوان موسلمین لە عێراقدا لەکارو چالاکییەکانی خۆیان هەر بەردەوام بوون!! ئەمەش سەرچاوەکەی لەوەوە وەرگرتبوو چوونە ناو ئیخوان باشترە لە چوونە ناو حزبە نهێنی و نەیارەکان!

پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز ئیخوان کەوتبوونە کاری سیخوڕی بۆ حکومەتی ناوەندی بەغداو بۆ ناوەندی گشتی ئیخوان موسلمین کە لە میسر بوو، کرێگرتەیی و سیخوڕی و دەستگیرکردنی مامۆستا (عەبدوڵلا زێباری و حسێن ڕەشوانی) نموونەیەکی زەقی ئەو کاری سیخوڕییەی ئیخوان موسلمینی عێراق بوو.

بەڵام کاتێک حکومەتی کۆماری و سەربەخۆیی عێراق لە ١٩٥٨ هاتە دروستبوون، ئیخوان موسلمینی عێراق نەک هەر پێشوازی لێنەکرد بەڵکو دەستی بەدژایەتیکردنیشی کردووە زۆر پوختە لەگەڵ بەعسییەکان ڕێککەوت دژ بەحکومەتی کۆماری!!! ئەو حکومەتەی حزبە نیشتمانییەکانی وەکو (حزبی شیوعی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەی بارزانی نەمرو، حزبی نیشتمانی دیموکراتی و سەرۆکەکەی جادرچی پشتگیرییان لێدەکرد، دژایەتیکردنی سەواف و ئیخوان موسلمین بەرامبەر بەحکومەتی کۆماری، گەیشتە ئەو ڕادەیەی سەواف و ٤٩ کەس لە توندڕەوانی ئیخوان دەستگیر بکرێن، کاتێکیش سەواف ئازادکرا لە ساڵی ١٩٥٩، نیشتمانی بەجێهێشت و کەوتە ڕکابەری و پلاندانان بۆ ڕووخاندنی حکومەتی کۆماری و، زۆر بێ شەرمانە داوای لە حکومەتی سەربەخۆیی عەبدولناسر دەکرد کە ئیعترافکردنەکەی بەکۆماری عێراق هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام ئەو داوایە عانەیەکی سووتاوی نەکردو عەبدولناسری نیشتمانپەروەر هەر وەڵامیشی

نەدایەوە، سەیری ئەو لێکچوونەی (سەواف)و (حسن اسماعیل الهضیبی) بکە، یەکەمیان لە دژی حکومەتی کۆماری عێراق وڵاتی جێهێشت و پلانی دادەنا، دووەمیشیان لە دژی حکومەتی کۆماری میسر وڵاتی بەجێهێشت و بەهەمان شێوە پلانی رووخانی بۆ دادەنا، لە کاتێکدا هەردووکیان هیچ گرفتێکی شایانیان لەگەڵ حکومەتی پادشاییدا نەبوو!!!..

سەواف زۆر باوەڕی بە سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق (یاسین ئەلهاشمی) هەبوو کە دوای کودەتای بەکر سدقی لە ١٩٣٦ عێراقی بەجێهێشت، سەواف هەروەک لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت یاسین هاشمی بسمارکی عەرەبەو سەرکردەی باڵی نەتەوەیی میانڕەوی عەرەبییە!!!..

لێرە لێرە هەقە بپرسین سەواف کە ئەو جۆرە کەسایەتییە نانیشتمانییە بوو‌بێت، چۆن لە هەولێری پایتەختدا ئەو هەولێرەی کە هەزاران شەهیدی پێشکەش بەئازادی کردووەو، دەیان کەسایەتی نیشتمانی و ئایینی گەورەیشی هەبووە. کەچی گەورەترین مزگەوتی ئەو شارە بەناوی سەوافی نانیشتمانی و دژ بەکورد ناونراوە؟! پێم وایە ئەوە غەدرێکە لە پیاوانی ئایینی ئەو شارە کراوە، چونکە سەواف هەمیشە دژی میللەتی کورد بووە.

لە پەنجاکانەوە ئیخوان گەیشتە شاری هەولێر، هۆی گەیشتنیشی ئەوەبوو هەولێر لە کۆمەڵێک بنەماڵەی ئایینی پێکهاتبوون و خەڵکی هەولێرو دەوروبەریشی ئاینپەروەر بوون و ئیخوانیش ئیستغلالی ئەو ئایینپەروەرییەی کردن. دەنا لەوەتەی کورد ئایینی ئیسلامی پەیڕەو کردووە، رۆژێ لە رۆژان گەلی کورد هەستی بەهیچ ترسێک لەسەر ئایینەکەی خۆی نەکردووە، بەڵکو هاتنی ئیخوان زیاتر بۆ تەفرەقەی نێو بنەماڵە ئایینییەکان بووە. تا وای لێهات لە شەستەکان تەواوی پارێزگاکانی کوردستانی گرتەوە بەتایبەتی ئەوانە دەچوونە ریزی ئیخوانەوە کە خاوەن پایەیەکی ئایینی یان لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر بوون، بەڵام لەڕووی دەسەڵاتی سیاسییەوە بێبەشبوون، بۆیە دەیانویست سەرەڕای پێگە ئایینییەکەیان (کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیش بوو)، هاوکات پێگەیەکی سیاسیشیان هەبێ و بەشداری لە حوکمڕانی وڵاتەکەشیاندا بکەن. دەنا ئیخوان هەر لە ساڵی ١٩٤٩وە کە





سەرەتای دامەزراندنییەتی لە عێراق تا دەگاتە رۆژگاری ئەمڕۆش پرۆژەیەکیان بۆ کێشەی گەلی کورد پێنەبووە، لەوەش زیاتر ئیخوان بەدرێژایی نیو سەدەی تەمەنیان لە عێراقدا هەر دژایەتی کوردیان کردووە لەسەرووی هەموویانەوە سەواف، تا دەگاتە ئوسامە تکریتی کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەمینداری گشتی ئیخوان موسلمینی عێراقەو هاوسنووری رژێمی بەغدایە!! هەروەکو لە ٢/٢/٢٠٠٠دا لە کەناڵی ئەلجەزیرە وتی (ئێمە رازی نابین کوردەکان عێراق دابەش بکەن، یان بەشداری دابەشکردنەکە بکەن، چونکە گەلی عێراق یەک گەلەو کوردیش بەشێکە لەو گەلە، ئێمەش وەکو حزبێکی ئیسلامی سیاسەتی نەگۆڕمان هەیە کە عێراق یەک قەوارەیەو کوردیش لە چوارچێوەی ئەو قەوارەیەدا دەبێ کێشەکانی وەکو تورکمان چارەسەر بکرێت و ئەمەش روانگەی ئیسلامەتی ئێمەیە بۆ حاڵەتی کوردی)(٦) بەڕاستی سەیرە دەبێ کێشەی ئێمەی کورد کە سەدان ساڵە رووباری خوێنمان لەبەر دەڕوات و ئەو بەشە رزگارکراوی کوردستانیش کە بە کەللە سەری رۆڵە بەجەرگەکانمان بونیاد نراوە، تازە بەتازە دەبێت وەکو تورکمان چارەسەری کێشەکانمان بکرێ!!! لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی خاک و نیشتمانی خۆمانین و سەدان ساڵە لێیان داگیر کردووین و ... هتد. ئوسامە تکریتی هێشتا بچووکترین دەسەڵاتی سیاسی وەرنەگرتووە ئەو بیروباوەڕە چەپەڵە بڵاودەکاتەوە، ئەی باشە ئەگەر بۆرە دەسەڵاتێکی هەبێ دەبێت چ ماڵوێرانییەکمان بەسەر بهێنێت؟! ئەم پرسیارە رووبەڕووی برایانی یەکگرتووی ئیسلامی دەکەمەوە ئەگەر وەڵامیان هەبێت؟!!(٧)

ئیخوان موسلمینی عێراق تا راپەڕینی ١٩٩١یش بیری نەتەوەییان بەکارێکی پڕ عەیب دەزانی، هەرچەندە لەسەرەتای هەشتاکانەوە گەشەیەکی بەرچاویان پێوە دیاربوو (ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو).

ئیخوانەکانەکانی کوردیستانیش کاتێک مەلا (عوسمان عەبدولعەزیزیان بە سەرکردەو رابەری خۆیان دانا، بەڵام لەبەرئەوەی مەلا عوسمان دژی رژێمی تەعریب و تەبعیس و تەهجیربوو، بڕیاری خەباتی چەکدارانەی دژ بەرژێمی بەعس دا، ئیتر ئیخوانیش زۆر پوختە لە رابەرایەتی لایانداو

سەرکردایەتییەکی دیکەیان دانا، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو چونکە ئیخوانی عێراق و مەکتەبی ئیرشادی میسری رازی نەبوون ئیخوانی کوردستان دژی رژێمی بەغدا خەباتی چەکداری رابگەیەنن، تا ئەمڕۆش لەگەڵ رژێمی بەغدا گرفتێکیان نییە شایانی باس بێت(٨) لەکاتێکدا گەورەترین کێشەو گرفتی کوردان لەگەڵ رژێمە داگیرکەرەکاندایە، بەڵام ئیخوان موسلمینی عێراق و کوردستانیش ئەو راستییەیان بۆ ناخوێندرێتەوەو دەیانەوێ بنچینەی کێشەکەمان لێ ون بکەن(٩).

### پەراوێزەکان

١- شەهیدکردنی فەرەج فۆدەو قاسملۆو شەرەفکەندی و عەبدولخالیق مەعروف و فرەنسۆ هەریری و کارەساتی گەورەی یەکی شوبات و دەیان رۆشنبیرو سیاسەتمەداری دیکەو چەقۆ بارانکردنی نەجیب مەحفووزو هەوڵە تیرۆرییەکانی دژ بەجەمال عەبدولناسرو بوختان و سیناریۆ هەڵبەستراوی دژ بەنەسر حامد ئەبو زێدو فەتوا دەرکردن لە دژی رووناکبیرانی عەرەبی و کوردی و زیندە بەچاڵکردنی چەندین گۆڤارو رۆژنامە کە تاریکیان راوەدەناو، هتد.. بەشێکن لە کارو کردەوەکانی ئیسلامی سیاسی.

٢- دەکرێ ئەفغانستان، سودان، میسر، کشمیر، کوردستان، بەنموونەی پڕ لە مەینەتییەکانی ئیسلامی سیاسی بهێنینەوە.

٣- مەبەستم ئەوەیە هەموو ئەو حزب و رێکخراوە سیاسییە ئیسلامییانەی کە ئەمڕۆ لە وڵاتانی عەرەبی و دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی هەن، سەرکردەکانیان یاخود رابەرەکانیان پێشتر لەناو ریزەکانی ئیخوان موسلمینی میسر بوونەو دواتر حزبێکیان دامەزراندووە، نموونەش ئێکجار زۆرە هەر بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆری سەرکردایەتی و بنکردایەتی حزبی تەحریری ئوردونی، الجبهه الاسلامیه الوطنیه فی السودان (ئەمەیان درێژەی - جبهه الحق الاسلامی وحرکه التحریر الاسلامی)یە، الجماعه الاسلامیه فی مصر، حەماسی جەزائیری، حەماسی فەلەستینی و ئیخوانی عێراق و... هتد.

٤- مێژووی ئیخوان موسلمین ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەمیشە ناکۆکییەکانیان





لەگەڵ حزبە نیشتمانییەکان بووە کە سەنگەری میللەتیان هەڵبژاردووە، دەنا هیچ گرفتێکیان لەگەڵ داگیرکەراندا نەبووە ئەوەتا لە میسرو عێراق لەسەردەمی پادشایەتی، باشترین پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتدا هەبووە، بەڵام لەسەردەمی کۆماری کەوتوونەتە پلاندانانەوەو دەستراکێشانی دوژمنانی گەل و، وڵاتی میسرو عێراقیش باشترین نموونەن.

٥- لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی عەرەبی رێکخراوی ئیخوان موسلمینی تێدایە، بەڵام ناوەکانیان لەهەر وڵاتەو بەناوێکە لە سودان حزبەکەی حەسەن تورابی، لە پاکستان حزبەکەی نەواز شەریف، لە عێراق حزبەکەی ئوسامە تکریتی، لە کوردستانیش حزبەکەی صلاح الدین بهاالدین.. هتد.

٦- ئێستا ئوسامە تکریتی ئەمینداری گشتی ئیخوانی عێراق نییە، بەڵام لە ساڵی دوو هەزار ئەمیندار بوو.

٧- بەداخەوە، یەکگرتووی ئیسلامیش لەبەرئەوەی سەر بەئیخوان موسلمینی عێراقە کە ئوسامە تکریتی رابەرایەتی دەکات و ئەوانیش سەر بەئیخوان موسلمینی میسرن کە توندڕەوێکی وەکو کەمال ئەلهلباوی رابەرایەتی دەکات و دەستی بڕوات یەک قیبتی و یەک کورد ناهێڵێ!! بۆیە دەبینین یەکگرتووی ئیسلامیش هیچ پرۆژەیەکی بۆ کێشەی راستەقینەی کورد پێ نییە، هەر لەبەر ئەوەیشە هەمیشە بەشێوەیەک قسە لە کێشە ناوخۆییەکانمان دەکات وەک ئەوەی کورد هیچ گرفتێکی نییە تەنها ئەوە نەبێت موسڵمانبوونەکەی لاوازەو ئەوان دوای (١٤٠٠) ساڵ لە بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە تازە بەتازە دێن و رێنمایی ئایینیمان بۆ دەکەن؟!

٨- ئەو کاتی ئەم باسە نووسرابوو، لە رۆژی ٢٠٠٢/١/١ میدیا بڵاوکراوەتەوە، واتە هێشتا بەعس لە بەغدا حوکمڕان بوون.

٩- لەبەرئەوەی ئیسلام لەناوچەکەدا نوێنەری ناسیونالیزمی باڵادەست بووەو کوردیش زۆرترین کێشەی لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست هەبووە، بەتایبەتی کە لە عێراق لەگەڵ باڵادەستی عەرەبی گرفتی ئێکجار زۆرە. بۆیە دەکرێ بڵێین ئیسلامی سیاسی هەڕەشەیە لە ناسنامەی نەتەوەییشمان، خاڵێکی دیکەیش یارمەتی ئەو بۆچوونەمان دەدات ئەویش ئەوەیە هیچ کام لەو حزبە ئیسلامی سیاسییانەی

کوردستان سەربەخۆ نین، بەڵکو هەریەکەی لەسەرچاوەیەکی دوژمن بەکورد کۆمەک و پشتگیری دەکرێن ئەوەتا تورک (مەبەستم لە حزبی رەفاهی جارانە کە لەکاتی ئەربەکانی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی تورکیا، داوای لە رژێمی ئەنفال دەکرد پێویستە ئەو ئەزموونەی کوردستان نەهێڵدرێ و رژێمی ئەنفالی پێ لەکورد باشتر بوو!!) فارس و عەرەبی بالادەست (ئێستا بۆ نەگبەتیمان ئەفغانیشی هاتەسەر) پشتگیری و کۆمەکی رێکخراوە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان دەکەن، بۆیە بالادەستی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بێ ئەملاو ئەولا راکێشانی ولاتانی ئیقلیمییە، کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ سەرەتاییترین مافەکانی کورددا یەک ناگرنەوە.



# ئایین و سیاسەت

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئایینە جۆراوجۆرەکانی دونیادا بخشێنین بە ئایینەکانی ئاسمانی و غەیرە ئاسمانی، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئایینەکان هێندە بە تەنگ سیاسەتەوە نەهاتوونە، بەقەد ئەوەی بەتەنگ خواپەرستی و دڵپاکی وراستگۆیی بۆ تاکە کەس و لەوێشەوە بۆ ناوکۆمەڵ بوونە، بۆ نموونە ئایینی عیسایی زیاتر فێرە خۆشەویستی و دڵپاکی وراستگۆییت دەکات، داوای ئەوەت لێناکات دەسەلاتێکی سیاسی بەرێوەببەیت و، هەندێک خەڵک بۆ هەندێک خەڵکی تر سەرکوت بکەی، هەر ئەوەش بوو دوای زیاتر لە ٣٠٠ ساڵ بەسەر تێپەربوونی ئایینی عیسایی، ئینجا ئەو ئایینە بوو بە ئایینی رەسمی دەوڵەت، دواییش وردە

ورده لەبەردەم رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگای رۆژئاواییدا ئەو ئایینە رەسمییە ئیفلاسی هێناوەو لەو رۆژەشەوە تا بە ئەمرۆ دەگات هەوڵدان بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی لە رۆژئاوادا (فاتیکان)ی لێ دەرچێ بە تەواوی هەرسی هێناوەو ئەوانەی کە پەیڕەوی ئایینی عیسایی دەکەن رۆژێ لە رۆژان بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەوتۆیان نیشان نەداوە کە پەشێوی ونائارامی لەولاتانی ئەوروپا ورۆژئاوادا دروست بکات .

ئەوەی تا ئێستا گفتوگۆی جیدی لەو بارەیەوە لەسەر دەکرێت ئایینی ئیسلامییە گوایا ئایینی ئیسلامی لەگەوهەردا سیاسەتی لە نێو منداڵدانی خۆیدا هەڵگرتووە،بەمەش پاساوێک دەدەنە خۆیان تا لە پەنای ئایینی ئیسلامەوە سیاسەت بکەن، بۆیە بەکورتی لەسەرئەم خاڵە هەڵوەستەیەک دەکەم هیوادارم بە رێگای گفتوگۆوە بتوانین راستییەکان زیاتر بۆخەڵکی موسڵمان و جەربەزەی کوردستان ئاشکرا بکەین. دیارە ئایینی ئیسلام لەسەرتاوە بۆ محەمەد(ص) دابەزیوە، تا لە رێگای ئەویشەوە بە خەڵکی دیکەی غەیرە موسڵمانی رابگەیەنێ و ئەو خەڵکە غەیرە موسڵمانە واز لەهەر ئایینێکی دیکە بهێنن وئایینی ئیسلام قبوڵ بکەن وخەڵکەکە موسڵمان بێت .

بەهۆی سەختی بارودۆخی ئەوکاتیش محەمەد(ص)بۆماوەی سێ ساڵی رێک ئەو ئایینەی بەنهێنی و بە شێوەیەکی زۆر سنووردار بڵاوکردۆتەوە، کە یەکەمین کەس خەدیجەی هاوسەری بووە، ئینجا ئیمامی عەلی وزید بن حارث و ئەبو بەکری سدیق (ر.خ) لە رێزی پێشەوەی ئەو کەسانەبوونە کە بوونە موسڵمان،لەماوەی ئەو سێ ساڵەشدا تەنها (٦٠) کەس بەنهێنی بوون بە موسڵمان ،ئینجا پەردەی نهێنیان دڕاندووەو بانگی ئاشکرایان بۆ ئەم ئایینە کردووەو لەم پێناوەشدا رووبەرووی زۆر کۆسپ وتەگەرەش بوونەتەوە، بەڵام جێگای سەرنجە نەک هەر تەنها ئەو سێ ساڵەی بەنهێنی ئایینی ئیسلام بڵاوکراوەتەوە، بەڵکو هەموو ئەو سەردەمەی محەمەد(ص) لە مەککە ژیانی بردۆتە سەر کە ١٣ ساڵی وەحی بووە، ئەوپەڕی نەرمی نواندن لە ئایەتەکاندا دەخوێندرێتەوە (لا اکراه فی الدین -البقره٢٥٦) (لکم دینکم





ولی دین -الکافرون ٦) نموونەیەکی بەرچاوی ئەوبۆچوونەیە، ئەو ١٣ ساڵەی کە لە مەککەشدا بووە هیچ پێکهاتەو شێوازێکی دامەزراندنی دەوڵەتی لە ئارادا نەبووە، تا بۆ مەدینەش کۆچی کردووە. دیارە تەمەنی وەحی لە مەککە (١٣)ساڵ بووەو هی مەدینەش تەنها (١٠)ساڵ بووە، بەم پێیەش بەشی زۆرینەی وەحییەکە لە مەککە بووەو بەشی کەمتریش لە مەدینە بووە، لە مەککە (٨٠) سورە دابەزیوەو لە مەدینەش (٣٤) سورە، کە لێرەشدا بەشی زۆرینەکە هەر بۆمەککە دەگەڕێتەوە ، لەماوەی (١٣)ساڵی وەحی لە مەککە هیچ ئایەتێک بەدی ناکەی کە ناوەڕۆکێکی سیستەمیی بەخۆوە گرتبێ، واتە ئەحکام و بنەما یاساییەکان وتەشریع و (الاحکام و الاحوال والمعاملات)ی بەخۆوە نەگرتووە، بەڵکو بەچڕی باسی لە یەکبوون وبەرزی رەوشت وخواپەرستی و .. هتد کردووە .

راستە لەمەدینە قۆناغی دامەزراندنی نەواتێک (النواه) بۆ کۆمەڵگایەکی ئیسلامی دەستی پێکرد، بەڵام سوڵتان یا پادشایەک یا حکومەتێک لەسەر بنەمای دامەزراوەکانی دەسەڵات و ئیداری دروست نەبوو، بەڵکو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی بۆ ئەوە بوو پارێزەری لە موسڵمانان بکات و ، هەروەها پێوەندی تاک بە تاک هەروەها پێوەندی تاک بە کۆمەڵ پتەوتربکات، خواش حاکمی راستەقینەی هەمووجیهان بووەو حاکمیەت تەنها بۆ خوایە (الحاکمیه لله) و(لله ملک السموات والارض- الشوری٤٩) هەروەها بڕوانە ال عمران٢٦ ، الملک ١ ، زۆری تریش ئاماژە بەوە دەکەن کە خوا مالیک ولمولک بووەو پێغەمبەریش (ص)مژدەبەخش ونەزیر بووە (ما نرسل المرسلین الا مبشرین ومنذرین-الانعام٤٨) ئەوەی باوەڕیش بە محەمەد (ص) بهێنێت واتە باوەڕی بە خودا هێناوە (ان الذین یبایعونک انما یبایعون الله- الفتح١٠) .

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوئایاتانەی کە بۆ ئەحکام و تەشریع هاتوونەتەخوار، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە بۆنە (مناسبه)ی رووداوێکی کۆمەڵایەتی هاتوونەتەخوار بۆ چارەسەرکردنی بەسەرهاتەکە، یان بۆ ئەو پرسیارانە دابەزیون کە لە محەمەد (ص)کراون،چ لەلایەن تاکە کەسێکەوە

بووبێت، یان کۆمەڵێکەوە، بۆیە زۆر جاران ئەو ئایاتانەی کە دابەزیون پەیوەندییەکی توندیان بە رووداوێکەوە هەبووە کە ئێستاش بۆ ئێمەی موسڵمان هەقە بزانین هۆکاری هاتنە خوارەوەکە (اسباب النزول) چییە؟

بەم جۆرە کە دەوترێ دەوڵەتی مەدینە، واتە حکومەتی محەمەد(ص) کە لە بنچینەدا حکومەتی خوابووە، لەسەر بنەمای ئەوشەریعەتەی کە بۆ محەمەد(ص) تیایدا حاکمێکی نێردراو بووە لەلایەن خواوە،محەمەد(ص) هەر شتێکی کردبێت لەلایەن خواوە پێی راگەیەنراوە، لەخۆیەوە هیچی نەکردووە،ئەمەیان خاڵێکی زۆر گرنگە کەدەبێ باش لێی وردبینەوە، بە کۆچی دوایی پێغەمبەریش(ص) حکومەتی خوا تەواوبووە، هەروەکو محەمەد سەعید العشماوی دەڵێت(حکومەتی خەڵک) لەسەردەمی خەلیفە راشدینەکان دەستی پێکرد، پێش ئەوەی بچینە سەر سەردەمی راشدینەکانیش ئەم چەند دێرەی خوارەوە دەنووسین: لە قورئاندا بە هیچ شێوەیەک باسی دەسەڵات (السلطه) نەکراوە، هەروەها هیچ تێروانێکیش سەبارەت بە دەوڵەت بەدی ناکەی، ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆ حزبە سیاسییە ئیسلامەوییەکان**.

پێغەمبەر ئەوماوەیەی کە نەساغیش بووە،هیچ کەسێکی بۆ جێگەی خۆی رانەسپاردووە؟ ئەمەش پرسیاری جۆراوجۆر هەڵدەگرێت،ئایا دڵی بەکەس ئاوی نەخوادۆتەوە؟ یان نەیویستووە لەدوای خۆی کەسێکی تر ئەو(موهیمەیە) وەربگرێت،چونکە ئەو کەسە پێوەندی لەگەڵ خوا نامێنێ و، ئەوەی پێوەندیشی لەگەڵ خودا نەمێنێ هەڵبەت هەڵەش دەکات .

هەروەک لەسەردەمی محەمەد(ص) خودی خەلیفە راشدینەکانیش کەوتوونەتە بەر رەخنەی پێغەمبەر بە تایبەتی ئیمامی عومەرو عوسمان (ر.خ)***

ئەوەی سەرەوە دەروازەیەکی بچووک بوو بۆ هەندێ خاڵی دیکە کە دەمەوێ باسی بکەم، بۆچی زۆربەی بزاڤە ئیسلامەوییە سیاسییەکان ناوێکی وەکو حزبی ..ئیسلامی لەخۆیان ناودەنێن ،ئایا دەکرێ و گونجاوە(وشەی حزب لەگەڵ وشەی ئیسلامی تێکهەڵبکێشرێ، وەک ئێستا بزاڤە





ئیسلامەوییەکان دەیکەن؟ باشە دەبێ مەبەستیان چی بێ لەو ناو یەکتری گرێدانە؟ دیارە بەپێی (لسان العرب)ی ابن منظور حزب کۆمەڵێک لە خەڵک دەگەیەنێت، کۆی ئەحزابە، ئەحزابیش واتە سەربازە کافرەکان، ئەو سەربازە کافرانەی کە لە دژی پێغەمبەر (ص)شەڕیان بەرپا دەکرد، بوونی وشەی (حزب)یان (ئەحزاب) لە قورئاندا هەرگیز مانای بوونی حزبی سیاسی رێکخراوەیی خاوەن قەوارەیەکی یاسیایی و دەستووری سەربەخۆ ناگەیەنێ، هەروەها مانای دەستاو دەستکردنی ئەوزاراوەیەش ناگەیەنێ کەلە بیری سیاسی و یاسایی دەستووری وکۆمەڵناسی سیاسیدا هەیە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە وشەی ئەحزاب لەقورئاندا تەنها بۆ زەم بەکارهاتووە ، وشەی(حزب)یش کە (کۆ-جمع)نیە هەندێ جار بۆمەدح وهەندێ جاریش بۆ زەم بەکارهاتووە .

وشەی ئەحزاب لەلایەن موسڵمانان، مایەی رق لێبوونەوەیە، چونکە یەکەمین سەردەمی موسڵمانان دێنێتەوە یاد کە ئەحزاب ئەوانەبوون دوژمنایەتی پێغەمبەر(ص)یان دەکرد، بۆیە دروستکردنی گروپێکی ئیسلامی بەناوی حزبی ئیسلامی هیچ پاساوێکی بۆنیە، بە تایبەتی ئەو حزبە لە نێو کۆمەڵ وکۆمەڵگایەکی موسڵماندا دروستکرابێت، دروستکردنی هەر گروپێک و رێکخراوێکی ئیسلامی ئەگەر دروستیش بکرێت، دەبێت بۆ ئەوە بێت خەڵکی غەیرە موسڵمان بکات بەموسڵمان ، نەک خەڵکی موسڵمان و ئایینپەروەر،ئەمەش باسی دەکەم ئەوە سەرەتاکەی دەرکەوتووەو زۆر حزب و ئەحزابی ئیسلامەوی بیریان لەوە کردۆتەوە وشەی ئیسلامییەکان هەڵبگرن، چونکە ئەو حزبانە سیاسەت دەکەن، نەک ئایین بڵاوکردنەوە، بەتایبەتی ئایین بڵاوکردنەوەش لە کوێ؟ لە نێو کۆمەڵگایەکی تەواو موسڵمان؟ ئەوەتا لە جەزائیر (حرکه المجتمع الاسلامی ) بوو بە (حرکه المجتمع السلم) هەر لەوێ (الجماعە الاسلامیە) بوو بە (حرکە النهضە) لە لوبنانیشدا (الجماعە الاسلامیە) بوو بە (حزب النهضە) ،پاشان لە کۆنگرەی گشتی کەلە ساڵی ١٩٩٨ بەسترا ناوی لێنرا (الاصلاح) ئەمە لە ئوردن و، لە تونس (حرکە الاتجاە الاسلامی)بوو بە (حرکە النهضە) دوایش پاش رووداوەکەی ساڵی

١٩٧٨ چووە ناو (الاتحاد العام للشغل). زۆر شوێنی دیکەش ئەو گۆڕانەیان بەسەردا هاتووەو چاکیشیان کردووە، چونکە چ پێویستیەک بەوە هەیە خەڵکی موسڵمان لە ڕێگەی ئایینەوە بەسیاسی بکەی وئایین بە سیاسەت بکەین؟!

لە کوردستانی خۆشماندا بەر لەوەی ئەو حزبە ئیسلامەوییانە دروستبن، هەزاران مەلاو فەقێمان هەبوون وهەن کە ڕۆڵی (واعظ) یان بینیوەو دەبینن و، خەڵکی لە هەموو کارێکی خراپ هۆشیار دەکەنەوە بێ ئەوەی بیکات بە مرۆڤێکی سیاسی ، کە پێویستیمان بەوە نیە، چونکە زۆر حزب و ڕێکخراوی دیکەی سیاسیمان هەبوونەو هەن بۆ بەرژەوەندی گەل و نیشتمان و بۆپاراستن و داکۆکیکردن لە کەرامەتی کورد قوربانی زۆریان داوەو دەیدەن، لەم ڕووەوە مێژوویەکی خوێناویشمان بەجێهێشتووە کە بەداخەوە کاک عومەر عەلی غەفوور بە حزبەکەیشی ئەو سەروەرییەیان بۆ خۆیان تۆمار نەکردووە!!! لێرەوە بێ ئەوەی هەندێک لە دەقی نووسینەکانی کاک عمر عەلی غەفوور بهێنمەوە ڕاستەوخۆ گفتوگۆیەکی فیکری لەگەڵ بۆچوونەکانی دەکەم ، چونکە نامەوێ بچمە نێو هەندێک شتی وردەکاری وەها کە بۆئەمڕۆ سوودی نابێت .

پرسیارێکی مەنتقی لە کاک عومەر دەکەم، باشە ئەگەر مێژووی زیاتر لە ١٣٠٠ ساڵی بزاڤە ئیسلامەوییەکان(جگە لەسەردەمی پێغەمبەر(ص)و ،خەلیفەکانی ڕاشدین) بە نائومێدی و ڕەشبینی لە قەڵەم بدەیت وبڵێی (مێژوویەکی گەشبینی بەخش نییە) دەبێ ئەو حیکمەتە چی بێ بتوانێ مێژووی (١٣٠٠) ساڵ ڕاستبکەیتەوەو گەشبینی بخەیتەوە ناو خەڵک؟ بۆچی؟ چما ئەو هەموو شەڕو شۆڕە دژوارانەی بە درێژایی مێژووی ئیسلام «جگە لە سەردەمی محەمەد(ص)» بەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینیشەوە بەتایبەت سەردەمی ئیمامی عوسمان وئیمامی عەلی لەسەر ئایینی ئیسلام بووە، یان لەسەردەسەڵات بووە، ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە هەر دوو لایەنی بەشەڕهاتوو موسڵمان وئایینپەروەر بوونە، بەڵام کێشەکە کێشەی دەسەڵات بووە،ئەگەر وانەبووە دەپرسم طلحە و زوبێرو عائیشە موسڵمان





بوون یان ئیمامی عەلی وهاوکارانی ؟! یان با بپرسم لەم هەموو شەڕو شۆڕەی ئیسلامەتیدا، کامە شەڕ لەسەر ئەوە بووە کە لایەنێکیان ئیماندارن و ئەوەی تر نائیماندار؟! خۆ ئەگەر باسی خیلافاتەکانی خۆشمان بکەین پرسیار زۆر هەڵدەگرن..!!!

کاک عومەر دانی بەوە داناوە (ڕووبەرێکی بەرچاو لە تەیاراتی ئیسلامی هێشتا هەزمی بیرۆکەی فرە لایەنانییان لە بواری فیکری وسیاسیدا نەکردووە، ئەمەش مەترسی ئەوەی لای دەورووبەر وناوەندە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات کە ئەمانە کار لە پێناو گێڕانەوەی حوکمی دەوڵەتی شمولی و نادیموکراسییانە دەکەن) .

کاتێک باسی هەر مەسەلەیەکی فیکری یا کۆمەڵایەتیش دەکرێ، باشتر وایە بچینەوە سەر دەقە پیرۆزەکانی قورئان کە فەرموودەی خوان،ئینجا فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص)، لەهەموو قورئاندا هەر لە سورەتی (الفاتحە) تا دوایین سورە کە سورەی (الناس)ە ئایەتێک نادۆزیتەوە باسی لە دیموکراسی کردبێت ، لە کاتێکدا دیموکراسی هەزار ساڵ پێش ئایینی ئیسلام لە ئەسینای یۆنانی هەبووە، لەسەردەمی پریکلیس دا پیادەش کراوە، زۆربەی هزرڤانە موسڵمانەکانیش، دیموکراسی و فرە سیاسی لە ئایینی ئیسلامدا دەگەڕێننەوە سەر چەند خاڵێک کە ئەمانەن:

١- هەندێک کۆمەڵەو گروپی ئیسلامەوی کۆبوونەوەی (السقیفە) بە فرە سیاسی لەلایەک ، دیموکراسیش لەلایەکی تر دادەنێن، بەو پێیەی سێ بۆچوونی جیاواز هەبووە بۆ دانانی خەلیفە کە بەم شێوەیە بوون: لایەنی ئەبوبەکری سدیق وعومەری کوڕی خەتاب(ر.خ)، لایەنی سەعد کوڕی عەبادەو ئەنصارەکان،لایەنی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب (ر.خ) .

٢-هەندێکی دیکە دەیگەڕێننەوە بۆ ئەو ڕاسپاردەیەی ئیمامی عومەر کە (٦) کەسی دەستنیشان کرد تا لە نێو ئەو (٦) کەسە یەکێک هەڵبژێردرێ.

٣- هەندێکی تر دوای کوشتنی ئیمامی عوسمان کە بە (الفتنە الکبرێ) دادەنرێ دادەنێن .

٤-کۆمەڵەیەکی دیکەش سەردەمی خەلافەتی عەلی بە باشترین

دیموکــراسی وفــرە ســیــاسی دادەنێن بە تایبــەتی کــە (خــوارج)ەکــان بەرهەڵستکاربوون.

بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە جێگای سەرنجە ئەوەیە، ئێمە لە هەموو شتێکدا دەبێ پشت بە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر ببەستین، واتە دەقە پیرۆزەکان کە قورئان و حەدیثە، ئیتر ئەوانی دیکە ئیجتیهاداتی تێکەوتووە، لەسەردەمی پێغەمبەریش نەفرە حزبی و نەفرە سیاسی ونەدیموکراسیەتیش نەبووە، چونکە ناکرێ یەکێک پێغەمبەر بێت و جۆرە راوێژێکیش بە خەڵکیبکات وەک بڵێی گوێڕایەڵی خەڵکەکە بێت، یا لەرێگای دەنگدان و هەڵبژاردنەوە لە پێغەمبەرایەتیەکەی خۆی بەردەوام بێت هەر راوێژێکیشی کردبێت ئەگەرئایەتی بۆ نەهاتبێتە خوارەوە پەسندی نەکردووە، با ئەوەش بەکاک عومەر بڵێم چی بزاڤی سیاسی ئیسلامەوی هەیە، ٨-٩-١٠ ساڵێکە باسی دیموکراسی وشتی لەم بابەتانە دەکەن، ئەی باشە ئەو ١٤٠٠ ساڵەی بۆ کوێ دەبەی؟! ئینجا کە (عمر)باسی فیکری شمولی دەکات، من دەیان بەڵگەی زیندووم بەدەستەوە هەیە کە لەخودی رۆژنامەی (یەکگرتوو) هەروەها بلاوکراوەی (هۆشیاری) جەختیان لەسەر فیکری شمولی کردۆتەوە وتەنانەت داوای ئەوەشیان کردووە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیندوو بکەنەوەو با کوردیش ئیمپراتۆریەتێکی فراوانی هەبێ؟! ئەی ئەگەر ئەمە فیکری شمولی نەبێ دەبێ چی بێت؟!

ئەگەر وا دابنرێ کە ئایینی ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بریتی بووە لە سیاسەت، ئەوا ئێمە خۆمان بە هەڵە دەبەین،هەروەکو لەسەرەوەش باسمکردووە کە ئایینی ئیسلام بۆ خواناسین و باوەڕهێنان بە فەرموودەکانی خواو پێغەمبەر(ص)بووەو، تەمەنی پێغەمبەرایەتی محەممەد(ص) لەمەککە باشترین نموونەیە، ئەمە لەلایەک ولەلایەکی تریشەوە هەموو ئەو شەڕو شۆڕە دژوارانەی کە لەسەردەمی راشدینەکانیشەوە تا دەگاتەئەمەوی وعەباسی و .. تەنانەت تا دەگاتە ئەوهەموو بزاڤەی گوایا بەناوی ئیسلامەوە سیاسەت دەکەن، لەسەر ئەوە شەڕیان نەکردووە کە یەکێکیان موسڵمان بێت و ئەوی تر غەیرە موسڵمان، باشترین نموونە لەسەردەمی راشدینەکان شەڕی (جەمەل)ە،





بۆیە ئەگەر ئایینی ئیسلام هێندە بە سیاسەت نەکرابایە، بە هەقیقەت ئەم هەموو خوێن رێژییەی نێوان موسڵمانان دروستنەدەبوو، باڵی شیعەو سوونەش نەدەهاتە ئاراوە، ئەمڕۆش لە ولاتێکی وەکو ئەفغانستاندا بەدەیان هەزار موسڵمان لە هەر دوو لایەنی نەیاردا نەدەکوژران و ولاتەکەشیان کاول نەدەبوو .

ئەگەرئایین لە دوای پێغەمبەر(ص) تێکەڵ بە سیاسەت نەکرابایە، ئەبوزەر ئەلغەفاری لەسەردەمی راشدینەکان ئاوارەو دەربەدەر نەدەبوو!!!، هەروەها ئیمامی مالک و ئیمامی حەنەفی وئیمامی شافعی و حەنبەلی رووبەرووی ئازارو ئەشکەنجەو گرتن ولێدان و کوتان نەدەبوونەوە!!!، نموونەی وا گەلێک زۆرن کە لەوەتەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە سیاسەت کراوە ئەم ئایینە زۆرترین باجی داوەو زۆرترین زیانی بەخەڵکی موسڵمان گەیاندووە هەرپاساوێکیش بۆ تێکەڵکردنی ئایین وسیاسەت، مانای درێژەدانە بەو هەموو زیان و نەهامەتییەی کەبەخەڵکی موسڵمان گەیشتووە .

ئەگەر بزاڤەکانی ئیسلامەوی سیاسی خۆیان بەهەڵگری ستراتیژی ئیسلام بزانن وەک کاک عومەر دەڵێت، نازانم چ مەنتقێک لەوەدایە موسڵمان برای موسڵمان بکوژێت کە لە قورئانیشدا بە توندی رێگەی لێ گیراوەو ئایەتی بۆ هاتۆتە خوارەوە؟!، ئینجا ئەپرسم ، هەڵگری ستراتیژی ئیسلام لە کوێ؟ لەناو موسڵمان، کە مەلاو شێخ و فەقێ و دونیایەک پیاوی دیندارمان هەن؟ بزاڤە سیاسییە ئیسلامەوییەکان هەڵگری ستراتیژی ئیسلامیین یا ئەو مەلا ئایینپەروەرانەی لە رۆژانی هەینی لەسەر مینبەری مزگەوت باسی چاکەو خراپەو بلاوکردنەوەی ئایینەکەت بۆ دەکەن، قەت پەناش نابەنە بەر سیاسەت و، سیاسەت ناکەن؟!!!

ئەگەر رێ بەوە بدرێت بزاڤە ئیسلامەوییەکان بگەنە دەسەلات بزانین چ پرۆژەیەکیان پێیە ،پێم وایە پرۆژەکەی ئەوان دیارە، لە خیتابی سیاسییان، لە هەڵوێستی سیاسی و نەتەوەییان، لە زۆر شتی گرنگ کە ئیدعای بۆ دەکەن،خۆ لەزۆر ولاتیش گەیشتنە دەسەلات بەڵام بینیمان چییان کرد!!!

ئیخوان کە ئێستا پەلوپۆی بۆ زۆر ولاتی عەرەبی هاویشتووە ، دەزانین

چۆن بە پاڵپشتی بەریتانیا بۆ یەکەمجار لە پاکستان هاتنەسەر حوکم وکەهاتیشن دیارە چۆن خەڵکەکەیان لەناوهەژاری ونەزانیندا تواندەوەو دەیان ساڵ بوو ژەنەڕالەکان حوکمیان دەکرد. بزاڤە ئیسلامەوییەکان کە ئەفغانستانیان کەوتە دەست، لەبەرچاومانە چیانکرد؟! هەڵوێستی ئیخوان لە میسریش لە سەردەمی عەبدولناسردا بەرچاوە هەندێک وڵاتی تریش لەخۆمان نزیکن دەزانین وەزعیان چۆنە... هتد. بۆیە پێویست ناکات بەم شێوەیە تاقیبکرێنەوە،چونکە تاقیکراونەتەوە، نەخوازە کاک عومەر خۆیشی دانی بەوە ناوەو (تەیاراتی ئیسلامی لەبەر زۆر هۆکار هێشتا وەک پێویست هەزمی بیرۆکەی فرە لایەنی نەکردووەو لای هەندێک لەو تەیارانە دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی شمولیی یەک دەسەڵاتییە) دیارە وەک لەسەرەوە ئاماژەم بۆ دەوڵەتە شمولییەکە کردووە لەسەر خودی خۆیان جێبەجێ دەکرێ، ئەگەر کاک عومەریش نارەزایی پیشانبدا ئامادەم هەندێک لە دەقی نووسینەکانی خۆیان بە نموونە بهێنمەوە ، ئینجا دەپرسم باشە کە (مەرجەعیەتێکی مێژوویی ئیسلامی لەبەردەستدا نەبێ کەتێیدا دەسەڵات بە پێی میکانیزمێکی ئاشیتانە ئاڵوگۆڕ کرابێ)، پێویست بەوە دەکا بزانرێ چ پرۆژەیەکیان پێیە؟ ئەمە (تناقضات)ێکی گەورەیە کەکاک عومەر تێی کەوتووە، لەلایەک مێژووی ١٣٠٠ساڵ ئیسلامەتی رەش دەکاتەوە، لەلایەکی تریش خۆی کردووە بە پەپوولەی ئاخیر زەمان؟ ئەمەیە بانێک و دووهەوا، چ(ضمان) ێک هەیە کە ئەوان (مەهدی مونتەزەر)ن و رزگارکەری جیهانن؟!!!

لەکۆتاییدا تەنها ئەوەندە دەڵێم بزووتنەوەی (حەماس) کە هەمیشە خۆی وا دەنوێنێ،دوژمنی سەرسەختی جوولەکەیە، کەچی وا وردەوردە دەردەکەوێت کە ئەو بزووتنەوەی (حەماس)ە کەزۆر توندڕەوە گوایا ، کەچی لەژێرەوە پەیوەندی لەگەڵ جوولەکە کردووە، چ لەو کاتەی کە شێخ (ئەحمەد یاسین)لە گرتووخانەبوو، چ دوای ئەوەی ئازاد کراوە وتویەتی (حەماس ئامادەیە- هدنە- یەک لەگەڵ ئیسرائیل بۆماوەیەکی دیاریکراو ببەستێ ) د.محمود الزهار کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی (حەماس)ە دەڵێت پێوەندی نهێنی





حەماس و ئیسرائیل لە غەزە تەواو بوو کەتیایدا شمعون پیریزی وەزیری دەرەوەی ئەوکات بەشداری تێدا کرد****، هەروەها دواتریش ئیسحاق رابین، ئەمەش پرسیاری زۆری هەڵدەگرێت وبا وەڵامەکەشی لای هەریەکێکمان بە جۆرێک بێت...

***پەراوێزەکان:***

* بابەتەکەی عومەر عەلی غەفوور لە حەفتەنامەی گوڵان ، ژ٢٤٠،/١٩٩٩ ٨/٢٦ ، بەناونیشانی (سروشتی پەیوەندی ئاین و سیاسەت ...پتر لە رایەک)بڵاوکراوەتەوە .

** وەنەبێت ئەو زاراوەیە شتێکی تازەو نوێ بێت محمد ئارگۆن بە بەردەوامی بەکاری دەهێنێت و هەندێ جار ناونیشانی بابەتەکەیشی پێ دەڕازێنێتەوە، وەک(الحركات الاسلامويە -قراءە اوليە) ، گۆڤاری الوحدە، ژ٩٦، ساڵی ١٩٩٢ .

هەروەها (اوليفيە روا)ش ئەو زاراوەیەی زۆر بەکارهێناوە بە تایبەتی لەکتێبی (تجربە الاسلام السياسی) وزۆری دیکەیش .

*** بڕوانە هادی علوی،فصول من تاريخ الاسلام السياسی ، ل ٢٠ .

**** بزووتنەوەی حەماس هەمیشە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بزووتنەوەیەکە بە توندی دژی ئیسرائیلە و هەرکاتێکیش (راف) وتووێژی لەگەڵ ئیسرائیل کردبێ ،ئەوا حەماس کاردانەوەی توندی هەبووەو زۆر جاریش پەنای بردۆتە بەر تیرۆرو تەقاندنەوەی دام ودەزگاو ..هتد کەچی وا وردەوردە ماهیەتی ئەویش دەرکەوت .

# پاکستان
# بەهۆی سیستەمی سەقامگیری ئیسلامی ژەنەڕالی، ئۆلیجارکی، ناسنامەی نەتەوەیی لەدەست داوە

هیند کە بە (نیمچە کیشوەری هیندی) دەناسرا، دەوڵەمەندترین شوێن بوو لەجیهانی کۆندا، کەتیایدا سامانێکی بەرفرەی لەکەرەستەی خاو و بەردی پیرۆزو و بەنرخ و مەعادنی گرانبەهاو بەهارات (التوابل) و چەندانی دیکە لەو کەرەستەو پێداویستییانەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لێی دەستکورت و هەژار بوون، هەبوو بەتایبەت ئەوروپا.

وشەی (هیند) تەنها بەمانای دوڕی تاجی بەریتانی نایە، بەڵکو هەر تەنها باسکردنی، یا ناوهێنانی ئەم وشەیە (هیند) لیکاوی لەدەمی هەموو ئەوروپییەک دەهێنایە خوارەوە، لەبەر ئەمەیە، بەدرێژایی چەندین سەدە وڵاتانی داگیرکەری ئەوروپی، بەردەوام لەپێناوی دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچەو شوێنانە درێغییان نەکردووەو هەریەکێک لەو ئیستعمارانەش هەوڵی





ئەوەیان داوە، پارووەک چەورترو زۆرتریان دەست بکەوێت. بەم پێودانگە، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ململانێی سەخت و مساوەمەش لەگەڵ یەکتری و ڕێککەوتن و هاوکاری لەنێوان وڵاتە داگیرکەرەکاندا لەسەر خاکی پڕ بەهاو پڕ بەرهەمی هیندی دروست بووە. لە ئەنجامیشدا، بەریتانیا توانی بەهۆی ئەو ململانێیەوە بەرفراوانترین خاکی بەپیت لە نیمچەکیشوەری هیندو هەروەها هەندێکیش لەناوچەی دەوڵەمەندی دیکە، کە دراوسێی هیندییەکان بوون، داگیر بکات، وەک بۆرماو سیلان (سریلانکا) و مالیزیاو سەنگافورەو هونگ کۆنگ. فەرەنساش هێندێ ناوچەی کەمێک دوورتری خستە ژێر چنگ و دەسەڵاتی خۆی، کە بە هیندو چین ناودەبردرا، ئێستا ڤێتنام و کەمبۆدیایان پێ دەوترێ. هۆڵەندەش دەستی بەسەر ڕۆژهەڵاتی هیند داگرت، کە ئێستا ئەندەنووسیای پێ دەڵێن.

بەم شێوەیە، هیند، بەموستەعمەرەی بەریتانیا مایەوەو، سووپای هیند لەژێر رکێفی بەریتانیا کاری پێ دەکراو دەنێردرایە مەیدانی جەنگ و، بەریتانیا توانی لەهەردوو شەڕی گەورەی جیهانی، سووپای هیند بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بەکاربهێنێت. لەشەڕی جیهانی یەکەم، شەڕی میسرو دۆڵی ڕافیدەین و فەلەستینی پێ کردو، لەهی دووەمیش شەڕی بیابانی گەورە (صحراء الكبرى) و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپایشی پێ کرد.

ئا بەم جۆرە، هیند بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەژێر دەسەڵاتی بێگانەو لەبارودۆخێکی فرە دژواردا دەژیا، دانیشتوانەکەیشی ئارەزووەکانیان بۆ نەهاتەدی و...و...و ئیتر هیند لەوڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندەوە، بووبە وڵاتێکی گەل هەژارو دواکەوتوو، خاکەکەیشی کرا بە گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئەو کۆمەڵە نەتەوەو ئایینیانەی کە تیایدا دەژیان.

شەڕو ململانێی نێوان نەتەوەو ئایینییەکان درێژەی هەبوو، تا بەهۆی بەردەوامی شەڕەکە بە هەزاران ڕۆڵەی خۆیانیان لەسەرداناو، چەندین ملیۆن کەسیش ئاوارەو دەربەدەربوون و ناکۆکی و ڕق و کینەی کۆمەڵایەتیش زۆر قووڵ بووەوە و پەرەی سەندو، ئەو شەڕو وێرانکارییە وای کرد دوای

وەدەستهێنانی سەربەخۆیی هیند، لێرەو لەوێ دەنگی بەرزونەوی سەرهەڵبدات، کە داوای دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی بکەن. هەرچەندە وەک (تاریق عەلی) باسی لێوەدەکات، پێش دابەش کردنی هیندستان، لەناو ئەو موسڵمانانەی کە نیشتەجێی هیندستان بوون، دووبەرەی لێکجیاواز هەبوو، بەرەی ڕووناکبیری ئۆرستۆکراتە زەویدارەکان، کە هەم ئینگلیز پاڵپشتی دەکردن و هەم ئەوانیش پشتیوانی ئینگلیزیان دەکرد، بەرەکەی تر، بەرەی پارێزگاران بوو کە لەگەڵ بزاڤی سەربەخۆیی هیندستاندا هاو ئامانج بوون. حزبی کۆنگرەی هیندیش کە (ئەلمەهاتما غاندیی) زەعیمی رووحی هیندستان، سەرکردایەتی دەکردو پەرۆشی هیندستانێکی یەکگرتوو بوو، بۆیە لەدژی هەموو بیرو بۆچوونێکی جودا خوازی ئیسلامی وەستا، بەڵام ناکۆکی ئایینی لەوەقووڵ تر بوو، تا بتوانرێ چارەسەربکرێت، بەتایبەت کە ئینگلیزەکان بەپێویستیان زانی لەبەرامبەر ئەو ناوبانگ و پەرەسەندنەی حزبی کۆنگرە، حزبێکی ئیسلامی دروست بکەن، کە ئەو حزبە ئیسلامیە لەلایەن ئینگلیزەوە هەموو جۆرە پاڵپشتی و داکۆکییەکیش بکرێت. ئەوەبوو حزبێکی ئیسلامیان بەناوی یەکگرتووی ئیسلامی وەک نوێنەری هاوپەیمانێتی نێوان ئۆرستۆکراتە زەویدارە موسڵمانەکان و بەرپرسە ئینگلیزەکان دامەزراندو، ئیدارەی ئینگلیز وردە وردە ئیستغلالی ئەوەی کرد کە ئیتر موسڵمانەکان ناتوانن لەگەڵ غەیرە موسڵمانەکاندا بژین. ئا بەو جۆرە ختووکەی موسڵمانەکانیانداو ئەستەم بوو ئیتر موسڵمان و هیندۆک لەسێبەری یەک دەوڵەتی فرە نەتەوەو ئایین جودایی دا بژین. حزبی کۆنگرەی غەیرە موسڵمانیش (ئەگەرچی خەڵکێکی موسڵمانیش لەناوی دا ئەندام بوون) چەندی خۆی هێناو برد، نەیتوانی بەسەر ئەو هەستەی زۆرینەدا زاڵ بێت کە داوای جیابوونەوەی خۆیان لەهیندستان دەکرد. واتە حزبی کۆنگرە نەیتوانی هەموو کۆمەڵ لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. بەتایبەت موسڵمانەکان کە لەو کاتەوەی مەغۆلە موسڵمانەکان (٤٠٠) چوار سەد ساڵ فەرمانڕەوایی هیندستانیان کرد بوو، توانیبوویان لەڕێگای پادشا





موسڵمانەکانی مەغۆلەوە، ئەو (٤٠٠) چوارسەد ساڵە حوکمڕانێتی هیندستان بکەن. ئینگلیزەکانیش ئەو واقیعە ڕاست و دروستەیان زۆر باش دەزانی، بۆیە هەوڵی زۆریان بۆ کەرت بوونی هیند دەدا.

تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی یەکێکی وەکو محەمەد عەلی جناح (١٨٧٦ ـ ١٩٤٨) کە نازناوی (القائد الاعظم)ی لەخۆی نابوو، بەبیانووی نارەزایی لەسەر (العصیان المدنی) کە غاندی بەرزی کردبووەوە، وازی لە حزبی کۆنگرە هێناو، بۆ ماوەیەکیش وازی لە سیاسەت هێناو دانیشت، بەڵام ماوەی دانیشتنەکەی زیاتر لەکارێکی تەکتیکی دەچوو، چونکە هێندەی نەبرد لەنێو حزبی یەکگرتووی ئیسلامی گیرسایەوە کە ئینگلیزەکان پاڵپشتی ئەو حزبەیان دەکردو، جەناح بەپاڵپشتی ئینگلیز دەستی بەکاری سیاسی خۆی کردو، ملیۆنان کەس لە موسڵمانە هەژارەکان کە خەونیان بە داهاتوویەکی باشتری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبینی، پشتگیریان لە محەمەد عەلی جناح کردو، وایان دەزانی ئەو دەوڵەتەی کە ئەوان خەونی پێوە دەبینن و حکومەتی داگیرکەری بەریتانی لێیانی قەدەغە کردووە، کە ئازادی تاکە کەسی مسۆگەر دەکات، جەناح و حزبەکەی حزبی یەکگرتووی ئیسلامی دەیهێننە دی!!!

ئیتر ململانێ لەپێناوی سەربەخۆیی هیند، لەڕێگای حزبی کۆنگرەو سەرکردەی میللی غاندی لەلایەک و، سەرهەڵدانی کێشەی ئایین جودایی لەنێوان موسڵمانەکان کە زۆرینەی ڕەهای هەردوو بەشەکەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هیند (بەنگلادیش و پاکستانی ئێستا)بوون، بەفیتی ئینگلیز، وەک تۆڵەکردنەوەیەک لەغاندی لەلایەکی ترەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تاوی دەسەند. نەخاسمە لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە، کاتێ (غاندی) سەرکردایەتی بزاڤی (العصیان المدنی) دەکردو شۆڕشی جەماوەری پەرەی دەسەندو، هوشیاری ڕزگاریخوازی لەگەرمەی شەڕی یەکەمی جیهان گەشەی کردبوو، لەنێوان هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیشدا، ئەم هوشیاریە بەتەواوی بەرز هەڵچوو بوو. حزبی کۆنگرەی هیندی سەرکردایەتی بزاڤی سەربەخۆیی و ڕزگاریخوازی بەیەکپارچەیی وڵاتەکەی دەکردو، هەموو ئەوانەی داوای سەربەخۆییان بۆ هیند دەکرد، چووبوونە ژێر باڵی حزبی کۆنگرەی

هیند، کە دەتوانین بڵێین لەهەموو ئایین و کەمایەتییەکانیشەوە پێکهاتبوون، لەپێناوی ڕزگارکردن و سەربەخۆیی کردنی هەموو هیند لەژێر چنگی بەریتانیا. بۆیە بەریتانیا ویستی (وەک کردی) حزبێکی ئیسلامی لەبەرامبەردا دروست بکات وپشتگیریشی لە دامەزراندنی ئەو حزبە کرد، وەک لەسەرەوە ئاماژەم بۆی کردووە، نەخاسمە شەڕی دووەمی جیهانی و دوای شەڕی جیهانی دووەمیش، ئەم هەموو شەڕو شۆڕە پڕ لەکوشت و بڕین و ململانێی دژوارو سووتاندنی شارو گوندو کێڵگەو کارگەو... هتد بەهۆی ململانێی ئاینییەوە بەرپابوو، ئەم هەموو کارەساتە جەرگبڕە وایکرد خەڵکە موسڵمانەکە بەلای بیری ئیسلامی و حزبی ئیسلامی دا بچێت، بەتایبەت لەنێو گەرمەی ئەو هەموو ناکۆکی و شەڕو شۆڕەی کە باسم کردو لەدوای شەڕی دووەمی جیهانیش، بەریتانیا زۆر بەوردییەوە دەیڕوانییە هەموو ڕوداوێک کە لە هیند ڕووی دەداو، گوێشی لە هەموو ڕاوێژێک دەگرت و موتابەعەی هەموو قسەکەرێکیشی دەکرد، چونکە بەریتانیا هەزارو یەک هۆکاری بۆ ئەو گرنگیی پێدانەی دەهێنایەوە، کە بەشێکی فراوانی هۆکارەکانیشی لە ترسەوە بوو، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی سەرۆکی حزبی کرێکارانی بەریتانیا (میجر ئەتلا)کە هاوکات سەرەک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیاش بوو، لەناکاو لەناو هۆڵی پەرلەمانی بەریتانیا، بێ ئەوەی هیچ زەمینەیەکی بۆ ڕەخسێندرابێت، ئاشکرای کرد کە بەریتانیا هیند بەجێ دەهێڵێت.

کاتێک پرسیاری ئەو بەجێ هێشتنە شیان لێ کرد، کە چۆن ئەو بڕیارە دەدەیت کە بەریتانیا دەست لەو دوڕی تاجە هەڵبگرێت، (میجر ئەتلا) وتی ( ئەگەر ئەو کارە نەکەین، لەنیوەی ڕێگا ڕوو بەڕووی مەترسی دەبینەوە). ئەم هەڵوێست و بۆ چوونەی ئەتلا بەچەندین جۆر لێکدرایەوە، هەندێک وای بۆ دەچوون، مەبەستی (ئەتلا) لەو مەترسی نیوەی ڕێگایە ئەوەیە کە هیندیش وەک وڵاتە پان و پۆڕە دراوسێکەی (چین) پاڵێوراوە کە حزبێکی کۆمۆنیستی زۆر بەهێزی لێ دروست ببێت، کە بەحەتمی دەسەڵات دەگرێتە دەست. بەتایبەتی کە گەلی هیندیش لە زۆر ڕووەوە تەواو لە گەلی چین





دەچن، شێوەیان، چڕی دانیشتوانیان، هەژاری و دواکەوتووییان، گیروگرفتی کۆمەڵایەتییان و فرەئایینییان و مێژوویان و...و...و... هەموو ئەمانە هەردوو وڵاتیان پاڵاوتبوو کە کۆمۆنیزم تیای دا سەربکەوێت، بەتایبەتی کە چین لەسەر سنووری هیند بوو، زۆر مەترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو (ماوتسی تۆنگ) بخشێت و سووپای میللی چین بگاتە هیند، چونکە هەموو پێشبینی و ئاماژەکاری وئامادەکارییەکان، ڕووخاندنی (چین) یان بەکوتەکی کۆمۆنیستەکان دووپات دەکردەوە، وەک ئەوەی ئەم کارە حەتمییەو، بیانەوێ و نەیانەوێ، هەر ڕوو دەدات. بۆیە وەک دەڵێین زەرەر لەنیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە، بەریتانیاش جێهێشتن و سەربەخۆیی هیندستانی بەلاوە قازانجتربوو، لەمەترسی گەورەی گواستنەوەی بەرەو سەرەڕۆیی و بەتایبەتی کۆمۆنیستی (ئەمە بەپێی دیدو بۆچوونی حکومەتی بەریتانیا). چونکە سەربەخۆیی هیند ئەو مەترسییەی بۆسەر بەریتانیاو ڕۆژئاوا نەدەبوو بەقەد ئەوەی سیستەمێکی کۆمۆنیستی لێ دابمەزرێ، (میجر ئەتلا) ڕاستیشی بۆ چووبوو.

بۆچوونێکی دیکەیش هەبوو، گوایا (ئەتلا) بۆیە ئەو بڕیارەی داوە، چونکە هیند دواکەوتووەو پێنەگەیشتووەو لەنێو کۆمەڵێک ململانێشدا گینگڵ دەدات، بۆیە ئەگەر بەریتانیا هیند بەجێ بهێڵێت، ئەوا شەڕی ناوەخۆ قووڵتر و گرفتی زۆرتری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ...هتد. بۆ دروست دەبێت، کە ئەمجارە خۆیان بە مەمنونیش دێن داوا دەکەن کە هیند بە ئیستعمارەکەی بەریتانیا ببەسترێتەوە، بەتایبەتی کە باش دەیانزانی حزبی کۆنگرەو سەرکردەی میللی (غاندی) دژی ڕۆژئاوان و بەهیچ شێوەیەک دانووی لەگەڵ بەریتانیا و ڕۆژئاوادا ناکوڵێت.

بەڵام بەریتانیا بەتایبەتی و ڕۆژئاوا بەگشتی، دڵیان بە یەکگرتووی ئیسلامی خۆش بوو کە لەبەرامبەر غاندی و حزبی کۆنگرە دروستیان کردبوو... غاندی هەر لەسەرەتای دەست پێ کردنی شەڕی دووەمی جیهانی لەساڵی ١٩٣٩ ڕەتی هەموو چوونە ناو شەڕێکی کردەوە کە لەبەرژەوەندی هاوپەیمانانداببێت، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی ڕایگەیاند کە ئامادەیە بچێتە

ناو هەموو شەڕێکەوە لەپێناو داکۆکی کردن و بەرگری کردن لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی!!!.

### سەربەخۆیی پاکستان

هەرچەندە سەرکردە هیندییەکان لەسەرووی هەموویانەوە، حزبی کۆنگرە و (ئەلمهاتما غاندی) زەعیمی رووحی گەلی هیند، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە هیند بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام هەموو ئەم هەوڵە بێ شومارانە، لەبەردەم سەرهەڵدانی بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی و هزری جودا خوازییانەی بەشێکی بەرفراوان لەموسڵمانەکان، بێ سوود بوو، بەتایبەتی کە هەلومەرجێکی وەها دروست کرابوو، کەدەبێت موسڵمان سەرکردایەتی موسڵمانان بکات، نەک هیندۆکە کافرەکان سەکردایەتی موسڵمانان بکەن، بۆیە هەموو هەوڵێکی سەرکردە موسڵمانەکان لەپێناوی جیابوونەوەیان لە هیندۆکەکان بوو، بێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ کێشەیەکی تر بکەن کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیابوونەوەیان زەق دەبێتەوە. هیچ حسابێکی واشیان نەکرد، وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەک پاکستان (کەزۆرترین موسڵمانی لێ پێکدێت) چۆن دەتوانرێ لەسەر بناغەی سیستەمێکی ئیسلامی (دوور لەنەتەوایەتی) بەڕێوەببردرێ و بەسەر هەموو گرفتە ئاڵۆزەکانیشدا سەربکەوێت؟!.

پاکستان لە ١٩٤٨/٨/١٤ وەک دەوڵەتێکی تایبەت بە موسڵمانانی هیندستان دامەزراو هۆکاری دامەزراندنەکەیشی، جگە لەئایینی ئیسلام هیچ شتێکی تر نەبوو، بەواتایەکی تر، دابەشبوونی هیندستان بە ڕەچاوکردنی جیاوازی ئایین دابەشبوو، ئەگەرچی چەندین ڕەگەزو نەتەوەیشی بەخۆوە گرتبوو.

سەبارەت بە پاکستان یەکەمین هەڵە ئەوەبوو، دەوڵەتێک بوو لەدوو نیوە پێکهاتبوو، کەرتی یەکەمیان لای ڕۆژهەڵاتی بوو کە پێی دەڵێن (بەنگلادیش) کەرتی دووەمیشیان لای ڕۆژئاوای بوو، کە ئێستا پێی دەوترێ (پاکستان)، ئەم دابەش کارییە سوودی بۆ هیندیش هەبوو، چونکە ئەم دووبەشە بەدرێژایی ١٥٠٠کم واتە ١٠٠٠ هەزار میل لەیەکتری دوورن و حکومەتی هیندیش کەوتۆتە نێوان هەردوو بەشەکەوە، بەمەش کۆسپی گەورە





بۆ لایەنی ئیداری و گواستنەوەو تەنسیق و یەکێتی خاک و... هتد، دروست دەبوو، چونکە(٤)چوار هەرێمەکەی ڕۆژئاواو هەرێمە دووردەست و دابڕاوەکەی ڕۆژهەڵات بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازییە ڕەگەزی و زمانەوانی و...، لەچوارچێوەی یەک دەوڵەت دا کۆکرانەوە. بەمەش ئەرکی سەرشانی سەرکردایەتی پاکستان زۆر گرانتر بوو، کە چۆن دەتوانێت فەرمانڕەوایی بەشی ڕۆژهەڵات بکات کە ڕێژەی زۆرترینیان موسڵمانن و ژمارەی دانیشتوانیشیان زۆر لەهی ڕۆژئاوا زیاترە؟! دەوڵەتێکی لە (٥) پێنج ڕەگەزو دووکەرتی لێک دابڕاو بە ١٠٠٠ هەزار میل بێت، هەرچۆنێک لێکی بدەیتەوە جۆرە ئەستەمییەکی لێ بەدی دەکرێت، سەرباری ئەوانەش (کشمیر)ی لەدەست چوو کە یەکێک لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانەو، دانیشتوانەکەشی زۆرترین موسڵمانی لێ پێک دێت، ئەمەش لەو ڕۆژەوە گریکوێرەیەکی هێندە ئاڵۆزە کە تا ئێستاش نەیانتوانیوە ڕێگا چارەیەکی باش و گونجاوی بۆ دابنێن، تەنانەت هۆکارێکی بنەڕەتی بووە، بۆ خوێن ڕشتنی خەڵکی هەردوو وڵات، (هیندوپاکستان) و هێزو پارەیەکی ئێکجار زۆریش بۆ ئەو ململانێ خوێناویانە خەرج کراوە. ئەمەش گرفتێکی تر بوو بۆ پاکستان، ئەمانەو سەرەڕای ئەوانەیش، یەک بۆچوونی ئایدیۆلۆژی ئایینی لەنێو سەرکردە موسڵمانەکانی پاکستان دا نەبوو، تا بە هەمولایەک بیرێکی باش و سەرکەوتوو بۆ بەڕێوەبردنی هەردوو بەشی وڵات (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواکەی) بکەنەوە، چونکە ڕاستە خەڵکە موسڵمانەکە دڵسۆزی خۆیان زۆر بۆ ئیسلام نیشان دەداو، توانیشیان بۆ ماوەیەکی باش بەسەر هەستە نەتەوەییەکانی خۆیان دا زاڵ ببن و هەستی ئایینی بەتین و گوڕتربکەن، لەگەڵ هەموو چەوساندنەوەو ناهاوسەنگییەکی نەتەوایەتی، کە کەمینە حوکمی زۆرینەی دەکرد، بەڵام نەبوونی یەک بۆچوونی ئایدیۆلۆژی بەرادەیەک بوو کە بەرەی ئەبو لئەعلای مەودودی کە دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئیسلامی بوو، نەک هەر داوای جیابوونەوەی موسڵمانانی هیندستانی گەورەی دەکرد، بەڵکو داوای دەوڵەتێکی پان و پۆڕی ئیسلامی دەکرد کە لەهیندستانەوە تا مەغریب درێژ ببێتەوە.

بەگەرمیش بەربەرەکانی هزری (موسڵمان لەیەک وڵات دا)ی دەکرد. (محەمەد عەلی جناح)یش کە لە حزبی یەکگرتووی ئیسلامی بوو، ئەبولئەعلا، دژایەتی دەکرد، بوو بەیەکەم سەرۆکی دەوڵەتی پاکستان و بەم شێوەیە پاکستان لەسەر دەستی جناح تاکە دەوڵەت بوو کە لەسەر بناغەی ئاینی دامەزراو هیچ برەوێک بەکێشەی فرە نەتەوەیی لەو وڵاتە نەدراو، هەمیشەش ئەگەر هەوڵێک بۆ سنووردانانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بنرایە، خێرا سەرکوت دەکراو، پاکستان بوو بە وڵاتێکی ئیسلامی عەسکەرتاری و جناح بەناوی ئاینەوە مافی نەتەوایەتی سەرکوت دەکرد، بەخستنەڕووی مێژووی پاکستان، دەبینین ئەو وڵاتە دیکتاتۆرییەتی سەربازی پێگەو بنکەی بووەو تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٣٥ ساڵ ژەنەڕاڵ و عەسکەرتارییەکان فەرمانڕەوایی پاکستانیان کردووە، ئەگەر بەشێوەیەکی سیاسیش هەبووبێت، بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمڕانی کردنی ذوالفقار عەلی بۆتۆی سەرۆکی حزبی گەلی پاکستان لەماوەی ١٩٧١ ــ ١٩٧٧ ئەوە دەگمەن بووە. لەدوای سەربەخۆیی بوونی پاکستان، بۆرژوازیەتێکی ناوەخۆی لاوازو دواکەوتوو شوێنی گرتەوەو بەسەر دەزگاکان و جیهازی وڵاتەکە دا زاڵ بوو، کە دەتوانین بڵێین دەزگاو جیهازەکان بەرلەساڵی ٩٤٧ پێشکەوتووش بوون. ئیتر وڵات لەئولیجارکی سەربازی بیرۆکراسی چڕکرایەوە، بەم جۆرە لە دوای نەمانی ئیستعماری بەریتانیا لەهیندستان، گەلی پاکستان هەمە چەشنی و دابەش دابەشی لەدەسەڵاتی نێوان سەرکردایەتی سیاسی و ئولیجارکی بیرۆکراسی و سەربازی دا هەبوو.

هزرمەندو سیاسەتمەداری پاکستانی(همزه علوی)، وای دەبینی کە پێگەی ئولیجارکی بیرۆکراسی سەربازی لەدەوڵەتدا، نەک لەدوای کودەتای ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ دروست بووە، بەڵکو هەر لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەت لەئابی ١٩٤٧دا سەری هەڵداوەو هاتۆتە دروست بوون، کاتێکیش سەرەتای ساڵی ١٩٥٨هەڵبژاردنی داهاتوو هەڕەشەی لەزاڵبوونی ئولیجارکی کرد، بەم کودەتایە هەڵسان و دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی پەرلەمانی لەگۆڕنرا.

لەکاتی ڕووداوەکاندا کە لە ٧ی ئوکتوبەری ١٩٥٨ دەستی پێ کرد،





ئەیوب خان کە سەرۆکی ئەرکانی سووپا بوو، بەکودەتایەکی عەسکەری دەسەڵاتی گرتە دەست، کاتێک ئەسکەندەر میرزا دەستی لەکارو بارەکان وەرداو، فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دەستوورو وەزارەتەکانی داو، حوکمی عورفیشی ڕاگەیاند. چەند هەفتەیەکی کەم بەسەر وەرگرتنی ئەو بڕیارو ئیجرائاتانە تێپەڕ نەبوو بوو، ئەسکەندەر میرزا ناچار کرا لە حوکم لابدرێ و ئیتر دەسەڵات بەتەواوی بۆ ژەنەڕاڵ محەمەد ئەیوب خان گواسترایەوە، کە بەهۆی کودەتایەکی عەسکەری گەیشتە سەر کورسی. ئەیوب خان بۆ چوونێکی (پۆناپرتی) هەبوو کە دەڵێت (سەرکردە پێویستە ناوەندی کۆتایی ـ المركز النهائي ـ هێزی سیاسی بێت لەجیاتی وڵاتەکەی، وەک چۆن پێویستە توانای بڕیاردانی هەبێت لە ڕووداوەکان و ڕاست کردنەوەی ڕێڕەوەکان و تەنانەت سەرۆک نابێت بۆ یاساش سیفەتی ڕاپەڕێنەری هەبێت، تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت ئەگەر سەرۆکەکە لەگەڵ ئەو یاسایەدا کۆک و تەبابێت و هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ ئەو یاسایەدا نەبێت، ئەگەر نا سەرۆک دەتوانێت داوای ڕاست کردنەوەی یاسایەکەش بکات و پاساویشی بۆ بهێنێتەوە).

لەم ڕوانگەیەوە، یەکەمین کردەوەی ئەیوب خان، دەرکردنی بڕیارێک بوو دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی هەموو حزبە سیاسییەکان و ڕاگرتن و توندوتیژی خستنەسەر هەموو چالاکیەکانیان لەپاکستان، ئەم مەترسییە تا حوزەیرانی ١٩٦٢ بۆ سەر حزبەکان هەر بەردەوام بوو، کە هەڵبژاردنێکی ڕووکەشانەو شێوەی (سطحی و شكلي) ئەنجام دا کەتیای دا دەستوورێکی تازەی ڕاگەیاند کە دیارترین سیمای ئەو دەستوورە نوێیە ئەوەبوو، سەرۆکایەتی حوکمڕانی کردن، ڕەنگدانەوەی دەستووری ساڵی ١٩٥٦دەبێت، کە سیستەمێکی پەرلەمانییە لەپاکستان.

لە ٢٥ی ئاداری ساڵی ١٩٦٩ ژەنەڕاڵ ئەیوب خان لەسەرۆکی کۆماری وڵات دوورخرایەوەو، دەسەڵات بۆ ژەنەڕاڵێکی تر کە یەحیا خان بوو گواسترایەوە، ئیتر پەشێوییەکی سیاسی گەورە لە وڵات دروست بوو. یەحیا خانیش حوکمی عورفی بەسەر هەموو پاکستاندا سەپاندو بەهۆی پێڕەوکردنی

یاسایەكی سەربازی ڕێگەیشی لە هەموو خۆپیشاندان و مانگرتنێک گرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، یەحیا خان پێویستی بەچەند سیاسەتمەدارێک هەبوو كە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن وەک تەواوكەری یەحیا خان لە حوكمڕانیكردنیدا، بەتایبەت كە بزاڤی قوتابیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەجۆشتردەبوو، داواكانیشیان بە بەردەوامی لەزیاد بووندا دەبوو بە مانگرتنیشیانەوە، لەشارەكانی كەراچی و لاهور و مولتان و دەكا. لەبەرامبەر ئەمەدا ژەنەڕاڵ یەحیا خان لەدوورەوە هەوڵی دا، یەكەمیان جێبەجێ كردنی یاسای سەربازی بوو بۆ كوژاندنەوەی مانگرتنەكان، دووەمیان، كاری بەپەلە بكرێت بۆ گەڕاندنەوەی ژیانێكی سیاسی سروشتی كەپێشتر هەیبوو. لەڕاستیشدا لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٩ ڕایگەیاند كە هەڵبژاردنێكی گشتی لە ٢ی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٧٠ دەكرێت، بەڵام هەڵبژاردنەكە بۆ كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٧٠ دواخرا.

***پاكستان بەرەو دوو دەوڵەتی لەیەک جیاواز***

لەكانوونی یەكەمی ١٩٧٠ هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، یاسای هەڵبژاردنەكە مافی دەنگدانی بە هەموو مرۆڤێک دابوو كە لەسەر بنچینەی (یەک پیاو یەک دەنگ) دەنگ بدەن. ئیتر چالاكی سیاسیی بەتەواوی سەربەست بوو كە لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠ دەستی پێكردبوو، هەڵبژاردن كراو نزیكەی (٢٥) حزبیش تێی دا بەشداری كردو، لەپاكستانی ڕۆژهەڵات (بەنگلادیشی ئێستا) حزبی (رابطه عوامی) توانی لەكۆی ١٥٣ كورسی ١٥١ كورسی وەدەست بهێنێ، كەبەم دەنگهێنانەی بەتەواوی كۆنترۆڵی كەرتەكەی ڕۆژهەڵاتی كرد، كە شێخ موجیب ڕەحمان سەرۆكایەتی دەكرد، لەپاكستانی ڕۆژئاواش كە زۆر چاوەڕوان نەكراوو كتوپڕبوو حزبی گەلی پاكستان ٨١ كورسی وەدەست هێنا كە ذوالفقار علي بۆتۆ سەرۆكایەتی دەكرد، بەم شێوەیە لە بەشی ڕۆژهەڵات شێخ موجیب ڕەحمان و (رابطه عوامی). بەیەكەم دەرچوون و، لەبەشی ڕۆژئاواش حزبی گەلی پاكستان و (ذواالفقار علی بۆتۆ) بەیەكەم دەرچوون وەک، دوو ڕابەری میللی.

شێخ موجیب رەحمان هێندە لەمێژ نەبوو، لە گرتووخانە ئازاد كرابوو،





لەلای بەنگلادیشەكانیش كە بەشی ڕۆژهەڵاتی پاكستانیان پێكدەهێنا، زۆر خۆشەویست بوو... كاتێ لە هەڵبژاردنیشدا ئەوەندە زۆرینەیەی بەدەست هێنا، هزری جودا خوازی لەكەللەی دا، بەتایبەتی كە پاكستان سیستەمێكی دیكتاتۆریانەی بەردەوامی هەبوو، ئازادی بەتەواوی خنكێندرابوو، ڕەگەزی بنجابی بەسەر هەموو دائیرەو دەزگاكانی حكومی، بەتایبەتی سووپادا زاڵ ببوو، لەوەش زیاتر چەند خێزانێكی دیاری كراو لەپاكستانی ڕۆژهەڵات بەسەر هەموو ئابووری وڵات دەستڕۆیشتوو بوون و، هەموو ئەمانە هۆكاری جیابوونەوەی بەنگالەكان بوون، كە بڕبڕەی پشتی پاكستانیان دووپارچەكرد، هەرچەندە دوای خوێن ڕشتنێكی زۆرو كوشت و بڕێكی لەژمارە نەهاتوو و ئاوارەبوونی دەیان هەزار كەس لە بەنگالەكان بۆ هیندستان، ئینجا جاڕی سەربەخۆیی خۆیان داو، ڕۆژهەڵاتی پاكستان بووبە بەنگلادیش و هیچ پابەندبوونێكیان بە بەشی ڕۆژئاواوە نەما.

بەشێكی زۆر لە لێكۆڵەرە سیاسییەكانیش وای دەبینن، پاكستان تا ئێستاش هەر سوورە لەسەر ئەو سیاسەتەی جارانی، كە سیاسەتی خنكاندنی ئازادییە دیموكراتییەكان و مومارەسەكردنی شێوازی كودەتای سەربازی و ڕەتكردنەوەی دیالۆگ بۆ چارەسەركردنێكی گونجاوی وەزعی ناوەخۆو گرفتی نەتەوەكان، بەشێوازێكی هاوچەرخانەو دیموكراتیانەی پەرلەمانی و گیانی شارستانیانەی هاوچەرخ... هەر بۆ نموونە تەنها لە دوومانگی كۆتایی ساڵی ١٩٦٨ بەهۆی مانگرتنی جەماوەری و پەشێوی هەلو مەرجەكەوە زیاتر لە (١٥) كوژراوو (٢٥٣٠) كەس گیراون و، لەهەرسێ مانگی كانونی دووەم و شوبات و ئاداری ساڵی ١٩٦٩ش زیاتر لە (١٦٤)كەس كوژراون و (١٨٧٦)كەس بریندارکراون و (٥١٦٦)كەسیش خراونەتە گرتووخانەوە!!!

***پاكستان و خۆبەستنەوەی بەڕۆژئاواوە***

پاكستان لەو وڵاتانەیە كە زیاتر خەڵكێكی سەربازی هەوڵی گرتنە دەستی دەسەڵاتیان داوە، كودەتای سەربازی و ئیفلیج كردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و سەركوتكردنی خەڵک و... هتد سیمای پاكستانی ڕەنگرێژ كردووە. كۆمەڵێک حوكمی عورفی ساڵانی ١٩٥٨ ـ ١٩٦٢، ١٩٦٩ ـ

٩٧١ ، ١٩٧٧ تا ئەو كـارە تراژیدییـەی كـە كـۆتایی بەژیانی ضـیـاء الحق هێناو، تا ئەو چەند ساڵەی دوایشی بەخۆیەوە دیوە، وڵات هەمیشە نا ئارام و شلەژاو بووە، لەسـاڵی ١٩٤٧ بەدواوە كـەسـاڵی سـەربەخـۆیی بوونی پاكسـتـانە تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٣٥ سـاڵ، فـەرمـانڕەوایی بەدەست ژەنەڕاڵ و عـەسكەرتارەكـانەوە بـووە، ئەم شلەژاوییـە، هۆكـارێكی كـاریگەر بوو بۆ دوا كەوتوویی و بە پاشكۆیی بوونی ئابووری پاكستان بە وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاواو زیاتر بووە كانگەی سەرهەڵدانی ململانێ و ناكۆكییەكان.

جێگای ئاماژە بۆ كردنە، بەشێكی زۆری ئەوپرۆژە پیشەسازییانەی كە لە پاكسـتـان هەبوون، مـولّكی ئیـحـتـیكارییـەكـانی هیندبوون، لەوێ بەجێ مـابوون، وەك تاتا، بیـرلا، دالمیـا. جگە لەمـانەش ئیـحـتـیكاراتی بێگانە بەتایبەت بەریتانیا، زۆر بەسەر ئابووری پاكستان دا زاڵ بوو بوو.

هەردوو شەریكەی بەریتانی بۆ نەوت (بورما) و (اتوك) بەشداریان لە پیـشـەسـازی نەوت دەرهێنان دەكـرد، بەكـورتی شـەریكاتی بەریتـانی بەسـەر ٨٠٪ سەدا هەشتای داهاتی پاكستان دا زاڵ بوو بوون.

ئەوناوچانەی پاكسـتانـیان پێكدەهێنا، پێش دابەش كردنەكـە، بەرهەمی كەرەستەی خاوی كشتوكاڵی و ئازووقەی خۆراكی لێ دەهێنرایە بەرهەم، كە ئێستا دەكەوێتە ناوچوارچێوەی سنووری یەكێتی هیندی.

پاكسـتـان لەئەنجامی دابەشبـوونیـدا كۆمـەڵێك گـرفـتی ئاڵۆزو دژواری تووش بوو، كـەوایلێـهـاتبـوو زۆر لە پرۆژە پیـشـەسـازییـەكـانی پاكسـتـان، دەرگاكانیان لێ داخرا، دەربارەی كشتوكاڵیش حاڵی لەحاڵی پیشەسازییەكە باشـتـرنەبوو. زۆربەی كـرێكارە هونەری (عـامل فنی) و ڕۆشنبـیـرو خـاوەن پیـشـەكان كە زۆربەیان مـوسڵـمـانیـش نەبوون، پاكسـتـانیـان بەجێ هێشت و هێندەی تر ئەو وڵاتە ڕوو بەڕووی قــەرزێكی ئابووری بووەوە. بەكــورتی پاكستان لەماوەی فەرمانڕەوایی كردنی بەریتانیا، ئابوورییەكی ئیستعماری دوا كەوتووی بۆ بەجێ مابوو، كە وڵات خاوەنی هیچ جۆرە پیشەسازییەكی پێشكەوتوو نەبوو، كشتوكاڵە كەیشی لە تەنگژەیەكی ترسناك دا بوو. ڕاستە پاكسـتان لەڕووی سیـاسییـەوە سەربەخۆ بوو، بەریتـانیـا دەسـتی لێ كێشا





بووەوە، بەڵام بە وڵاتێكی پاشكۆی كشتوكاڵی و سەرچاوەی كەرەستەی خاو بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا مایەوە. نابێ ئەوەشمان لە بیربچێت، پاكستان بەحوكمی ئەوەی حزبی یەكگرتووی ئیسلامی هاتەسەر حوكم و محەمەد عـەلی جناح یش سەرۆكی ئەو وڵاتە بوو، هەردووكیشیان دروست كراوی دەستی بەریتانیا بەتایبەتی و ڕۆژئاواو ئەمریكاش بەگشتی بوون. ئیـتر پاكسـتـان هەر زوو چووە ناو هاوپەیمانێـتی ئابووری و سـەربازی ئیـسـتـعـماری نوێ. لە ٢٥ی ئایاری سـاڵی ١٩٤٨ ڕێككەوتننامـەیەكی لەگـەڵ ئەمـەریكا بۆ قـەرزكـردن مۆركرد كە بایی (١٠) دەملیۆن دۆلار بوو. چەند ساڵێك دوای سەربەخۆیی بوونی پاكستان، واتە لەسەرەتای پەنجاكان، كۆمـەڵێك پسپـۆڕی زانكۆی (هارفـارد)ی ئەمـریكایی گـەیشـتنە پاكسـتـان بۆ دانانی نەخـشـەیەكی (الخـمسـیە) واتە پلانی (٥) سـاڵانە بۆ وڵات. دوای ئەمـە چەندین كـەسی پاكستانی لەسەر ڕاسپاردەكانی ئەو پسپۆڕە ئەمریكیانە ڕاهێنران و، پیلانی گـەشـەپێـدان دەسـتی پێ كـردو، قـازانج لەمـاوەی ئاڵوگـۆڕی بـازرگـانی و دروستكردنی چینێك لەپیاوانی كار، هاوڕێك بوون لەگەڵ نموونەی گەشەی ئابووری وڵات.

دوای ئەوەی پاكسـتـان دووسـەركـردەی دامـەزرێنەری خۆی، دوو دۆسـتی نزیكی ڕۆژئاوا، كـە (محـەمـەد عـەلی جناح)ی سـەرۆكی وڵات و (لیـاقـات عـەلی خـان) سـەرەك وەزیرانی وڵاتـی لەدەست دا كـە یەكـەمـیـان لەسـاڵی ١٩٤٨ كۆچی كردو، دووەمیشیان لەساڵی ١٩٥١ كوژرا، (غلام محەمەد) و (خوجە نەزیمەدین)یش ئیقالەكران كە دووەم سەرەك وەزیرانی پاكستان بوو، لەلایەن زۆرینەی كـۆمـەڵەی دامـەزراندنیـشـەوە پشـتگیـری دەكـران، بەمـەش دەرگا بۆ خەڵكێكی جاسووس و نانیشـتمانیی كرایەوە، بۆ گەیشـتنیان بۆ ئاستی بەرزی فـەرمـانڕەوایی وڵات. بێگومـان كۆمـەڵەی دامەزراندنیـشیـان هەڵوەشـاندەوە. ئیـتـر هەڵبـژاردەیەكی سـەربازی بیـرۆكـراسی هاوپەیمانی ئۆرسـتـۆكـراتی خـاوەن زەوی وزار لەگـەڵ بۆرژوایەكی نەتەوەیی دواكـەوتوو گەیشتنە دەسەڵات.

دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاوبێت كە (لیاقات عەلی خان) سەردانی

ئەمەریکای بۆ پتەو کردنی پێوەندی هەمەجۆر، کردبوو، کە ڕێککەوتننامەی ١٠ ملیۆن دۆلار قەرزیشیان لەگەڵی دا مۆرکردبوو، بەڵام دوای هاتنە پێشەوەی خەڵکێکی نانیشتمانی و بیرۆکراس و مشەخۆر، لەئایاری ساڵی ١٩٥٤ هاوپەیمانێتییەکی سەربازی لەگەڵ ئەمەریکا دامەزرێندرا بۆ (دژایەتی کردنی کۆمۆنیزم)و ئەو ڕێککەوتنەی کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە یارمەتی دان و داکۆکی کردنی یەکتری لەنیوان (پاکستان و ئەمەریکا)، ساڵی ١٩٥٨یش پاکستان ڕێککەوتننامەی (الامن المتبادل)ی لەگەڵ ئەمەریکا دا مۆرکردو ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ئەمەریکا زۆرترین هاوپەیمانی لەگەڵ ئێمەدا هەیە.

بەکورتی، بەخوێندنەوەیەکی بەپەلەی پاکستان و جیابوونەوەی بەنگلادیش لێی و، هەموو ئەو نووسراو و چاپکراوە ڕۆژئاواییانەی کە دەیان ساڵە نووسراون ودەنووسرێن، ئەوە دەردەخەن کە پاکستان هەمیشە لەچوارچێوەی بازنەیەکی داخراوی سەرکوت کردن دا حوکمی کراوە، ئەویش بەهۆی نەخوێندەواری جەماوەرو نەزانینی و دووری و پێنەگەیشتوویی لەپیادە کردنی دیموکراسی و پاشکەوتوویی کۆمەڵگای ئیسلامیش بەشێوەیەکی گشتی.

سەرکەوتن و لەناوچوونی (ضیاء الحق) بەو شێوە تراژیدییە چاوەڕوان نەکراوە، نەسەرەتاو نە کۆتایی تەنگژەی پاکستان بوو، بەڵکو تەنگژەیەکە لەنێو هەیکەلی قەوارەی پاکستان دایە، کە هەر لەگەڵ دروست بوونییەوە هاتووە، هیچ قورتار بوون و ڕێگا چارەیەکیشی بۆنییە، ئەگەر چاوێکی تەواو بەوقەوارەو بەو نموونە ـ نموزج ـ ی ناسنامەو ئەو ڕۆڵەی دا نەگێڕێتەوە.

***پاکستان و ململانێی نەتەوایەتی***

هەر لەگەڵ شەڕی دووەمی جیهانی دا، هەلومەرجە سیاسییەکەی (هیند) فرە تێکچڕژاو بوو، ئەگەرچی (غاندی) زەعیمی رووحی و حزبەکەی حزبی کۆنگرە، پەرۆشی و دڵسۆزی خۆیان بۆ هیندستانێکی یەکگرتوو بەکاردەهێنا، بەڵام ئەو هۆکاری ئاڵۆزی و شڵەژاوییەی کە باسم کرد، وای لە حزبی کۆنگرە کرد کە ئەویش نەتوانێت تێکڕای کۆمەڵ لەڕووی سیاسیی و





کۆمەڵایەتییەوە لەدەورو بەری خۆی کۆبکاتەوە، بەتایبەتی کە یەکێکی وەکو محەمەد عەلی جناح بەفیتی ئینگلیز دەستی لە حزبی کۆنگرە کێشایەوە، ئیتر بە پاڵپشتی ڕۆژئاوا، خەڵک وردە وردە بەلای حزبی ئیسلامی دا دەچوون، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی ئیسلامی سیاسیی جاڕی سەربەخۆیی پاکستان بداو، جەناح یش بیێت بە سەرکۆماری ئەو پاکستانە، بێ ئەوەی پێشوتر هیچ حیسابێک بۆ ئەوە کرابێت کە ئایا سیستەمێکی تاسەر ئێسقان ئیسلامی دەتوانێت بەسەر ئەم هەموو کێشە ئاڵۆزانەی ئابووری و سیاسیی و نەتەوایەتی و جوگرافییەدا زاڵ ببێت؟! باخەڵکی پاکستان هەستی نەتەوەییشیان خەفەکرابێت و بیری نێونەتەوەیی ئیسلامی هەموو هزریانی داگیرکردبێت، بەڵام هەمووشتێک لەگۆڕانەو بیرو هەستی نەتەوایەتی ئەمڕۆش خەفەکرابێت، سبەی هەر زەق دەبێتەوە.

ڕاستییەکەی ئەو سیستەمە ئیسلامییە هاتە سەر حوکم و هیچ حیسابێکیشی بۆ ئەو هەموو کێشە ئاڵۆزانە نەکرد، کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردوون، تەنانەت سەرەتاییترین بەرنامەو پیلانیشی بۆ دانەڕشتبوون کە ئەگەر سبەی کێشەیەک زەق بووەوە، چۆن چارەسەری دەکەن، بۆیە لەگەڵ زەقبوونەوەی هەرکێشەیەک دا، کۆمەڵێک کێشەی تری لەناو منداڵدانی خۆی دا هەڵدەگرت.

دابەش کردنی پاکستان بۆ ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، گرفتێکی زۆر گەورەبوو، لەلایەک بەدووری ١٥٠٠کم کرابوونە دووکەرتەوە، لەلایەکی تریشەوە، ئەو دوو کەرتە هیچ پابەندبوونێکی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی و مێژوویی و ... هتد بەیەکەوە نەبوو، ژمارەی دانیشتوانی بەشی ڕۆژهەلات زۆر لە ژمارەی دانیشتوانی بەشی ڕۆژئاوا (بەهەر چوار نەتەوەکەیەوە) زیاتر بوون، کەچی ناوەندی دەسەلاتی سیاسیی و سامانی ئابووری لە بەشەکەی ڕۆژئاوادا چڕ بوو بووەوەو، کەمینەحوکمی زۆرینەی بەنگالەکانی دەکرد. بەنگالەکان هەستیان بە چەوساندنەوەیەکی هەمەجۆر دەکرد لەساڵی ١٩٦٩ ژمارەی بەنگالەکان نزیکەی ٥٠ ملیۆن بوو کەچی ژمارەی هەرچوارنەتەوەکەی بەشی ڕۆژئاوا لە ٤٠ ملیۆن تێپەڕی نەدەکرد، لەگەڵ

ئەوەش دا زمانی بەنگالی نەكرا بە زمانێكی ڕەسمی و قسەی پێ نەكرا. یەكێكی وەكو محەمەد عەلی جناح زمانی هیچ یەكێ لە پێنج نەتەوەكەی هەردووبەشی پاكستانی نەدەزانی، ئەمەش كۆسپێكی زۆر گەورەبوو بۆ سەركۆمارو بۆ ئەو خەڵكەش، چونكە جناح زمانی ئینگلیزی بەزمانی دایك دەزانی، ئەمەریكاش پاڵپشتی زۆری دەكرد. لیاقات عەلی خان یش كەیەكەمین سەرەك وەزیرانی پاكستان بوو، تەنها زمانی ئوردوی دەزانی، زمانی ئوردوش تێكەڵی چەند زمانێكە بەتایبەتی توركی و فارسی و هی هیچ نەتەوەیەك نییە، كەچی ئەو زمانە كرا بەزمانی ڕەسمی دەوڵەت و بەكارهێنرا، ئەمە لەكاتێك دا زمانی ئوردو لەپاكستان دا و لەكاتی سەربەخۆ بوونی ئەو وڵاتە تەنها (٦) ملیۆن كەس قسەیان پێ دەكرد، بێ ئەوەی هی هیچ نەتەوەیەك بووبێت، بەڵام زمانی بانگالیەكانیانی وەلاوە نا، كە زۆرترین نەتەوەبوون و هەموو بەشی ڕۆژهەڵاتیان داگرتبوو، لەبەشی ڕۆژئاوای خاوەن (٤) ڕەگەزیش زیاتر بوون، پێشنیارێكیان كرد كە زمانی بەنگال وەك زمانی ڕەسمی بەشی ڕۆژهەڵات پێڕەو بكرێ و بەكاربهێنرێت، بەڵام ئەم داوایەش ڕەت كرایەوە، بەبیانووی ئەوەی نەوەكو سندو بلوچ و پانانیش هان بدات پێشنیاری لەم بابەتە پێشكەش بكەن، كە لەبنەڕەت دا ئەم بیانووە زۆر كرچ و كاڵ بوو، نەدەبوو گەلێكی وەكو بەنگال كە هەموو بەشی ڕۆژهەڵات خۆیان بوون، لەگەڵ هێندێ كەمە نەتەوە بەراورد بكرێ، وەك بلوچ كە ژمارەیان تەنها یەك ملیۆن و، (سند) ژمارەیان ٣٫٩ ملیۆن بوو بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥١، پانانیەكانیش لەكۆمەڵێك تیرەی وەك (یوسفزای) و (محسود) و (موهماند) و (ئەفریدی) و (وەزیر) و (شنواری) و (خطاك) و (ئوراكزای) و (توری) و... هتد پێكهاتبوون.

بنجابیەكان ئەگەرچی لەڕووی سەرژمێرییەوە بەدووەم نەتەوە واتە لەدوای بەنگالەكان، زۆرترین نەتەوە بوون و، لەبەشی ڕۆژئاوادا ٦٠٪ی دانیشتوانیان پێكدەهێنا، بەڵام ٨٠٪ی هێزی چەكداریان لە لەدەوڵەت پێكدەهێناو، نزیكەی ٨٠٪ تا ٨٥٪یشیان وەزیفەی بیرۆكراسی بەرز بەرزیان گرتبووە دەست و ٨٠٪ شیان لەپیاوانی سەرمایەداری گەورەبوون كە





خاوەن سامانێكی زۆربوون و بەسەر دەزگا جۆراو جۆرەكانی دەسەڵات و دەوڵەت دابەش و زاڵ بوو بوون، سندو بلوچ و باثانیش بەپێچەوانەوە، لەوپەڕی چەوساندنەوەدا بوون، ئیقبال ئەحمەد گوتەنی: ئەمەش ڕەنگدانەوەیەكی زۆر خراپی بەسەر ژیانی سێ نەتەوەكەی تر (سندو بلوچ و باثان) دروست كرد، بەرامبەر بەو دەستە بالایەی كەبنجابیەكان پێیان درابوو. سەرباری ئەوەی كە بەنگالەكان ژمارەیان لە هەموو بەشەكەی ڕۆژئاوا زیاتر بوو، واتە لەچوارنەتەوەكەی تر (سندوبلوچ و باثان و بنجاب). كەچی لە پۆستە گرنگەكانی دەوڵەت تەواو دوورخرابوونەوە، لەساڵی ١٩٥٢ خوێندكارانی بەنگال چەند خۆپیشاندانێكیان سازكرد، بەڵام هێزەكانی ئاسایشی پاكستان بە توندی ڕووبەڕوویان بوونەوەو لە دەككای پایتەختی بەشی ڕۆژهەڵات دا (١٢) خوێندكاریان كوشت. ئیتر بەنگالەكان ڕۆژ لەودای ڕۆژ دەنگی نارەزاییان بەرزتر هەڵدەچوو، دەوڵەتێكی دامەزراوی ئایینی، نەیدەتوانی چارەسەری كێشەی نەتەوایەتی بكات، هەرچەندە كاتێك كە حسێن سەهرەوەردی ماوەیەك سەرەك وەزیران بوو دەستڕۆیشتوو بوو، بەنگالەكان لەبەشی ڕۆژهەڵات دا هێندێ پۆستی گرنگیان وەرگرت. بەڵام نە ئەمە بەس بوو بۆ بەنگالەكان، نە ئەو چەند پۆستە گرنگانەش زۆری خایاند، كودەتاكەی مارشال ئەیوب خان هەموو هەلومەرجەكەی لەڕەگ و ڕیشەوە گۆڕی، ساڵی ١٩٦٩ كاتێك ژەنەراڵ یەحیا خانیش جێگای ئەیوب خانی گرتەوە، پێی وابوو ئەبێ یەكپارچەیی پاكستان درێژە بكێشێت و گوێ بەشوێنی جوگرافیاوە نەدرێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە بەبۆچوونی یەحیا خان، هەڵبژاردنێكی گشتی دەتوانێت چاری گرفتی نەتەوەیی بەنگالەكان بكات.

بەنگالەكان بەڕابەرایەتی شێخ موجیبی ڕەحمانی، سەرۆكی حزبی عەوامی بەنگالی، بە بەرنامەیەكی تۆكمەوە، بەشداریان لە هەڵبژاردنەكە كرد، كە ناوەڕۆكی بەرنامەكە یەكسانی نێوان بەنگالەكان و پاكستانییەكان بوو. مەبەستی شێخ موجیب ئەوەبوو، چیدی كەمینەی چوار نەتەوەكەی ڕۆژئاوا، حوكمی زۆرینەی بەنگال لەبەشی ڕۆژهەڵات دا نەكەن. ئەمە سەرەتای ڕوو بەڕوو بوونەوەیەكی تراژیدی بۆ ئایندەیەكی نزیك دەستنیشان

کرد، هەروەک زوو سووپاو سیاسییەکانی پاکستانی رۆژئاوا، بەرنامەکەی موجیبی رەحمانیان دایە بەر رەخنەو پاکستان لەدوای هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٧٠ زۆر نا ئارام و دژوار بوو... لەلایەک هیچ حزبێک سەرکەوتنێکی وای بەدەست نەهێنا تا لە هەردوو بەشەکەی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا ببێت بە نوێنەری هەموو پاکستانییەکان، لەم لایشەوە موجیبی رەحمان زۆرترین دەنگی لەبەشەکەی رۆژهەڵات وەدەستهێنا، بەشێوەیەک کە بەشی رۆژهەڵاتی بەتەواوی کۆنترۆڵ کردبوو، ئەمەش لەکاتێک دا بوو کە لەلای ناوەند پاراستنی یەکپارچەیی دەوڵەت هەر چۆنێک بێت هەر دەبێت داکۆکی لێ بکرێت و بپارێزرێت، بەلای بەشەکەی رۆژهەڵاتیش جوگرافیاو زۆری ژمارەی دانیشتوان بیانوویەکی زەقی تاڕادەیەک شەرعیش بوو بۆ سیستەمێکی فیدراڵی. ئیتر یەحیا خان بارودۆخێکی خراپی هێنایە ئاراوە، فتیلەکەی داگیر ساندبوو، کوژاندنەوەی زەحمەت بوو.

بەرامبەر ئەو بارودۆخە نائارامە، شێخ موجیب بانگەشەی مانگرتنی کرد. پاش ئەوەیش کە وتووێژی نێوان هەردوولا (ناوەندو موجیبی رەحمان) گەیشتە بنبەست، لەئادری ١٩٧١ هەزاران سەربازی بەفرۆکەو پاپۆڕ ناردە پاکستانی رۆژهەڵات و شێخ موجیب رەحمانی بەدیل گرت و، وەحشیانەش بۆردوومانی بەشی رۆژهەڵاتی کردو قەسابخانەی لێ دامەزراند و، بەناوی یەکپارچەیی خاکی وڵات، رەشبگیری و قەتڵ و عامی دەستپێکرد، بەشێوەیەک زیاتر لە ١٠ دە ملیۆن بەنگالی موسڵمان، پەنایان بۆ هیندستانی کافرو دراوسێ بردو، هەموو گەلی بەنگال لەبەردەم سەرکوتکردنی وەحشیانەی پاکستانییەکان، داوایان لە هیند دەکرد یارمەتیان بدات. ئەو هیندەی کە لەساڵی ١٩٤٧، بەنگالەکان هاوشانی پاکستانی رۆژئاوا بەکافرو گاپەرستیان لەقەڵەم دەدان. کەچی لەساڵی ١٩٧١ داوای یارمەتییانی لێ دەکرد بۆ ئەوەی بەهانایانەوە بێن و سنوورێک بۆ ئەوکوشتن و برینە دابنێت، پاش ماوەیەکی زۆر لەبەردەوامبوونی شەڕ لە هەرێمی بەنگالەکان، هیند بەهانای بەنگالەکانەوە هات شەڕێکی جوامێرانەی لەگەڵ پاکستان دا بەرپاکردو، توانی سەربەخۆیی بەنگالەکان





مەیسەر بکات و هەموو دەرکراو و پەناهەندەکانیش، لەگەڵ جاری سەربەخۆیی بوونی بەنگالەکان بگەڕێنێتەوە ناو بەنگال و زیاتر لە ٩٣ هەزار پاکستانیشی بەدیل گرت.

ئا بەم جۆرە میللەتێکی ٩٠ ملیۆنی لەشەڕێکی سەختی دوومانگی و بەیارمەتی دەوڵەتی دراوسێی هیند، لەپاکستان جیابووەوە. بەڵام موجیبی رەحمان بوو بە قوربانی ئەم جیابوونەوەیەو کوشتیان.

پاکستانیش بەهۆی ئەو شکستەی خواردی، دەسەڵات بۆ (ذولفەقار عەلی بۆتۆ) والاکرا.

(بۆتۆ) پێشتر ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لەپۆستی وەزارەتەکان هەبوو، پۆستی وەزیری بازرگانی و وەزیری وزەو سەرچاوەی سروشتیی و ئینجا وەزیری پیشەسازی و وەزیری دەرەوەی وەرگرتبوو، بۆیە هەر لەسەرەتاوە زۆری هەوڵ دا بەنەرمی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بکات، تاڕادەیەکی زۆرباشتریش لەحوکمڕانەکانی پێشووتری هەنگاوی کردەیی بۆ بووژاندنەوەی ئابووری و دژایەتی کردنی ئەمەریکا و رۆژئاوا نا، بەڵام ئەویش نەیتوانی بەتەواوی لە چوارچێوەی پاکستانچێتی بچێتە دەرەوە. چەند ساڵێک دوای گەیشتنی بەدەسەڵاتی سیاسیی، هێزی ناردە سەر بلوچستان و بلوچە یاخیبووەکانی پێ سەرکوت کردو لەکاتی تەنگانەش دا هانای بۆ بەرشای ئێران دەبردوو داوای سەربازو تانکی لێ دەکرد، بۆ سەرکوتکردنی یاخی بووەکان. بەڵام چۆن دەکرێت، چەند نەتەوەیەک با هاوئایینیش بن، بێ هیچ یەکێتییەکی ئارەزوو مەندانە ملکەچی یەک بڕیاری ناوەند بکرێن، لەم روانگەوە بلوچەکان ویستیان وەکو بەنگالەکان جاری سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن، بەڵام راپەڕینی بلوچە موسڵمانەکان، نەک هەر هیندۆسی ناموسڵمانیان لەپشت نەبوو تا سەربەخۆیی ئەوانیش وەک بەنگالەکان بەرقەرار بکات، بەڵکو راپەڕینی بلوچەکان، بەهاریکاری لەشکری هەردوو دەوڵەتی پاکستان و ئێرانیش، سەرکوت کرا، بەڵام ئەمە وەک پشکۆی ژێر خۆڵەمێش مایەوە...

ئابەم جۆرە یەکێک لەو گرفتە تێکچڕژاوانەی کە لەدوای سەربەخۆیی

بوونی پاكستان بەشێوەیەكی زۆر بەرچاو بەگرێ كوێرەیی مایەوە، كێشەی نەتەوەكان بوو، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەبوو، پاكستان لەسەر بناغەیەكی ئایدیۆلۆژی ئایینی دامەزراو هیچ حیسابێكیان بۆ تایبەتمەندێتی و مافی ئەو نەتەوانە نەكرد كە لە پاكستان دەژیان، بەنگالییەكان تا ئەو ڕۆژەی جیاش بوونەوە هەر دەچەوسێنرانەوە، سەبارەت بەهەرێمی (بنجاب) یش لەماوەی دەستپێكردنی حوكمڕانی ژەنەڕاڵ ئەیوب خان سوودێكی زۆری بینی كەپیشەسازی لێ دروست كراو... هتد. كەچی هەرێمی بالوژستان كە كەمتر لە ٤ ٪ی دانیشتوانیان پێك دەهێناو لە ٤٢ ٪ زەوی وڵاتیش هی ئەوان بوو، كەچی هەموو حوكمڕانە یەك لەدوای یەكەكان ئەو هەرێمەیان فەرامۆش كردووەو هیچ جۆرە پێشكەوتنێكیان لێ دروست نەكردووە.

بەكورتی فرە نەتەوەیی لەپاكستان دا هیچ دانی پێدا نەنراوە، بەڵكو هەموو دەسەڵاتێك دەگەڕێننەوە سەر ئایینەكەو قورئان بەباشترین پێوەر دادەنێن بۆ مافی نەتەوەكان، ئەو قورئانەی كە هیچ ئاماژەیەك بۆ مافی نەتەوەكان ناكات و هەموو خەڵكی بە (امە المؤمنین) ناو دەبات و مافی گەلان لەوەدا چڕ دەبێتەوە كە دەڵێت: لا فرق بین العربی والعجمی الا بالتقوی. بەڵام لەگەڵ ئەو ناجیاوازییەی كە لە قورئانیش دا هاتووە، كەچی سندوبلوچ لەسەردەستی سیستەمی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی عەسكەرتاری كە بەدەست بنجابەكانەوە بووە، بەردەوام ڕوو بەڕووی ئەشكەنجەو ئازارو لەسێدارەدان بوونەتەوەو دەبنەوە، دەزگای سەربازیی بەسەر هەموو دەزگاكانی تری دەوڵەت دا زاڵە. یەكێكی وەكو ضیاء ئەلحەق كە بە كودەتاو بەپشتگیری سەربازیی هاتە سەرحوكم، لەسەرەتاوە هەتا جێگەی خۆی قایم بكات، كۆمەڵێك بەڵێنی بەخەڵكەكەدا كە لەماوەی سێ مانگی داهاتوودا هەڵبژاردنێكی ئازاد بكات، بەڵام سێ مانگەكەی ضیاء ئەلحەق بووبە ١١ساڵ كاتێك بەشێوەیەكی زۆر مەرگەسات ئامێز لە ئاسمانەوە ئاگری گرت!!.

هەموو ئەمانە وایان كردووە پاكستان ڕوو بەڕووی قەیرانی ناسنامەی خۆی ببێتەوە، چونكە خۆیشی نازانێت ناسنامەكەی چییە؟! كێشەی مەزهەبیەتیشی ئەوە سەربار كەساڵانە بەسەدان كەس لەنێوان كەمینەی شیعە





(كە ١٥ ٪ی دانیشتوانی پاكستان پێك دەهێنن) و زۆرینەی سوننە دەكوژرێن و هیچ چارەسەرێكیشی بۆ نەكراوە. خۆ كێشەی (كشمیر)یش هەر لەولاوە بوەستێت كە كاتێك ویستی كشمیر بخاتە سەرپاكستان كەچی بەنگلادیشی لە سەرداناو تائێستاش چەندین شەڕی گەورەو خوێناوی لەگەڵ هێندی دراوسێی بەرپاكردووە لەسەر كشمیر بێ ئەوەی توانیبێتی هیچ بەهیچ بكات.

### ***پاكستان و سیاسەتی دەرەوەی***

پاكستان یەكێك بوو لەو وڵاتانەی كە (كومنولث)ی پێك دەهێنا، هەرچەندە هیندیش ئەوەی كردبوو، بەڵام زوو لەو هاوپەیمانێتی و ـ الكتل الدولیه المتصارعه ـ دووركەوتەوەو بۆخۆی سیاسەتی بێ لایەنی هەڵبژاردو ئیلتیزامیشی پێوە كرد. كەچی پاكستان هەر بەوەندەش نەوەستا، لە ١٩٥٧/٩/٧ چووە ناو هاوپەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لەكاتێك دا هیند نزیكترین وڵات بوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، كەچی نەچووە ناو ئەو پەیمانەوە، پاكستان یەكێك لە ئەندامە چالاكەكانی پەیمانی سەنتۆ بوو، هەرچەندە بەهۆی تەئید نەكردنی كۆمەڵەی (كومنولث) بۆ پاكستان لەسەر ململانێ ی لەگەڵ هیند، پاكستان لە (كومنولث) هاتە دەرەوە. بەڵام بەهۆی چوونە ڕیزی هاوپەیمانێتی (باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا) و (پەیمانی سەنتو) پاكستان هەر وا مەزەندە دەكرا كە پێڕی ئەمریكایە، وە لە زۆر هەڵوێستیشی هەروابوو، ئەمەریكاش یارمەتی دەدا. سەركردەو فەرمانڕەوایانی پاكستان بەهۆی نائارامی وڵات و دامركاندنەوەی ئارەزووە سیاسییەكانی گەلانی پاكستان و كەبتی ئازادی و لەدەست دانی دیموكراسی و... هتد نەیانتوانیوە پارێزگاری لەیەكێتی نیشتمانی خۆیان بكەن. بۆ نموونە ڕووداوەكەی ساڵی ١٩٧٣ ـ ١٩٧٤ لە كەلێنی شۆڕشی بلوچ، پاكستان داوای یارمەتی هێزی لەئێران كرد، كە ئەوكات محەمەد ڕەزا بهلوی شای ئێران بوو.

بەهۆی جیابوونەوەی (بەنگلادیش)یش پاكستان حاڵی خراپتربوو، لەئەنجامی سووربوون لەسەر بەدەسەڵات كردنی خۆی و بێ بەش كردنی كەمایەتییەكان و...

شـتـێکی سـەیرنیـیـە (٥٠) سـاڵ زیاترە پاکـسـتـان دەوڵەتی خـۆی ڕاگـەیاندووە، کـەچی پێـوەندی لەگـەڵ هیند زۆر خـراپەو چەندین شـەڕی خـوێناویشی لەگـەڵ دا کـردووە، کـە دەتوانین بڵـێین ئەمـە لە ئەنجـامی پێڕەوکردنی سیاسەتی هەڵەی هەردوولایە، پێوەندی پاکستان لەگەڵ هیند خـراپەو، واش پێناچێت لەداهاتوویەکی نزیک و چاوەڕوان کـراودا ئەو پێوەندییە باشتربێت.

هیند بەر لەسەربەخۆیی بوونی، هەندێک گرفتی لەگەڵ ولاتانی دراوسێی هەبوو، لەوانەش ئەفغانستان، هەرچەندە ئیستعماری ئینگلیز کە دەستی بەسەر هیند دا گرتبوو، ڕۆڵی بنچینەیی هەبوو لەم گرفتانەی کە لەگەڵ ئەفغانستان دروست بوو بوو، بەتایبەتی کاتێ سووپای هیند کە لە ئیستعماری ئینگلیز پێکهاتبوو، هێرشیان بردبووە سەر ئەفغانستان و ئیتر شەڕ لەنێوان هەردوولادا بەرپا بوو بوو، شەڕیش بەشەڕی ڕزگاری تەواو بوو کە سوپای داگیرکەری بێگانە (ئینگلیز) لە ئەفغانستان دەرکران. بێگومان پاکستانیش چاوی بڕیبووە خاکی ئەفغانستان و کارێکی باشتر لە سوپای هیند یاسوپای یەکێتی سۆڤێتی پێشووی نەکرد، لە بەرامبەر ئەفغانستان. هەر هۆی ئەم هەموو ناکۆکیانەیشی بوو لەگەڵ دراوسێکانی، بۆیە پاکستان هەوڵی ئەوەی دەدا لەگەڵ ولاتی چین پێوەندی خۆشبکات، لەکاتێک دا لەگەڵ هیندو یەکێتی سۆڤێت و چەندین ولاتی دیکە پێوەندی زۆر خراپ بوو.

بەلام لەگەڵ ئێران دا، هەر لەیەکەم ڕۆژی لەدایک بوونی، پاکستان بووە دۆستێکی نزیکی ئێران و سیاسەتەکەی لەهێندێ ڕووەوە لەهی ئێران دەچوو، لێکنزیکبوونەوەیەکی بەرچاو لەنێوان هەردوولایان دا ڕووی دا، وەک چوونە ناو پەیمانی سەنتۆ و پەیوەندیان بە سیاسەتی ئەمەریکاوە، بێ ئەوەی ڕەچاوی بەرژەوەندی ناوچەکە یاخود گەلانی ناوچەو هی خۆیشیان لەو پێوەندیەدا بکەن، بەم شێوەیە مانەوەو بەردەوام بوونیان لەپەیمانی سەنتۆ پێوەندی ئابووری بەهێزترکردو سەرپەرشتی لەسەر دەزگای ڕێکخراوی ئابووری بەناوی R.C.D کرد کە بڕبڕەی پشتی پەیمانی سەنتۆ بوو، لەم





ڕوانگەیەوە پێوەندی پاکستان لەگەڵ ئێران بەردەوام لەسەر باشی دەڕۆیشت تا ئەوکاتانەی شا فەرمانڕەوایی ئێرانی دەکرد.

دوای هاتنی خومەینی بۆ ئێران، پاکستان هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرای نەبوو، جارێک بەباشی لەقەڵەم دەداو جارێکی تریش بەپێچەوانەوە، بەشێوەیەک دەتوانین بڵێین سیاسەتێکی ئیزدواجیانەی بەرامبەر بە ئێران پێڕەو دەکرد،

بەم شێوەیە مایەوە هەتا یەکێتی سۆڤێت سوپای خۆی لە ئەفغانستان کێشایەوە، دوای ئەم ڕووداوە، ئیتر ڕاستەوخۆ ململانێی دوژمنکارانە لەنێوان ئێران و پاکستان دروست بوو، بەهۆی چاوتێبڕینی هەریەک لەم ولاتانە بۆ ئەفغانستان. ئێستاش ئەو دوژمنکارییەی هەردوو ولات بەردەوامە و هەردوولا، لەڕێگای بزاڤە بەرهەڵستکارە ئیسلامییەکانەوە، هەموو هێزو توانایەک دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئەمیان ئەوی تریان بەزەوی دا بدا. پاکستان بەهاوکاری ئەمەریکا و سعودیە، بەتوندی پشتگیری لە بزووتنەوەی تالیبان دەکات و ئێرانیش پشتگیری لە بڕهانەدین ڕەبانی و هاوپەیمانانی دەکات.

یارمەتیدانی هەردوولا بۆ ئەم هێزانەی ناو ئەفغانستان، گەیشتۆتە ڕادەیەک کە هەردوولا واتە پاکستان و ئێران دەربارەی کێشەی ئاڵۆزی ناوخۆی ئەفغانستان دابنیشن و بیر لەڕێگا چارەیەکی گونجاو بکەنەوە کە چارەسەری کێشەکان بکات. بەلام تا ئەمڕۆش ئەم ڕێگا چارەیە هیچ سەقامگیر نەبووەو ئەفغانستانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ حاڵی خراپترو کاولتر دەبێت.

پاکستان سەبارەت بەکۆنگرەی ئیسلامیش، یەکێک لەو ولاتە موسڵمانانە بووە کە پێگەوسەنگی خۆی لەڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دا هەبووەو لەزۆربۆنەش دا پێگەیەکی موتەمەیزی هەبووەو پاکستانییەکان باشترین و زۆرترین کاریان لەنێو کادیرانی ڕێکخراوەکەو ئەو لقانەدا هەبووە کە لەڕێکخراوەکە بوون. بەلام پاکستان زۆر جار بۆ خودی کۆنگرەی ئیسلامیش هەڵسوکەوتی باشی نەبووە. بۆنموونە کاتێک (شەریفەدین

بیرزادە) ئەمینداری گشتی کۆنگرەکەبوو، ئەمینداری گشتی کردبووە لقێک لە لقەکانی دەزگاکانی پاکستانی و پڕی کردبوو لە ژمێریارو تایپیست و، زۆربوون و کەڵەکەبوونی دەست ناپاکی لەبواری دارایی و پەرەسەندنی زیادەڕۆیی لە بوارەکانی تر، بەشێوەیەک کرێکارەکانی پاکستانی لەڕێکخراوەکە، وایان هەڵسوکەوت دەکرد وەک ئەوەی لە دەزگایەکی پاکستانی هەڵسوکەوت دەکەن، نەک لەدامەزراوێکی نێودەوڵەتی کە ڕۆڵی بێ لایەنی خۆی دەبینێت، ئەمەش یەکێک لە هەرە مەترسیدارەکان بوو بۆ سەر کۆنگرە، چونکە ڕاستییەکەی کۆنگرەی ئیسلامیان لە بێ لایەنییەوە بۆ لایەنگیری لە هەڵوێستی سیاسیی و سڕینەوەی سروشتی ئەرکەکانی کۆنگرە دەبرد.

هەڵوێستی ضیاء ئەلحەق لەهەموویان خراپتربوو، بەتایبەت لەبەرامبەر عەرەب. بە کورتی نەک هەر ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی بگرە بزووتنەوەی بێ لایەن (حرکە عدم الانحیاز)یش کە دەوڵەتی پاکستان تیایان دا بوو بە ئەندام بنەماو هێڵە گشتییەکانی خۆیان ون کرد و پاکستان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاری دەهێنان

بەگشتی سیاسەتی دەرەوەی پاکستان، چ بەرامبەر دراوسێکانی، چ بەرامبەر گەلی عەرەب، چ بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، چ بەرامبەر ئاسیاو ئەفریقیا و زۆر شوێن و وڵاتی دیکەیش سیاسەتێکی دۆستانە نەبووە، بگرە لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەش گرژو دڕدۆنگ بووە، جگە لە ئەمەریکاو بەریتانیا بەتایبەتی و، ئەوروپای ڕۆژئاوا بەگشتی، کە لەوپەڕی نەرمی دابووە لەگەڵ ئەو وڵاتانە. لەساڵی ١٩٥٠ کاتێک شەڕ لەنێوان هەردوو کۆریادا بەرپابوو، پاکستان بێ هیچ هەڵوەستەیەک هاریکاری ئەمریکای لەدژی کۆریای باکوور کردو، بەوهۆیەوە پێوەندیشی لەگەڵ سۆڤیێت زیاتر گرژو دژوار بوو.

### *ذوالفقار عەلی بۆتۆ ئارام گرەوەی پاکستان بوو*

ڕاستییەکەی پاکستان لەساڵی ١٩٧١ لەمێژووی خۆی دا چووە ناو قۆناغێکی نوێ، پێوانەی خاکەکەی زۆر کەم بووەوە کەبەشی ڕۆژهەڵاتی





بەتەواوی لەدەست دا، مەعنەویاتی سیاسیشی بەتەواوی لە هەرەس و داتەپین دابوو، بەتایبەتی بەهۆی ئەو شەڕە دۆڕاوەی کە لەگەڵ گەلی بەنگال و هیندستانی کردو، چەندین ساڵیش بەر لە ١٩٧١ ژەنەڕاڵە یەک لەدوای یەکەکان حوکمی عورفیان ڕادەگەیاندو گەلانی پاکستانیان بەتەواوی سەخڵەت کردبوو، لەم هەڵومەرجەشڵەژاو و نائارامییەی پاکستان دابوو، حزبی گەلی پاکستان و سەرکردەکەی ذولفقار عەلی بۆتۆ سەرکەوتنێکی گەورەی لە هەڵبژاردن دا وەدەست هێناو کۆتایی بە سیاسەتی ئابووری سەردەمی یەحیا خان هێنا، هەرچەندە ئەوکات پاکستان قەرزێکی زۆری بێگانەی لەسەر کەڵەکەببوو.

ذولفقار بۆتۆ، لەزۆر ڕووەوە هەوڵی گۆڕانکاری لەژیانی گەلی پاکستان دا دا، وەک دەیویست ڕێبازێکی سوسیال دیموکراتانە، بەڵام بەهێمنی و لەسەرەخۆیی بەڕێوەببات و هەنگاوی کردەییشی بۆ نا، بەڵام (بۆتۆ) یەک کە لەناو هەلومەرجێکی ئاوەها تێکچڕژاو هاتبێتە سەرحوکم، وەک لەلاپەڕەکانی پێشوو، ئاماژەمان بۆ کردبوو، هەڵبەت نەیدەتوانی ئەم هەموو بەڵێنانەی کە لەکاتی هەڵبژاردنی ١٩٧١ بەتەواوی گەلی پاکستانی دابوو، بیهێنێتەدی، چونکە لەزۆر حاڵەت دا تووشی ڕووبەڕووبوونەوە دەهات. بەڵام لەگەڵ ئەو بارە دژوارەشدا بۆتۆ دەستی کرد بە کۆڕو کۆبوونەوە، بۆ وروژاندنی هوشیاری کۆمەڵایەتی و دژایەتی کردنی ڕۆژئاواو، گواستنەوەی پاکستان بەشێوەیەکی تەدریجی بۆ سەرمایەداری دەوڵەتی. لەکانوونی دووەمی ١٩٧٢ حکومەتی پاکستان توانی ٣١ یەکەی پیشەسازی لە (١٠) ناوچەی بنچینەیی (ئاسن و پیشەسازی ئەندازەیی و کارەبایی گران و کارەباو غازو... هتد خۆماڵی بکات. لە ئاداری هەمان ساڵ دا (٣٢) کۆمپانیای خۆماڵی کردو لەکانوونی دووەمی ١٩٧٤یشدا تەواوی بانکە تۆمارکراوەکانی پاکستان خۆماڵی کران.

هەروەها لەگەڵ هیندستان چووە ناو وتووێژەوە، سەبارەت بەوشەڕە سەختەی کەبەهۆی جیابوونەوەی بەنگالیەکان پاکستان لەگەڵ هیندستان تووشی بوو بوو، بەتایبەت وتوێژ دەربارەی ئەو ٩٣ هەزار دیلەی پاکستان، کە لەلایەن هیندەوە گیرابوون و، (بۆتۆ )توانی پێوەندی لەگەڵ هیند باش و

ئاسایی بكاتەوە، وتوویژی هەردوو ولآت لە تەمووزی ١٩٧٢ كۆتایی هات كە بەرێككەوتنی سیملای بەناوبانگە.

هەروەها بۆتۆ پێوەندی ولآتەكەی لەگەڵ ولآتی چین قایم و پتەو كرد، بەتایبەتی لەبواری سەربازی و ئابووری، لەساڵی ١٩٧٤یش دەستی لە هاوپەیمانێتی ڕۆژئاوایی (سیتۆو سنتۆ) كێشایەوەو هەوڵیشی دا پێوەندی لەگەڵ سۆڤێت گەرم بكا، بەتایبەتی كەسۆڤێت گوشاری بۆسەر (ئەندیرا غاندی) برد كە سەرۆك وەزیرانی هیند بوو، تا هێرش بۆسەر پاكستانی ڕۆژئاوا نەبات لەكاتی شەڕی كانوونی یەكەمی ١٩٧١...هتد، سەرەڕای ئەمانەش (بۆتۆ) هێندێ دەسكاری و ڕاستكاری لە یاسای كاریش كرد، بەلآم جێگای ئاماژە بۆ كردنە، بەڵێەكانی (بۆتۆ) زۆر زیاتر بوون لەو دەستكەوتانەی كە وەدەستی هێنان، بۆیە زۆرجاران دەیانوت، بەمیللی بوونی بۆتۆ و حزبەكەی (حزبی گەلی پاكستان) زیاتر لەسەر پەیمان و بەڵێنەكانی بووە، لەوەی لەسەر دەستكەوتەكانی بووبێت.

چونكە پێشتر هیچ سەركردەیەكی گەورەی پاكستانی، نەیدەوت بەرژەوەندی گشتی خەڵك بەسەر هەموو بەرژوەندییەكانی دیكە دا زاڵ دەبێت و بەپلەی یەكەم دێت، ئەم دروشمانەی (بۆتۆ) لەكاتێك دا بوو كە گەلی پاكستان (٢٤) ساڵی ڕەبەق بوو تێر ببوو لەدروشمەكانی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامی و سیستەمی عەسكەرتاری و بەناو گەشەدان بەئابووری ولآت و...هتد (بۆتۆ)ش ئەمانەی باش دەزانی، بۆیە بەرنامەكەی هەڵبژاردنی خۆی بەسێ وشەی كورت پڕكردبووەوە، كە (نان، بەرگ، جێگا یاخود ولآت) بوو. ئەو سێ وشەیە بۆتۆی بەدەنگێكی ئێكجار زۆر دەرچواند.

لەئاداری ١٩٩٧ هەڵبژاردن دەستی پێ كردەوە، ناڕەزاییەكی زۆری خەڵكەكە بەرامبەر بە بۆتۆ دروست بوو، بەوەی كە هەڵبژاردنەكە ساختەی لەگەڵ كراوە، بەلآم نارەزاییەكە هەر تەنها لە بازنەی ناڕەزایی و گلەیی و ئینزاریش دا بوو، نەك دوژمنداری، هەروەك هزرمەندی پاكستانی (ئیقبال ئەحمەد) دەڵێت: دەنگدەران ویستیان ئینزارێك بخەنە بەر دەمی بۆتۆ و تەلقین و دەرسی بدەنێ كە لەوەتەی گەیشتووەتە دەسەلآت لەبەرامبەر





بەڵێنەكانی نەوەستاوەو لە هێندێك لە بەڵێنەكانی پاشگەز بووەتەوە)، دیارە لەبنەڕەت دا بەمانای پاشگەز بوونەوە، پاشگەزبوونەوە نەبوو، چونكە ولآتێك ٢٤ ساڵ بەدروشمی ئیسلامی و سیستەمێكی ئیسلامی ژەنەڕاڵی بەڕێوە چووبێت، بۆ (بۆتۆ)ش كارێكی هێندە سوك و سانا نەبوو بتوانێت هەموو بەڵێنەكانی لەماوەی ئەو چەندساڵەی كە بەپەنجەی دەستێك دەژمێردرێت بهێنێتە دی، هەرچەندە هەندێك هەنگاوی كردەییشی نابوو بۆ هێنانەدی بەرنامەو بەڵێنەكانی، وەك لەسەرەوەش بەكورتی ئاماژەم بۆ كردوون، بەلآم خەڵكەكەش چەندی لەبارودۆخەكە ورد دەبوونەوە، ڕاستییەكەی كەسێكی دیكەی لە (بۆتۆ) باشتریان دەست نەدەكەوت، تا لە هەڵبژاردنێكی تردا دەنگی بدەنێ. نەخاسمە لەپێش بۆتۆ، كەسێكی تری وەكو ئەم، هێندە كاری میللی بۆ ولآتەكەی ئەنجام نەدابو. بەلآم لەگەڵ ئەوەش دا خەڵكەكە دەیویست گوشارێك بخاتە سەری تا ئەو بەڵێنانەی كە لەكاتی هەڵمەتی ڕاگەیاندنی هەڵبژاردن دا بەخەڵكەكەی دابوو، هەمووی بهێنێتەدی، كە هەموو لەداكۆكی كردن و بەرژەوەندی گەلی پاكستان دابوو.

بەلآم پاش تەزویركردنی هەڵبژاردنەكەی ئاداری ١٩٩٧، (هاوپەیمانی نیشتمانی پاكستان) كە بەرهەڵستكاری بۆتۆ بوون، شالآوێكی بەربلآویان بۆ ملكەچ كردنی بۆتۆ بۆ هەڵبژاردنێكی تر كرد، ئیتر ئارامی ولآت شلەژاو خۆپیشان دان و ناڕەزایی لەزۆر شوێن دەستی پێ كرد و ئەمەریكاش دەستی تێدا هەبوو، ئیتر هەلومەرجێكی دژوار هاتە پێشەوەو (بۆتۆ)ش حوكمی عورفی پیادە كردو سێ مانگی تەواویش خەڵك دژی هێزەچەكدارەكان ڕژانە سەرشەقامەكان، تا بۆتۆ ناچاركرا ملكەچی هەڵبژاردنێكی نوێ ببێت. ئەوەبوو، بۆتۆ ملكەچی هەڵبژاردنێكی نوێ بوو، بەلآم ئەمەریكاش دەیزانی بۆتۆ تەزویری هەڵبژاردنی كردبێت و نەكردبێت، جارێكی تریش لەهەڵبژاردن دا هەر دەردەچێتەوە، چونكە گەلانی پاكستان لەبۆتۆ باشتریان شك نەدەبرد، بۆیە ئەمەریكا پشتگیری لە ضیاء ئەلحەق كرد بە كودەتایەك لە (٥)ی تەموزی ١٩٧٧و دەستی بەسەر ولآت دا گرت. لەم بارەیەوە ئیقبال ئەحمەد دەڵێت: كە قسەمان لەگەڵ خەڵك دەكرد دەیانووت (باشمان كرد لەساڵی

١٩٧١ دەنگمان بەبۆتۆ دا و هەندێکیشمان دەنگمان لەدژی دا، چونکە هەموو بەڵێنەکانی نەهێنایە جێ، هەروەها دەنگی زۆر بەمان بۆ بەرژەوەندی بۆتۆ بوو لە ساڵی ١٩٧٧، بەڵام بەشداریشمان لەخۆپیشاندانەکانی دژبە بۆتۆ کرد، چونکە هەڵبژاردنەکە تەزویر بوو، بەڵام هەرگیز مەبەستیشمان ئەوە نەبوو عەسکەرتارییەکان حوکم بگرنەدەست).

ئیتر ضیاء ئەلحەق عەسکەرتارو یەکە پیاوی ئەمەریکا، بۆتۆی لەگرتووخانە پەستا، بەتۆمەتی تەزویر کردنی هەڵبژاردنەکە، بەڵام دواتر تۆمەتی پیلان (مؤامرە)ی کوشتنی یەک لەدژمنە سیاسییەکانی بۆ هەڵبەست.

***لەسێدارەدانی زولفەقار بۆتۆو وروژاندنی ڕای گشتی جیهانی***

ئەوکاتەی بۆتۆ گیرابوو، ئیتر هەستی جەماوەر بەتەواوی بۆ بەرژەوەندی بۆتۆ وەرچەرخایەوە، چونکە خەڵکەکە دەیزانی سەردەمی بۆتۆ زۆر زۆر باشتربوو، لەسەردەمی سەرجەم سەرکردەکانی پێشووی پاکستان، ڕاستییەکەش هەروابوو، ئەوەبوو دەسەڵاتگرتنە دەستی ضیاء ئەلحەق لەساڵی ١٩٧٧ لەڕێگای کودەتاوە بارودۆخی پاکستانی وردە وردە گۆڕی، لەڕووی ئابوورییەوە زنجیرەیەک ئیجرائاتی بۆ بەرژەوەندی گەورە پیاوانی کارو پیشەسازییەکان وەرگرت، هەروەها خۆماڵی کردنی لەسەر کۆمەڵێک پیشەسازی هەڵگرت و یاسای کارکردنیشی توندکردو مەرجەکانی قەرزکردنیشی بەتەواوی ئاسان کردو...هتد.

بەکورتی، بەهۆی دەسەڵات گرتنەدەستی کودەتاچی ضیاء ئەلحەق، ئابووری پاکستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تووشی دارمان هات، وڵاتێکی گەورەی وەکو پاکستان کەزۆرترین دەستمایەو کارو خۆراک و دەرمان و پیشەسازی ناوەخۆ (محلی) و... هەبوو، کەنەک هەربەشی کیشوەری هیندی دەکرد، بەڵکو بەشی هەموو بازاڕەکانی جیهانیشی دەکرد، کەچی بارودۆخێکی شڵەژاوو قەرزاری ئەوتۆی هێنایە ئاراوە، کە هەموو گەلی پاکستان بەدەستییەوە بناڵێنن، پەکخستنی کارخانەکان و خەرج کردنی پارە لەزۆر کاری نابەجێ و نادروست و دروست کردنی مادەی بێهۆشی و...هتد





هەموو ئەمانە پاکستانیان بە ئاراستەیەکی تردا وەرچەرخاند...

بەهۆی ئەم هەلومەرجە دژوارەی کە بەسەرپاکستان و گەلەکەی دا هات، خەڵکەکە زیاتر بەگرتنی بۆتۆ نیگەران و پەرێشان بوو، کودەتاچییەکانیش کەسیستەمێکی عەسکەرتارییان بەسەر گەلی پاکستان دا سەپاند لەماوەی دادگایی کردنی ئەو سەرکردە میللییە، بەڵگەنامەیەکیان بەنێوی (کتێبی سپی) بۆ ئامادەکرد، کە لە ٢٥ی تەموزی ١٩٧٨ دەرچوو، ئەم بەڵگەنامەیە ١٠٤٤ لاپەڕەبوو، ٦٣٩ لاپەڕەی بریتی بوو لە نووسینی ڕەسمی و حکومی. بەکورتی بڵاو کردنەوەی (الكتاب الابيض) پروپاگەندەیەکی زۆر فراوان بوو چ لەنێو پاکستان و چ لەدەرەوەی پاکستان بۆ ئامادەکردنی ڕای گشتی پاکستانی و جیهانی لەپێناوی ڕەزامەندێتییان لەسەر ئیدانە کردن و لەسێدارەدانی بۆتۆ.

بۆبەرپەرچ دانەوەی ئەم کتێبە (کتێبی سپی) ذولفەقار بۆتۆ لەزیندان دا وەڵامێکی بەناونیشانی (ئەگەر دەمکوژن) نووسی کە داکۆکی کردنێکی زۆر فراوان و بەجورئەتانەبوو لەخۆی، بەڵام ئەو داکۆکیکردنە لەبەرامبەر دادگایەک کە کودەتاچییەکان بەڕێوەیان دەبردو ئەمەریکا یارمەتییانی دەدا، بێ سوود مایەوە. تەنها ئەوەندە بوو بۆتۆ توانی زیاتر ڕای گشتی جیهانی بۆخۆی وەدەست بهێنێ و ئەو داکۆکیکردنەی بۆتۆ لە خۆی تا ئەمڕۆش سەبارەت بەگەلانی پاکستان پێگەوبایەخی خۆی هەیە. چونکە بۆتۆ هەر تەنها مەبەستی داکۆکی کردن نەبوو لەخۆی، بەڵکو خستەڕوو و نیشاندانێکی ڕەخنەگرانەی مێژووی وڵاتەکەی بوو کە هەر لەدامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٤٧، تووشی کۆمەڵێک دەردو پەتا هاتبوو، سەرەکیترینیان بەلای ئەوەوە (الهيمنه الاجنبيه والنزعه الانقلابيه) بوو، کاتێک وەسفی هەردووکیشیانی دەکرد دەیوت (دووڕووی یەک دراوی ئیمپریالیزمن)، بۆتۆ دەیوت ئەو مەیلی کودەتا بەرپاکردنە لەلای ژەنەڕاڵەکان، پردێکە زاڵبوونی بێگانەی پێ دا دەپەڕێتەوە ناو وڵات، بۆیە ڕاشکاوانە دەیوت ئەو کودەتاچی و کودە تا سەربازییانەی لەوڵاتەکەمان دا دەکرێت پیسترین دوژمنی یەکێتی تیشتمانین و گەورەترین هەڕەشەش لەسەریەکێتی و پێشکەوتنی وڵاتانی

جیهانی سێ دەكەن و بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆش پەنجەی تۆمەتی بۆ وڵاتە یەكگرتووەكان دەبرد كە دەستێكی گەورەی هەبووە لە بەرپاكردنی كودەتا لەدژی دا.

ئەم بەرگری كردنەی بۆ تۆ لە خۆی، هەستی مرۆڤایەتی هەموو گەلی پاكستان و هەموو دونیای هەژاند، ئیتر چ لەكاتی گرتنی بۆتۆ و چ لەكاتی لە سێدارەدانی، دەیان نامەو برووسكەی سەرۆك كۆماری وڵاتانی دونیا، بەرزكرانەوە، وەك نارەزایییەك دژی لەسێدارەدانی بۆتۆ، لەگەڵ سەدان خۆپیشاندانی گەورە گەورە لەسەرتاسەری دونیا، بەشێوەیەك تائێستا لەسێدارەدانی هیچ سەركردەیەك ئاوەها كارتێكردنی بەسەر گەلانی دونیاوە نەبووە.

لەهیندستان بەهەزاران كەس لەوانەی نوێژدەكەن، لەكاتی نوێژی هەینی دا، نارەزاییان لەسەر لەسێداره دانی بۆتۆ دەربڕی و بەهەزاران كەسیشیان لەپایتەختی هیند (نیودەلهی) خۆپیشاندانیان لەبەردەم سەفارەتی پاكستانی سازدا، هەروەها لەناوپاكستان دا لە (٦) شاردا خۆپیشاندانی نارەزایی بۆ لەسێدارەدانی بۆتۆ سازدرا، كە لەگەڵ پۆلیسی دەوڵەتی پاكستان بەشەڕهاتن و چەندین ئۆتۆمبیلی پۆلیسیان ئاگرتێبەرداو بەرد بارانی پۆلیسەكانیشیان كرد، زیاتر لە ٣٠٠ كەسیش لەخەڵكەكە گیران. سەبارەت بەڕای گشتی جیهانیش، فاتیكان داخ و پەژارەی گەورەی خۆی بۆ لەسێدارەدانی بۆتۆ ڕاگەیاند، دەوڵەتی قەتەریش بەهەمان شێوەی فاتیكان بوو، بەیاننامەیەكیشی بەنێوی دیوانی میری قەتەری دەركردوو وتی قەتەر زۆر غەمبارە بە لە سێدارەدانی(بۆتۆ)، سەرباری دووبارە كردنەوەی ئەو هەموو بانگەوازو داواكردنەی سەركردەی وڵاتان بۆ هێشتنەوەی بۆتۆ، چونكە هەڵوێستی بۆ خزمەت كردنی مرۆڤایەتی بوو، بەرامبەر بەكێشەی جیهانیش هەڵوێستی شەرەفمەندانە وە دروست بوو، بە تایبەت بۆ كێشەی فەڵەستین، هەروەها ئیتاڵیاش بە ناوی سەرۆك كۆماری ئیتاڵیا بەیاننامەیەكی لەدژی لەسێدارەدانی بۆتۆ دەركرد، هەروەها ژمارەیەك لە سەركردەی حزب و ڕێكخراوە سیاسییەكانی بەنگلادیش نارەزایی خۆیان نیشان داو





بەكارەساتێكی گەورەیان لەقەڵەم دا.

هەروەها وەزارەتی دەرەوەی تونس بەنێوی حكومەتی تونس بەیاننامەیەكی ڕۆژنامەنووسی دەركردو داخی خۆی بۆ لەسێدارەدانی سەركردە (بۆتۆ) دەربڕی و زۆر نیگەرانی خۆی پیشان دا كە ئەم هەموو وڵاتانەی دونیا داوایان كرد حوكمی بۆتۆ سووك بكرێت كەچی هیچ سوودی نەبوو.

بەم شێوەیە ضیاء ئەلحەق برینێكی گەورەی لەدڵی گەلانی پاكستان دا چاند، لەسەرەتاوە وتی دوای سێ مانگی تر هەڵبژاردن دەكەینەوە، بەڵام هەموو مەبەستی ئەوەبوو جێگەی خۆی قایم بكات، تا ئەو ڕۆژەی لەئاسمان ئاگری گرت و پاكستانیش تا ئێستا زیاتر پابەندو پاشكۆی ڕۆژئاواو ایەو باری ئابووریشی داتەپیوە.

ئێستا پاكستان ٣٠ ملیار دۆلار قەرزارە، ١٦٪ی خەڵكەكەی بێكارە، ٤٠٪ دراوی داشكایە. كێشەی مەزهەبییەتیشی سەربار، كەمینەی شیعەو زۆرینەی سوننی بەكێشەیەكی بێ چارەسەر ماونەتەوە. هەموو ئەو گرێكوێرانە وای كردووە، پاكستان بێ ناسنامە بمێنێتەوە. چونكە تا ئەمڕۆش سیستەمەكە خۆی بە سیستەمێكی نیشتمانی لەقەڵەم نەداوە، بگرە تەنها ئیسلامی ـ ژەنەراڵی بووە.

***سەرچاوەكان:***

١ـ نوبار هوفسبیان ـ پاكستان: الدوله والمجتمع والاسلام ـ ترجمه: سامی الرزاز ـ ١٩٨٦.
٢ـ د. اسماعیل صبری مقلد/ السیاسه الدولیه ـ العدد ٢٤ ـ السنه السابعه/ نیسان ١٩٧١ ـ القاهره.
٣ـ نبیه الأصفهانی ـ السیاسه الدولیه ـ العدد٢٧ ـ عام ١٩٧٢.
٤ـ سیاسەتی دەولی-ژ١١- سالی ١٩٩٤ .
٥ـ مجله المنار ـ العدد ٤٦ ـ ملف خاص حول پاكستان ـ تشرین الاول ١٩٨٨.

# خوێندنەوەیەکی سەرەتایی ململانێی جوولەکەو عەرەب + ڕێککەوتنی ستراتیژی ئەمەریکاو جوولەکە

نەخشەو بەرنامەی داڕێژراو بۆ نیشتەجێکردن و برەودان بە نەتەوەی جوولەکە(یەهود) لەناو ماڵی عەرەب لە فەڵەستین، بە مەبەستی پتەوکردنی پێگەی بەریتانیاو هاوپەیمانانی لە ناوچەی عەرەب و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی هەموو هاوکاری و تەباییەکی قووڵی نێو وڵاتانی عەرەب، مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو، سەرتاکەی بۆ زیاتر لە یەک سەدە دەگەڕێتەوەو، دەتوانین کۆنگرەی یەکەمی جوولەکە لە شاری(بال)ی ساڵی ١٨٩٧ لە سویسرادا بەسترا، بە هەنگاوێکی سەرەتایی ترسێنەر بۆ چاوتێبڕین و تەماحگیری جوولەکە لە خاکی فەڵەستین دابنێین، بە تایبەت کە مافی کۆچکردنی جوولەکەی تێدا بەرقەرار کرابوو، هاوکات کۆمەکی و پشتگیری زۆریشی بۆ ئەو جوولەکانە دەربڕیبوو، کە بە سەر وڵاتانی ئەوروپادا ئاوارەو دابەش بوو بوون و، دەیانویست بۆ خاکی فەڵەستین کۆچ بکەن، ئەمە سەرەتای هەموو ئەو نەخشەو بەرنامە یەک لە دوای یەکانە بوو کە لەلایەن بەرپرسانی جوولەکە وهاوپەیمانانییەوە دادەڕێژران.





دوای ئەم کۆنگرەیە، دەتوانین بڵێین، ئەو یاداشتنامەیەی کە (هربرت سامۆئیل)لە کانوونی دووەمی ساڵی١٩١٥ لە ژێر ناوی (دوا ڕۆژی فەڵەستین) نووسیبووی وبۆ ئەندامانی حکومەتی بەریتانی و هەندێک لە نوێنەران و کاربەدەستانی بەرزکردبووەوەو تێیدا پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی یەهودی لە فەڵەستین بە سەرپەرشتی بەریتانیا خستبووەڕوو، هەنگاوێکی دیکەی کاریگەربوو تا جوولەکەش دەنگی خۆی بەرزبکاتەوەو پشتگیری و هاوپەیمانی پتر بۆ خۆی دروست بکات، بەو مەبەستەی کە نەک هەر هاوبەرژەوەند دەبن، بەڵکو بەرژەوەندی تەواوی هاوپەیمانانی لە ناوچەکە (کە ناوچەو خاکی عەرەبە) دەپارێزێت، لە سەرووی هەموویانەوە بەرژەوەندی بەریتانیا کە ئەو کات یەکەم زلهێزی جیهان بوو، ئینجا بەرژەوەندی ئەمەریکاو.. هتد.

بەریتانیاش نەیدەویست خۆی لە خاکی عەرەب دوورە پەرێزبکا، بە تایبەت کە بەلای ئەوەوە ناوچەیەکی تابڵێی گرنگ و ستراتیژییە لە رووی جوگرافیاو بەرهەم و ... هتدەوە .

لەبەر ئەوە ناردنی جوولەکە بۆ فەڵەستین هێنانەوە و جێبەجێکردنی ئەو نەخشەو پیلانە یەک لەدوای یەکانەبوو کە بۆپارچەکردنی ئیرادەو خواستی عەرەب ڕەنگڕێژ کرابوو تا هیچ بوارێکی یەکگرتوویی بۆ عەرەب مەیسەر نەبێ، بۆ ئەم مەبەستە و زۆر مەبەستی تر (ئارثەر بلفور) لە ١٩١٧/١١/٢ کە ئەو کاتە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو، پەیمانی بەلفۆری دا بە (اللورد البارون ادموندی روتشیلد) کە یەکێک لە پێشەواکانی بزاڤی جوولەکەبوو لە بەریتانیاو، پێی ڕاگەیاند کە حکوومەتی بەریتانیا بەختەوەرو ڕەزامەندو یارمەتیدەرە بۆ دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ گەلی جوولەکە لەخاکی فەڵەستین و، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی بەریتانیا زۆرترین کۆششی کردووەو دەیکات.

دوابەدوای بەریتانیا، ئیتاڵیا لە شوباتی ١٩١٨و فەرەنسا لە مایسی ١٩١٨و ئەمەریکا لە ئابی هەمان ساڵی ناوبراودا، پشتگیری پەیماننامەی بەلفۆریان کردو، ڕای گشتی نێودەوڵەتی و پێگەی جوولەکە وردەوردەو ڕۆژ

لە دوای رۆژ بەهێزتر وبەرفرەوانتر دەبوو .

ئەم پەیمانە بۆ عەرەب لە رووی ئاسایشی نەتەوەیی وپاراستنی خاکەوە گەورەترین زەنگی مەترسی بوو ، بە درێژایی مێژووی پێش ئەو کاتە ، چونکە مۆرک و سیماو ناوەڕۆکێکی زەقی داگیرکردنی خاکی عەرەبی (فەلەستین) هەڵگرتبوو ، بەم شێوەیە لە چەندین ولاتانی جیاجیای ئەوروپاوە ، جوولەکە بەکۆمەکی کاریگەری بەریتانیا و بەهاوکاری ئەمەریکا ، رێگەی خاکی فەلەستینیان بۆ خۆیان هەڵبژارد و کۆمەڵ کۆمەڵ روویان تێکردو تێیدا نیشتەجێبوون، لەم لایشەوە گەلی فەلەستین لە ماڵی خۆی ئاوارەو دەربەدەربوو بەسەر ولاتە عەرەبییەکانی دیکەدا. ساڵی ١٩٣٦ لە ئەنجامی بەرەنگاربوونەوەی گەلی فەلەستین دژ بە جوولەکە نیشتەجێبووەکانی سەر خاکی فەلەستین، بەریتانیا لیژنەیەکی نارد کە بە لیژنەی (بێل)ی پادشایی ناوزەدکراوە ، پێشنیاری دابەشکردنی خاکی فەلەستینی بۆ سێ بەش کرد ، بە شێوەیەک هەموو ناوچە بە پیتەکان وناوچەی (الخلیل)ی باکووری فەلەستین بە رەسمی ببێتە خاکی فەلەستین(واتە خاکی جوولەکە!!) ئەم پێشنیارەی بەریتانیا لە بنچینەدا سەرەتایەکی کاریگەرترو فیعلی تربوو بۆ بە دەوڵەتکردنی جوولەکە لەسەر خاکی فەلەستین .

جوولەکەکانی فەلەستین (ئیسرائیل) سەرباری پێوەندی زۆرتوند و پتەویان لەگەڵ بەریتانیا هەمیشەش لە هەوڵی ئەوەدابوون کە هاودەنگی و کۆمەککردنی ئەمەریکا بەلای خۆیاندا زیاتر وەدەست بهێنن، بۆ ئەم مەبەستەش پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئەمەریکادا بەهێزتر کرد ، تا ئەم هاودەنگی و کۆمەکییەی ئەمەریکاش زیاتر مەیسەرتر بکات، ئەم پێوەندی پتەوکردنەی ئیسرائیل لەگەڵ ئەمەریکادا ، راستەوخۆ لە دوای کۆنگرەی (بلتیمۆر)ی ساڵی ١٩٤٢ هاتەدی کە توانی هاوسۆزی هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی ، کە (رۆزفلت) و(ترۆمان)سەرۆکایەتیان دەکرد ، بە شێوەیەک بەلای خۆیاندا رابکێشن کە لەگەڵ ئامانجی جوولانەوەی ئیسرائیلدا تەواو بگونجێ، لە راستیشدا ئیسرائیل توانی کۆمەکی دارایی و پشتگیری سیاسی ئەمەریکا بۆ خۆی وەدەست بهێنێ .





بە تایبەتی کاتێک (رۆزفلت)لە ساڵی ١٩٤٤ هەوڵێکی زۆری دا رێگەی فەلەستین بخرێتەسەر گازەرەی پشت لەبەردەم کۆچکردنی هەموو ئەوجوولەکانەی کە لە ولاتە جیاجیاکانی ئەوروپادا هەبوون، تا لەوێ (لەفەلەستین)نیشتەجێ بن .

(ترۆمان)یش هەرچەند دەقیقەیەک پاش راگەیاندنی بەدەوڵەتبوونی ئیسرائیل لە ١٩٤٨/٥/١٥ بەناوی حکومەتی ئەمەریکا دانی بە قەوارەی سیاسی ئیسرائیل نا ، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ!! .

جێگەی ئاماژە بۆکردنە ، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم لە (١٩٤٥) ، بەریتانیا ئەو پێگە بەهێزو بەرفراوانەی جارانی بەسەر جیهانەوە نەما ،ئەمەریکا لە جاران زۆر پتر هاتە پێشەوەو جێگەی بەریتانیای پێش شەڕی دووەمی جیهانی گرتەوە.

هەر لە ساڵی ١٩٤٥یشدا بوو ، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەو چارەسەری ئاشتییانەی کێشەوگرفتەکانی ولاتانی دنیا ، دامەزراو ، بەریتانیاو ئەمەریکاو فەرەنسا وچین ویەکێتی سۆڤیەتیش بوون بە ئەندامی هەمیشەیی رێکخراو ، بۆیە بەریتانیا توانی ئەم هەلە بقۆزێتەوەو ، کێشەی ئیسرائیل – فەلەستینی خستە بەردەم رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ، بەهۆی گوشاری بەریتانیاو ئەمەریکا ، نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٧ بڕیاری دابەشکردنی خاکی فەلەستینی دا ، دابەشکردنەکە بڕیاری پێکهێنانی دەوڵەتی فەلەستینیشی تێدا تۆمار کرابوو ، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی ئیسرائیلیشی زۆر لەبەرچاو گرتبوو ، حەوت (٧) ولاتی عەرەبی بە تایبەتی (عێراق، سوریە ، میسر ، ئوردن ، لوبنان)سوپای خۆیان نارده خاکی فەلەستین بۆ هاوکاری کردنی گەلی فەلەستین وسەرنەگرتنی ئەم دابەشکردنەی خاکی فەلەستین، چونکە ولاتانی عەرەبی ئەم دابەشکردنەیان بەسەرەتایەکی دیکەی زۆر مەترسیدارترو بەرفراوانتر دەزانی، بە تایبەتی کە بڕیارەکەش لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی نێودەوڵەتییەوە دەرچووبوو ، بەڵام هەموو هەوڵەکانی عەرەب نەک هەر بێ سوود بوون، بەڵکو ئیسرائیل لە سەر بنەمای بڕیاری

نەتەوەیەکگرتووەکان دەوڵەتی خۆی لەخاکی فەڵەسیتن راگەیاند وکەچی گەلی فەڵەستینیش تائێستاکەش خەبات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەکا و بۆیشیان مەیسەر نەبووە! .

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە، کاتێ ئیسرائیل دەوڵەتی خۆی راگەیاند وئەمەریکاش لە رێگەی ترومان بە چەند دەقیقەیەک پاش راگەیاندنەکەی ئیسرائیل لە ١٩٤٨/٥/١٥ ، دانی بە قەوارە سیاسییەکەی ئیسرائیل نا ،یەکێتی سۆڤیەتیش دووەم دەوڵەت بوو ،لە دوای ئەمەریکا کە دانی بە قەوارەی سیاسی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەڵەستین نا!!. ئیتر نەتەوەیەکگرتووەکان وهەموو ئەو دەوڵەتانەی کە سەر بەو دوو دەوڵەتە زلهێزە جیهانییە(ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤیەت)بوون دانیان بە دەوڵەتی ئیسرائیل ناو ،تەنانەت ململانێ و ناتەبایی بە رادەی جۆراوجۆر گەیشتە نێوخودی وڵاتانی عەرەب کە هەندێکیان دەیانویست بە رێگەچارەی ئاشتییانە کۆتایی بە ململانێیەکەی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل بهێنرێت، ، هەر چەندە گەلی عەرەب زۆر زووتر هەستی بەمەترسی نیشتەجێکردنی جوولەکە لەسەر خاکی فەلەستین دەکرد، بەرەنگاربوونەوەکەی عەرەب لە ساڵی ١٩٣٦ نموونەیەکی زەقی هەستکردن بەو مەترسیەیان بوو، هەر لەم روانگەیشەوە بوو، بۆیەکەمجار یەکەم بەڵگەنامەی مێژوویی کۆمەڵی وڵاتانی عەرەبی لەلایەن (میسر، عێراق، لوبنان،سعودیە، سوریا، رۆژهەڵاتی ئوردن، یەمەن)لە رێکەوتی ١٩٤٥/٣/٢٢ ئیمزاکراو دواتریش لیبیا لە ١٩٥٣/٣/٢٨ ،سودان لە ١٩٥٦/١/٩ ،تونس ومەغریب لە ١٩٥٨/١٠/١، کوێت ١٩٦١/٧/٢٠، جەزائیر ١٩٦٧/٨/١٦، یەمەنی باشوور کۆتایی ١٩٦٧، بەحرێن وقەتەر ١٩٧١/٩/١١، عەممان/١٩٧١ ٩/٢٩، ئیمارات ١٩٧١/١٢/٦ ، مۆریتانیا١٣/١٠/١٩٧٣، سۆماڵ ١٩٧٤/٢/١٤، فەڵەستین ١٩٧٦/٩/٩، جیبۆتی ١٩٧٧/٩/٣ چوونە ریزیەوەو بەئەندام وەرگیران تیایدا.

لە راستیدا، دامەزراندنی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی، لەمێژووی عەرەبدا، بەهەنگاوێکی زۆر گرنگ وکاریگەر دەژمێردرێ، نەخاسمە ئەگەر





بەرنامەی سەرەتایی لەلایەن عەرەبەوە بایەخی هەبوایەو ئیلتیزاماتیان پێوە بکردایە، چونکە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی، نوێنەری قەوارەی سیاسی نەتەوەیی عەرەبی بوو، ئیتر رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە ئاداری ساڵی ١٩٥٠دانی پیاناو بڕیاردرا ئەمیینداری گشتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی، بە شێوەی چاودێر بەشداری خولەکان (دورات)ی نەتەوەیەکگرتووەکان بکات و، وەفدێکی هەمیشەییان لە نەتەوەیەکگرتووەکان بێت.

هەروەها توانی زۆر کۆسپ وململانێی نێوان وڵاتانی عەرەبی سووک بکات، یا هەر نەیهێڵێت، وەک چارەسەرکردنی کێشەی سوریا ولوبنان ساڵی ١٩٤٨ ، میسرو سودان ١٩٥٨ ، میسرو لوبنان ١٩٥٨ ، میسرو تونس ١٩٥٨ ، عێراق وکوێت ١٩٥٨ ، مەغریب وجەزائیر ١٩٦٣ ، ئوردن و رێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستین لە ١٩٦٨ ، نێوان هەر دوو یەمەن ١٩٧٨ ، ... هتد .

بەڵام ململانێی وڵاتانی عەرەبی روو لە پتر بوون بوو، بۆیە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبیش بەهۆی ئەوململانێیانەوە نەیدەتوانی بەرنامەی راستەقینەی خۆی بخاتە کارەوەو کۆسپی گەورەی دەهاتە پێش، لە کاتێکدا وڵاتانی عەرەبی ئیلیتیزامیان بە بەرنامەی کاری کۆمەڵە نەدەکرد، هاوکات مەترسی ئیسرائیلیش کارتێکردنی ئێکجار زۆری خستبووە سەر عەرەب، بەرادەیەک ساڵی ١٩٥٣ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (دالاس)کە ئەو کاتە (ئایزنهاوەر) سەرۆکایەتی ئەمەریکای دەکرد، گوتی(دوای گەشتێکی خێرام بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ،ئێستا بۆم روونبووەوە کە زۆر پتر لە ئیسرائیل دەترسن، لەوەی لە کۆمۆنیزم بترسن) ، ئەم ترسە زۆرە لە جیاتی هاودەنگی عەرەبی دروست بکردایە، کەچی پچڕپچڕی لە بۆچوون و هاودەنگی عەرەب دروست کرد، کە زەمینەی پتری بۆجوولەکە و هاوپەیمانانی خۆش دەکرد تا رەگی خۆیان ئەستوورتر وقووڵتر لەسەر خاکی عەرەب گیربکەن .

بەڵام هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوو کە یەکێتی سۆڤیەتیش هاوشان لەگەڵ ئەمەریکا بە تایبەتی چەند ساڵێکی ئەنگوست ژماری دەستێک، لە

سەرەتای دروستبوونی قەوارەی سیاسی جوولەکەوە، کە ١٩٤٨/٥/١٥ بەدواوە دەگرێتەوە، بە توندی پشتگیری لە جوولەکە دەکرد، بە تایبەتی کە بڕیاری دابەشکردنی فەلەستینی ژمارە ١٨١ لە ١٩٤٧/١١/٢٩ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەرچوو، یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئەم بڕیارە زۆر کۆک وتەباو ڕەزامەند بوو، دووەم دەوڵەتیش بووکە لە دوای ئەمەریکا دانی بەقەوارە سیاسییەکەی جوولەکە لەسەر خاکی عەرەب لە فەلەستین نا، لەساڵی ١٩٤٩ یش نوێنەرەکانی یەکێتی سۆڤیەت وولاتانی ڕۆژهەلاتی ئەوروپا، بەگەرمی پاڵپشتی جوولەکەیان دەکرد تا بچێتە ریزی نەتەوەیەکگرتووەکان وبەئەندام وەربگیرێ بەو پێیەی جوولەکە (ئیسرائیل) دەوڵەتێکی سەربەخۆیەو داکۆکی لە قەوارەی سیاسی خۆی ولەمافی جوولەکەکانی فەلەستین لەبەرامبەر دوژمنانی لە وڵاتانی عەرەبی دەکات .

بەڵام یەکێتی سۆڤیەت تێگەیشت جوولەکە پتر چۆتە باوەشی ڕۆژئاواوە، نەخاسمەکە وتاری (موشیە شاریت) وەزیری دەرەوەی جوولەکە لە نیۆیۆرک لە ١٩٥٠/١٢/٢٣ لەکاتی چاوپێکەوتنی بە ژەنەراڵ(جۆرج مارشال) وەزیری بەرگری ئەمەریکا پێشکەشی کرد وبڵاوبووەوە، وتارەکە چەند پێشنیارێک یاخود یاداشتنامەیەکی نهێنی بوو بۆ ئەمەریکا، دەربارەی هاوکاریکردنی ئەمەریکا، ئەوەبوو (شاریت)بە پێویستییەکی گرنگی دانابوو کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، یارمەتی جوولەکە بدات، تا لەناوچەکە بایەخێکی زۆر گرنگی بۆ دەوڵەتێکی گەورەی وەک ئەمەریکا هەبێ، بە تایبەتی کە شوێنی جوگرافیای ئەمەریکا پێچەوانەی یەکێتی سۆڤیەت ، لە وڵاتانی عەرەبییەوە زۆر دوور بوو، بۆیە بە زەحمەتتر لە یەکێتی سۆڤیەت دەستی بەسەر ناوچەکە رادەگەیشت، لەبەر ئەوە بوونی جوولەکە لە شوێنێکی ئاوەها، زۆر ئەرکی قورس وگرانی لەکۆڵ ئەمەریکا دەکردەوەو باشترین ڕێگەبووکە بەهۆیەوە دەست بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا بگرێت وهاوکات کۆسپ وتەگەرەش لە بەردەم یەکێتی سۆڤیەت دروست بکات کەنەتوانێ بە ئاسانی دەستڕۆیشتوویی خۆی بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا بسەلمێنێت و مەترسی جێگیربوونی تارمایی کۆمۆنیزم لە وڵاتە عەرەبییەکاندا تا رادەیەک





بڕەوێنێتەوە .

بێگومان نەشدەکرا بەرژەوەندی ئەمەریکا ویەکێتی سۆڤیەت بە یەکسانی بپارێزرێ، لە کاتێکدا دوو دەوڵەتی ناکۆک و دژ بە یەکتری بوون و ئیسرائیلیش هەڵپەی پتری بۆ باوەشی ئەمەریکا بوو،نەک یەکێتی سۆڤیەت، بەم پێیە دەتوانین بڵێین سەرەتای بیرکردنەوە لە هاوکاری وڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٥٠ دەگەڕێتەوە، هەروەک ڕۆژنامەی (معاریف)ی جوولەکە لە بەرواری ١٩٨١/١٢/١١ دەقی بەڵگەنامەیەکی گرنگی بڵاوکردەوەو بە روونی سەلماندی کە جوولەکە لە مێژە کۆششی بۆ ئەم هاریکاریکردنە کردووە، ئەم ڕێککەوتنەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ، بەریتانیا ئەو دەستڕۆیشتووەی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەماو، ئەمەریکا جێگەی بەریتانیای گرتەوەو پێوەندی دوو قۆڵی لەگەڵ جوولەکەی فەلەستین بەهێزتر کرد و سەرەتای ڕێککەوتنی ستراتیژییان لە ساڵی ١٩٥٠ هاتە بەرباس، هاوکات ئەمەریکا بۆئەوەی بتوانی گورزێکی کوشندەش لە یەکێتی سۆڤیەت بسرەوێنێ بۆئەوەی نەتوانێ پێگەوهێزی خۆی لەناوچەکە بەرفرەوان بکات.. ئەمەریکا بۆئەم مەبەستە هەر بەوەندەش نەوەستا ،هەستا لە ساڵی ١٩٤٩ پەیمانی (باکووری ئەتلەنتیک)ی داناو هەر دوو وڵاتی یۆنان وتورکیاچوونە ناویەوەو وردە پێگەی یەکێتی سۆڤیەتی لاوازتر کرد، وڵاتانی عەرەبیش هەڵوێستێکی یەکگرتوویان نەبوو، ناکۆکی زۆر لەنێوانیاندا هەبوو کە ئەمەریکا زیاتر زەمینەی بۆ ڕەخسا تا ئیستغلالی ئەم بارە ناکۆکیەی وڵاتانی عەرەبی بکات و پێگەی جوولەکەش بەهێزترو فرەوانتر بکات، هەروەک کردی وبەردەوامیش دەیکات !!

جوولەکە لە ساڵی ١٩٥١ بەدواوە، پێویستی بە یەکێتی سۆڤیەت نەما تا پشتگیری وداکۆکی لێ بکا، چونکە لەلایەک دان بە قەوارە سیاسییەکەی دانرابوو، لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئەمەریکا هاتبوونە سەرباسکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژی و ڕوویەکی گرنگی ڕێککەوتنەکەش بۆ ئەوەبوو کە

دەستڕۆیشتوویی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەکە نەهێڵێ وڕێگە لەبەردەم فراوانخوازی بیری کۆمۆنیزمی رابگرێ و، بەتوندی بەربەرەکانێی هەر وڵاتێکی عەرەبیش بکات کە مەترسی سەرهەڵدانی رژێمێکی کۆمۆنیستیان لێ بەدی بکات. ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو تا ئەمەریکا لە پێناوی سەرکوتکردنی ئەم جۆرە رژێمە لەلایەک و، پاراستن وبرەو دان بە بەرژەوەندی خۆیشی لە ناوچەکە لەلایەکی دیکەوە، پشتگیری ئیسرائیل بکات و هەموو جۆرە یارمەتییەکی مادی ومەعنەوی ئیسرائیل بدات. ئەوەبوو، یارمەتی ساڵانەی جوولەکە لەلایەن ئەمەریکا تا دەهات پتر دەبوو هەموو جۆرە کۆمەکیەکی سەربازی وسیاسی و.. هتد بۆ ئاوەڵاکرابوو، ئەگینا جوولەکە ئەو کاتە تەنیا ملیۆنێک کەس نەدەبوون،چۆن دەیانتوانی بەرەنگاری ١٠٠ ملیۆن عەرەب ببنەوە؟! ئێستەش ئەمەریکا نەبێ چۆن دەتوانن بەرەنگاری ٢٠٠ ملیۆن عەرەب ببنەوە ؟!! .

بەهەر حاڵ یەکێتی سۆڤیەت ئیتر ناچار بوو، رووی سیاسی ودیبلۆماسی خۆی لە جوولەکە وەربگێڕی و پێوەندی دیبلۆماسی و سیاسی وسەربازی .. لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی عەرەب بکاتەوە، کە لە روانگەی یەکێتی سۆڤیەت میسر پێشڕەوی وڵاتانی عەرەبی بوو (لە راستیشدا هەر وابوو) بۆیە ویستی میسر بۆ خۆی بقۆزێتەوە چونکە میسر تاکە دەوڵەتێکی عەرەبی بوو کە قورسایی خۆی لە ناوەندی عەرەبیدا هەبوو، هەروەها کارتێکردن (تاثیر)ی خۆیشی بەسەر ناوچەکەوە هەبوو، بەتایبەت شوێنەجوگرافیایەکەشی باش هەڵکەوتبوو، پێگەیەکی زۆر بەهێزی عەرەبی بوو لە ناوچەکە، لەبەر ئەمانە یەکێتی سۆڤیەت دوای ئەوەی زانی یارمەتیدانی جوولەکە بێ سوودەو جوولەکە هەر بۆ باوەشی ئەمەریکا و رۆژئاوا دەڕوات، رووی لێ وەرگێڕاو ئەمجارەیان باسی داگیرکردنی خاکی عەرەبی لەلایەن جوولەکەوە دەکرد ویارمەتی وکۆمەکی هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی دەکرد، ئەوەبوو یەکێتی سۆڤیەت لە پەنجاکان پێوەندی دوو قوڵی لەگەڵ میسر زۆر پتەوکردو لە ناوەڕاستی پەنجاکان (کرێملن) لەسەر ئەوە رێککەوت کە چەکی جۆراوجۆر بە میسر بفرۆشێ .





ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە میسر لە ٢٣ ی (٧)ی ١٩٥٢ وەرچەرخانێکی گرنگی لە مێژووی نوێی خۆیدا بینی، کە رووخاندنی رژێمی پاشایەتی بوو لە میسرداو هێنانەدی سیستەمێکی تازە لەسەر دەستڕۆیشتوویی ئەفسەران لە دەسەڵاتی سیاسی میسریدا بوو. لە راستیدا میسر بوو بە رژێمێکی سەربازی هەر وەک زۆربەی سیاسەتمەداران وەها وەسفیان دەکرد، بە شێوەیەک لە ساڵی ١٩٥٢ هەتا تەمموزی ١٩٦٧ رێژەی ئەو وەزیرانەی کە شارەزاییەکی باشیان لە بواری سەربازی هەبووە، نزیکەی ٤٤,٢٪ بووە، بەرادەیەک ئەم رێژەیە لە ساڵ ١٩٦٥ گەیشتە ٤٧٪ و لەساڵی ١٩٦٦ بەرزبۆوە بۆ ٥٩٪ و ساڵی ١٩٦٧ بۆ رێژەی ٦٥٪ سەرکەوت!! .

بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە، نوێنەران وبەرپرسانی حکومەت زۆربەیان لە تەکنۆکرات و ئابوری زان ومامۆستایانی زانکۆ .. هتد پێکهاتبوون ، ئەگەر چی ئەمانەیش بەهۆی سیاسەتی ئەنوەر ساداتەوە ، نەیانتوانی رۆڵێکی بەرچاو بگێڕن!! .

بەهەر حاڵ یەکێتی سۆڤیەت رۆژ لە دوای رۆژ پتر هەستی بە مەترسی جوولەکە وهاوپەیمانانی دەکرد، بۆیە هەر تەنیا بە پێوەندی دوو قۆڵیی لەگەڵ میسردا نەوەستاو هەوڵێکی ئێکجار زۆری دا تا لە کۆنگرەی یەکەمی باڵای عەرەبی بڕیاری دامەزراندنی رێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستینی دەربچێت، ئەوەبوو بڕیارەکە جێگەی خۆی گرت و لە ساڵی ١٩٦٤ رێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستین دامەزرا کە هۆکاری بنەڕەتی لە دروستبوونیدا دروستکردنی رێکخستنێکی دژە جوولەکەبوو لە فەڵەستین و دووپاتکردنەوە لەسەر رەتکردنەوەی هەموو جۆرە مامەڵەیەک بوو لەگەڵ جوولەکە، لە کاتێکدا ئەم رێکخراوە هەموو جۆرە پشتگیرییەکیشی لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ دەستەبەرکرابوو، هاوکات کارتێکی زۆر گرنگیش بوو بەدەستی سۆڤیەتەوە تا بۆ گوشار خستنەسەر جوولەکەکانی فەڵەستین بەکاری بهێنێت، ئەوجوولەکانەی لە سەرەتاوە سۆڤیەت داکۆکی زۆری لێکردن و دانیشی بە قەوارەی سیاسیان نا لەسەر خاکی عەرەب لە فەڵەستین!!

بەهەرحاڵ یەکێتی سۆڤیەت هاریکاری زۆری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی کردو تا بوار لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا تەسک بکاتەوە، کە جوولەکە هەوڵی فراوانخوازی بۆ دەدا، بەم شێوەیە پێوەندی سۆڤیەت لەگەڵ میسرو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی زۆرپتەو بوو، نەخاسمە کە جەمال عەبدولناسر سەرۆکایەتی میسری دەکرد .

ئەمانە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی عەرەبی (مجلس الجامعه العربیه) لە ساڵی ١٩٥٠ گەیشتبووە بڕیارێک کە (نابێ هیچ ئەندامێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمەڵە وتووێژی بە تەنیا ویەک لایەنانە لەگەڵ جوولەکەدا ، دەربارەی ڕێککەوتنی ئاشتی ئەنجام بدات، یاخود نزمترین ڕێککەوتنی سیاسی یا ئابووری یا سەربازی بۆگەیشتنی فیعلی بۆبەستنی ڕێککەوتنی ئاشتی نابێ رووبدات بەپێی بەندی ١٨ لە بەڵگەنامەی یەکێتی عەرەبیدا)ئەمەیان زەمینەی هاریکردنی عەرەبی لەگەڵ سۆڤیەت خۆشتر کردبوو، ئەگەرچی ئەمەش هەر لە ژێر گوشاری میسردا لە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی عەرەبی دا چەسپا، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ ئەمەریکاش جگە لە جوولەکە هەندێ وڵاتانی دیکەی عەرەبی خستبووە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیەوە وەک وڵاتانی مەغریب و بەحرێن وسعودیە.. هتد کە دوایی باشتر ئاماژەیان بۆ دەکەین .

ئیتر ئەمەریکا وجوولەکە هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ، بۆ ئەوەی میسر ئەو ڕۆڵە کاریگەرییەی بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا نەمێنێ، لە کاتێکدا پێوەندی میسر لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لەوپەڕی باشیدابوو، کەچی لەگەڵ ئەمەریکا وجوولەکەشدا بەرادەیەک خراپ بوو، هیندێ جار دەگەیشتە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە، ڕووبەڕووبوونەوەکەش جگە لە بەهێزکردنی پێگەی جوولەکە،بۆ جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەش بوو کە میسر ئەو پێگە بەهێزەی بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا هەیەتی نەمێنێ، کە وەک ریش سپی و دەمڕاستی عەرەبە، بەکورتی دەیانویست ئیتر چیدیکە میسر ئەو حیسابەی لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپییەوە بۆنەکرێ و وەک هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی بێت وبەس .





جوولەکە هەر لەدوای ناوەڕاستی چلەکانەوە، کاتێ دان بە دەوڵەتەکەی نرا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، چاوی لە زۆر شوێنی دیکەی گرنگ وستراتیژی بڕیبوو، وەک کەناری ڕۆژئاوا، غەزە، بەرزاییەکانی جۆلان،.. هتد، ئەوەبوو جوولەکە هەر لە ساڵی ١٩٥٥ هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر کەرتەکانی غەزە کردبوو، هەمیشەش خەونی سەوزی بە بەرپابوونی ئیمپراتۆریەتی هەرێمی دەدیت کەجێگەی هەڕەشە و ترسناکی گەورە بێت بۆ سەر سەرکردایەتی دەوڵەتی میسر بە پلەی یەکەم ،ئینجا بۆ سەر تەواوی وڵاتانی دیکەی عەرەبی. لە راستیشدا ساڵی ١٩٦٧ بەشێک لە خەونەکانی خۆی هێنایەدی .

حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ وەرچەرخانێکی گەورەی لە نەخشەی (سیاسی وئابووری و سەربازی) عەرەبی وجوولەکە وهەروەها لە نەخشەی سیاسەتی هەرێمایەتی ونێودەوڵەتیشدا دروست کرد، بە تایبەتی لە تەمموزی هەمان ساڵدا کە بەشێکی زۆری لە خاکی عەرەب بە زۆری زۆرداری داگیرکرد، وەک کەناری ڕۆژئاواو کەرتەکانی غەزەو بەرزاییەکانی جۆلان و نیمچە دوورگەی سیناو ..هتد جێگەی ئاماژە بۆکردنە کە شەڕی ساڵی ١٩٦٧ یش بە تێکشکاندنی سوپایی عەرەب کۆتای هات ، جوولەکە تەنیا ٦٠ میل لە (قاهیرە)ی پایتەختی وڵاتی (میسر)ەوە دوور بوون!!! .

ئەمەیان لە زۆر ڕووەوە کاردانەوەی سلبی بۆ سەر حکومەتی میسر بەسەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر دروست کرد، چونکە میسر بە درێژایی ساڵانی چلەکان وپەنجاکان و تا ئەوکاتەش لە دروستکردنی هەر بڕیارێکی سیاسی عەرەبیدا، کاریگەرترین دەوڵەتی عەرەبی بوو، لەزۆر ڕووەوە حیسابی وردی بۆ دەکرا ، ئیتر دەوڵەتێک بەم شێوەیە جێگەی خۆی لە نێو (٢١) وڵاتی عەرەبیدا (بەفەڵەستینیشەوە) کردبێتەوەو وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاواش حیسابێکی بۆ بکەن، کەچی وەک باسم کرد جوولەکە تەنیا (٦٠)میلی مابوو بگاتە پایتەختی میسر(قاهیرە) ئیتر بەهۆی ئەم شکستە گەورەوە، هەر دەبێ بارودۆخی دیکە لە ژیانی سیاسی میسری و وڵاتانی عەرەبیشدا رووبدات کە رویدا، وڵاتێک ئاوا بێت ، کەچی نەتوانێ سنووری

خاکی خۆی بپارێزێ و جوولەکەش بەردەوام هەڕەشەی مەترسیداری بۆ سەربکات، بێگومان لەبەرچاوی سیاسەتی عەرەبیش ئەو پێگە کاریگەرییەی جارانی لە دەستدا و لاوازبوو. لەلایەکی دیکەشەوە جوولەکە بە فیعلی ئەوەی دەرخست کە ئەوەی پشت بەیەکێتی سۆڤیەت ببەستێ (کە دوژمنی سەرەکی جوولەکەیە) ئەوا بەو دەردە زۆر خراپتر دەچێ کە میسر پێی داچوو .

لێرەوە زۆر وڵاتانی عەرەبی ئەومتمانە بەهێزەی بە یەکێتی سۆڤیەت نەما چونکە سۆڤیەت نەیتوانی بەشێوەیەک رووبەرووی جوولەکە یا روونتر بڵێم ئەمەریکا ببێتەوە کە بەرژەوەندییەکانی عەرەب وتەنانەت هی خۆیشی بپارێزێت، هەر لەبەر ئەمەش بوو دوای ئەو هەرەسەی عەرەب لەتەمموزی ساڵی ١٩٦٧ زۆر وڵاتی عەرەبی لە ناو رەشبینیدا گینگڵیان دەخواردو چرۆی هیوایان هەڵوەری ولەگەڵ ئەوەدابوون کە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەکەیان لەگەڵ جوولەکە دوور لە داگیرساندنەوەی شەڕوشۆڕ، بدۆزرێتەوە . ئەمەش ناکۆکییەکی دیکەی لە نێو رای گشتی عەرەبی دروست کرد، کە دەتوانین بڵێین زۆر بۆ بەرژەوەندی جوولەکەو ئەمەریکابوو. هەموو ئەمانە وەک تیراوە بەناو خوێنی جەمال عەبدولناسردا سووڕیان دەخوارد، تا هەموو ئەو دەردو خەفەتە ژەهراوییەی لە ساڵی ١٩٧٠دا لەگەڵ خۆی بردە ژێرگڵەوە، بەڵام لە راستیشدا هەتا عەبدولناسر مابوو، رۆڵی میسر سەرەڕای ئەو تێکشکاندنەی ساڵی ١٩٦٧یش، هەربەرچاو دیاربوو وڵاتانی دیکەی عەرەبی وەکو سعودیەو مەغریب وهتد ئاوا بێ شەرمانە بۆ باوەشی ئەمەریکا هەڵپەیان نەدەکرد، ئەگەر بشیان کردبایە (کە دەیانکرد) بەدزی بوو، لە ژێر پەردەی شەرمەوە بوو، جورئەتیان نەدەکرد لە رووی عەبدولناسردا ئاشکرای بکەن .

لەگەڵ بەرپابوونی شەڕی ١٩٦٧ ، هەرچەندە شەڕەکە بە تێکشکاندنی عەرەب کۆتایی هات، بەڵام ئەم شەڕە بووە هۆی دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورە لەسەرتاسەری دونیادا ، بایەخ وگرنگیپێدانی نێودەوڵەتی بەململانێی عەرەب وجوولەکە بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی ئاشتییانە درا، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٦٧ تا ساڵی ١٩٨٥ زیاتر لە ٦٠ پرۆژەی عەرەبی وئەمەریکی





وسۆڤیەتی وئەوروپی و... هاتنە ئاراوە، بەڵام ئەنجام تەنیا جوولەکە تا دەهات عەرەبی زیاتر تەنگەتاو دەکردو، لەم لایشەوە جێ پێگەی خۆی قایمترو بەهێزتر و ریشە داکوتراوتر دەکرد. بڕیاری (٢٤٢)ش کە لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەرچوو، کە عەرەب پەسەندی ئاشتی بکات لەگەڵ جوولەکە لەبەرامبەر ئەمەشدا جوولەکە بە تەواوی ئەو زەوییانەی کەلە شەڕی ١٩٦٧ داگیری کردوون دەستی لێ هەڵبگرێ، بەڵام ئەم بڕیارەش وەک چەندین بڕیاری تری رێکخراوی (U N)تەنیا بڕیاری سەر کاغەزبوو هیچی ترو کاری پێ نەکرا!! .

ئیتر دوای ئەوەی عەرەب لە شەڕی حوزەیران و تەمووزی ١٩٦٧ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا کاردانەوەیەکی دەروونی و سیاسی و سەربازی و ئابووری بەسەر عەرەبدا هات و عەبدولناسریش دوای ئەم شەڕە بەسێ ساڵ بە نائومێدی سەری نایە ژێر گڵ،ئەمەریکا هەر زوو هەوڵی دا لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ ئەنوەر سادات دا بکاتەوە کە لە دوای عەبدولناسر بووبە سەرۆک کۆماری میسر، ئەوەبوو لەسەرەتاوە ئەو وڵاتە عەرەبییانەی کە پێوەندیان لەگەڵ ئەمەریکادا زۆر باشبوو، رەپێش کرد، تا بتوانن کەمێک کارتێکردنیان بەسەر (سادات)ەوە هەبێ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەمەریکا لەلایەک شەڕی ئیستینزافی راگرت تا دڵی سادات رازی بکات وەک هەنگاوێکی سەرەتایی، لەلایەکی دیکەشەوە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ بە پێشنیارو تەوجیهی ئەمەریکا ، سعودیە (کەمال ئەدهەم)ی بۆ قاهیرە نارد تا بتوانێ قەناعەت بە ئەنوەر سادات بکات بۆ چاککردنەوەی پێوەندی میسر لەگەڵ ئەمەریکا ،لەسەر حیسابی پێوەندی میسر لەگەڵ سۆڤیەت. ئیتر لەو رۆژەوە واتە لە دوای سەردانەکەی ئەدهەم بۆ لای سادات پێوەندی میسر و سۆڤیەت درزی تێکەوت، بەڵام سۆڤیەت لەبەر ئەوەی پێگەی میسری لەلاوە زۆر بەهێزبوو، بە تایبەتی کەلەسەر سنووری جوولەکەشدا بوو، نەیدەویست میسری لەدەست بچێ ، هەربۆیەش لە ١٩٧١ سۆڤیەت یەکەم پەیماننامەی هاریکاری و دۆستایەتی عەرەبی لەگەڵ سادات دا بەست، پێشتریش سۆڤیەت لەتەنگژەکانی ساڵی ١٩٥٦ ، ١٩٦٧ هەروەها ١٩٧٠ یارمەتی

میسرو سوریا و یەمەن و هەروەها عێراقیشی دەدا ولەتێكشكاندنەكەی ساڵی١٩٦٧ یش سۆڤیەت بە پەلە هەوڵی پڕچەككردنەوەی سوپای میسری داو،بۆ راهێنانی سەربازی میسریش تەخسیری نەكرد ، تەنانەت لەشەڕی ئیستینزاف ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ش سۆڤیەت لەم هاریكارییە هەر بەردەوام بوو تا عەبدولناسریش كۆچی كردو، دوای ئەمەش هەر هەوڵی هاریكاریكردنی میسر وهەندێك لە وڵاتانی دیكەی عەرەبی دەدا، بەڵام ئەمەریكا زۆر زیرەكتر بوو، بۆیە توانی سیاسەتی میسر لەسەردەمی سادات دا بەلای خۆیدا وەرچەرخێنێ .

جێگەی ئاماژە بۆكردنە سوپای میسر لەساڵی ١٩٦٧ تا ١٩٧١تاكە چەكێك كە شەڕی پێ دەكرد،تەنیا پشت بەستنی بوو بە یەكێتی سۆڤیەت، ئەم پێوەندییەی نێوان میسرو سۆڤیەت وەها رەگی داكوتابوو بە شێوەیەك دوای مردنی (عەبدولناسر)یش بۆ میسر ئاسان نەبوو راستەوخۆ ویەكسەر رووی لە یەكێتی سۆڤیەت وەربگێڕێ وبەئاشكراش روو لە ئەمەریكا وجوولەكە بكات، لەكاتێكدا وڵاتەكەی بەدەستی جوولەكەوە پشتگیری كردنی ئەمەریكاوە رووبەڕووی خەڵتانی خوێن هاتبوو، بۆیە سادات پێویستی بەكاتێكی تا رادەیەك درەنگ وەختە هەبوو، تابتوانێ لاپەڕەیەكی نوێ لەگەڵ ئەمەریكا وجوولەكە بكاتەوە بۆ ئەم كاتە درەنگ وەختەیش، وای پێویست دەكرد جاروبار ئاوڕێك لە یەكێتی سۆڤیەت بداتەوە، بەڵام هەندێ كاری وا بكات كە خودی سۆڤیەت پێی نیگەران بێت، ئەوەبوو هەرچەندە لە ١٦ی ئاداری ١٩٧١ لە مۆسكۆ رێككەوتنی درێژخایەنی لەگەڵ سۆڤیەت ئیمزاكرد كە زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بەقەرز بدات بەمیسر بۆ ماوەی (٥) ساڵ واتە تاساڵی ١٩٧٦ ،بەڵام میسر لەم لایشەوە هەوڵی جۆراوجۆری لەگەڵ ئەمەریكادا هەبوو، زۆر هەنگاوی ئەوتۆی دەهاویشت كە لەگەڵ ئارەزووەكانی ئەمەریكادا دەگونجا، سەرەتای هەنگاوەكانی میسر بۆتووڕەكردنی یەكێتی سۆڤیەت لێی، بەشداری میسر بوو بۆ رووخانی حكومەتێكی كۆمۆنیستی تەمەن كورت لە سودان لە ١٧ی تەمموزی ١٩٧٢بە فەرماندەیی جەعفەر نومێری،هەروەها لە ١٧ی تەمموزی ١٩٧٢ حكومەتی



خوێندنەوەیەكی سەرەتایی

سادات(میسر) بە رەسمی بڕیاری دەركردنی هەموو ئەو پسپۆرانەی سۆڤیەتی لە میسر راگەیاند كە ژمارەیان ١٥٠٠٠ كەس دەبوو بەمەیان دڵی حكومەتی سۆڤیەت زیاتر ئێشاو پێوەندی تاڵ وسوێر لەنێوان هەر دوو وڵات دروست بوو ، كە دەستی كاریگەری جوولەكە و ئەمەریكای تێدابوو . تاكار گەیشتە ئەو رادەیەی پەیماننامەو رێككەوتننامەی نێوان میسرو سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٦ بەتەواوی هەڵبوەشێتەوە. ئیتر سۆڤیەت سەبارەت بە میسر دەستی خاڵی بوو، ناچاركرا بەدوای وڵاتێك یا چەند وڵاتێكی دیكەی عەرەبیدا بگەڕێ تا پێوەندی و رێككەوتنامەی لەگەڵدا ببەستێ بۆ ئەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆی و رۆڵی خۆی لەناوچەكە كە ئەمەریكا بەسەریدا زاڵە ون نەبێ، میسریش یەكێتی سۆڤیەتی لەدەستچوو بوو، ئەمەش وای كرد زیاتر بكەوێتە نێو باوەشی ئەمەریكاوە ورۆژ لەدوای رۆژ ئامانجە نهێنییەكانی ئەمەریكاو هاوپەیمانانی زیاتر جێبەجێ بكات، بۆیە بەلای (سادات)ەوە كارێكی سەرسوڕهێنەر نەبوو كە لاپەڕەیەكی ئاشكراو بەرچاو لەگەڵ ئەمەریكا وتەنانەت جوولەكەش بكاتەوە. بۆیە سادات لە ١٩٧٣/٢/٢٤ (حافظ اسماعیل)ی ناردە واشنتۆن ولەگەڵ (كیسنجەر)كە یاریدەدەری سەرۆكی ئەمەریكا بوو بۆ كاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، سێ (٣)جار لە ماوەی ئەم سەردانەیدا لەگەڵ یەكتری كۆبوونەوە، بەڵام ئەم كارە سەبارەت بە رەوشی ناوخۆی میسر رێگەی نەدەدا كە میسر تەنازولاتی سیاسی وسەربازی بۆ ئەمەریكا بكات، بەڵام (سادات) هەر بەردەوام بوو بەهێزكردنی پێوەندی دوو قۆڵی لەگەڵ ئەمەریكا.. تا لە نیسانی ساڵی ١٩٧٧ بڕیاری سەردانێكی (٣)رۆژی بۆ ئەمەریكادا كە لە ٣ تا ٦ی نیسان بەردەوام بوو، ئەم سەردانەی سادات لە كاتێك دابوو كە مانگێك دەبوو (بێگن) فەرمانڕەوایەتی جوولەكەی گرتبووە دەست، كە سەر بە حزبی لیكۆدی توندڕەو بوو، سەردانەكە پێوەندی بەچاكبوونی نێوان میسرو جوولەكە لەلایەك و میسر -ئەمەریكا لەلایەكی دیكەوە هەبوو، هەر چەندە دەنگی نارەزایی عەرەب بەزەقی بەرزبووەوە .

لە سەردانەكەیدا بۆ ئەمەریكا رێگەی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ جوولەكە بۆ

سادات خۆشکرد، بۆیە سەرەڕای بەرزبوونەوەی نارەزایی رای گشتی عەرەب، سادات گەشتێکی دیکەی بەرفرەوانترو درێژخایەنتری بەنێوان ولاّتانی رۆژهەلاّت وئەوروپادا کرد، بۆ ئەوەی بەوردی لە رای گشتی ئەو ولاّتانە بگات، ئەوەبوو لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٧ سادات سەردانی رۆمانیای کردو چاوی بە (شاوشیسکۆ)ی فەرمانڕەوا کەوت، شاوشیسکۆ زۆر هانی ساداتی دەدا کە لەگەلّ جوولەکە رێک بکەوێ و، دلّنیای کردەوە کە (بێگن)راستگۆیە لە بەلّێنەکانی وپیاوێکی بەتواناو بەهێزەو حەزیشی لە هێنانەدی ئاشتییە!

بەم شێوەیە لەسەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٧٧ بۆ یەکەم جار کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە نێوان میسرو جوولەکە لە مەغریب بە رەزامەندبوونی ئەمەریکا (رێکخستن و چاوپێکەوتنەکەش هەر لە ئەمەریکا بوو) ئەنجام درا، ئەم کۆبوونەوە نهێنییە تەنیا وەزیری دەرەوەی ئەوساکەی میسر (ئیسماعیل فەهمی)دەیزانی، ئیتر وەزیری بەرێز هەر کە لەکەین وبەینەکە گەیشت دەستی لەکارکێشایەوەو ئیستقالەی لە حکومەتی میسردا هەرچەندە دەنگی ئیسماعیل فەهمی رێگەی لەبەر دەم ئاشتبوونەوەی سادات و جوولەکە پێ نەگیرا وهێندەی نەبرد (سادات) بڕیاری دا سەردانێکی قودس بکات و ئەم بڕیارەشی لە ١٩٧٧/١١/٩ جێبەجێکرد کە ئەمەیان رای گشتی عەرەبی ئالّۆزتر کردو دلّی هەموو عەرەبی راچلّەکاندو دەنگی دەیان وسەدان خۆپیشاندانی ولاّتانی عەرەبی دژ بە سادات بەرزبووەوە ، بەلاّم هەموو ئەم گوشارانەش رێگەیان پێ لە سادات نەگیراو رێکەوتنی کامب دیڤیدی لە ١٩٧٨/٩/١٨ مۆرکرد .

رێککەوتنی (کام دێڤید)یش هەرچەندە لە بەرامبەر کشانەوەی بەرەبەرەیی هێزەکانی جوولەکە بوو لە بیابانی سیناو ئۆتۆنۆمیش لە کەناری رۆژئاوا بۆ فەلّەستینییەکان، بەلاّم رێککەوتنەکە وەک پێشتر ئاماژەم بۆکرد، لەگەلّ رای گشتی عەرەبی دژوار بوو لەسەرووی هەموویانەوە عێراق وسوریاو یەمەن و..هتد، رۆلّی بنەڕەتی ئەمەریکاش لە رێککەوتنەکە زەق وبەرچاوبوو، بەتایبەتی کە جیمی کارتەر لە نزیکەوە سەرنجی هەموو ئەو





رووداوو گۆڕانکاریانەی دەداو (سیروس فانس)ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکای لەسەرەتاو کۆتایی ئابی ١٩٧٨ بۆمیسر وجوولەکەکانی فەلّەستین نارد، بۆشکاندنی ئەومفاوەزاتە ساردوسڕەی نێوان میسرو جوولەکە کە بەردەوام بوو، چونکە (جێمی کارتەر )ی سەرۆکی ئەمەریکاش ئارەزووی زیاتری لەوەدا بوو کە پێویستە حکومەتەکەی هەولّی کاریگەرتر لەبەرامبەر چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست بدات،ئەوەبوو دوای سەردانەکەی (سیروس فانس)کارتەر داوای کۆنگرەیەکی سێ قۆلّی لە پێناو چەسپاندنی ئاشتیدا کرد کە لە کامب دیڤید بەستراو ئەمەریکاش رۆلّی هەرە گرنگ وکاریگەری تێدا بینی ،جێگەی باسە راستە کارتەر هەولّێکی زۆری بۆ گەیشتن بەو رێکەوتنەدا، بەلاّم ساداتیش تەنازولیکی زۆری نواند، چونکە دەرچوونی جوولەکە لە نیمچە دوورگەی سینا سادەترین هاوکێشەی ململانێی عەرەبی بوو لەگەلّ جوولەکە، بیابانی سینا زەمینەیەکی لەباری بۆزیادبوونی رێژەی جوولەکە نەبوو، وەک ئەوەی کەلە کەناری رۆژئاواو کەرتەکانی غەزەدا هەبووەو هەیە، یا وەک (جۆلان)یش نەبوو تا لەرووی ئاسایشەوە بۆ جوولەکە گرنگ بێ، هەر لەبەرئەمەش بوو، رێکەوتنی کامپ دیڤید تەواویشبوو دواتر رێکەوتنی ئاشتی نێوان میسرو جوولەکەش بە ئەنجام گەیشت، کەچی هیچ پێشکەوتنێک دەرهەق بە چارەسەرکردنی کێشەی ئاشتی لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا رووی نەدا، بەلاّم لەگەلّ ئەوشدا جوولەکە توانی چەند مەبەستێکی خۆی بپێکێ، لەوانە: دلّنیابووەوە عەرەب بەبێ میسر توانای هەڕەشەکردنی جیدیانەی بۆئاسایش وبوونی جوولەکە لەفەلّەستین نییە، چونکە بەم رێکەوتنە میسر لە هاوکێشەی ململانێیەکە دەرچوو هەروەها رێککەوتنی کامپ دیڤید توانی پێگەی بەهێزی میسر وەک جاران بەکاریگەری نەهێلّێ و هەموو متمانەیەکیشی لەلایەن کۆمەلّەی عەرەبییەوە لێ بسەنرێتەوە، ئەوەبوو سەرباری ئەوپێگە بەهێزەی میسر لەناو کۆمەلّەی عەرەبی دا هەیبوو، کەچی کۆمەلّە بڕیاری سڕکردنی میسری دا لەو کۆمەلّەیەو بەشێکی فرەوانی ولاّتانی عەرەبیش پێوەندی خۆیان لەگەلّ میسردا پچڕاند ، ئەمانەش وایانکرد میسر زیاتر ملکەچی جوولەکە بێت ونەتوانێ پێ لەسەر

هێنانەدی خودی ڕێکەوتنەکەی کامپ دیڤیدیشدا بگرێ کە ئۆتۆنۆمی بۆ فەلەستینییەکان لە کەناری ڕۆژئاوا تێدا بەرچەستە کردبوو، بەم پێیە ساڵی ١٩٧٩ وەرچەرخانێکی گرنگی لە ژیانی هاوکێشەی ململانێی عەرەب وجوولەکە لەلایەک و عەرەب وئەمەریکاش لایەکی دیکەوە دروست بوو ، ئێرانیش دەوڵەتێکی گرنگ بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە بەڵام لە هەمان ساڵدا ١٩٧٩ ڕژێمی ئیسلامی جێگیربوو، ئەمەریکا دەستی لە ئێران نەک هەر خاڵی بوو، بگرە جێگەی مەترسیش بوو بۆ ئەمەریکا بۆیە نەخشەو ململانێکان بە شێوەیەکی دی خۆیان بینیەوەو ئەمەریکاناچار بوومتمانەو پێگەی خۆی لە (ئێران)ەوە بگوازێتەوە بۆ (سعودیە)و پتر لە جاران پشتی بە سعودیە بەست ، ململانێی جوولەکەش لەگەڵ سوریا کە لە شەڕی ١٩٦٧ ، بەخەستی دەستی پێکردبوو، تا دەهات بەهێزتر دەبوو، ئەم ململانێیە خەستە هاندەرێکی بەهێز بوو چ بۆ سوریاو چ بۆ یەکێتی سۆڤیەت کە بیر لە ڕێکەوتنێکی هاریکاری دوو قۆڵی لەگەڵ یەکتربکەنەوە بەتایبەتی کە میسریش لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوەو لەژێر گوشاری ئەمەریکادا پێوەندی لەگەڵ سۆڤیەت پچڕاندبوو لەبری ئەمە پێوەندی خۆی بەرەسمی لەگەڵ جوولەکە ڕاگەیاند، ئەم هاوکێشە سێ گۆشەیە ناکۆکە (تێکچوونی میسر- سۆڤیەت، تێکچوونی سوریا- جوولەکە، ڕێکەوتنی میسر -جوولەکە) بووە هۆی ئەوەی سوریاش هەوڵبدات جێگەی میسری جاران (١٩٥٥-١٩٧١) سەبارەت بە پێوەندی خۆی لەگەڵ سۆڤیەت بگرێتەوە .

بۆ ئەم مەبەستەش لە ٨/ ١٠/ ١٩٨٠ سوریاو سۆڤیەت ڕێکەوتننامەیەکی دۆستایەتی وهاریکاری کردنیان بۆ ماوەی (٢٠)ساڵ ئیمزا کرد کە کرۆکی ڕێکەوتنەکەش بۆ ململانێی عەرەب و جوولەکەبوو، کە سوریا ملکەچی جوولەکە نەدەبوو وەکو میسر. ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەمەریکا وجوولەکەش تا بگەنە ڕێکەوتنێکی ستراتیژی ،ئەوەبوو لە ٣٠/١١/١٩٨١ ڕێکەوتنی ستراتیژی ئەمەریکاو جوولەکە لە واشنتۆن بەرقەرار کرا، ئەم ڕێکەوتنە هەروەک محەمەد حسنین هەیکەل نووسیویەتی





(زۆرتر بۆ ئاراستەکردنی سوریابوو، کەمتر بۆ ئاراستەکردنی یەکێتی سۆڤیەت) .

ڕێکەوتنەکە (١٠) خاڵی گرنگی بەخۆیەوە گرتبوو،کەئەمەریکا هەموو جۆرە هاریکارییەکی بۆ جوولەکە بەرجەستە کردبوو، لەبەر کەمی جێگە ئەو (١٠)خاڵە گرنگە بۆدەرفەتێکی دی هەڵدەگرین، بەڵام ئەوەندە بەسە بڵێین ڕێکەوتنەکە لەسەردەمی (بێگن)ی توندڕەوی سەربە حزبی لیکۆدو (ریگان)ی داکۆکیکەری ڕاستەقینەی جوولەکە هاتنە ئیمزاکردن، لە کاتێکدا ڕێگان لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی هەموو سەرۆکە یەک لە دوایەکەکانی ئەمەریکا تاکە سەرۆک بووە کە زۆرترین ئیلتیزامی بە هاریکاریکردن و یارمەتیدانی جوولەکەوە هەبووە، ئەگەر هاری ترۆمان دانی بەقەوارە (کیان)ی سیاسی جوولەکە نا وەک دەوڵەت وجیمی کارتەر ڕێکەوتنی کامپ دیڤیدی گەیاندە ئیمزاکردن ئەوا (ریگان)یش ڕێکەوتنی ستراتیژی لەگەڵ جوولەکە ئیمزاکرد کەزۆر زۆر لە ڕێکەوتنەکەی کامپ دیڤید بۆ سەر عەرەب پڕ مەترسیدارتربوو، هەر لەسەردەمی ڕێگانیش بوو شەڕی ئەستێرەکانی داهێنا.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو لە ٢٥/٥/١٩٨١ بە ڕەسمی لەلایەن (٦) دەوڵەتی کەنداو (سعودیە، کوێت ، قەتەر، بەحرەین، ئیمارات، عەممان) ڕاگەیەندراو لەئۆکتۆبەری ١٩٨٣ یەکەم سیمای هەوڵدانی هاوکاری سەربازی لەنێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی کەنداو لە(ئەبو ظبی)کرا.

ئەمەش لەئەنجامی مەترسی زلهێزەکان بوو، کەچاویان لە سامانی عەرەبی بەتایبەتی نەوتەکەی بڕیبوو، لەسەرووی هەموویانەوە نەخشەی زلهێزەکان بەتایبەت ئەمەریکا ، بەهۆی هەموو ئەو نەخشەو پیلانانەی ئامانجی خۆی پتر پێکاو وڵاتانی عەرەبی تا دەهات پتر پارچە پارچەو ناکۆک دەبوون، کە تائێستەش ئەم ناکۆکییانە تادێ قووڵتر دەبێتەوە . لە ڕاستییدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە بەگشتی عەرەب ڕاوبۆچوونێکی شۆڕشگێڕی ونیشتمانی یەکگرتووی فیعلیان نەبووە، ڕاستە دوای ڕێکەوتنی کامپ

دیڤید ولاتانی عەرەبی پێوەندی خۆیان لەگەڵ میسردا پچڕاند، هەرچەندە ئەم هەڵوێست وەرگرتنە بەتەنیا بەس نەبوو بەڵکو پێویستی بەچەند هەنگاوێکی دیکەی شۆڕشگێڕانە ترو هەندێ بڕیاردانی یەکگرتوویان هەبوو، بەڵام جورئەتی بڕیاردانێکی گرنگیان نەکرد دژ بە میسر بۆیە لوبنانیش تێگەیشت کە عەرەب هیچ مەترسییەکی نییە، ئیتر لە ئایاری ١٩٨٣ ئەویش لەگەڵ جوولەکە ڕێکەوت و گەیشتە ڕێکەوتننامەیەک ئەوەی جێگەی وەبیرهێنانەوەیە ئەمجارەیان ولاتانی عەرەبی نەگەیشتنە بڕیارێکی وەهاش(اضعف الایمان) پێوەندی دیبلۆماسی خۆیان لەگەڵ لوبنان دا بپچڕێنن وە ک ئەوەی لەگەڵ میسر یان بۆماوەیەک پچڕاند. ئەمەش نیشانەی ئەوەبوو گوشاری ئەمەریکا و جوولەکە لەسەر عەرەب بەتەواوی پەرەی سەندبوو، تاکە دەوڵەتێکی عەرەبی لەم ململانێیە درێژەی بەخۆی دا وملی بۆ ئەمەریکا وجوولەکە کەچ نەکرد سوریای عەرەبی بوو، کە سۆڤیەتیش لە زۆر ڕووەوە پشتگیری وکۆمەکی دەکردو سوریا وەک دوژمنێکی سەرەکی و پلە یەک لەرووی جوولەکە هاتە پێشەوەو،تائێستەش لەناو تێکرای ولاتانی عەرەبییدا هەر لەریزی هەرە پێشەوەی ئەودوژمنکارییەیە.

ملکەچ نەکردنی سوریا بۆ جوولەکە و پشتگیریکردنی لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە، وای لە (ڕێگان)ی سەرۆکی ئەوسای ئەمەریکا کرد کە ئەو ڕێکەوتنە ستراتیژییەی لەگەڵ (بێگن)ی جوولەکە لە ١٩٨١/١١/٣٠ کردبووی جارێکی دی سەر لەنوێ بە شێوەیەکی قووڵترو کاریگەرتر دابڕێژێتەوەو ڕێکەوتنێکی ستراتیژی زۆر پتەوترو قووڵتر لەگەڵ جوولەکە ببەستێ، چونکە هەر دوو هەفتە دوای ڕێکەوتنە ستراتیژییەکەی ١٩٨١/ ١١/٣٠ هەندێ جیاوازی بۆچوون لە نێوان ئەمەریکاو جوولەکە دروستبوو کە بوونە کۆسپ لەبەردەم بە فیعلی کردنی ڕێکەوتنەکە، بە تایبەت کە لە ساڵی ١٩٨٢ ڕێگان پرۆژەیەکی ئاشتبوونەوەی بۆ جوولەکەو عەرەب لە فەڵەستین دانا، بەڵام لەلایەن سەرۆکایەتی حزبی لیکۆد ڕەت کرایەوە، کە فەرمانڕەوا بوو، هەر ئەو ساڵە بۆ جارێکی دی حزبی لیکۆد هەڵبژێردرایەوەو سەرکەوتنی بەسەر حزبی کار وەدەست هێنا، ئەوەبوو سەرباری ئەو





جیاوازیانە لە ١٩٨٣/١١/٢٨ ئیسحاق شامیر وئارینز سەردانی واشنتۆنیان کرد و ڕێکەوتنی ستراتیژییان لە بەرگ و ناوەڕۆکێکی نوێترو چڕ تر لە ئێوارەی ١٩٨٣/١١/٢٩ ڕاگەیاند، لەم ڕێکەوتنەدا لیژنەیەکی هاوبەشی سەربازی ئەمەریکاو جوولەکە نەک هەر زۆر گەرموگوڕو چڕوپڕتربوو، بەڵکو ئەمەریکا بووە لایەن (طرف)ێکی کاریگەری ئەو ململانێیە کە زیاتر دڵی عەرەبی لەرزاند!! چونکە لە بنەڕەتدا ئەو ڕێکەوتنە ستراتیژییەی ئەمەریکاو جوولەکە، پێک هێنرا بۆ هەر مەترسی وهەڕەشەیەکی ڕووبەڕووبوونەوە.

بەم شێوەیە پێوەندی ئەمەریکا و جوولەکە نەک هەر زۆر گەرم وگوڕ وچڕو پڕتربوو، بەڵکو ئەمەریکا بووە لایەن (طرف)ێکی کاریگەری ئەو ململانێیە کە زیاتردڵی عەرەبی لەرزاند!! چونکە لە بنەڕەتدا ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی ئەمەریکاو جوولەکە زۆر کاریگەرتر بوو لە ڕێکەوتنی کامپ دیڤید ١٩٧٨ .

جێگەی ئاماژە بۆ کردنیشە عەرەب نەیتوانی هەڵوێستێکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی یەکگرتوو دروست بکات لە بەرامبەر ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییە و مەترسی فرەوانخوازی جوولەکە، نەبوونی ئەم هەڵوێستەی عەرەب وای کرد جوولەکە و ئەمەریکا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەترسی پتر بخەنە سەر بەرژەوەندی عەرەب بەرادەیەک مەترسییەکان ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی دیکە پتر خەست بۆتەوە .

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم ڕێکەوتنە ستراتیژییەی نێوان ئەمەریکاو جوولەکە سۆڤێت تەکانێکی بەخۆداو هەڵوێستی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ململانێی نێوان عەرەب و جوولەکە، لە ئاژانسی (تاس) لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٧/٢٩ خستەڕوو کە پرۆژەیەک بوو (٦) خاڵی گرنگی بەخۆوە گرتبوو، بۆ گەیشتن بەو ڕێکەوتنەش یەکێتی سۆڤێت پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان کردبوو کە هەر دوو ولاتە زلهێزە جیهانییەکەی ئەوکات ، ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤێت سەرکردایەتی کۆنگرەکە بکەن،وەک ئەو کۆنگرەیەی کە لە کۆتایی ساڵی

١٩٧٣ لە ژنێڤ بەسترا .

بەڵام ڕووداوە خێراو بنەڕەتییەکانی سۆڤێت بەهاتنی گۆرباتشۆڤ بۆ فەرمانڕەوایەتیکردنی سۆڤێت وایان کرد ئەمەریکا پتر و پتر لە ڕووداوەکانی نەک هەر تەنیا عەرەب و جوولەکە بگرە لە هەموو جیهان باڵا دەست بێت و سۆڤێت لەبەر ناکۆکی وتەنگژەکانی نێوخۆی نەتوانێ بپرژێتە سەر ناکۆکی وململانێکانی گۆڕەپانی دنیا چ لە رووی فیکری و سیاسی ، چ لە رووی ئابووری وسەربازی وتەکنۆلۆژی و ..هتد

هەموو ئەمانە لە سیاسەتی سۆڤێتیدا لەریشەوە گۆڕدران و کەوتنە ژێر گوشاری ئەمەریکا تا کارگەیشتە ئەو رادەیەی یەکێتی سۆڤێت لە ١٩٨٥/ ٥/١٦ وەفدێکی خۆی بە بۆنەی سەرکەوتنی سووپای سوور بەسەر ئەڵمانیای نازی دا بنێرێتە ئیسرائیل و سەردانیان بکات، بەم شێوەیە رێگەی داخراوی دەیان ساڵەی نێوان جوولەکەو یەکێتی سۆڤێت کە لە پەنجاکانەوە قفڵ درابوو کرایەوەو پێوەندی دیبلۆماسی هەر دوو وڵات دەستی پێکردەوەو لەژێر گوشاری ئەمەریکادا ئاسایی کرایەوەو لەم لایشەوە هەندێک وڵاتانی عەرەبی (لەسەرووی هەموویانەوە سووریای عەرەبی) ئەو پشتگیرییەیان نەما کەلە یەکێتی سۆڤێتەوە دەکرا، بەم شێوەیە جارێکی تر نەخشە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکان روو بەرووی گەورەترین گۆڕانکاری هاتن و ململانێی عەرەب و جوولەکەش هەرلە پاییزی ١٩٨٩ و دواتر هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت چوونە نێو قۆناخێکی دیکەی نوێوە کە بەتەواوی لە بەرژەوەندی جوولەکەو ئەمەریکادا بوو .

دەرئەنجام

کە مێژووی سەرهەڵدانی ململانێی نێوان عەرەب و جوولەکە دەخوێنینەوە بۆ ت دەردەکەوێ بەریتانیا تا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ، بە پلە یەک وئەمەریکا بە پلە دوو پشتگیری وکۆمەکی لە رادەبەدەری جوولەکەیان کردووە، بەڵام لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تا ئەمڕۆ ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاکە دەوڵەت بووە کە بەشێوەیەکی زۆر





کاریگەروبەرفرەوان یارمەتی و کۆمەکی جوولەکەی لەناو ماڵی عەرەب لە خاکی فەڵەستین کردووە، بەشێوەیەک ئەگەر ئەمەریکا نەبوایە، هەرگیز جوولەکە ئەم زەمینە بەرفراوانە هەمە لایەنە و بەربڵاوەی بۆ نەدەرەخسا کەبتوانی بەو قەبارە بچووکەیەوەو بەم ژمارە کەمەی، ململانێ لەگەڵ هەموو عەرەب دابکات و بەسەریشیاندا زاڵ ببێت .

تێبینی: سوودم لە کۆمەڵێک ژمارەی گۆڤاری (المنار) وەرگرتووە کە لە راستیدا ژمارەکانیانم لە بیر نەماوە.

# چەردەیەک لە هەلومەرجی نێودەوڵەتی و تاوتۆکردنێکی واقیعی سیاسیی کوردستان

سەدەیەک زیاترە بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی لە نێو هزری کورددا چەقێڵەی داوەو بۆ هێنانەدی ئەم بیرۆکەیەش قوربانییەکی ئێگجار زۆرو لە ژمار نەهاتووی داوە، نەخاسمە لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانی بەدواوە ئەم هزرە تارادەیەک روانگەیەکی تیۆری و پراکتیکیشی بەخۆوە گرت، هەر کاتێکیش ئەم بیرۆکەیە هاتبێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، شوێنی جوگرافیای کوردستان بەر لە هەر شتێکی دیکە لێکدراوەتەوەو رۆژئاوا بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەم مەسەلەیەی تاوتۆ کردووە، واتە رۆژئاوا لە رەوتی سیاسیی(ئێران، تورکیا ، عێراق، سوریا )ی کۆڵیوەتەوەو حسابێکی وردی بۆ کردووە کە ئەگەر داخوازییەکانی کورد جێبەجێ بکرێن، ئەوا تا چەند لەگەڵ بەرەوپێشڤەبردنی سیاسەتی رۆژئاوا لەو دەڤەرەدا دەبێت.





بەبۆچوونی من گەڵاڵەکردنی هەر پرۆژەیەکی سیاسی وەها کە کورد بەرەو سەربەخۆیی بردن ببات، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی وردی مێژووی تێکۆشانی گەلی کوردو ئەو سیاسەتەی وڵاتانی هەرێمایەتی و رۆڵی دەستێوەردان و بەرژەوەندییەکانی رۆژئاواوە هەیە.

تۆ وەرە لە پەیماننامەی سیڤەر ورد بەرەوە، سیڤەر پەیماننامەیەکی بە پەلەو ناکاو نەبوو، پێشتر رێککەوتنی سایکس ـ بیکۆ هەبوو، کە ئینگلتەرا و فەرەنسا بە دزییەوە مۆریان کردبوو یان لەسەری رێککەوتبوون، لە پێناوی دابەشکردنی ولایەتەکانی عوسمانی، چونکە دەسەڵاتی عوسمانی لە رۆژهەڵاتی ئاسیای ناوەڕاستدا گەورەترین و دەستڕۆیشتووترین ئیمپراتۆر بوو، هاوکات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاواشدا ناکۆک و دژ بوو، چونکە دەیویست هەموو ئەوروپاو رۆژئاوا بخاتە ژێر دەسەڵاتە بەربڵاوەکەی خۆیەوە، ڕۆژئاوا لەبیری نەچوو بوو کەدەسەڵاتی عوسمانی چۆن بەشێکی ئەوروپاشی خستبووە ژێر دەسەڵاتی داگیرکارانەی خۆیەوەو لە رۆژهەڵاتی عەرەبستانەوە تا سەرسنووری ئیمپراتۆریەتی نەمسا– هەنگاریاو لە وڵاتی بەلکانەوە تا باکووری ئەفریقیا درێژ ببوەوە، ئیتر بخوێنی ئازیز ئیمپراتۆریەتێک بەناوی غەزووی ئیسلامیەوەو تاسەر ئێسقانیشی داگیرکەر و ڕۆژهەڵاتی و، ئەم هەموو وڵاتەیشی خستبێتە ژێر چەپۆکی پڕ چرنووکی خۆی و تەمەنیشی( ٦٠٠ )شەش سەد ساڵ درێژ بووبێت!! ئیتر دەبێت ڕۆژئاوا چۆن بەردەوام لە هەوڵ و پیلانگێڕی وادا نەبووبێت کە بەهەر جۆرو هەر شێوەیەک بێت ئەو ئیمپراتۆریەتە ڕۆژهەڵاتییە لەت وپەت بکات و تەنانەت شوێنەواری ترسیشی بەسەر هیچ وڵاتێکەوە نەهێڵێت و لەوەش زیاتر بکەوێتە ژێر ڕکێفی ڕۆژئاواوە!!

ئەمەیان هەلێکی زێڕین بوو بۆ کورد تا ئەویش بتوانێ سوودێکی لێ وەربگرێت، چونکە ڕێژەیەکی زۆری کورد لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی

عوسمانی دابوون، ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش ئەوکات لە تورکیا ، شام، حیجاز، کوردستان، میزۆپۆتامیای باشوورو ئەرمەنستانی رۆژئاوا پێک دەهات و ستراتیژی رۆژئاوا بە گشتی و ئینگلتەراو فەرەنساش بە تایبەتی، ماوەیەک بەر لە سیڤەر لەسەر پێویستی لەت وپەت کردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دامەزرابوو، ئیمپراتۆریەتێکی زلهێزی رۆژهەڵاتی دەستڕۆو نەگونجاویش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا، نیشانەیەکە کە رۆژئاوا لەجیاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە پان وپۆڕە، چەند دەوڵەتێکی بچووک و لاوازو بێهێزی تازە دامەزراوی دەویست کە ملکەچی بەرژەوەندییەکانی خۆی بن.

ئەمە گرنگترین و سەرەکیترین هۆکاربوو، کە بووە هۆی لەدایکبوونی پەیماننامەی سیڤەر. هەر چەندە سیڤەر لە بنەڕەتدا جارێکی دیکە دابەش کردنەوەی کوردستان بوو، بەڵام هاوکاتیش یەکەم جار بوو بە ڕەسمی دان بە نەتەوەیەک دابنرێ کە ئۆتۆنۆمییەکی هەرێمایەتی بۆ دیاری بکرێت، بە هۆی ئیمپراتۆریەتی پان و بەرینی عوسمانی و هەرەشەکردنی ئەو ئیمپراتۆریەتە لە رۆژئاوا. کورد بە درێژایی مێژوو بۆ یەکەمجار ئەمجارە توانی وڵاتانی دونیا بەوە رازی بکات کە دەوڵەتێکی کوردی(بەنیوەچڵی) پێکەوەبنێت کە ئەویش لە رێکەوتی ١٠/٨/ ١٩٢٠دا بوو کە لەو(٣) سێ بەندەی پەیمانی سیڤەردا دێتەبەر دیدە، کە لە نێوان حکومەتی سوڵتانی ئەستەمبۆڵ لەلایەک و ئینگلتەرا و فەرەنسا و یۆنان و ئیتالیا و رۆمانیا سرب و کروات و چیکۆسلۆڤاکیای پێشوو وپۆلۆنیاو بەلجیکاو ژاپۆن و حیجازو ئەرمەنستانی رۆژهەڵات وپورتوگال لەلایەکی ترەوە هاتە مۆرکردن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە سیڤەر شتێکی ناکاو و رێککەوت نەبوو، چونکە رێککەوتننامەی فەرەنساو ئینگلتەرا لە ١٩١٩/١٢/٢٣دا لەلایەک و ئێران و ئینگلتەراش لە١٩١٩/٨/٩دا لەلایەکی ترەوە، ئەوە روون دەکەنەوە کە سیاسەتی فەرەنساو ئینگلتەرا لە بارەی دۆزی کوردەوە زووتر نەخشەی بۆ





کێشرابوو، بەدابەش کردنی کوردستانیشەوە هەر بۆیەش سیڤەریان بەم شێوەیە دارشت کە دارێژرا، هەر لە١٩١٩/٨/٩دا ئینگلتەرا و ئێران رێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد کە بە گوێرەی بەندی یەکەمی ئەو رێککەوتننامەیە، ئینگلتەرا بەڵێنەکانی جارانی خۆی دووپات کردبۆوە بۆ پاراستنی سەرداری و سەربەخۆیی ئێران، هەر لە بەر ئەوەی ئێران ئەوکات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا دەگونجاو تەبابوو.

نامەوێ لەسەر سیڤەر بدوێم، تەنها ئەوەندە نەبێت لەگەڵ ئەو هەلومەرجە سیاسیە نێو دەوڵەتییەی کە سیڤەری پێ لەدایک بوو ئینجا رۆژئاوا بە شێوەیەک سیڤەری دارشت کە دەکرێ بڵێین سیڤەر دابەشکردنێکی کۆلۆنیالیانەی کوردستان بوو، چونکە لەدیاریکردنی سنووری نێوان تورکیاو میزوپۆتامیادا کوردستان دابەش کراوەو سنوورەکە خوارووی کوردستانی لەباکوور دابڕیوە، واتە:

١ـ بە هیچ جۆرێک باسی رۆژهەڵاتی کوردستانی نەکردووە کە کەوتووەتە ناو سنووری ئێرانەوە.

٢ـ بە هیچ جۆرێک لەو ناوچانەی رۆژئاوای کوردستان نەدواوە کە فەرەنسییەکان داگیریان کردبوو دواتریش بە سوریاوە لکێنرا.

٣ـ بەندی٦٢ ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی دەکاتە چارەسەر بۆ مەسەلەی کورد، واتە پەیماننامەی سیڤەر مافی چارەنووسی کوردی لە شێوەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی تورکیادا دیاری کرد.

کەواتە لێرەدا دوو سەرنج هەڵدەگرن یەکەمیان لەبەر ئەوەی ئێران دژی بەرژەوەندی و داخوازییەکانی رۆژئاوا نەبوو، ئیمپراتۆریەتی ئێرانی لەت و پەت نەکرا، بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، ئێران لەسەر مافی دەرهێنانی نەوت لە خاکەکەی بۆ ئینگلتەرا واتە بۆ ئینگلیزەکان رازی بوو، دواتریش ئێران توانی ئەمریکا بکا بە هاوپەیمانی ستراتیژی خۆی، دووەمیشیان ئەگەر

ڕۆژئاوا بەراستی مەبەستی دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی بووە، بۆچی پەیماننامەی سیڤەر سنووری کوردستانی دابەش کردووە. هەروەها دروست بوونی دەوڵەتی کوردی لەژێر کۆمەڵێ مەرجدا دیاری کرد؟!

ڕاستییەکەی ئەگەرچی سیڤەر لەڕووی مێژووییەوە یەکەم بەڵگەنامەی نێو نەتەوەییە کە لە چارەنووسی کوردەوە دوواییت، بەڵام هاوکات سیڤەر، کوردستانی بە شێوەیەکی دیکە دابەشکردەوە، ئەویش بە دابەش کردنێکی کۆڵۆنیالیانەی گەلی کورد، جێگای سەرنجە ئۆتۆنۆمیش بۆیە لە سیڤەرو دوای سیڤەریش هاتە ئاراوە، چونکە دابەش کردنی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە ئەوەی دەخواست، بەڵام دوای دابەش کردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید دا بەسەر پێنج وڵاتی ڕۆژئاواداو، دوای پووچەڵکردنەوەی هەموو نەخشەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بێهێزکردنی و کەوتنە خۆی کەمالیەکان، کە زۆربەتوندی لە هەوڵی دامەزراندنی تورکیایەکی نوێدا بوون و (بێگومان ئەوانیش واتە کەمالیستەکان هەر لە بنەڕەتەوە دژی هەموو جۆرە سەربەخۆییەکی کوردبوون) هاوکات بە تەواویش لەگەڵ داخوازی و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوادا دەگونجان کە تەواو پێچەوانەی سیاسەتی سوڵتانی عوسمانی بوون کە سیاسەتی سوڵتانی سیاسەتێکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بوو، بۆیە لە ١٩٢١/٣/١٢دا لە کۆنفرانسی قاهیرە بە بڕیاری ونستۆن چەرچل و ڕاوێژکارانی، فەیسەڵ بەمەلیکی عێراق پێشنیار کراو هەر لەوێشدا کێشەی خوارووی کوردستان وا چارەسەر کرا کە بە عێراقەوە بلکێندرێ، بەم شێوەیە (٤) چوار مانگ دوای سیڤەر فەرەنساو ئینگلتەرا سنووری نێوان عێراق وسوریایان بەدابڕینی خاکی کوردستان و لکاندنی بەشێکی بە سوریاوە دیاری کرد. (٧) حەوت مانگیش دوای سیڤەر لە کۆنفرانسی قاهیرە بڕیاری لکاندنی خوارووی کوردستان بە عێراقەوە درا. لە ڕێکەوتی ٢٠/١٠/١٩٢٠دا فەرەنساو





تورکیای کەمالی پەیماننامەیەکیان بەست بەمەش فەرەنسا پەیماننامەکەی سیڤەری ڕەت کردەوەو دانی بە حکومەتی ئەنقەرە دانا، وەک ئەلتەرناتیڤی حکومەتی سوڵتانی لە ئەستەمبوڵ و دووپاتی لکاندنەوەی خۆرئاوای کوردستانی بە سوریاوە کردەوە کە ئەوساو ئێستاش هەر جێگای پرسیارە ئەم هاوکێشەیەی سیڤەر بۆ وەها گۆڕدرا؟!

هەر وەک لە سەرەوەش ئاماژەی بۆکراوە، لەکاتی ئامادەکردن و نووسینی پەیماننامەی سیڤەردا دوو حکومەت لە تورکیا هەبوون، یەکەمیان حکومەتی سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ و دووەمیشیان حکومەتی کەمالی لە ئەنقەرە، جێگای سەرنجە دەسەڵاتی ئەستەمبوڵ دژی ڕەوتی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بوو، بەڵام ئەوەی ئەنقەرە کۆک و گونجاوبوو، بە دڵنیاییەوە ئەگەر دەسەڵاتی ئەنقەرە لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی باڵا دەست بوایە بەسەر دەسەڵاتی ئەستەمبوڵ دا، ئەوا پەیماننامەی سیڤەر ڕووناکی نەدەبینی.

لە١٠/٨/١٩٢٠دا پەیماننامەی سیڤەر لەگەڵ حکومەتی سوڵتاندا ئیمزاکرا، ئەویش کە لایەنێکی گرنگی پەیماننامەکەبوو(تصدیق)ی نەکرد، واتە بڕیاری لەسەرنەدرا، تەنیا ئیمزای لەسەرکرد، بە تەنها ئیتاڵیا بڕیاری لەسەردابوو، هەر چەندە ئیتاڵیاش خۆی پێشتر لە کۆنفرانسی(سان ڕیمۆ) کە هێشتا سیڤەر پرۆژەبوو، لەسەر زاری سەرەک وەزیرانیەوە، ڕایگەیاندبوو کە بۆ پاراستنی ڕێککەوتننامەیەکی لەم جۆرە تاقە سەربازێک نانێرێ، هەر ئەو نارەزاییەش بوو وای کرد کە کاتێک کەمالیستەکان برەویان پەیدا کردو ڕووداوەکان بۆ بەرژەوەندی ئەوان گۆڕدران، لە٢١/٢/١٩٢١دا ئیتاڵیا لەسەرزاری وەزیری دەرەوەی لە لەندەن داوای هەڵوەشاندنەوەی سیڤەری کردو نوێنەری فەرەنساش هەر زوو پشتگیری لێکردو فەرەنسا لە کانوونی دووەمی ١٩٢١دا بە ڕەسمی ڕایگەیاند کە چاو بە سیڤەردا دەگێڕێتەوە،

لە١/١١/١٩٢٢دا حکومـەتی ئەنقـەرەش باڵا دەسـتی خـۆی نیـشـانداو رایگەیاند کە ئیتر دەسەڵاتی حکومەتی سوڵتانی قەدەغەیەو لەکار دەکەوێت.

ئیستا دەپرسین ئەگەر ئینگلتەرا مەبەستی پاراستنی کوردو هەوڵدان بوو بۆ سەربەخۆیی کورد بۆچی سالێک بەر لە سیڤەر ئەم هەموو شەڕەی لەگەڵ گـەلی کـورد لـە باشـووری کـوردسـتـاندا کـردو شـێخ مـەحـمـوودی مـەلیـکی کـوردسـتـانی باشـووریشـیـان بریندار کـردو دواتریش دووریان خسـتـەوە بۆ هیندسـتـان؟! کـۆنگرەی پاریس کە سـالێک بەر لە پەیماننامەی سـیڤـەربوو، بۆچی حاکمی گشتیی بەریتانیا لە بەغدا(ئەرنۆلد ویلسن) لە باسی دروست کـردنی دەوڵەتی عـێـراقـدا پێـشـنیـاری کـرد کـە کـوردسـتـان بە عـێـراقـەوە بلکێندرێ و هەر لە هەمان کۆنگرەشدا تورکیا و ئێران و فەیسەڵی مەلیکی ئایندەی عێراق هەوڵیـان بۆ کۆڵۆنیالکردنی گـەلی کورد بوو وەک کردیان و هەو وڵاتەو بەشێکی کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردو خستیانە ژێر چەپۆکی پڕ چڕنووکی خۆیان؟!

ئەمـڕۆش کـە باسی سـەربەخـۆیی یاخود بە دەوڵەت بوونی کـورد دەکـرێ، دەبێت هەموو ئەو کێشانە جوان تاوتۆ بکرێن کە پێوەندییان بە جیوپۆلەتیکی کوردستان و دیپلۆماسیەتی کوردو رەوتی تێکۆشانی سیاسیی کوردو باری ئابووری وڵات و مەیلی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە گەلی کوردو٠٠٠هتد هەیە.

سیاسـەتی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە دۆزی کـورد هەمان سیاسـەتی جارانە کە خەریکە یەکسەدە وا تەواو دەبێت.

ڕاسـتـە ئەمـڕۆ دوای شـەڕی سـاردو هەڵوەشـاندنەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، تاڕادەیەک سـیاسـەتی بەریتانـیاو فـەڕەنسا کـاریگـەریی خـۆی وەکـو جاران نـییـەو بە تەواوی دەستـڕۆیشتـوو نییـەو دەتوانین بڵێین لە ڕێگای هێزو چاوسـوورکـردنەوەو هەڕەشـەو گـوڕەشـەوە ئەمـریکا لە هەر وڵاتێکی دیکەی ڕۆژئاوا زیاتر خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵ کردووە، بەڵام بە گشتی





سـیـاسـەتی ڕۆژئاوا ئەوەیە کـە هەر هەنگاوێک دەهاوێ حـسـابێـکی ورد بۆ بەرژەوەندییـەکـانی خـۆی دەکـات و تێـکۆشـانی سـەخت و دژوارو نەپسـاوەی گەلی کـوردیش تا کـۆتایی هەشـتاکـان یا بە شـێوەیەکی روونتر بڵێم تا دوای کۆچڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ کە سۆڤێتیش نەمابوو، ئەگەر ڕاستەوخۆش دژی سیاسەتی ڕۆژئاوا نەبوایە، ئەوا بە شـێوەیەکی گشـتی وەها لێکدەدرایەوە کە لە گـــەوهەردا لەگـــەڵ ڕۆژئاوا هەڵناکـــات، بۆیە ڕۆژئاوا زۆرجـــار لە داخـوازییـەکـانی کـورد بە گـومـان بووەو گـوایە خـەباتی کـورد لەژێر پەردەی کۆمـۆنیزم و سۆڤـێتی سووربووە، ئەمـە هەرچەندە لە بنەڕەتدا وانەبوو، بەڵام مۆرێک بوو بە خەباتی کوردەوە نووسابوو٠

لەدوای لەبارێەک هەڵوەشـاندنەوەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ئەمـریکا وەکـو تاکە زلـهێزێکی جیهـانی بەناوی چەسپـاندنی سیستـەمی نوێی جیهـانی هاتە پێشـەوەو، ئینگلیـزو فـەڕەنسـاش تاڕادەیەک ئەوڕۆڵـەی جـارانیـان لەدەسـتدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتـیش گـرنگـتـرینی ئەو ناوچانەیە کـە ئەمـریکا لـەبەر کـۆمـەڵێک هۆکـاری هەمـەچەشن دەیەوێ سـیـسـتـەمی نوێی جـیـهـانی کـە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە زۆر بە چڕی بانگەشەی بۆ دەکرد جێگیری بکات، ڕۆژئاواش بۆ چەسپاندنی ئەم سیستەمە نوێیە جیهانییە تاڕادەیەک لەگەڵیا کۆکەو وای بۆ دەچێ کە لە بەرژەوەندی ئەوانیشدایە.

بەڵام جێگای سەرنجە، چەسپـاندنی ئەم سیسـتـەمە، وەنەبێت کارێکی هێندە سـووک و سـانا بێت، بەڵکو کۆمـەڵێک کۆسپ و گرفـتی گـەورەیشی لەناو منداڵدانی خۆی هەڵگرتووە، بوونی ئەم کۆسپانەشە کە ئەمریکا ناچار دەکـات زۆرجار چاوسووربکاتەوەو هەڕەشە بکات و تەنانەت هێندێ جاریش پەنا بباتە بەر بەکارهێنانـی هێز، بۆ ئەوەی بەسەرئەو کۆسپ و گرفتانەدا زاڵ ببێ کە لە سەر ڕێگای سیسـتـەمی نوێی جیـهـانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا چەقـیـون، بەڵام بەکـارهێنانی هێـزیش بۆ هەمـوو گـرفـتـێک ناتوانرێ بەکـار

بهێنرێت، دوور نییە لە هەندێ کات و شوێندا بە بەکارهێنانی هێز گرفتەکان قوولْتر ببنەوە، چونکە هەندێ ولاتانی هەرێمیی لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە لەلایەن ئەمریکاو تارادەیەک بە پشتگیری رۆژئاواش بەرێوەیە ناکۆک و دژن، ناکۆکن چونکە لەفەرهەنگی ئەو سیستەمەدا رژێمە دیکتاتۆرەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست یا ئەوەتا نامێنن، یا ئەوەتا دەبێت بە تەواوی بە سیاسەت و ستراتیژی خۆیاندا بچنەوەو جێگا بۆ دەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەلات وەرگرتن و بەشداربوونی گەل بکەنەوە، واتە تارادەیەک رێز لە مافی مرۆڤ بگیرێت و کێشەی مافی نەتەوایەتیش کەمێک سووکتر بکرێت، واتە شەری جینۆسایدو گۆری بە کۆمەڵ و...هتد ریشە بڕ بکرێن.

ئەمەیان( کەرووخاندن یا گۆرینی ئەو رژێمە دیکتاتۆریانەیە) گرنگترین خاڵی ئیجابییە کە بە تەواوی لە بەرژەوەندی گەلی کورد دایە، بە تایبەت بۆ ئەو ولاتانەی کە کوردیان بەسەر دابەش کراوە، چونکە لە رووخاندنی ئەو رژێمە هەرێمییانەو هاتنە سەرکاری حکومەتێکی دیموکراتیتر لە هی پێشوو، بە تایبەت کە لەگەڵ کەش و هەوای ئەو سیستەمە نوێیەدا بگونجێ، هەلێکی زۆر گونجاو بۆ کورد دروست دەکات کە مشتومالێکی خۆی بدات و بتوانێ سوودێکی گەورە وەربگرێت، ئەگەرچی ئەو سیستەمەش هەر درێژەدانە بە بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا، بەلام ئیجابیاتی بۆ کورد تێدا بەدی دەکرێت، چونکە بە چەسپاندنی ئاشتی مانای ئەوەیە بوارێکی ئەوتۆ بۆ هەلچوون و کەف و کوڵی رەگەزپەرستی و شەری ماڵوێرانی و قڕکردنی کورد ناهێڵێتەوە، هەروەها رێگەی ئەوەش نادا جارێکی تر ئەو نەهامەتی و رەشەکوژییەی یوگسلافیا لە هیچ شوێنێکی تر دووبارە ببێتەوە.

ئێستا بەر لەوەی پێویستیمان بە دەوڵەت کردنی کورد هەبێ، زیاتر پێویستیمان بە جیهانی کردنی کێشەو سیاسەتی کورد هەیە، بۆ؟! حەز دەکەم





بە چری وەلامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

هەتا سۆڤێت مابوو خەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد لەلایەن رۆژئاواوە بەدەسکەلای سۆڤێتی سوور ناوزەد دەکرا، هەرچەندە لە بنچینەشدا وانەبوو، ولاتانی هەرێمایەتیش زۆر بە توندی بەربەرەکانی ئەو خەباتە گیانفیداکاری و نیشتمانییەیان دەکردو هەمیشە لە هەوڵی ریشە کێش کردن و ئیفلیج کردنی ئەو خەباتەدا بوون، سیاسەتی نێو دەوڵەتیش بەردەوام مامەڵەی لەگەڵ ئەو ولاتە هەرێمیانە هەبووە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و زیاتر گوێیان لەو ولاتانە گرتووە، نەوەک لە خەباتی رەوای نەتەوەیی کورد، عەقڵی سیاسی بالا دەستی ولاتانی هەرێمایەتیش تا ئیمرۆ لە هەر ئەو چوار ولاتەی کە کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە، کوردستان بەبەشێکی جیانەکراوەی خاکی خۆیان دەزانن و دان بە حەقیقەتی لکاندنی کوردستان بەو ولاتانەوە نانێن، ئەمەیان گرفتێکی زۆر سەخت و دژوارە، تا بتوانین رای گشتیی جیهان و سیاسەتی نێو دەوڵەتی بێنینە سەر ئەو بۆچوونەی کە کورد مافی جیابوونەوەی هەیەو ئەمرۆ رای گشتیی دونیاش لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسیندا رێک و تەبایە.

گرفتێکی دیکەیش ئەوەیە هێشتا ولاتانی دنیا دانیان بە بزاڤی تێکۆشانی نەتەوایەتی (کەلە حزبە سیاسیە شۆڕشگێڕەکانەوە سەرچاوە وەردەگرێ) وەک نوێنەری گەلی کورد نەناوەو لە هێندێ پارچەشدا بە رێگرو یاخی و تەنانەت ئیرهابییش ناویان دەبەن.

هەروەها جیابوونەوەی بەشەلکێنراوەکەی کوردستان لە عێراق، لە بەر ئەوەی گورزێکی زۆر جەرگبڕ لە دەوڵەتی عێراق دەوەشێنێ، دەوڵەتی عێراق هەرگیز ئامادە نابێ دان بە قەوارەی سیاسی کوردستاندا بنێ بۆ ئەوەی کورد لێی جیا بێتەوە، کە ئەوکات گورزە جەرگبڕەکەی پێ دەکەوێت، گورزەکەی پێدەکەوێت چونکە روپێوی بەشەکەی کوردستان لە شاخ و چیا و پلەی

گەرمیشی جیاوازو سامانەکەیشی لە کشتوکاڵ و نەوت و مەعادن و چەندین شتی تری پڕ بەها دەگرێتەوەو زۆر بە ئاسایی دەتوانێ بژێوی خۆی بە زیادەوەش پەیدا بکات، کە ئەمەشیان هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ هێزی دەوڵەت کە توانای دەستەبەرکردنی ئەمنی خۆراکی زۆرە، لەبەر ئەوە کوردستانی باشوور کاریگەرترین شوێنە کە سوودی بۆ دوارۆژی کورد زۆر دەبێت و زیان بەخشترین شوێنیشە لەبەرانبەر پارچەکانی تری کوردستان کە زیان بە وڵاتە پێ لکێنراوەکەی دەگەیەنێت.

گرفتێکی دیکەیش ئەوەیە بە هۆی ئەم شەڕە ناوخۆییەوە، کورد خیتابێکی سیاسی یەکگرتووی نییەو پچڕپچڕی پێوەیە.

جگە لەو گرفتانەی سەرەوە، جیابوونەوەی کورد واتە بەدەوڵەت کردنی کورد لە کوردستانی عێراق دا، سێیەم شاری گەورەی عێراق کە موسڵە دەکەوێتە سەرسنوورو وەکو شاری بەسرەی شەڕی یەکەمی کەنداوی لێ دێت، چۆن هەڕەشەی گرتنی لێ دەکراو بەردەوام مایەی نیگەرانی و بەمەش دڵتەنگییەکی زۆری دەوڵەتی عێراق بوو، تا بەچەکی کیمیایی بەرگری لەو شارە کرد، شاری موسڵیش بەهەمان شێوە دەکەوێتە سەر سنوورو لەزۆر باری ئاڵۆزی دا، حاڵی لەحاڵی شاری بەسرە باشتر نابێت، نەخاسمە بەهۆی ئەو رێگە ستراتیژییەی نێوان بەغداو موسڵ کە زۆر لەمەترسیدا دەبێت، ئەمانەو سەرباری نەوت کە بۆ عێراق و ڕۆژ ئاواش فرە گرنگەو هەروەها ئەو کاتە ئاوی دەربەندیخان و دوکانیش دەدۆڕێنێ کە چ بۆ بەکاربردنی کشتوکاڵ لەناوچەی دیالەو حەویجە ، چ بۆ وزەی کارەبایی سوودی زۆرە.

بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ ببین و لەهەمانکاتیشدا ڕای گشتی جیهانیش بە تەواوی بەلای خۆماندا رابکێشین و لەوەش زیاتر کێشەکەمان و سیاسەتەکەمان بەجیهانی بکەین و پشتگیری کردنی ئەوانیش وەدەست بهێنین، لەکاتێکدا ئێستا لەپارچەیەکی بچووکی





کوردستانی گەورەدا حکومەتێکی بێ دەوڵەت هەیە.

ڕاستیەکەی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، کە یەکێتی سۆڤیەتیش لە بارێک هەڵوەشایەوە، خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کورد مۆرکێکی کوردانە ترو شارستانیانەتری بەخۆوە گرت، کە تارادەیەکی باش لێک حاڵی بونێکی لەگەڵ ڕۆژئاوادا مەیسەر کردو، ئەم لێک حاڵی بوونەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەشەی کردوەو دەیکات، لەم لایشەوە، چەوساندنەوەیەکی دڕندانەی هەمە چەشنەی بێ وێنە لەهەموو جیهاندا ، چنگی پڕ چڕنووکی لەقوڕگی ئەم گەلە نابوو، بەحاڵ دەیتوانی هەناسەیەکی مەمرەو مەژی بدات، هەموو ئەم چەوساندنەوە لەرادەبەدەرانەش دژ بەڕای گشتی وبەندەکانی مافی مرۆڤ و ئەو خاڵانەیە کەلە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوونەتە بەرباس.

قڕکردنی نەتەوەیەک کەخۆی لەشەڕی جینۆسایدو ئەنفال و کیمیاباران و گۆڕی بەکۆمەڵ و کۆچڕەوی چەند ملیۆنی و... هتد دەبینیەوەو بەمەش هەموو ڕێوڕەسمێکی یاسایی و مرۆڤایەتی دەبەزاند، هەلی زۆرباش بوون و ئێستاش هەلی زۆر باشن حزبی کوردی سوودیان لێ وەربگرێت ، بەتایبەت کە سیستەمی نوێی جیهانیش تارادەیەک لەڕاگەیاندنیدا پشتگیری لەمافی مرۆڤ ومافی چارەی خۆنووسین و دیموکراسی و ... هتد دەکات( سەرباری هەندێ تێبینیمان لەسەری کە لێرەدا جێگای باسمان نییە) ، بۆیە ئەمڕۆ ئەرکی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانە کە بەتوندی دژی هەموو ڕەوتێکی سیاسی توند ڕەو بوەستێ و بواری گەشەسەندنی نەدات، چونکە بۆ ئەو ئەزموونەی ئێمە زۆر زیان بەخشە.

حزبی کوردی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بەلێک گەیشتنی هێمنانەو زمانی گفتوگۆو تەنانەت هاوپەیمانی بەرفراوان و یەکبوون و یەک ڕیزی هەیە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر شەڕی نەفرەت لێکراوی ناوخۆ دروست

نەبوایە، کەبەداخەوە سێ ساڵ زیاترە درێژەی هەیە، ئەوا ئەمڕۆ پێگەی پەرلەمان و حکومەت لە ئاستێکی زۆر بەرزتردا دەبوو، ئەو دوو دەستکەوتە مێژوویی ونیشتمانییە لەڕێگای پرۆسەیەکی دیموکراسیانەوە هاتوونەتە ئاراوە، ئەمەشیان کارتێکی زۆر گرنگە کە بەدەست حزبی کوردی یەوەیە.

هەروەها هێشتاکەش بەگشتی حزبی کوردی بەرەسمی بانگەشەی جیابوونەوەی لەعێراق نەکردووە، بەمەشیان توانیویەتی هاوسۆزی ڕۆژئاوا بۆ خۆی تاڕادەیەک دروست بکات.

ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ سەبارەت بە ڕۆژئاواو چ سەبارەت بە ئاسیاش، بووەتە سەرنج ڕاکێشترین ناوچە، بەهۆی ئەم سەرنج ڕاکێشانەی وڵاتانی دونیاشەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە مەڵبەندی پێشبڕکێی وڵاتان بۆ جێ کردنەوەی باڵا دەستی خۆیان، زیاتر لەبەر ئەوەشە ئەمڕۆ ئەم ناوچەیە بووەتە پڕ چەکترین ناوچە، جوولەکەو تورکیاو سوریاو ئێران و عێراق و وڵاتانی کەنداو و... بەردەوام هەوڵی خۆ پڕ چەک کردن دەدەن، سعودیە تەنها لەماوەی(١٢)ڕۆژدا، لە ١٩٩٢/٨/٣١ تا ١٩٩٢/٩/١١ بەهای(٢٥) ملیارو (٧٠٠) ملیۆن دۆلاری چەک لە ئەمەریکا کڕیوە، نموونەی دیکەش زۆر لەبەردەستدان.

نەخشەی سیاسی نێو دەوڵەتیش لەدوای ڕووخاندنی یەکێتی سۆڤیەت گۆڕدراو ململانێی لەسەر هەژموونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش گۆڕدرا، جاران لەسەردەمی دوو جەمسەری جیهاندا، ئەوروپا و ژاپۆن لەبەرهۆی ئاسایشی نەتەوەیی کە هاوڕێک ئاسایشی دەوڵەتیش بوو، لە چوارچێوەی ئەمریکادا بوون و بەرانبەر سۆڤێتی سوور یەک هێزو یەک هەڵوێست بوون و، زۆر ناکۆکی و جیاوازی نێوان خۆیان لەبەر مەترسی سۆڤیەت پەردەپۆش و دیزە بەدەرخۆنە دەکرد، جێگای ئاماژە بۆ کردنیشە، هۆکارێکی دیکەی ئەم باڵا دەستییەی ئەمریکا دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەوروپا لە شەڕی دووەمی





جیهانیدا کەوتبووە ناو خەڵتانی خوێن و زیاتر لە(٣٥) ملیۆن تەنها شەهیدی دابوو، زۆر ماندوو بوو، ئەڵمانیاو ژاپۆنیش لەدووەم شەڕی گەورەی جیهانیدا، دۆڕاندنێکی گەورەیان پێکەوت بوو، ئیتر ئەمریکاش ئەم هەلەی قۆزتەوەو ماوەیەک تا جیهان، جیهانی دوو جەمسەری بوو، سەرکردایەتی ئەوروپای ڕۆژ ئاوایشی دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ ئەوسێ هێزەی دونیای ڕۆژ ئاواو پیشەسازی پێشکەوتوو کە ئەوروپا و ئەمریکاو ژاپۆنە بەرژەوەندی جیاجیایان هەیەو دوای نەمانی شەڕی ساردو هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و ڕۆژ هەڵاتی ئەوروپاوە، ململانێی ئابووری و سیاسیان چووەتە نێو قۆناخێکی نوێتری ئەوتۆکە زۆر جیاوازترە لە هی سەردەمی دوو جەمسەری و شەڕی سارد.

ژاپۆن و ئەوروپای هاوپەیمانی دوێنێی ئەمەریکا، ئەمڕۆ ئەگەر خۆشیان وا نیشان نەدەن کە دوژمنی ئەمریکان، ئەوا نەک هەر حیسابی هاوپەیمانێتی جارانی لەگەڵ دا ناکەن، بە ڵکو بەهۆی ئەو بەرژەوەندیە جیاوازەی کە هەیانە، زۆر جاران سەرو دڵی یەکتریش تەنگ دەکەن و لەوەش زیاتر هەڕەشەی جۆراوجۆری بازرگانی و هەندێ جار سیاسیش لەیەکتری دەکەن، زیاتر لەبەر ئەمەشە ئەمریکا لەهەوڵی بەردەوام دایە بۆ کۆکردنەوەی هێزی بچووک بچووکی ناوچەیی بۆ خۆی، کەتا دوێنێ هەر حیسابیشی بۆ نەدەکردن، بەڵام ئەمڕۆ لە جاران زیاتر پێویستی بەهەموو جۆرە هێزێکە لە بەرانبەر هێزو توانای ژاپۆن و ئەوروپا، لەئەوروپاش ئەڵمانیاو فەرەنسا وەک دوو وڵاتی ڕکابەری کاریگەری ئەمریکان، کە یەکەمیان لەڕووی ئابووریەوەو دووەمیشیان لەڕووی سیاسییەوەیە، وڵاتی چینیش لەم لاوە بوەستێ کە ڕکابەرێکی سەر سەختی بازرگانی و سیاسی ئەمریکایە و زۆر لە لێکۆڵەرەوە ئابووری زانەکانی جیهان پێشبینی ئەوە لە وڵاتی چین دەکەن کەپاش(٢٠) ساڵی دیکە بەهێزترین وڵاتی ئابووری دەبێ لەجیهان دا، چونکە ئەمریکا

ئەگەر چی هەژموون(هیمنە)ی خۆی بەسەر دونیادا هەیە ، بەڵام لەنێو کۆمەڵێک قەیرانی ناوخۆو ئابووری دا گینگڵ دەداو بەدوور نازانرێ ئەویش بەدەردی سۆڤیەتی سوور بچێت.

لەبەرانبەر ئەمانەشدا ئەوروپا بەتایبەت فەرەنساو ئەڵمانیا ، پەلە لە یەکگرتنی ئەوروپا دەکەن و ژاپۆنیش لەهەوڵی کۆکردنەوەی هێزو خۆقایم کردنی ناوچەیی دایە ، واتە دەیەوێ ناوەندێک یاخود ناوچەیەکی بەهێزی ئیقلیمی ئاسیایی دروست بکات کە لەخۆی و وڵاتی چین و هیند پێکهاتبێ.

بەهۆی ئەم ململانێ نێو دەوڵەتییەی کە زۆر بەکورتی خستمەڕوو ، ڕاستییەکەی هەر بەڕواڵەت جیهان وا دێتە بەرچاو کە جیهانێکی یەک جەمسەریەو ئەمریکا ڕابەڕایەتی یا سەرکردایەتی دەکات، زۆر جاران هەڵوێستی فەڕەنسا لەبەرانبەر سیاسەتی ئەمریکا ناکۆک و تەنانەت دژیش بووە ، بەم پێودانگە هێشتا سیستەمی نوێی جیهانی پێنەگەییوەو ڕاستەڕێ نەبووە ، ئەگەر چی ئەمریکا لەزۆر حاڵەتدا بەگورزی کوتەک سەپاندوویەتی ، بەڵام ئەو زەبری کوتەکە تەمەنی درێژ نابێت ئەگەر هەژموونێکی ئابووری گەورەی لەپشتەوە نەبێت، ئەو هەژموونەش بۆ ئەمەریکا هێشتا نەهاتۆتە ئاراوەو لەوەش زیاتر ئەمریکا ئەمڕۆ بەهۆی ئەو دەستڕۆیشتووەی خۆی بەسەر وڵاتانی دونیاوە ، ئەرکێکی زۆر گرانیشی کەوتۆتە سەرشان کە ڕۆژانە دەبێ سەدان ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج بکات، هەردوور مەڕۆ بۆ هەلومەرجی کوردستانی باشوور ، ئەمریکا خەرجی تێدەچێ تا دەیەوێ شەڕی ناوەخۆ ڕابوەستێ و... و... بەڵام دەبینن ئەو ئەرکانە بۆ ژاپۆن، یاخود بۆ چین، یا ئەڵمانیا ، لە ئارادا نین، ڕۆژانە پێویستان بە خەرج کردنی سەدان ملیۆن دۆلار نییە تا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەم ناوچەو ئەو ناوچانەدا بگرن، بەڵکو تەنها بیر لە خودی خۆیان دەکەنەوە کەچۆن ، شۆرشێکی ئابووری بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، لەم ڕوانگەیەوە ، وایپێدەچێ لەداهاتوویەکی نزیکدا





جیهان ببێتە جیهانی لەدوو جەمسەر زیاتر یا سێ جەمسەری، بەڵام خەملاندن و پێگەیشتنی ئەو فرە جەمسەرییە،دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئابوورییەکی پتەوو تۆکمە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، ئەویش زیاتر لەو ڕێگایەوە دەبێت کە کێ نەوتی بەدەستە ، چونکە وەک دەڵێن کێ نەوتی بەدەستە ، یا لەدەستدابێ ئەوا هەموو جیهانی لەبەردەستدایە ، لێرە دەگەڕێینەوە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کەنداو گەورەترین سەرچاوەی نەوتی بەرهەم هێنراوی ڕۆژانەی هەیەو تاکە ناوچەیەکیشە کە واپێشبینی دەکرێ بۆ ماوەیەکی دیکەی دوور بتوانێ نەوت بەرهەم بهێنێ، بەم پێودانگە کێ دەست بەسەر کەنداودا بگرێت، ئەوا ئەتوانێ دەست بەسەر جیهاندا بگرێ، چونکە لە ٦٠ ٪ تا ٦٥ ٪ی زەخیرەی جیهانی نەوت لەکەنداوە، ئەگەر ئەمریکا بتوانێ دەست بەسەر ناوچەی کەنداودا بگرێت، ئەوا دەتوانێ لەلایەک ڕێگە لەپەرەسەندنی ئابووری ژاپۆن و ئەوروپاو چینیش بگرێ و هاوکات لەلایەکی ترەوە ئابووری خۆی زیاترو باشتر پەرەپێبدات.

ئەمریکاش زۆربە باشی هەستی بەم ڕاستییە کردووە، بۆیە هەرچۆنێک بێت و بەهەر شێوەیەک بێت، نایەوێت ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدەست بدات، هەڵبەت کوردستانیش بەشێکی ئەو سەرنج ڕاکێش و سەرنج تێبڕینەیە دەرهەق بە بایەخی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا، چونکە بەریتانیا و فەرەنساش کە ڕیشەیەکی قووڵیان هەیە لەسیاسەتی دەرەوە، سەبارەت بەم ناوچەیە، نایانەوێ و قبوولیش ناکەن بەسووک و سانایی لە دانیشتنێکی نهێنی یا لەڕێککەوتنێکی نهێنی و... و... ڕەنج بە خەسار بێنەدەر. کورد گوتەنی هەتا ئاویان لەدوو بێری بڕوات، واز ناهێنن، بەڵام دەبێ ئەوە بوترێ ئەڵمانیا لەم بارەیەوە ڕەگ و ڕیشەی بەقەد فەرەنسا و بەریتانیاو تەنانەت ڕوسیاش قووڵ نییە.

ئێستا لەنێو ئەم ململانێ سیاسییە دژوارو نێودەوڵەتییەی کە هەیە،

کێشەی کورد چۆن دەبێ ؟!

ڕاستیەکەی حزبی کوردی لەدەرکردنی هەر بڕیارێکی سیاسی ، نەخاسمە ئەگەر بڕیارەسیاسییەکە یەکگرتووش بێت، دەبێ پێشتر زۆر بەباشی تاوتوێی ئەنجامەکەی کردبێت، چونکە ئەمڕۆ ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن واقیع وەکو خۆی دەخوێنیتەوەو ئینجا سوودێکی باشیشی لێ بەرجەستە دەکەیت، سیاسەتی سەرەڕۆیی و سیاسەتی لەرووخساردا شۆڕشگێڕانەو لەناوەڕۆکدا سۆزو عاتیفەی رووت، زۆر زیانبەخشە، چەندی واقیع بین هەرکەمە، بۆ نموونە ناکرێ ئەمڕۆ درووشمی سەربەخۆیی کورد بەرزبکەینەوە و چەندین درووشمی شۆڕشگێڕانەی دیکەیش بخەینە پاڵ، هەربۆ ئەوەی خۆت وا نیشان بدەی گوایا خزمەتی کوردستانی پێ دەکەیت!! چونکە ئەم جۆرە سیاسەتە لە بنەڕەتدا وەک ئەوە وایە کە لەسەر زەوینەی واقیع نەهاتبێتە ئاراوە، بەڵکو ئەوەی پێویستە دەبێ حسابێکی زۆر ورد بۆ ئەوە بکرێ کە چەند دەتوانین بەو سیاسەتە یا بەو درووشمە رووخسار شۆڕشگێڕو ناوەڕۆک عاتیفەی رووتە خزمەتی کوردی پێ دەکەین، لەوەش زیاتر لەهەر هەنگاو هەڵهێنانێکمان دا دەبێ بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان تیای دا لێکبدرێتەوە، ئەگینا ئەو هەنگاوە نەهاویشتریێ باشترە، ئەگەر هەنگاوەکان ئیجابی بن واتە لەسەر زەوینەی واقیع سیاسەت بکەین دۆست و لایەنگریش بۆ کورد زیاترو بەرفراوانتر دەبێت، بۆ نموونە کاتێک کورد پەرلەمانی دامەزراندو حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێکەوەنا، هیچ نیگەرانییەک لەلای دۆستانی کورد و وڵاتانی غەیرە ئەقلیمی دروست نەکرد، کەبڵێن کورد لەڕووی شەپولدا مەلە دەکات، چونکە حزبی کوردی تەنها داوای مافی فیدراڵی کرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا،ئەم داوایەشی دوای لێکدانەوەو خوێندنەوەیەکی زۆری واقیعی سیاسی کوردستان هاتە ئاراوە، بەمەش توانی هاوسۆزی زیاتر بۆ خۆی رابکێشێت، ئەمەشیان باشترین خزمەت کردنی نەتەوایەتی و





نیشتمانی بوو، بەڵام ئەگەر بهاتبایە حزبی کوردی باسی یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستانی باشوور لە عێراق و ـ هتد یان بکردایە، کەلەبنەڕەتدا ئەم مافە مافێکی زۆر رەواو پیرۆزو سروشتیشە، بەڵام لەگەوهەردا دوژمنمان گەلێک زۆر تر دەبوو... ئەو دۆستانەی هەشمان بوون لەدەستمان دەدان، دوور نەبوو هەر زوو ئەو ئەزموونەشیان لێ جوانە مەرگ کردباین.

ئا لەبەر ئەوە لەهەموو حاڵەتێکدا و بەهەر نرخێک بێت، ئەرکی سەرشانی حزبە کوردییەکانە کە هەوڵ و دانپیانانی نێودەوڵەتی بۆ مەسەلە رەواکەی دەستەبەر بکەن، سەرەتا کەیشی بەدۆستانی دەست پێ بکەن، هەڵبەت حزبی کوردی و کورد، چەندی مافی مرۆڤ بپارێزێ و ئاشتی و ئاسایش و ئارامی بچەسپێنێ و دیموکراسی پیادە بکات، ئەوا زیاتر دەتوانێت داواکارییەکانی بە ڕێگەیەکی هونەریانە و نیشتمان پەروەرانە وەدەست بهێنێت، کە خواستی هەموو کوردێکە، چەندی لەو ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیانەش خۆمان بپارێزین هەر کەمە، حزبی کوردی پێویستە هاوسەنگییەکی نیشتمانی دروست بکات و هەرگیز خۆی نەکاتە داشی دامەی هیچ وڵاتێکی هەرێمی (ئیقلیمی)، هەوڵ بدەی گیانی دۆستایەتی لەگەڵدا بەردەوام بکەی، تا مافی خۆت دەچەسپێنی.

***سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:***

١ـ قاسملو ـ کوردستان و کورد
٢ـ ڕوانگەی جیهان ـ خطاب حول طریقە فهم ادارە کلنتون للشرق الاوسط. ژ٢.
٣ـ سیاسەتی دەولی ـ ژ١٢، ژ١٣، ژ١٧

** نووسەر و رۆژنامەنووس

## چاپکراوەکانی نووسەر

- هەنگاو: دیوانە شیعر

## ئەم بەرهەمانەش لە ژێر چاپدان:

**- هەتاوی نیوە شەو/ *رامانە، لێکۆڵینەوەیە، رەخنەیە لە شیعری نوێی کوردی***

**- ئایین و دەوڵەت و پەیڕەوکردنی شەریعەت/ وەرگێڕان**

**- گەردەلوولی ئایدیۆلۆژیا/ لێکۆڵینەوەیەکی هزرییە.**

**هەر سێ کتێب ئەمساڵ دەکەوێتە دەست خوێنەرانی ئازیز چاوەڕوان بن.**

فوئاد سدیق